زمان، پەیام و ئەخلاق لە میدیای کوردیی باشووری کوردستاندا..
ئەمجەد شاکەلی

میدیا، دەستواژەیەکە بۆ کۆی ئەو کەناڵانەی زانیاری و هەواڵ و پەیام و سەرگەرمی(کات بەسەربردن) بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەرێکی بەرفراوان بڵاودەکەنەوە، وەک ڕۆژنامە و تیڤی و ڕادیۆ و ماڵپەڕی ئینتەرنێت وتەکنەلۆژیاکان. میدیا، لەو سیستمە سیاسییانەی جیهاندا کە بە دیموکراتی پیناسە دەکرێن، دوای دەسەڵاتی یەکەم"حوکوومەت" و دەسەڵاتی دووەم "پەرلەمان" وەک "دەسەڵاتی سێیەم" دەژمێردرێت. میدیا زۆر بە وردی چاودێری دەسەڵات و ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان دەکات، وەها کارێکیش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی. دەستواژەی میدیا هەردوو میدیای گشتی نەریتی و سۆشیال میدیای دیجیتاڵیش دەگرێتەوە.

کاتێک باس لە بار یا حاڵی زمانی کوردی لە میدیای کوردیدا دەکەین ئەوەمان بە ڕوون دەبێتەوە کە حاڵی زمانی میدیای کوردی بە شێوەیەکی گشتی بەدەر نییە لە ڕەوشێکی زمانی کوردی تەدایە و پێیدا تێدەپەڕێت. زمانی کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان لە قەیران و کێشەیەکدایە، هەرگیز بە درۆژایی مێژوو، قەیران و کێشەی وای بە خۆیەوە نەدیوە. زمانی کوردی تا دێت خراپتر دەبێت و تا دێت خراپ و خراپتر بە کار دەبرێت و ئەتک دەکرێت و تا دێت بەرەو لەتبوون و داڕووخان دەڕوات. ئەمەش، خەڵکێکی فرە بە ناوی زمانناسی و شارەزایی و پسپۆری و خوێندوویی‌یەوە، زمانی کوردی لەتڵەت دەکەن و لەبەینی دەبەن. ئەمەش، سەرباری ئەو ئازادییەی کورد بە خۆیەوە دەیبینێت و سەرباری ئەو هەموو میدیا و دەسگۆی ڕاگەیاندن و پارە و دەسەڵاتەی کورد هەیەتی (مەبەست باشووری کوردستانە) و سەرەڕای ئەو هەموو تەکنیک و پێشکەوتنە، لە بواری ڕاگەیاندن و گەیاندن و پەخش و چاپەمەنییەی، دەستی کورد پێی ڕا دەگات، زمانی کوردی دادەکشێت.

میدیا، ئەگەر بە دروستی بکار بهێنرێت، هەکارێکە بۆ بەهێزکردن، پاراستن و پێشکەوتنی زمان و دەتوانێت ڕۆڵی زمان لە دەربڕین و دروستکردنی پێناسەی نەتەوەییدا بەهێزتر بکات. لە مێژووی هەموو نەتەوەکاندا، میدیا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە بۆ چڕکردنی پێناسەی نەتەوەیی. دەگوترێت: "نەتەوەسازیی بچووی چاپەمەنی بووە". وەک

ئاوەی بە نەتاوە مەدەرنەکانی ئاوروپا دەگوترێت.
ئاگەر لەپشدا هەستەکی نەتاوەیی بووبێت، پتر لە نەو بەکی کەمی خوەندەوار، شاعیر و سیاسەتکاردا بووە. ئەستا میدیای بینراو بە تایبەت تەلەڤیزیۆن و میدیای بیستراو و ڕۆژنامە و گۆڤار لە نەو هەموو توژ و چینەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا، پەخش دەبن، بەڵام ئاو گوتارانەی دەبوو کار بە نەتاوەسازی بکەن، ئاوانە دەنگ و ڕەنگی حیزب و گرۆ و دەستەیان پاوە دیارە و ئیدیۆلۆگەنراون، چون حیزب خاوەنی ئاو میدیایانەن، هەر باوەیش زمانە کوردییەکە خراوەتە خزمەتی ئیدیۆلۆگیاوە. دیارە زمانیش بە حیزب هەندە گرنگ نییە!
لە هەرەمی کوردستان، لە ماوەی سیوچوار ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کورددا، هیچ هەوڵێک نەدراوە بە یەکخستن و بەرجەستەکردنی زمانی ڕەسمی دەوڵەت. یا زمانێکی یەکگرتوو کە لە نووسین وداشتن، وەک یەک زمانی هاوبەشی کورد بەلایەنی کەمەوە لە باشووری کوردستان پێک بکرێت. بەگومان لە نەبوونی زمانێکی هاوبەشیشدا، شاوە جیاوازەکانی شاوەزار و ڕەنووس و نووسین دەبنە دیاردە. لەو ڕوانگەیاوە دەبینین زمانی داشتن و نووسین لە ڕاگەیاندنەکان و بەاوکراوەکاندا، زمانێکی یەک جار و یەک شاوە نییە. بەڵکە هەریەکە شاوەیەکی ڕەنووس پێک دەکات. تەنانەت زەرجار ڕەنووسی یەک وشە بە گەلە شاوە دەنووسن.
زمانی میدیای کوردی هەندە خراپە هینی ئاوە نییە ئەریی پە ببرێت، چون هەندەی واژەی بیانی بە تایبەت ئینگلیزی تێکەوتووە تا دێت زمانی کوردی گچکەتر دەبێتاوە. سەدان وشەی بیانی و داتاشراو و ناساز و نادروست و سەدان وشەی ئینگلیزی ترێنجێنراونەتە نەو زمانی کوردییاوە و ڕۆژانە نەک تەنە لە میدیادا بەڵکە لە کۆانیشدا و لە لایەن خەڵکی بەسەوادیشاوە بەکار دەبرێن. ئاوەی لەمە زمانی کوردییاوە لە میدیای کوردیدا دەگوترێت و دەگوزارێت ناشێت تەنە لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەسازی و ڕێشەناسی و ڕەزمان و ڕەنووسەوە بخوەندرێتاوە، بەڵکە ماماڵە و بەرخورد و ئاخلاق و شەوازی هەڵسوکەوت و تەوانین و دواندن مەرجەکی سەرەکییە بە کاری میدیایی. ئاخلاقیش لە میدیا و تەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا بریتییە لە کۆمەڵێک بەها و بنەما کە ڕەنمایی بەاوکردنەوەی زانیاری و هەڵسوکەوت لەگەڵ جەماوەردا دەکات، واتە: بەکارهێنانی وشە و وێنە وەک ئامرازێکی دروستکردن و بنیاتنان، نە وەک ئامرازێکی وێرانکردن. چون میدیا دەچێتە نەو خەڵکاوە، هەموو جۆر و چین و پێشە و ڕەگەز و تەمەن و پیکهاتەکانی جڤاکی کوردییاوە. میدیا دەچێتە هەموو ماڵکاوە و دەچێتە بەر دید و بەر گوێی گەورە، گچکە، مە و نێری کوردەوە، کە هەر یەکێک لەوانە خاوەنی ئاستێکی

تێگەیشتنی جیاوازە لە یەکێکی دی. هەر لەبەر ئەوانە شێوازی بەکاربردنی زمان، ئاراستەی وتار، خوێندنەوەی دەروونیی وەرگر، خوێنەر، بیسەر، بینەر هەموو ئەوانە مەرجگەلێکن بۆ کاری میدیایی.
دەشێت لە چەند نموونەیەکدا هەندێک تێبینی لەمەڕ ئەو باسە و لە ڕووی بنەما ئەخلاقییەکانی میدیاییەوە وشەوازی بەرخوردی میدیای کوردی لەگەڵ وەرگر، خوێنەر، بیسەر، و بینەردا پێشان بدرێن:
یەک
لە حەفتەنامەی (هەولێر)ی ژمارە 1204ی ڕۆژی سێشەممەی 6ی دیسەمبەری2011دا، کە لە هەولێر دەردەچێت لە لاپەڕەی فەرهەنگدا دوو هەواڵ لەمەڕ تەندروستی مامۆستایان نەوزاد ڕەفعەت و زاهیر ڕۆژبەیانی کە هەردوویان نەخۆش بوون بۆیە کرابوونەوە. ئەو دووانە دوو نووسەر و شاعیری ناسراوی کوردستان بوون. مامۆستا ڕەفعەت شاعیرێکی دیار و ناسراوی هەولێر بوو و مامۆستا ڕۆژبەیانییش، نووسەرێکی ناسراوی شاری کەرکووک بوو و لە هەولێر دەژیا. بە چەند دێڕێک باسی تەندروستی مامۆستا ڕۆژبەیانی کرابوو و وێنەیەکی مامۆستایش لەگەڵ هەواڵەکەدا دانرابوو. وێنەکە هینی ئەو کاتە بوو کە مامۆستا گەڵێک نەخۆش و گۆڕانکی زۆر بەسەر شێوە و سیما و ڕوخساریدا هاتبوو. هەر کە وێنەکەم بینی دەسبەجێ چەند دێڕێکم وەک ڕەخنە لە پەخشکردنی ئەو وێنەیە بۆ ئیمەیڵ بۆ سەرنووسەری هەولێر مامۆستا جەواد قادر نووسی و باسی ئەوەم کرد کە نادروستە ئەو وێنەیەی مامۆستا ڕۆژبەیانی کە نەخۆشە دابنێن و ئاگەر هەر بەیارە وێنەکەی دانرابا، دەبوو وێنەیەکی کۆنتری دانێن، چون ئەوە کارێکی جوان نەبوو و ناخۆش و ناپەسەند و کاریگەر بوو بۆ هەموو دۆستانی مامۆستا ڕۆژبەیانی و مالبات و خانەوادەکەیان.
دوو:
لە گوتارێکیدا بە ناوی"خاک و جەستە لای جەنگیز ئەیتماتۆف و سەمیر نەقاش، لە هەردوو ڕومانی(ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە) و (شڵەمە کوردە و من و ڕۆژگار)دا"، کە لە دوو بەشدا، وەک ئاناڵیزێک بۆ دوو کتێبی تازەپەخشکراوی نووسەر و چیرۆکنووس مامۆستا جەلیل کاکەوەیس، بۆیە بووەتەوە، مامۆستا نەجات نوری، نووسەری گوتارەکە، دەنووسێت:"لەم دێڕانەی سەرەتادا دەبێت قەدری هەوڵە دیارەکانی برای ئازیزمان(جەلیل کاکەوەیس)ی چیرۆکنوس بگرم کە بەو تەمەنەوە هێشتا عەشقی ئەو بۆ ئەدەب و نووسین پیرێزی ماوەو بەردەوام بەو عەشقەوە خزمەت بە خوێنەرانی کورد دەکات. هێشتا دەیەوێت ئەدەب ببێتە سەرچاوەی ژیانمان و لەناو هەمو تاریکاییەکاندا ڕوناکیەکمان پێ ببەخشێت. هێشتا دەست دەبات بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقە باشانە کە خوێنەری ئێمە دەستی پێیان نەگەیشتووە…" . تێ لەم نووسینەدا

تۆبینی ئەم ڕستە و وشانە بکە”..کە بەو تەمەنەوە هێشتا عەشقی بێ ئەدەب و نووسین پیرەزی ماوە…” و “..هێشتا دەیەوێت…” و “هێشتا دەست دەبات بێ وەرگێڕانی…”.، وا باسی مامۆستا کاکەوەیس دەکات، وەک بێژەی خودانەخواستە و دوور لە گیانی مامۆستا کاکەوەیس، مامۆستا کاکەویس:

“لە نێو ماڵکی بێ ژن دا
لە بن لێفکی چڵکن دا
لە سەر تەختکی ڕەق و تەق
سەرتاپای شەڵاڵی ئارەق
پیر و کەنەفت و کەلەلا
هەموو لەشی هەلا هەلا
پشتی ڕەق و باسکی تەزیو
پێ نەدەکرا ئەم دیو ئەو دیو
کز و گێد و سێ و بێ ناز

پێچی دەدا وەک مارانگاز” ، کەوتووە و بەهێز و لاواز، بە حاڵ نووزەی لێوە دێ و هەناسە دەدات. بەو جۆرە باسکردنی مامۆستا کاکەوەیس و نیشاندانی وەک پیرێکی پەککەوتە، ئەگەر بەلای مامۆستا نەجات نووریشەوە بێ پشاندانی وزە و توانست و خواست و کۆششی مامۆستا کاکەوەیس بێت، هێشتا کورت دەهێنێ و لە ڕووی دەروونی و سایکۆلۆگییەوە، ئەگەر نەیشباتەوە سەر خێی و وەهایش پشان بدات، کە گرنگ نییە و بێخەمە لەو ڕووەوە، کار دەکاتە سەر مرۆڤ (کاکەوەیس). مامۆستا جەلیل کاکەوەیس، هەموو چەند مانگێکە، لە تەمەنی 63 ساڵیدا وەک مامۆستا خانەنشین کراوە، ئیدی کەی هینی ئەوەیە پێی بگوترێ:”بەو تەمەنەوە هێشتا…”، خێ دەیان خەڵکی 75-80 ساڵان و هەورازتریش ئەمڕۆ فەرمانەوای وڵاتەکەی مامۆستا کاکەوەیسن و بێیار بەسەر ژیانی میلیۆنان کاکەوەیسدا دەدەن و کەسیش پێیان ناڵێ پیرا!

سێ:

پێم وایە هەموو بینەر و بیسەر و خوێنەرێکی کورد، کە پتر بێ هەی میدیای بینراو و بیستراو و تەکنۆکۆمپانیاتیەکانەوە ئاگاداری هەواڵ و ڕووداو و چالاکی و ناچالاکی و بوارەکانی دیکەی ژیانی دەبن لە کوردستان و دەرەی کوردستان، لەم جۆرە دیمەن و گوتارانە گەڵ جار دەبنن و دەژنەفن و دەخوێننەوە: خەزانێک یا چەند خەزانێک بەهەی ڕووداوێکی هاتوچوونی ئۆتۆمبێلەوە ئیدی پێکدادان بێت یا وەرگێڕان یا بەهەی شەڕی نێوان دوو ماڵەوە یا دوو تیرەوە یا بەهەی لافاو یا ئاگرکۆتنەوە یا بڕبوونەوە لە باڵاخانێ و تۆلار و

هەورازێک یا بەهەی تەق و بەمب و مینەوە یا بەهەی هەڵاتنەوە بە هەندەران و لە ئاوی زەریادا خنکان یا هەر هەوداوێکی دیکەی لەو جۆرانە بێت، کەسێک یا چەند کەسێکیان تێدا دەچن، دەبینیت میدیاکاران وەک داڵ لەو ماڵانەی یا لەو کەسانەی کچیان، کوڕیان، باوکیان، دایکیان، خوشکیان، برایان، ژنیان، مێردیان، منداڵیان، کەسێکیان یا چەند کەسێکیان تێدا چوونە و گیانیان لەدەست داوە یا زیانی گەورە بە لەش و ماڵیان کەوتووە، لەبەردەم ماڵەکەدا، لەنەو ماڵەکەدا، لە گەڕەستان و لە کاتی ناشتنی خۆشەویستەکانیاندا، کاتێک گەرمەشین و شەپەڵ و واوەیلایانە و لە سنگ و هەوەڵتی خۆیان دەدەن، هەڵسەک لەو کاتەدا میدیاکاران بە خۆ و کامیرا و مایکەکەوە گەرماوگەرم خۆ دەبنەوە و دەچنە بەردەم کەسی کەسکەوتوو و لەقەوماو و نوقمبووی خەم و گریان و وەڵەس لە گیانی خۆ و دەست بە پرسیار دەکەن لەمە ئەوەی چ هەستێکی هەیە کە کەسێکی بەو جۆرە گیانی لەدەست داوە و دەیەوێت چی بڵێت و ئیدی لەو جۆرە پرسیارە ناپەسەند و نابەجێیانە، بە هەڵچاوکردنی هەوشەی پشتەوی ئەو مرۆڤە و بە بیرکردنەوە لە باری ئاهەزی دەروونی ئەو! وەها کارێکی میدیاکار دەیکات نازانم بە خەی دەیخاتە چ خانەیەکەوە، بەڵام ئەوە دەزانم کە دوورە لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی و ئەتیکێتی کاری میدیایی.

چوار:

مامۆستایەکی شاعیر لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا باس لە گوندێکی گەرمیان دەکات، کە داربەڕوویەکی تێدا شین بووە، هەک بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە:"لە گوندی ناساڵح لە پشت کفری، گوندێک هەیە پێی دەگوتن ناساڵح، لە پشت کفری بوو، داربەڕوویەک هەبوو، هاوەڵکانم لەبواری میندا کاریان دەکرد، پێیان سەیر بوو لە دیالێ لەو شوێنە عەرەب نشینە، لەم شوێنە داربەڕوو چی دەکات، دوای ئەوەی بە پاککردنەوەی لوغمەکان هەیان کەی، بینییان خەزانێکی کوردە ئەنفال کراون، یەکێک لەو منداڵانە کە شەرواڵێکی مەری لەبەر بووە، لەناو گیرفانێکی بەووە هەبووە، دوای ئەوەی لە چاڵیان ناون ناشتوویانن، ئەو بەووەی گیرفانی ئەو منداڵە شەروا مەرە 11 ساڵییە، وردە وردە گەورە دەبێت و دەبێتە داربەڕوو..". تا ئێرە فەرموودەی ئەو مامۆستایە. بەڵام با بەک وردبینەوە لەو قسانە بزانین چەندی ڕاستە و چی لە هەڵدەکەنین:

1. گوندی ناساڵح لەنەوان سەرقەڵا و کفریدایە و سەربە شارێکی کفرییە. کفری، شارێکیکی کەنی مەژووییە و هەمیشە سەربە ئوستانی کەرکووک بووە، لە پاش لەتوپەتکردنی کەرکووک لە

ساڵی 1975دا، کفری لە کرکووک دابەزێنرا و لە 6 نۆڤەمبەری 1975دا بە کردەیی بە ئوستانی دیالەوە لکێنرا، بەگوێرەی فەرمانی کۆماریی ئەو گۆڕینە بە شێوەیەکی یاسایی بە ژمارە 41 لە رۆژنامەی وەقائیعی عیراقی(الوقائع العراقية)ی ژمارە 2513، لە 8ی فێبریوەری 1976دا بڵاوکرایەوە و بەیار درا:

- ئوستانێک بە ناوی ئوستانی سەلاحەددین دامەزرێنرێت و نووسینگەکەی شاری تکریت بێت.
- شارەکەی خورماتوو بخرێتە سەر ئوستانی سەلاحەددین.
- شارەکەی کفری و تەواوی شارۆچکانی بخرێنە سەر ئوستانی دیالە .

1. بەوەی کە گوندی ناسایش ئێستا سەر بە ئوستانی دیالەیە، نە عەرەبنشینە و نە هەرگیزیش عەرەبنشین بووە و ئوستانی دیالەیش ئۆگەر کاکی شاعیر بەڵکو شارەزای جیۆگرافیا و مێژوو بووایە دەیزانی ئۆگەر تەواوی ئوستانی دیالە بکەیت بە دوو لەتەوە لەتەکەی خاکی کوردستانە و کوردنشینە، خانەقی، جەڵەولا، قزڵەوات، مەندەلی، شارەبان و... وەک نموونە. ئێستا ئیدی بە تەبزی کفریشی بە قەرەتەپە و جەبارە و سەرقەڵاوە خراوەنەتە سەر. باسکردنی ناسایش و کفری و قەرەتەپە و سەرقەڵا وەک دیالە و باسکردنی خورماتوو وەک سەلاحەددین (تکریت) و باسکردنی مەخموور وەک موسڵ (نینوی) لەلایەن هەر تاکەکی کوردەوە لە هەر پلە و پایە و چین و ئاست و بیرکردنەوە و بۆرگێکدا بێت، چاوپۆشینە لە واقیعیکی سۆبەنراو و ددانناندە بە قانوونکی نادروست و ناڕەوا کە لە پەنا و سایەیدا گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و عەرەباندن پیادە دەکرێت! کورد دەبوو بە خۆی، بە تایبەت فەرهەنگییانی، هەرگیز تووتی ئاسا، جەر و شێوازی ناوهێنانی دەڤەرەکانی کوردستانی وەک دەسەڵاتدارانی بەغدای بەکار نەبردایە و دەستەواژەکانی ئەوانی لە میدیادا نەگوتبایەوە کە ئەوە "أضعف الإيمان"ـەکەیە!
2. هەرگیز خەڵکی ئەنفالکراو نەگوەزراونەوە بە ناسایش و کفری و هەرگیز لەوە نانێزراون و تاکە یەک گۆڕی ئەنفالکراوەک لەو دەڤەرەدا نییە. ئەوانەی ئەنفالکراون براون بە تەپزاوای لای کرکووک و لەوێشەوە بە بڵاوانەکانی نەگرێسەلمان و سماوە.

3. وەک چەن دارخورما لە هەورامان یا چیای گارە ناوەت، داربەووبیش هەرگیز لەو دەشتی گەرمەندا نەووواوە، نازانم ئەگەر ئەستا بە هەی تەکنەلەگیا و ئامرازی نوەو وەها کارەک ببەتە ئاستیەک! ئەو هاوەیانەی مینهەنگەر، ەنگە خەکە ئەفەندیەکان بووبەتن، ئەوانەی لەسەر ئەسکەمیل دادەنیشن و لە پشتی مەزەون، دەنا کارگەرەکان کە خەکە گیانفیداکارەکانن و ئەوانن تووشی زیان دەبن و لاقیان، قەیان و دەستەکانیان دەپەت، چاوانیان لە دەست دەدەن و ژیانیان لەدەست دەدەن، ئەوان دەزانن داربەووە لە گەرمیان نابەت و ئەنفالکراویش نەگواستراونەو بە ناساەح!
4. گوندی ناساەح سنوور نیە ، ئەگەر جارجار جەنگی تەدا بووبەت ناکاتە ئەوەی مەیدانی جەنگ بووبەت، ئیدی ئەم مین و مینهەنگرتنەو و مینناسی و مینبازی و مینیزم و مینیست و مینهەنگرانە تەنە خەیاەیەکی مەری، وەک شەروانی کوە 11 ساەیە شەروا لەپەیە خەیاەیەکی نەو گەە خەیاەیەکە و ناوکە خورما خەیاەیەکی نەو گیرفانی و داربەووە خەیاەیەکی شاعیرەکە دوای ەامانەکی قووە و داچەانەک بە نەو خەدا. پەناسەکردنی ناساەح وەک دەقەرەکی عەرەبنشین و ئەو خەیاەە مەری شاعیرەکە، وەنەبە تەنە لە سنووری زمانی کوردیدا باس کرابەت و مابەتەو، بەکە کراوە بە زمانی فارسییش و لە ئینستاگرام(Instagam)یشدا بەاو کراوەتەو. . ماوەیەک دوای دیتنی ئەو دوو ڤیدیەی مامەستای شاعیر، ڤیدیەیەکی دیکەیم دیت لەوەدا پەمان دەەت، ئەوەی لەمە داربەووە و منداە شەروا مەرەکە و ناساەحەو گوتوویەتی تەنە خەیاەە و خەیاەەکی شاعیرانە و هیچی تر ! ئەوەی بە من سەیرە ئەو هەر جەخت لە عەرەبنشینیی ناساەح و عەرەبایەتی ئەو دەقەرە دەکاتەو، کە ئەوە دەکاتە شەوارە پە کردنی لاوانی کورد و ناشارەزایانی جیەگرافیای کوردستان و ئەوانەیشی بە زمانی فارسی دەپەیڤن، چون بە ئەوانیش ئەو داهەنانە مەزنەی مامەستای شاعیر کراوەتە فارسی!

پەنج:

لە تەواوی میدیای باشووری کوردستاندا و لەلایەن ئەوانەی دەنووسەن و قسە دەکەن و دەبیسەرەن، بە خەکە بەرپەرس و سیاسەتکار و فەرهەنگییان و خەکە گشتیەکەیشەو، وشەی "هەرەم" جەی بە وشەی کوردستان یا باشووری کوردستان لەق کردووە و بووە بە جەگرەوەی ئەو دوو وشە و دەستەواژەیە. کە دەگوترێت هەرەم یا تەنانەت هەرەمی کوردستانیش، دەکاتە

ئەوەی تەواوی ئوستانی کەرکووک و نیوەی ئوستانی دیالە و نیوەی ئوستانی نینەوا(مووسڵ) دەستدرێژیان دەکرد. ئەم وشەی هەرێمە یەک وەک "ناوچەی ئیتنامی/منطقة الحكم الذاتي"یەکەی عیراقی سەردەمی بەعس و لە واقیعیشدا هەر ئەویە کە بەعس بە کوردی دەوا دەبینی. وشەی هەرێم بە قرتاندنی وشەی کوردستانەکەی، لەسەر زمانی دەسەڵاتدارانی بەغدا و عەرەب و بەک خەڵکی ناکوردەوە گەلێک شیرینە و هەردەم دەگوترێتەوە و دەنووسرێت و بەکاردەبرێت و دەدرێت بە گوێی کورددا تا گەیشتووەتە ئادەیەک سیاسەتکارانی کورد و میدیای کوردی و کوردستانی، وەک تووتی لاسایی "هەرێم لەزارخۆشکان" دەکەنەوە و ڕۆژانە بە وشەی کوردستان هەزار پاتی دەکەنەوە. خەڵکە ئاساییەکەی کوردستانیش بەگوێرەی تێڕی خەڵک (مرۆڤەکان) لەسەر ئایینی پادشاکانیانن "الناس على دين ملوكهم" هەر ئەوەی میدیاکان و حیزبەکان و سەردارانیان دەیڵێنەوە، ئەوانیش ڕەک بەو جۆرە بەو ئاوازە دەخوێنن. دەسەڵاتی بەغدا و ناکوردان کە دەڵێن هەرێم، واتە: "کوردینە ئەوە تێنە ئەو سێ قوتە شارە: دهۆک، هەولێر و سلێمانی هینی ئەویە و بەتان هەیە پێی بڵێن هەرێمی کوردستان و لەوە بەولاوە یەک دانە سەنتیمیتر خاکتان نییە و نابێت باسی بکەن". ئەوان کە دەیشڵێن هەرێم، واتە: "ئەوە وەک هەرێم بشکن لە عیراق و هیچی تر و ئاگاڕ لە باشترین حاڵدا بیر لە جیابوونەویش بکەن لە عیراق، ئەوە تێنە سێ قوتە شارەکانتان هەن و هیچ دی". تەواوی ئەو دیدەی بەغدا لە میدیای کوردیدا بڕەوە پێ دەدرێت و مشکی خەڵکی پێ دەشردەتەوە.

شەش:

دەستەواژەگەلێکی بەفڕە و دزێو و ناحەزی وەک: ناوچە جێناکۆکەکان، ناوچەکانی 140، ناوچە دابەوکان، ناوچە دابەنراوەکان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لە میدیای کوردی و لە لایەن سیاسەتکارانی کورد و خەڵکی کوردەوە هەمیشە دەگوترێنەوە. ڕاستە هێز بەیاری توانستی داگیرکردن و ڕزگارکردن و دەستکەوت گرتنە دەست و گەڕانەوەی خاکی زەوتکراو و ماڵ و سامانی دزراو و مافی خوراو دەدات، بەڵام مێژوو ئەوەمان بە دەگێڕێتەوە کە ئەو دەڤەرانەی میدیای کوردی و حیزب و دەسەڵاتەکەی کوردستان، بە 140 و جێناکۆکی ناوی دەبەن، بەجگە لە کوردستان و خاکی کوردستان شتێکی دیکە نین!. ئەوەی میدیای کوردی و دەسەڵاتی کوردستان کە بە مادەی 140 ناوی دەبەن، تەواوی ئەم دەڤەرانەی باشووری کوردستان

دەگرنەوە:

- ئوستانی کەرکووک: تەواوی شاری کەرکووک و سەرجەم قەزا و ناحیەکانی دەگرێتەوە.
- ئوستانی نەینەوا: قەزاکانی شنگال، حەمدانیە، شێخان، مەخموور، زوممار، تلکێف و ناحیەکانی بەعشیقە، قەحتانیە و ڕەبیعە دەگرێتەوە.
- ئوستانی دیالە: قەزای خانەقین و ناحیەکانی: جەلەولا، قزڵەوات(سەعدیە)، مەیدان، قەرەتوو، قەزای شارەبان و ناحیەکانی، قەزای بەلەدروز و ناحیەی مەندەلی و قەرەتەپە و کفری دەگرێتەوە.
- ئوستانی سەلاحەددین(تکریت): خورماتوو، ئامرلی، سلێمان بەگ ، کە سەربە کەرکووک بوون و ئێستا سەر بە سەلاحەددینن دەگرێتەوە.
- ئوستانی واسیت(کووت): زرواتیە و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسسان دەگرێتەوە.
- لە هەرێمی کوردستانیش: چەمچەماڵ، ئاکرێ، فایدە، کفری و کەلار دەگرێتەوە.

ئەوان، میدیای کوردی و دەسەڵاتی کوردستان، وەک بنەشتەخشە وشە و دەستەواژە بەفەرمکانی جینۆساکەک و 140 دەجوونەوە و بەکاری دەهێنن و دەیانەوێ، لە کاتێکدا کورد دەبوو لەبری ئەو دەستەواژانە وەک و ئەوان بیگوتبا: ناوچە داگیرکراوەکان، لە کورد نیشتەجێ و نایشوێرێت جاڵی داگیرکراویی ئەو بەشی کوردستان بدات، کە لە هەرەمە قوتەکە زیاتر و بەرینترە. نزیکەی سەد ساڵە و بە تایبەتیش شەست ساڵەکە عەرەب دادبارێنن و دادبارنە کەرکووکەوە و کوردی خاوەنماڵ دەردەکرێن و عەرەب دەبنە خاوەنماڵ، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کورد ناتوانێت بڕێت ئەو عەرەبانەی هێناونە و هاتوونەتە کەرکووک داگیرکەرن. کورد، بە میدیا و بە سیاسەتکارییەوە بە گوتنەوەی جینۆساکەک و 140 کوردستانیبوونی تەواوی ئەو دەڤەرانە، کە لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بە دواوە هادەستی عیراق کران و ئەوانیشی پێشتر عیراق دەستی بەسەردا گرتبوون و بەدرێژایی مێژوو کوردستان بوونە و کورد بە خاکی خۆی زانیوە، دەخاتە گومانەوە، چون مرۆڤ، ئاگەر نانیشتمانی و هەڵە و گەمژە نەبێت بە ماڵی خۆی ناڵێت جینۆساکەک و ئاپرسیی لەسەر کوردستانیبوونی خاکی خۆی ناکات! میدیای کورد، یادگەی

مرۆڤی کورد، بە تایبەت نەوەیەک کە دوای 2003 پەیدا بوون، گۆڕ و بەنگ دەکات و دەستەوە. بەو هەموو ماوەرانییەی گەلی فلستین لە 1948وە بە دەست ئیسرائیلەوە تووشی هاتوون، تا هەنووکەیش فلستینییەک نییە بە فلستین نەڵێت: خاکی داگیرکراو یا فلستینی داگیرکراو "الأراضي المحتلة /فلسطين المحتلة"و بە ئیسرائیلیش نەڵێت: داگیرکەر"إسرائيل المحتلة/الكيان المحتل" یا دەوڵەتی عیبری"الدولة العبرية"! ئەو دەستواژە دزەوانەی 140 و..لە پاش هووخانی هێزیمی بەعس و سەددام حوسەینەوە لە 2003دا هاتە گۆڕێ، لە هەر لە 1991وە کە ئیدی دەڤەری نەفەین ساز کرا، کورد تەنە لەو دەڤەرەدا چەقی و ئیدی چ بە کردەوە و بە بیرکردنەوە نەیتوانی لەو بازنەی نەفەینەکە بتە دەرێ. ئەو دید و بۆرخوردانە لە میدیای کوردیدا هەمیشە زەق دەکرێنەوە و مشکی مرۆڤی کوردی پە کول و نائاگا و کەم وزە دەکەن. هەر ئەوەی میدیای کوردی لەگەڵ کرکووک و مووسڵ و دیالە و سەلاحەددین و واستدا دێکات لەوە خراپتر لەهەمبەر کوردانی دەرەی باشووری کوردستان (کوردانی فەیلی) دانیشتووانی بەغدادا دەکات. جاران لە عیراقدا ئاگر بتگوتبا کام شار لە عیراقدا گەورەترین شاری کوردانە یا کوردنشینە، دەگوترا شاری بەغدا. شاری بەغدا نشیمەنی کوردانی فەیلی بوو و یەک میلیۆن و پتر کوردی تێدا دەژیان. کوردانی فەیلی هەمیشە بەبەی پشتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بوون چ لە ڕووی هەزی مرۆیی و چ لە ڕووی ئابووریەوە. ئەوان لە سەنگەری پێشەوەی خەبات و بەرخودانەدا بوون. ئەوان گەورەترین و هەکۆپکترین و دەسەزترین و بوێرترین و ئازاترین و ڕاستگۆترین کورد بوون کە لەنێو داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا دەژیان و ئامادەیی تەواویان بە هەموو چالاکییەک و شۆڕشگانی خەبات هەبوو. ئەو کوردیلە کە چەندین سەدە بوو نیشتەجێی بەغدا بوون و تێدا ژیابوون، بە بیانووی ئەرانیتیەوە وەک بنچە، هێزیمی بەعس دەستی بەسەر تەواوی سامان و ماڵ و هەموو شتەکیاندا گرت و بە پە خاوسە وەدەریانی نا بە ئێران و پتر لە سی هەزار لە کۆڵە گەنجەکانیانی خستنە زیندانەوە و دواتر یەک دانیشیان لێیان نەهشتەوە و هەمووپانی لەبەین برد. وەها نەهامەتی و کارەسات و قڕان و بنبڕکردن و ستەمێک، لە میدیای کوردیدا چ گرنگییەکی پە دراوە؟ کەی باس کراوە؟ کەی بەدواداچوونە بە بزربووان و بە کۆشکانیان کراوە؟ ئەستایش لە هەرەمە قوتەی

لەمێژە خەمان، کوردانی فەیلی نەک وەک خاوەن ماڵ، وەک میوانیش ناژەردرێن و خەڵکی کوردی سی قوتە شار، هەندێ شارەزاییان لە ئیستانبوول و دوبەی و عەممان و بەسرە و شام و تاران و لبنان و خەڵکی ئەو دەڤارانەدا هەیە، لە سایەی میدیای کوردی و شەوازی بەرخوردی، یەک لە سەدی ئەوە شارەزایی و زانیاریان، لەمێژە کوردانی فەیلییەوە نییە!

حەفت:

نووسین و گوتنەوە و دەربڕینی ناوی هەندێک شوێن و دەڤەری کوردستان بە جۆرێکی نادروست لە میدیای کوردیدا دەبنە هۆی سەینەوەی مێژوو و پەخش کردنەوەی هەڵە. "خورماتوو" و "دووبز" و " ڕانیە " و " کەرکی یاسین ئاغا، کەرکی یا ئەسکی کەرکی " و "جەلەولا" و "کلکەی کەزکوە یا کەزکوە"ی کوردستان دەکرێن بە "دووز" و "دبس" و "ڕاپەڕین" و "خەبات" و "گوڵاڵە" و "ڕزگاری" و...هەموو ئەوانەوەک گەینی "کەرکووک"بوو بە "تأمیم" لە سەردەمی بەعسدا، وەها کارێک هەکارە بە کاکردنەوە و لەبیرچوونەوەی مێژوو! لە میدیای کوردیدا فرە جار کە باسی دێیەک یا چەند دێیەک دەکێن لە دەوروبەری کەرکووک یا مەنەلی و خانەقی و.. دەڵێن دانیشتووانەکەی کوردن یا چوار دەی کوردنشینن لای خورماتوو، وەک بەشی لە خاکەکی عەرەبستان، تورکستان، ڕووسستان، هیندوستان و...چوار دەی کوردنشین هەن. ئەم ئاوایانەی خانەقی، مەنەلی، کەرکووک ئەگەر کوردنشینیش نەبن و ئەگەر تەواوی ئەو خاکە عەرەبنشینیش بێت خاکەکەی لە ڕووی مێژوویەوە کوردستانە و تەواوی یا زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن، میدیای کوردی و حیزب و دەسەڵات و مرۆڤی کورد هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە بە هەڵە بەکاربردنی وشە و دەستەواژە و چەمک لە زمانی میدیادا، جۆی خەی دگرێت و دەبێتە هەکاری چاندنی تەوی ناڕوونی و وەبەرهێنانی مرۆڤی چەواشەکراو و ناڕوون.

هەشت:

لە دەسپێکی ناساندنی عیراق لە لایەن بریتانیاوە وەک دەوڵەت لە 1921دا، چەندین جار بە مەبەستی گەینی دیمەگرافیایی، گەین لە کارگەی و خاکی باشووری کوردستاندا کراوە. تەواوی ئەو گەینانە حوکوومەتی عیراق بە دەستکاریکردن و بچووککردنەوەی باشووری کوردستان، بەتایبەت لەو ناوچە و دۆڕانەی کەمینەیەکی ناکورد(تورکمان، مەسیحی، تاکوتەرا عەرەب)ی تێدان. ئەو دۆڕانەی وەها گەینەکیان تێدا کراوە،

ئوستانگەلی کرکووک، مووسڵ و دیالەن. مووسڵ، لە 27ی ئایاری 1969دا قەزای دهۆکی لە دابەنەرا و کرا بە ئوستان بە بیانووی ئاوەی دهۆک شارکۆیەکی کورد، لە کاتێکدا ئەستایشی لەگەڵ بەت بەشە زەرە کوردەکەی ئوستانی مووسڵ هەشتا بە قەزا و ناحیە و گوندەوە سەر بە ئوستانی مووسڵ و مووسڵیش وەک مەژوو بە گوتەی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵا"هەرگیز شارێکی عەرەبی نەبووە". کەرکووکیش چەندین جار گەلەک کاریگەری تێدا کراوە بە دژی کوردستانیبوون و کوردیبوونی شارەکە. بە فەرمانێکی کۆماریی ژمارە 137 لە 28ی فەبریوەری 1970دا، گوندی کۆلاری سەر بە ناحیەی شەروانەی سەربە قەزای کفری و ئوستانی کەرکووک، کرا بە قەزا. بەناو ئەم قەزای کۆلارە لەگەڵ قەزای چەمچەماڵی سەر بە ئوستانی کەرکووک بە فەرمانی کۆماریی ژمارە 608 لە 6ی نۆڤەمبەری 1975دا بە خەیان و ناحیەکانیانەوە لە ئوستانی کەرکووک دابەنران و بە ئوستانی سلێمانییەوە لکێنران. هەردوو قەزای کفری و قەزای خورماتوو، لە ئوستانی کەرکووک دابەنران و یەکەمیان بە دیالەوە لکێنرا و دووەمیان بە سەلاحەددین(تکریت)ەوە. تەواوی ئاوانە بە تێکدانی نەخشەی کوردستان و عەرەباندنی باشووری کوردستان کراون. بەشێکیان بە ئاگاداری کوردیش کراوە و بەشێکی دیکەیان بە تەبزی. کورد، نە ئاو دەمەی ئاو کارانە کراون و نە ئەستایش نووزەی لێوە نەهاتووە و نایەت. سەرباری هەموو گاتەجاییەک، سانانە کورد، شایی و دهۆکوتان و زوناڵدان و شایڵغان دەکات بە بۆنەی بە قەزابوونی کۆلار و بە ئوستانبوونی دهۆک و پیرەزبایی لێیکدی دەکەن. تەواوی ئاو شایی و دهۆکوتان و زوناڵدان و شایڵغان و بەزمە بە هەی میدیاوە گەرم دەکرێت و زاوینەی بە خەش دەکرێت و ئامادەکاریی و تەدارەکی بە هۆک دەخرێت و دنیایەک پارەوپووی بە خەرج دەکرێت. بە ئاوەی میدیا باسی ئاوە بکات، وەها گەانەک کە کراوە، بە لەتوپەتکردنی کەرکووک و مووسڵ بووە و بە تاساندنی کەرکووک بووە و بە سەینەوەی کوردستانیبوونی کەرکووک بووە، کە نەدەبوو و نابەت جێژن و شایی لەو هۆژدا بکرێت. ئاوەی میدیا دەیکات کارەکی ناپەسەندە و لەبیربردنەوەی مەژووە و گاوجاندنی جەماوەری کوردی ئەم سەردەمەیە. لەبری شایی، میدیای کوردی دەبوو کەرکووک و مووسڵ و خورماتوو و خانەقی و جەڵەولا و شارەبان و مەندەلی و بەدرە و جەسسان و زرواتییە، لە هزری مرۆڤی کورددا بچێنێت و زیندوو بکاتەوە و بچەسپێنێت و بچەقێنێت و هەمیشە

بیانخاتە بەرباس.
نە:
میدیای کوردی ئەگەر کەمەکێیەک جیاوازییان لەگەڵ یەکدیدا هەبێت بە گشتی لە زەربەی هێرشی گشتییەکانیاندا یەک دەگرنەوە و هاوبەشییان پتر لە جیاوازییەکانیان. دوو هۆزموونی زاڵ ئاراستە و ڕەنگدانەوەی دەکەن، هۆزموونی حیزب و دەسەڵات و هۆزموونی سەرمایەداری و بازاڕ لە شێوە نیولیبرالیزمەکەدا، کە هەردوویان تەواوکەری یەکدین و کار لەسەر ورووژاندن و خەکردنەوەی خوێنەر و بینەر و بیسەر و گوێنی مەشکی مرۆڤی کورد دەکەن بە ئاراستەی خۆشویستکردنی حیزب و کەرتی تایبەت و سەرمایەداری و نیولیبرالیزمەکی سەقەت و شێونراو، چون باشووری کوردستان بە دەسەڵات و سیاسەت و سیاسەتکار و حیزب و بەشێک لە جڤاکەکەیشیەوە لە ڕووی دید و ئاسۆی بیرکردنەوەدا هەشتا لە قەناخی دیوەخان و تەکیە و هەز و خێڵ و کۆخا و عەشیرەتبازیدان. جڤاکی کوردستان هەشتا سەر بە فەرهەنگی فیەدالی و خێڵەکیی کۆچی خەی بەستووەتەوە بە سەرمایەداریەوە، کە دەبوو لە کوردستان ناوی (خەمایەداری) لە نرابا و باس لە دیموکراتی دەکات، کە دەبوو لە کوردستان ناوی (ماتباتوکراتی) لە نرابا. دیموکراتی بە جڤاک و خێڵ و وەڵاتێک پیادە دەکرێت و دەگونجێت و دەچەسپێت، هیچ جیاوازییەک لەنێوان تاکێک و تاکێکی تردا و هاووڵاتییەک و هاووڵاتییەکی دیکەدا نەبێت و مرۆڤ وەک خەی پێناسە بکرێت و بەرخوردی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەک بنەچە و ماڵبات و هەز و.. لە باشووری کوردستان هەر 1991 بە دواوە کە ئیدی حیزبگەلی چیا بوون بە دەسەڵاتی شار، یەکێک لە کار هەرەپشتەکانیان زیندووکردنەوەی دیوەخان و هەز و خێڵ و عەڵ و عەشیرەت و تیرە و تایفە و بەرباب و ماڵبات بوو. دیوەخانەیان بە ڕیشچەرموو و دەماست و کۆخا و سەرانیان بەیەوە و بەردەوام پێشوازییان لە دەکردن و گرنگییەکی لە قەبارەی خەیان زیتریان پێ دەدان. یەکێک لە سەرانی ئەو زلحیزبانەی کوردستان کە هەموو ژیانی، خەی وەک خوێندەوار و چەپ و..داوەتە ناسین و خێڵکی کوردیش هەر بەو چاوە لێیان ڕوانیوە، تەنیا لە ماوەی27 ڕۆژدا لەنێوان 19/08/2024 – 12/11/2024، بە ناوی پێشوازیی لە خزمانی فڵان و فیسار، هەز و خێڵگەلی: جاف، گەرگەری، سوورچی، میراودەلی، مەنگور، غەوارە، گۆران، هەرکی، تەرخانی، نەورۆزی، گەڵاڵی و..نوێنەری ئایینەکانی: ئێزدی، کاکەیی، شەبەک، کلدان،

ئاشووری، سریان، سوننەی عەرەب، شیعەی عەرەب و..نوێنەری تورکمان و..نوێنەری هەز و خێڵی عەرەب و کەسایەتی فەرهەنگی و هەموو ئەوانەی بینیوە و لێگەڕیان جقیوە و دنیای بە کردووەتە ماستی مایو و بۆهاری بە هێناونەتە چەکان و بەڕێنی ڕێنگاڵەی پێ داون . ئەم هەڵگرایی و خۆبازییە میدیای کوردی وەک نموونەیش کوردستانی نوێ گرنگییەکی یەکجار زۆری پێ دەدات و زۆقی دەکاتەوە. سەرباری ئەوە سانەی فیستیقاڵی خۆ و هەز دەکرێت و بە هەزاران خەڵک خۆ دەبنەوە و دەبێت بە شایلۆغان و پێڕەنگردنەوە و دەمەزردکردنەوەی هەستی هەڵگرایی و خوێنواندن و شانازیکردن بە خۆ و عەڵ و بنەماڵەوە. هەز و عەشیرەت لەم ڕۆژگارەدا هەر بەوەو ناوەستن کە میدیای ئەم و ئەو باسیان بکات و چالاکییە خەڵکییەکانیان پێشان بدا، ئیدی لێ شایدا بێت یا شین، بەڵکە بەخەیشیان کەناڵی تیڤی و بنکەی میدیایی و وتەبێژ و بارەگا و تەنانەت هەزی چەکداریشیان هەن. تەواوی ئەو گرنگیدانە بەو دیاردەی زەقکردنەوەی هەز و خێڵگرایی زەوینەخۆشکردنە بە سەرلەشوان و بزربوون و هاندانە بە هەڵاتن لە بوون بە نەتەوە و نەتەوەسازی و نزیکبوونەوە لە شارستانیەتی، کە میدیای کوردی نەریەکی گەلێ خراپ لەو پرسەدا دەلیزێت.

بەشی هەرە زۆری میدیای کوردی کار بە حیزب و بەرژەوەندییەکانی حیزب دەکەن و لانەو بازنەی حیزبدا دەجوڵێنەوە و وەک زمانی حیزب دەپیڤن و دەهزرێن و حیزب دەیانژنێت. لە زەر کاتیشدا میدیا دەبێتە ئامرازێک بە بەرهەمهێنانی گوتاری دەسەڵات(حیزب) و بیرکەی تایبەت بە سیستمی سیاسی و لە قاڵبدانی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی تایبەت لە جوارچێوەیەکی دیاریکراودا. حیزبی ئەم سەردەمی کوردستانیش بوونەتە بەشێک لە سیستم و دەسگەی سەرمایەداری. سیاسەت بوارێکی سەرکییە لە باسوخواسکانیاندا و سیاسەتیش لە میدیای کوردیدا سیاسەتی حیزبێ و پانیی میدیای کوردستانیش میدیایەکی حیزبییە بە هەردوو دیوەکەیدا، حیزبی دەسەڵات و حیزبی دەرەی دەسەڵات و حیزبگەلێک پێیکیان لە دەسەڵاتدایە و پێیکەی دیکەیشیان لە دەرەی دەسەڵاتە. حیزبگەلی دەرەی دەسەڵات و ئەوانی دیکەی "نەو جگە.."یش هەرگیز نەیانتوانیوە خاوەنی خەیان بن و لە دەسەڵات دابڕن، بە سەدان داو بە دەسەڵاتەوە گرێ دراون! گەلێک خویایە میدیا یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوە جڤاکییەکان، کە نەریەکی

سەرکی هەیە لە سازکردنی بیروڕا و ئاراستەکردنی گوتوبێژ و گوتاری گشتیدا. بەڵام کاتێک زەرینەی دامەزراوە میدیاییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە حیزبە سیاسییەکانەوە هەیە، ئیدی سەربەخۆیی میدیا سنووردار دەبێت و دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی هەواڵ بە بەرژەوەندی سیاسی (حیزب). ئامانجی میدیا تەنیا گواستنەوەی هەواڵ نییە، بەڵکە دروستکردنی بیرکە و چوارچێوەی تێگەیشتنە، چاودێری دەسەاتە، دژ بە گەندەڵی بوونە، ڕووبەڕووکردنەوە و هۆشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاگایی کۆمەڵایەتی لە ڕووی سیاسی و جڤاکییەوە، بەڵام کە سەربەخۆیش نەبێت دەبێتە ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی. گەلێ جار باس لە میدیای حوکوومەتی یا سەربەخۆ دەکرێت، لە میدیای حوکوومەتیش هەر حیزب ئاراستەی دەکات و ئۆپۆزیشنی ناوی سەربەخۆی لە خۆ ناوە، بە خۆی وەها بانگەشەیەک دەکات دەنا ئۆپۆزیشن هەم لەم بەرە و هەم لەو بەر، "..نەو جۆگەئاسا" لە گەلە لا دەخوات. چون سیستمی سیاسی لە هەرێم زەرجار دووجەمسەرییە(پارتی، یەکێتی)، ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر میدیا هەیە و میدیا دەبێتە بەشێک لە ملمانێی سیاسی، بۆیش سەربەخۆیی لەدەست دەدات و تاڕادەیەک میدیای نیشتیمانیی بەلایەن کەمتر وەدی دەکرێت. سیاسەت و باسی سیاسەت، لە 1991وە لە تەواوی میدیای کوردیدا، هیچ کاتێک لەسەر بناخە و بنەمای هزر نەکراوە و ناکرێت. هەڵی هاوبەشی هەموویان گلەیی و گازندەیە و دزەوکردنی یەکدی و مژوو و فەرهەنگ و جڤاکی کوردە. ئەو دوو هەژموونەی حیزب و سەرمایەداری(نیولیبرالیزم) تەواوکەری یەکدین. میدیای کوردی بە پەرەپێدان و بڕوادان بە ئیکلام و پەسندانی کەرتی تایبەت و بەها لیبرالییەکان و بە زانین و نەزانینەوە کار بۆ نایەکسانی دەکات لە جڤاکی کوردستاندا.

دە:

ئیکلام، خراپترین جۆری ئیکلام، نانیشتمانی و نانەتەوەیی و ناکوردستانیترین ئیکلام (بۆتایبەت لە تەلیڤزیۆنەکانەوە)، هەمیشە میوانێکی خۆنتاە و تووکتاە و قاڵبی بەردەوامی ماڵانن. ئیکلام بە کاڵا و بەرهەمی دەرەکیی(بە تایبەت تورکیایی) دەکرێت و بەرهەمی دەرەکیی وەک بە ئەکبار و نایاب وەسف دەکرێن و پێسن دەدرێن، لەبەرامبەریشدا بەرهەمی ناوخۆیی کوردستان و پێشخستنیان پشتگوێ دەخرێت و وەک پێویست بۆتەنگ پێشخستن و بڕوپێدانیەوە نین. ئیکلام بە زانستگە و خوێندنگە و کۆمپانیا و بازاڕ و پێشاک و خۆراک و هەموو

شتێکی بیانی و ناکوردستانیی دەکرێت. ئەکلامی تورکیایی بە زمانی تورکی تەنێ دەبلاژ دەکرێت و ئیدی ناوەڕۆکەکەی بە میدیای کوردی گرنگ نییە چی دەگەیەنن و چی پەخش دەکەنەوە. تەنانەت ئەکلام بە زمانی عەرەبیی، میدیای کوردی هەر بە عەرەبی بڵاوی دەکاتەوە. ئەن و شیر و دەشاوی تەماتە و چای و قاوە و برنج و سەدان شت و کاڵای دیکەی ئاڵتوونسا و مەحموود و جیهان و.. دەدرێنە دەرخواردی مەشک و چاوی مرۆڤی کورد. تەواوی ئەو کاڵا و شتانەیش هیچی وا تێگەڵ ناکەن ددان بە بوونی کورددا وەک نەتەوەیەک نانین! میدیای کوردی بە تایبەت بینراو و ڕیکلام، دوو ڕووی یەک دراون. ئابووری بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری، کە کوردستانیش خۆی پێدا هەڵواسیوە، ژیان دەکاتە ڕیکلامسازی و بە کاڵاکردن و بە بازاڕکردن. وەها سیستەمێک، هەرچەندە بە خۆی بانگەشەی فرەیی دەکات، لە ڕاگەی میدیاوە مرۆڤ دەکاتە خاوەنی یەک چەژ و یەک بیرکردنەوە و تەنانەت یەک جۆرە شێوە و ڕوخسار. ئەوەی بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری بە مرۆڤایەتی هەناوە و بە تایبەتیش بە کوردستان، بەجگە لە قەڵەموونادنی مرۆڤ هیچی دیکە نییە و هەمووان بە فیکەیەک دەست دەکەن بە "قوە قوە قوە"، مرۆڤ دەکرێت بە کەیلەی بازاڕ و کاڵا. کوردستان ئەمڕۆ، بووە بە خواردنگە، هۆتێل، خانوو و ئەپارتمان، ئارایشگە، پێشانگای ئۆتۆمبیل، مۆبیلە، سیتی، زانستگە و خوێندنگە و فەرگەی بیانی و بازمان و فەرهەنگی بیانی، هەموو ئەوانەیش سەرمایەداریی لە پشتیوانیی و حیزب ئامرازە بە جۆبجۆ کردنی و میدیایش شۆوارە بە خۆڕایی، بە مرۆڤکان دەکات و دەیانکاتە ئەدووکۆوتووی بازاڕ و مەستی کڕین و بڕخڕیی. سەرمایەداری، کە لەسەر بنجی بەکاربردنی چینایەتی و جڤاکی ڕووەوە، مرۆڤ لە مرۆڤیەتی دادماڵیت و دەیگۆڕێت بە ماددە و وەک هەموو کاڵایەکی دەیئافرێنێت و دەیخاتە بازاڕەوە و کڕین و فرۆشتنی پێ دەکات و دەیکاتە سەرچاوەی قازانج و سامان و هەز تا ئەو ئاستەی مرۆڤ دەگەیەنێتە حاڵەتی نامۆبوون (بە عەرەبی: الإغتراب، بە فارسی: بیگانگی، بە ئینگلیزی: (Alienation)، لە ڕۆح و ئاگایی و ویست و بوونی ئەخلاقی وەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە سەدان جۆر دەردەکەوێت و دەبینرێت، نامۆبوونەک مارکس لە سەدەی نۆزدەیەمدا باسی کردووە.

میدیای کوردی هەندەی کار لەسەر هەنانی فەرهەنگی بیانی دەکات و بڕەو بە زمانی بیانی بەتایبەت ئینگلیزی دەدات، کە ئەو کارەیش هەر بازاڕ بە کاڵاکردنی فەرهەنگ، کاری لەسەر

بڕەودان بە زمان و فەرهەنگی کوردی نەکردووە، ئەگەریش بە کوردی دەنووسرێت و دەگوترێت و دەبینرێت، لە بە کوردییەکی ئێتککراو دەگاتە تۆ و من. گرنگییەکی زۆر بە هەندە نەریتی ناکوردی وەک هاللۆیین، بلاک فرایدەی، ڤالانتاین، سەری ساڵی زایینی و.. دەدرێن و ڕێکلامی زۆریان بۆ دەکرێن، هەموو ئەوانە بەرهەمی سەرمایەداری و لاساییکردنەوەی ئەورووپا و ئەمەریکا و فەرهەنگی خۆراوایین و چ پێوەندەکیان بە کوردستانەوە نییە و هەرگیز نەیشبووە.

یانزدە:

سەرگەرمی، کە بوارێکی کەمەڵایەتییە و دەکرێت لە چوارچێوەی تەنز و ساتیردا، وەک بوارێک بۆ کراوەیی و دەفراوانی و چێژبەخشین و شادی و وەک ڕەخنەیەکی کاریگەر لە سیاسەت و جڤاک و ئابووری و دەسەاڵت و..بەکاربەرێت لە لە میدیای کوردیدا ئەو سەرگەرمییە پتر کار بە فەرهەنگەکی تەکشکاو و ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو دەکات، کە بە ڕەگ و شێوازی جیاواز کەمەڵ بەرەو هەڵدێر دەبەن. فەرهەنگ، فەرهەنگی ڕاستەقینە کەمترین بوارێکە گرنگیی پێ دەدرێت. زۆرینەی کەناڵەکانی میدیای کوردی لایەنی فەرهەنگییان کەنار خستووە، هەمووی بووە بە سیاسەت و بازاڕ، وای لە هاتووە تەکەای میللەت بووە بە "سیاسی" و "چاودێری سیاسی" و "شارەزای سیاسی"، کە لە ڕاستیدا هەموو بەجگە لە "دابەزیوی ئوتێلی سیاسەت.." .بە قەولی مامۆستا مەسعوود موحەممەد، شتەکی دیکە نین.

دوانزدە:

لە میدیای کوردیدا چەند دیاردەیەکی زۆق لەمەڵ شێوازی دەربڕینەوە دەبینرێن وەک نموونە: بەکارهێنانی وشەی توند و هەڵچووناوی، دروستکردنی دژایەتی و دووجەمسەری، بەکارهێنانی دەستەواژەی سیاسی بە هەڵشکردنە سەر بەرانبەر یا ئەوەی لە بەرژەیەکی دیکەدایە، هەموو ئەمانە دەبنە هەی پتر لەکترازان و دابەشبوونی جڤاک. دەشێ ئەو دیاردانە وەک زمانی هەڵچوون و سەزدار ناو ببرێن. ئەبەت لە میدیای حیزبیدا، هەوا بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو پێشان دەدرێت، واتە ئەوەی بە قازانجی حیزبێ و بەشێک لە ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە و سەرچاوەی تاکلایەنە بەکاردەبرێت، ئەمانەیش دەکەونە خانەی زمانی پڕپاگەندەوە. بەگومان پێخشکردنی زانیاری هەڵە لە میدیادا، کاریگەریی خراپی نەک تەنە بەسەر زمان بەڵکە بەسەر مێژوو، جیۆگرافیا، جڤاک، نیشتمان، خاک و هزری مرۆڤی کوردەوە

دەبێت. لە میدیادا سیاسی درێ دەکات، دووڕوویی دەبێتە یەگێیەک بە مشەخۆری، بازرگان و سەرمایەدار وەک فریادڕەس پشتیان دەدرێن، بە ئاوەی کەس بڕە وانییە! هەست دەکەیت نیشتمانیش نوقمی بە سەوادییە!

سەیانزدە:

لە ڕووی زمانی میدیاوە، زمانێ کوردییەکەی، واتە؛ ڕێنووس و زاراوەسازی و ڕێزمان و ئاوازەوە، زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت میدیا کەشەی زمانی پوختە و ستانداردی هەیە و جیاوازییەکی لە بەرچاو لە شێوازی نووسیندا هەیە و ڕێزمانێکی میدیایی یەکگرتوویش نییە، وای لە هاتووە هەر کەناڵێ و بەکەیفی خۆی نزیک بە پەی دەستوور و ڕێسای زمان، وشە و زاراوە دادتاشێت و دەیترنجێنێتە نێو زمانێ کوردییەکەوە! دیارە ئاوەی پەیوەندی بە زمانەوانییەوەیە لە میدیادا دەگەڕێتەوە بە ئاو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردیدا هەیە. میدیا وەک شمشێر (ذولفقار) کەی ئیمام عەلی، دوو دەمە، لەکاتێکدا هەکارەکە بە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو بە نەتەوەیەک، بە دیوەکەی تریشیدا هەکارەکە بە لەکترازانی زمانەکە بە چەند زار و بنزاری جیاواز. لە میدیای کوردیدا هەر کەسە بە زارە لەکاییەکەی خۆی دەنووسێت و دەدوێت و لەکاییانە هزر و ئاوەزی دەخاتە بەرچاو و گوێی خوێنەران و بینەران و بیسەران. ئەم جارە هزرینەش لە چوارچێوەی ناوچەگەڕێتی زێتر تێناپەڕێت. تێپی لاتینی، وەک زمانەوکەکی دزێو هەنراوەتە نێو هەموو پەلەکی میدیاوە. لە میدیای کوردیدا، بە بیانووی ڕاگەیشتن بە پێشکەوتنی عەقڵ و هزر و هەموو بوارەکانی ژیانی سەردەم و کەموکورتییەکی کە لە زمانی کوردیدا یا لە جڤاکی کوردستاندا هەیە، کار لەسەر ئینگلیزییاندنی زمانی کوردی دەکرێت! کورد عاشقی فەرهەنگی بیانییە و ئاوەی خۆی پە هیچ ئاو دیدەیش میدیا دروستی دەکات. وشەی کوردی بە بیرکردنەوە لە ڕیشەی وشەکە و کورد چۆنی بەکار بردووە دەگەڕێت بە شتێکی دیکەی ناکوردی، وەک نموونە: کورد دەڵێ: چای بخۆە، ڤەخە، بخەرەوە، کەچی دەنووسن "چای بخە، چای دەخەی، چا دەخەی". کورد جاران بە کات و بە ئاو ئامێرەی کاتەکە دەژمێرێت دەیگوت "سەعات" دواتر وشەی"کاتژمێر" پەیدا بوو کە بە واتای ئامێری ژماردنی کات دێت، کەچی ئێستا سەعات و کاتژمێر کراون بە"کاژێر" ئەمە ڕێک وەک ئاوە وایە تۆ بە "خەرمان، دەرمان، سەبەر، شارەبان و.." بڵێی"خەرما، دەرما، سەبە، شارەبا و..". وشەگەلی "چای دەخەی" و "کاژێر" ڕێزانە

سەدان گلەت دەدرێن بە گوێی مرۆڤی کورددا بە تایبەت زارێک، کە مەشکی بە جۆرێک دەشێردرێتەوە پێی وایە ئیدی ئەوانە ڕاستن چون میدیا وا دەنووسێت و وا دەپێغەمبەرێت!
کۆنیالیزمی فەرهەنگیی نێتەوە سەردەستەکانی دەوروبەرمان، ئەوانەی کوردستانیان داگیر کردووە، دەسکاریی هەموو بوونی کوردیان کردووە و هێندەیان کار لەسەر تواندنەوەی کورد لەنێو فەرهەنگیی خۆیاندا کردووە بە بە تەقاندنی یەک فیشەک مەشکی نێتەوەیەک دەسەنەوە. کورد تووشی لە خەنامبوون کراوە، نامەبوونی زمانیی، فەرهەنگی و..زانستگە تایبەتییە بیانییەکان، خوێندنگە ناحوکوومەتییەکان، ئیدی ئەمریکایی، ئینگلیزی، تورکی، فرانسایی، لبنانی و دەیانی تر..هەموو ئامرازی لەبەرچاون و جەخت لەسەر ئەو گۆڕینە دەکەنەوە. ئەبەت بنەمای تەواوی ئەوەی هوو دەدات، دگۆڕتەوە بە سەرمایەداری و نیولیرالیزم، کە مرۆڤێک بەرهەم دەهێنن، هانی دەدەن بە ئەوەی هەمشە بە دوای گەیشتن بە تراویلکەی بەختەوەریدا هەڵا بکات، کە سەرمایەداری بەهێنی وەدەستهێنانی پە دەدات، بەختەوەرییەک کە نییە و تەنە خیاڵە. تەواوی سیستمی سەرمایەداری و ئەوەی سەرمایەداری دەیکات و ئەو لەخەناموبوونەی کورد تووشی دەبێت، میدیای کوردی زۆر بە شانازییەوە لە کوردستان، لەکن کورد، لاوان و نەوەی نوە بەتایبەت، بە ئارایشتکراوی و ڕازاندنەوە و جوانکاری و پیرزکردنەوە خۆشویستی دەکات و تەواوی هەستەکانیان و مەشکیانی لە تژی دەکات.
کورد بە گشتی و هووناکبیران و فەرهەنگییانی کورد و میدیای کوردی بە تایبەت، دەبوو تەماشایەکی نێتەوەگەلی دیکە، دەر و دراوسێ و خەڵکی دیکە بکەن بە ئەوەی بزانن خەڵکی دی چۆن بیر لە زمانی خۆیان دەکەنەوە! وەک نموونە دەشێ تەماشایەکی ئەم دوو مرۆڤە بکەین:
مالیک حەددادە (مالك حداد (1927 – 1978) شاعیر و ڕۆمانووسی جەزائیری. ئەو عاشقی زمانی عەرەبی بوو و داخ و حەسرەتی ئەوەی هەبوو کە بە عەرەبی نایدەنووسی. پاش سەربەخۆیی جەزائیر سوێندی خوارد، ئیدی بەجگە لە زمانی عەرەبی بە زمانێکی دیکە نەنووسێت. حەددادە خاوەنی ئەو دەربڕینە بەناوبانگەیە: "زمانی فرانسی تاراوگەی منە". ئەو لە دەسپێکی ڕۆمانی ئاسکێکت پە دەبەخشم(سأهبك غزالة)کە یەدا دەنووسێت:"زمانی فرانسی بەربەستێکە لە نێوان من و نیشتمانەکەمدا، تونەدتر و بەهێزتر لە بەربەستی زریای

ناوەڕاست و من ناتوانم هەستەکانم بە عەرەبی دەربڕم، فرانسی بووە بە تاراوگەم.” پێش مردنی مالیک حەدداد بە ماوەیەکی کەم، عەبدوللا ئەلرکەبی(عبدالله الركيبي/ 1928-2011) نووسەر و ڕۆژنامەگەر و مامۆستای زانستگە و سیاسیی و لە ساڵانی 1970دا سەرکەی یەکێتیی نووسەرانی جەزائیر، لەپێش خانەی یەکێتیی نووسەرانی جەزائیردا تووشی حەددادەبەت، حەدداد منداڵێکی گچکەی لەگەڵدایە و منداڵەکە بە زمانێکی ڕەوانی عەرەبی قسە دەکات. ئەلرکەبی لە حەددادەپرسێت ئەو منداڵە کێیە! حەددادیش دەڵێت:” ئەمە تەڕجەمەکردنەوەی منە لە زمانی فرانسی، ئەمە کوڕمە”. ئەو وتەیەی حەددادەربینی دوورکەوتنەوەیەکی قووڵە لە ناخیدا. دوورکەوتنەوەیەکی زمانەوانی پێش ئەوەی جیۆگرافیایی بێت. ئەو باس لە ملانێیەکی ناوخۆیی دەکات لە نێوان زمانێکدا فێربووە بیری پێ بکاتەوە و بنووسێت و زمانێک کە پێویست بووە مافی یەکەمی بێت. زۆریا دەبێتە مەودایەک دەتوانرێت ببڕدرێت، بەڵام زمان دەبێتە دیوارێک لە ناو خۆیدا نیشتەجێ دەبێت. ئەو کە ناتوانێت بە عەرەبی هەستەکانی دەربڕێت ئازارێکی دوو هێندە پێشان دەدات؛ چون ئەو نەتوانینە تەنیا نەتوانینی ئاخافتن نییە، بەڵکە نەتوانینێکە تەواوی پەیوەند و ڕایەڵەکان لەخۆ دەگرێت. زمان تەنیا ئامرازی قسەکردن نییە، بەڵکە بیرەوەری و ناسنامە و منداڵییە. کاتێک توانستی دەربینت بە زمانی دایکیت لە دەستدرێت، هەست دەکەیت بەشێک لە تۆ لێت ستەندراوە و لە تەدا نەماوە. ئەو دەربینەی”فرانسی تاراوگەمە”، وشە و دەربینەکە چۆ و ئازاراوی. تاراوگە بە خۆی جیۆگرافیایەکە، شوێنەکە، بەڵام ئەو کردوویەتی بە زمان، وەک ئەوەی لە ناو وشەکاندا دەژێت، لە ئەو وشانە تەواو هاوشێوەی ئەو نین یان بە شێوەیەک هاوشێوەین هەمیشە وەبیری دەخێنەوە کە دوورە.
نووسەری کینیایی نگووگی وا سیەنگە (Ngũgĩ wa Thiong’o/ 1938-2025)، کە لە ساڵی 1978دا لە زیندانێکی کینیادا بوو، بەڵێنی دا ئیدی هەرگیز بە زمانی ئینگلیزی”زمانی دەسەڵات” کە بریتانیای داگیرکەر بە تەبزی سەپاندبووی بەسەر وڵاتەکەیدا نێنووسێت، بەڵکە بە زمانی کیکوویوو (گیکوویوو) بنووسێت، کە زمانی دایکییەتی. ئەو بڕیارەی بژاردەیەکی ناوازە بوو و هەرگیز لەی پەشیمان نەبووەوە و بەوەیش بوو بە نووسەرێکی مەزن لە مێژووی ئەدەبی ئەفریقاییدا.
هەوڵستێک ئەو دوو ڕووناکبیرە مەزنە مالیک حەددادی عەرەب و نگووگی وا سیەنگەی کینیایی لەهەمبەر زمانانی فرانسی و

ئینگلیزی نواندوویانە، خەدامایینە لە هەژموونی کۆنیالیستانەی ئەو دوو زمانە و بەرخودانکی ئاستوخەی فەرهەنگییە دژ بە هەژموونی زمانوانیی داگیرکەران. میدیای کوردی لە باشووری کوردستان و بە پاپشتی دەسەلات و کەرتی تایبەت و سەرمایەدار و غەرب زەدە و تورک زەدە و کەمەک زەدەی دیکەیش نەک هەر خە لە قەرەی باسکردنی هەژموونی زمان و فەرهەنگی بیانی بە سەر کورددا نادەن، بەک بە پچەوانەوە هاندەرن بە ئەو هەژموونە و کاریگەریی لەسەر جڤاکی کورد و فەرهەنگ و زمانی کوردی!
هەرچەندە میدیاکاران بژاردەی خەک نین، بەڵام میدیا کاریگەرییەکی ئاستوخە، بەهەز و قووڵی لە ژیانی جڤاکیدا هەیە. میدیا و میدیاکاران دەچنە نەو ورد و درشتی مرۆڤ و هەش و ئاوەزی خەک داگیر دەکەن. میدیا، هەز و هەژموونی ئەوەی هەیە دید و جیهانبینی و ئاگایی مرۆڤ ئاراستە بکات، بگەڕێت و بەرەو ئەو جێیەی ببات بە خەی گەرەکێتی، ئیدی خاس یا خراو. دەتوانێت ئاگایی و وریایی و زرنگی و بەرینبینی و میهرەبانی و زانیاریی سوودبەخش بە مرۆڤ ببەخشێت یا بیگەوجەنێت و هەی بکات و فریوی بدات، وازی بە مەشک و هزری بکات.
ئەپریلی 2025

پەراوێزکان:

١- برای هەژا کاک جەواد،
سەاوی گەرم و نەزی زەرم، هیوادارام لەشساغ و کەیفساز و بەختەوەر بن.
مەبەستە لەە نووسینی ئەم نامەیە بە ئەوەی بەڕێز، ئاگادارکردنەوەتانە لە بابەتک، کە لە ڕۆژنامەکەتاندا بڵاوتان کردووەتەوە، من پەم وایە دەبوو بە جۆرەکی دیکە بووایە. لە هەولێری ژمارە 1204ی ڕۆژی سەشەممەی 06/12/2011 دا و لە لاپەڕە 15ی فەرهەنگدا، دوو هەواڵتان لەبارەی مامۆستایان زاهیر ڕۆژبەیانی و نەوزاد ڕەفعەتەوە بڵاو کردووەتەوە، کە هەردوویان نەخۆش و هیوای چاکبوونەوەیان بە دەخوازن. منیش زەرم پە ناخەشە کە ناساغن و پەبەدە هیوای چاکبوونەوەیان بە دەخوازم. من تا ئێرە هیچ گلەییەکم نییە و لەمە هەواڵەکەی کاک نەوزاد ڕەفعەتەوە، هیچ قسەیەکم نییە، بەڵام ئەوەی من پەم ناخەشە ئەوەیە، کە لەگە هەواڵەکەی کاک زاهیر

ژیانیدا، وێنەیەکی ئەستای و بۆ شەویە و بۆ باری ناساغییەوە بۆ بکێنەوە، کە نادیوو کرابا. من ئۆم پێ کارەکی جوان نییە و پێشم وایە هیچ پۆیست بە دانانی ئۆو وێنەیە نیوو، بۆکە دەکرا، ئەگەر هەر وێنەیش دانرا، وێنەیەکی کێنتری کاتی ساغیی مامۆستا ژیانی دانێن. دانانی ئۆو وێنەیی مامۆستا ژیانی، بۆجگە لەوێی لە ووی دەروونی و هەستەوە، گەلێک مامۆستا ژیانی بە خێی بریندار دەکات، کاریگەرییەکی نیگەتیڤیش دەکاتە سەر هەستی خوێنەرانی ژیانامەکە و بۆتایبەت کەسانێک، کە مامۆستا زاهیر ژیانی دەناسن.

دیارە ئەوە وەک سەرنووسەری ژیانامەکە دەبوو بیرتان لەوە کردبایەوە و دەشبوو ئۆو هاوڕێیی بۆرپرسی لاپەڕەی فەرهەنگ وەها شتێکی وەبیردا هاتبا و بۆسەریدا یا بۆسەرتاندا تێپەڕ نەبووایە. هەمیشە بەختەوەر و سەرکەوتوو بن براتان ئەمجەد شاکەلی

٢- رەخنەی چاودێر، ژمارە(285)، 24/10/2011. ژنووسی نووسینەکەی مامۆستا (نەجات نووری)م، هەرچەندە پێ هەڵەیە، بەڵام وەک خێی گواستوومەتەوە.

٣- بەشێکە لە پارچە شیعرێکی مامۆستا هیمنی موکریانی لە ژێر ناوی "بناری هەڵگورد"دا، من تەنێ جێناو(پاشگر)ە تاکە کەسە یەکەمەکانم گۆڕیوە بێ جێناو(پاشگری)ی تاکی کەسی سێیەم بێ گونجاندن لەگەڵ مامۆستا جەلیل کاکەوەیسدا. دیوانی هەمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە: س. چ. هەرش، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوێد ،2003، ل .254

٤- شاکەلی، ئەمجەد، پیری بێ تەمەن نییە! بنژ: https://amjad-shakely.blogspot.com/2011/

٥- https://www.tiktok.com/@cheguevara540/video/7335953426695654689

https://www.tiktok.com/@.baibun/video/7474149393680076040?_r=1&_t=ZS-8u9ETv0xN5k : هەرواها بنژ

٦- نشرت جريدة الوقائع العراقية في العدد 2513 في 8 شباط 1976 – صدر المرسوم الجمهوري تحت الرقم 41 في شباط 1976 وتقرر ما يلي :- 1. استحداث محافظة صلاح الدين يكون مركزها مدينة تكريت. 2. إلحاق قضاء طوزخورماتو إلى محافظة صلاح الدين. 3. إلحاق قضاء كفري والنواحي التابعة لها إلى محافظة ديالى.

٧- مژووی کوردستان و جاران کورد بە خێیشی، حەمرین و زرواتیێ (الزرباطیة) و عەلی غەربی(علێ الغربي) و عەلی شەرقی (علي الشرقی)یان بێ سنووری باشووری کوردستان دادنا، ئێستا کەلار و

ناساڵح و قوشتەپێ و چەمچەماڵ و،، بوون بە سنوور!

-٨
https://www.instagram.com/reel/DRZ8EbaCJv4/?igsh=dmYwNmJsMDRhMzB5

-٩
https://www.tiktok.com/@rudawradio/video/7577330492832238904?_r=1&_t=ZN-91lEz0i88HP

-١٠
https://amjad-shakely.blogspot.com/search?updated-max=2004-12-06T14:22:00-08:00&max-results=7

بنەڕەت: شاکەلی، ئەمجەد، هەزگەرایی وەک بەشێکی سەرەکی بنەمای ئایدیۆلۆژیی حیزب.
هەروەها بنەڕەت ژمارەکانی 3450-3523ی (کوردستانی نوێ)ی نێوان19/08/2024 – 12/11/ 2024

کتێب\ گۆڤاری مەزنەکان لە هەزرەکەوە دەست پێ دەکەن.. ئەمجەد شاکەلی

(لێگەڕێ ئەحمەد بین بیلالدا بەرەو جیهانێکی نوێ)

نووسەر: ئەمجەد شاکەلی
بابەت: باس و لێکۆڵینەوە
دیزاینی بەرگ: ئیسڵا کەمال
دیزاینی ناوەوە: خەبات عارف
چاپخانەی: کارۆ، سلێمانی، کوردستان

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

AmjadShakaliDownload

سەرکەمار.. ئەمجەد شاکەلی

لە 2003وە و دوای داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە، بە ناوی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و سیاسەتی تەوافوق و تەوازون وشەراکەت و سەدان کەاوبازی و قسەی قەڵەی دیکەوە، بەفەتترین و دواکەوتووترین سیستەمکی حوکومەانی بە سەر عیراقدا سەپنرا. سیستەمک، لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی و ئایینزایی، لە لایەن ئەمریکاوە دامەزرا و تا هەنووکە، پێڕە دەکرەت. ئەم سیستەمە، کەپێیکی گەنتر و دزەوتری سیستمی سیاسیی لبنان بوو و لبنانادنی عیراقی لەکەوتەوە. هەرسە سەرکایەتییە باکەی عیراق، حوکوومەت، کەمار و پەرلەمان، لەنەوان شیعە و سونەن و کورددا دابەش کران. سەرکایەتی حوکوومەت، کە گرنگترین و کاریگەرترین و بەدەسەاتترین پستە، بوو بە پشکی شیعە. سەرکایەتی پەرلەمان بوو بە پشکی سونەن. سەرکایەتی کەمار بوو بە پشکی کورد. عەرەب، کران بە دوو کەرتەوە و لە عەرەبەوە وک نەتەوەیک و نەتەوەی سەردەست و زرینەی عیراق، کران بە شیعە و سونەن. تا ئەمڕۆ، کورد سە جار، پستی سەرکەکەماریی وەرگرتووە، یەکەمیان جەلال تاەبانی بوو و دووەمیان فوئاد مەعسووم و سێیەمیان بەرهەم سالح. پستی سەرکەکەمار، بەجگە لە بەک پارەوپووە و تایبەتمەندی ماددی بە حیزبەکیان و خیان، هیچی دیکەی بە خەکی کورد و کوردستانییان تەدا نییە. سەرکەکەمار بەدەسەاتترین دەسەاتدارە لە سیستمی حوکومەانیی عیراقی دوای بەعسدا. سەرکەکەماری عیراقی دوای بەعس، هەر هەندەی تاها موحیەددینی سەردەمی سەددام حوسێن دەستی دەوات.

سەرکەکەمار، کە وک نیشانە و هەمایک و ڕوویکی عیراق، لە دەرەی عیراق دەبینرەت و عیراقیش وک دەوەتکی عەرەبی دەژمردرەت، دەکاتە ئەوەی سەرکەکەمار سەرکی دەوەتکی عەرەبییە. دانانی کوردیک بە سەرکەکەمار و قایلبوونی کورد بەوەی پستی سەرکەکەمار وەرگرەت، گەورەترین سووکایەتیکردنە بە عیراق، وک دەوەتکی عەرەبی، کە سەرکەکەمارکەی کورد بەت و گەورەترین سووکایەتیکردنە بە کوردیش، کە سەرکەکەماری دەوەتکی عەرەبی بەت و لە دەرەوە وک عەرەب بژمردرەت. ئەو سووکایەتیپکردنە، ئەمریکا بە سەرشەکردنی، هەردوو کورد و عەرەب دایهنا و بە ناشیرینکردنی ڕووی سەرکەکەماری عیراق. لە یەکەم سەرکەکەماری دوای ڕووخانی بەعسەوە، ئەو پستە بەدەست یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بووە و هەیە. تەنیا لە دانانی جەلال تاەبانیدا وک یەکەم سەرکەکەمار،

پارتیی دیموکراتیی کوردستان دژایەتی و ناڕازیی نەبوو بە ئەو سەرکەکمارە، ئیدی لە دانانی فوئاد مەعسووم و بەرهەم ساڵحدا، پارتیی بەربژێری کابەری بە هەردوویان هەبوو، لە پستەکە هەر بوو بە هی یەکیەتیی. چەن عەرەب کران بە شیعە و سونن و وشەی عەرەب لە قانوونی دانانی ئەو سێ پستە باڵیانەدا سایەوە، هەر بەو جۆرە بە کوردیش، تا ئادیەک و بە کردار وشەی کورد سڕاوەتەوە و وشەگەلی یەکیەتی و پارتی جگەیانی گرتووەتەوە، بەتایبەت لای کورد خەی و دیارە لەکن عیراقییانیش. سەرکەکمار بووەتە تاپۆی یەکیەتیی و سەرکی هەرەم بووتەوە تاپۆی پارتی. کورد، ئەگەر بەک وردبین بووایە، هەرگیز توخنی پستی سەرکەکماری نەدەکەوت، پستەک کە هیچی لەباردا نییە و کورد گوتەنی"لاقی مریشکەکی پە ناکرێتەوە" و دەستەوسان و دەستەپاچە، دەبە چاوەنەڕی بڕیی و دڵڤانی و میهرەبانی دوو سەرکەکەی تری حوکوومەت و پەرلەمان بێت.

جەلال تاڵەبانی، کە یەکەم سەرکەکماری کورد بوو لە عیراقدا، بەو هەموو کاریزما و لەبڵەبانی و زارقەرباغی و زمانە لەچەرخدراوی و بەو هەموو فرتوفێ و تەکەبازی و پەوەندداری و لەزانین و هەڵپەرستی و ڕەنگگۆڕین و دووڕوویی و هەڵبەزودابەز و دیان سیفەتی دیکەیەوە، مەلا غەفووری دەبباغی گوتەنی:"زگگورگی سەرمێ بە وا فەقیری؟ خە تە هەوێنە نە مەنجێ شیری!"، ئەو هەوێنی سەد مەنجێ شیریش بوو، لە هیچی لە هەڵنەکەدرا و هیچ خەروبەرکی بە کورد نەبوو. سەرکەکمارە خەواووکەی دوای ئەو، فوئاد مەعسووم، گەڕی لە هەوڵێرە دەگەڕا و سەرکەکەی ئستاش، بەرهەم ساڵح، کە دەرسی شەیتان دەدات، بە کورد تەنە زمانکی لووس و دووڕوستی بەتاڵی پەوەیە. هیچ سەرکەکمارکی کورد لە عیراقدا و لە سایەی وەها دەوڵەت و قانوونک و سیستمکی سیاسییدا، هەرگیز لەمانەی ناویان هات، باشتر نابن. کاتک کورد دەتوانێت بەمانە بڵێت لالە (سەرکەکمار)، چەلەکەی بە بگرن. ئەمانە نک چەلەکە بە کورد دەگرن، چەلەکە بە کورد ناگرن و بڵێکە چەلەکەکەی دەستی کوردیش بڕڕا دەکەن. ئەو هەموو ساڵانەی بەسەر چوون، گرنگترین پرسی کورد، خاک بوو و خاکە، کەرکووک و تەواوی دەڤەرە دابەنراوەکان، "قودس"کەی ئەو سێ سەرکەکمارە کوردانە، بە ماددەی سەدوچل و بە 16ی ئوکتەبەر و بە نابەرپرسیاریی خەیان، هەموویان دەڕاند و ئادەستی نەیارانی کوردستانیبوونی کەرکووکیان کرد.

عیراق، یەکەکە لەو دەوڵەتانەی بە دامەزرێنەری کەمکاری عەرەبیی دەژمەردرێن. لە 22 مارسی 1945دا و پێش دامەزراندنی ڕێکخراوی

دەوڵەتانی یەکگرتوو(UN)، بە چەند مانگێک، حەفت دەوڵەتی عەرەبی سەربەخۆی خودان سەروەریی سیاسی: میسر، سووریا، شانشینی سعوودییەی عەرەبی، هەژدەهاتی ئوردون، لبنان، عیراق و یەمەن، خۆ دەبنەوە و بەیاری دامەزراندنی چەترێک، بازنەیەک، یەکیەتییەک بە خۆکردنەوەی دەوڵەتانی عەرەبی، گەلی عەرەب و خاکی جیهانی عەرەبی لەنێو و لەچوارچێوەی ئەو بازنەیەدا و لەژێر ئەو چەترەدا، دەدەن. عیراق، وەک شاکارێکی سایکس-پیکۆ و کۆلۆنیالیزمی بریتانی، بە هەموو پەورێک و لەبەر ئەندامبوونیشی لەو کۆمکارەدا، دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەجگە لەوە شتێکی دیکە نییە.
لە وەڵاتێکدا پڕستی سەرکەکمار دەتوانێت بە بایەخەوە لەبی بنەدرەت و کاریگەریی هەبێت و نوێنەرایەتی تەواوی دانیشتووانی وەڵاتێکە بکات، جیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکانی وەڵاتێکدا نەبێت و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ و خێڵەکی وەڵاتێکە وەک هاووڵاتیان سەیر بکرێن و هاووڵاتیەتی چ پەیوەندێکی بە ڕەگەز، ڕەنگ، ئایین، نەتەوە، زمان، ئایینزا، ڕەچەڵەک و...نەبێت، بەڵکە تەنە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون حیسابی بۆ بکرێت. وەک نموونە دەکرێ وەڵاتانی لاتین ئەمریکا باس بکرێن.

لە وەڵاتانی لاتین ئەمریکا، کە کیشوەرێکی بەرینە و پتر لە 650 میلیۆن مرۆڤ تێیاندا دەژین، لە ماوەی 40 ساڵەکدا 11 سەرکەکمار، کە بە بنەچە و ڕەچەڵەک عەرەبن، فەرمانڕەوایان کردووە. عەرەب، بە خێیان دانیشتووانی ڕەسەنی لاتین ئەمریکا نین، بەڵکە وەک پەنابەر و کۆچبەر لە ماوەی یەک سەدەدا و بەربەرە لەو کیشوەرە نیشتەجێ بوون. لە تەواوی لاتین ئەمریکادا نزیکەی 40 میلیۆن مرۆڤی بە ڕەچەڵەک عەرەب دەژین. 12 میلیۆن لەوانە لە برازیل و 1,2 میلیۆن لە ئەرجەنتین و ئەوانی دی لە وەڵاتانی دیکەی ئەو کیشوەرن. ڕێژەی عەرەب لە لاتین ئەمریکادا دەکاتە 6%ی تەواوی دانیشتووانی ئەو کیشوەرە. لە نەو زمانی سپانیلی و پرتوگیزی، کە لە لاتین ئەمریکادا زمانی هەموو کیشوەرەکەن، 500 وشە و دەستەواژەی عەرەبی، تەکڕە بەو دوو زمانە بوون و لە هەندێک لەو وەڵاتانەدا بوون بە بەشێک لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک.

ئەو سەرکەکمارانەی، کە بە ڕەچەڵەک عەرەبن و لە لاتین ئەمریکا دەسەڵاتیان گرتووتە دەست ئەمانەن:
کارلۆس منعیم(Carlos Menem)، لەنێوان 1989-1998، سەرکەی ئەرجەنتین بوو، لە دایک و باوکێکی سووریایی هاتووتە دنیاوە. ئەنتۆنیۆ سەقا(Antonio Saca)، سەرکەی ئەلسەلڤادۆر، بە ڕەچەڵەک

فلستینی بوو. سەرۆکێکی دیکەی ئێلسەلڤادۆر، نەجیب بووکیلە یا نایب بووکیلە(Nayib Armando Bukele Ortez)، لە باوکێکی فلستینی و دایکێکی ئێلسەلڤادۆری بوو. میشال تامر(Michel Temer)، سەرۆکی برازیل، بە ڕەچەڵەک لبنانییە. خولیۆ تیئۆدۆرۆ سالیم(Julio Teodoro Salem)، عەبدەلا بووکەرەم(Abdalá Bucaram) و جەمیل مەحموود(Jamil Mahuad)، هەرسێیان بە ڕەچەڵەک لبنانین و سەرۆکی ئێکوادۆر بوون. خولیۆ سیزار تەرباى یا خولیۆ سەمیر تەرباى(Julio César Turbay)، لە باوک و دایکێکی لبنانی هاتووتە دنیاوە، سەرۆکی کۆلۆمبیا بوو. سەلڤادۆر نەسرەلا(Salvador Nasralla) و کارلۆس ڕەبەرتۆ فلوورێس یا کارلۆس فەقووسە(Carlos Roberto Flores)، هەردووکیان دایک و باوکیان فلستینی بوون، سەرۆکی هەندوراس بوون. ماریۆ عەبدە بەنیتز(Mario Abdo Benítez)، سەرۆکی پاراگوای، لە دایک و باوکێکی لبنانیە. بەجگە لە سەرۆککۆمار، سەدان وەرزشکار، سینەماکار، میدیاکار، مامۆستای زانستگە، ئەدیب و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و شارەزای ئابووری و قانوون و دەیان بواری دیکە هەن، کە بە ڕەچەڵەک عەرەبن . نێک هەر خەڵکی بە ڕەچەڵەک عەرەب، بەڵکە خەڵکی بە ڕەچەڵەک وەڵاتی دیکەش بوون بە سەرۆککۆمار، نموونەش ئەلبەرتۆ فوجیمیرە(Alberto Fujimori)، سەرۆکی پێرو، کە لە باوک و دایکێکی ژاپۆنی هاتووتە دنیاوە.
تەواوی ئەوانە بوون بە سەرۆکی دەوڵەت لە کیشوەری لاتین ئەمریکادا، نێک بە ناوی عەرەب یا ژاپۆنی، بەڵکە بە ناوی ئەرجەنتینی، برازیلی، ئیلسەلڤادۆری، کۆلۆمبیایی، هەندوراسی، پاراگوایی، پێرویی، ئێکوادۆری. ئەوان نوێنەری ئەو دەوڵەتانە و گەلانی ئەو دەوڵەتانە بوون، لە لەگەڵ ئەوشدا، ڕەچەڵەک و بنەچەی ڕەسەنی خۆیانیان فەرامۆش نەدەکرد و ناکەن، کە عەرەبن. گەلێ جار و لە کاتی پێویستدا هەوەستی سوودبەخشیان بە نەتەوە ئەسڵییەکەی خۆیان(عەرەب) و وەڵاتانی عەرەبی نواندووە و گەیاندووە.

کورد، دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو خاکەن، کە پێی دەگوترێ کوردستان و بەشێکی بە عیراقەوە لکێنراوە و ڕۆژێیشی لەنەو عیراقی ئێستادا لە ڕەگەزی ئەوانەی بە ڕەچەڵەک عەرەبن لە لاتین ئەمریکا و ئێستا تواونەتەوە و بوون بە خەڵکی ئەو وەڵاتانەی تێیاندا دەژین، گەلێک زیاترە. کورد 20-25%ی دانیشتووانی عیراق پێکدەهێنن. کورد، دەبوو خۆی دوور گرتبا لەوەی سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەبی بێت و بە ناوی عەرەبەوە قسان بکات. ملانێی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەسەر هەر پێستێک لەنەو عیراقدا و بەتایبەتیش لەسەر پێستی سەرۆککۆماری عیراق، دزێوترین ملانێیە.

وەها ملانێیەک، سەینەوەی کوردە و سەینەوەی کوردستانە و چەسپاندن و جێگیکردنی حیزبە(یەکیەتی یا پارتی یا…) لەبری کوردستان و کورد. لە دەر زمانەوە گوتراوە:"چەشتی پەکابان بخوە یا سوەر"، بەو ملانێیە پارتیی و یەکیەتیی، نەک چەشتی بخوە یا سوەر دەرخواردی کوردستانییان دەدەن، بەڵکە زەقنەبووت و ژەهری هەڵاهەڵایان دەرخوارد دەدەن. وەدەستهێنانی پەستەکی کارا، لە کەرکووک و دەڤەرە کوردستانییە دابەنراوەکان، کە بتوانێت وەک کورد، وەک کوردستانیی، نەک وەک یەکیەتیی یا پارتیی، یەک میتر خاک، بیرەئاوەک، درەختەک بگەتەوە ئامەزی کوردستان، عەرەبەکی هەناردەی داگیرکاری کوردستان وەدەرنا، کوردەکی هەڵاتووی کەرکووک و خورماتوو و مەندەلی بگەتەوە جێی خەیان، ناوە کوردییەکەی ئاوایەکی عەرەبنراو، خوەندنگەیەک، شەقامەک، جێگەئاوەک، دەڵەک، تەپەکەیەک بکاتەوە کوردی، گەلەک لە پەستی سەرەککەمارەکی تەوزەلی تەڵە باشتر و بەکەڵکترە. عەرەبی عیراق بە خەیان دەبوو پەستی سەرەککەماریی عیراق نەدەن بە کورد و بە مەڵکی خەیانی بزانن. ئەو پەستی سەرەککەمارە، کە عیراق دەوەتەکی عەرەبی بێت، مافی عەرەبە و هەرگیز مافی کورد نییە.

17-12-2021

خوەندکارانی کوردستان و بەڵکە سەرنج.. ئەمجەد شاکەلی

ئەمە لە دیدارەکیدا لەگەڵ هەندەک لە خوەندکارانی زانستگە جیاوازەکانی هەرەمی کوردستاندا، سەرەک وەزیرانی هەرەم، مەسروور بارزانی، گوتی:"خوەندن لەو زانکەیانەی کە حکومین بە خەرایین و حکومەت بە خەڵایی خوەندن دابین دەکات بە ئەو قوتابییانەی کە لەم زانکەیانە دەخوەنن. داواکردنی دەرماڵە بە خوەندنی خەڵایی لە هیچ شوەنەکی جیهان نییە…لەهیچ شوەنەک شتی وانییە کە بڵێی من بە خەڵایی دەخوەنم و دەبێت بەپارەیەکیشم وەک دەرماڵە پەبدەن بە ئەوەی بخوەنم" .
ئەوانەی هاوڵێی سەرەکی حوکوومەت بوون لەو دیدارەیدا، وەزیری

خوێندنی باڵا و سەرکی زانستگەیەک بوون، کە هەردوویان بەرپرسی ڕاستەوخۆی خوێندنی زانستگە و خوێندکارانن. بەجگە لەوە من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە، کە سەرکی حوکوومەت و هەر بەرپرسێکی باڵای کوردستان، بەو دوو هاوڵاتییەی لەگەڵ سەرکی حوکوومەتیشدا بوون لەو دیدارەیدا، دەیان و سەدان ڕاوێژکار و جێگر و سکرتێر و یارمەتیدەر و کارمەند و دەستوپێوەند و خزمەتکیان لەبەردەستدایە و زۆر بە ئاسانی دەتوانن، دەستیان بە هەموو زانیارییەکی ڕاست و دروست و نوێوە، لەمەڕ هەر پرس و بابەتێکەوە، نزیک تەنە پێوەندیدار بە کوردستانەوە، بەڵکە بە هەموو گەردوونەوە و بە زووترین کات، بگات. لەم سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆگیدا، دەستبەرکردنی زانیاری کارێکی گەلێک سانایە بە هەموو مرۆڤێک، بەتایبەت بە کەسانێک، کە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بن. لە مخابن، لەو دیدارەی سەرکی حوکوومەتدا وا نەبوو! ئەو زانیارییەی سەرکی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەمەڕ خوێندنی خەڵایی و دەرماڵەی خوێندکاران لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا، هەیە بوو. ئەو دەبوو پێشتر داتای دروستی بە ئامادە کردبا، ئیدی بە خەی یا بە کەمکەسی دەستکەی، کە لەگەیدا کار دەکەن.

من بە خەم ماوەی چل ساڵەکە لە وڵاتی سوێد دەژیم و بەکیش خوێندووەم و قەرزی خوێندنم وەرگرتووە و تا ئادیکیش ئاگاداری وڵاتگەلی ئەوروپا و دەوروبەری سوێدم. تەواوی خوێندنی سوێد، لە هەموو خوێندنگە و زانستگاکاندا هەر لە پەلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا پێست دکتۆرایش، هەمووی بە خەڵایی و مفتە و خوێندکار یەک قل پارە بە خوێندن نادات. تاکە تاکەیەک خوێندنگەی تایبەت لێرە و لەوە هەن، بە پارە تێیاندا دەخوێنرێت، لە ژمارەیان ناگاتە ژمارەی پەنجەی دەست. هەموو شاگردێک لە تەمەنی نێوان 16-20 ساڵان و لە پەلی دەیەمەوە، مانگانە وەک دەرماڵە 1250 کرۆنی سوێدی مفتی دەدرێتە. کە خوێندکار دەچێتە خوێندنی دوای ئامادەیی و زانستگە، ئیدی ئاگەر ئارەزووی لەبەست، دەتوانێت قەرزی خوێندن(بە عەرەبی:منحة دراسية، بە فارسی:کمک هزینه تحصیلی، بە ئینگلیزی: Study grant) وەربگرێت، چۆن هەن قەرز وەرناگرن و لەگەڵ خوێندنەکەیاندا کار دەکەن و خە دەژمنن. ئێستا لە ساڵی 2021دا مانگانەی هەر خوێندکارێکی زانکە، ئەگەر قەرز وەرگرێت 10928 کرۆنە، کە 7328 کرۆنی بە قەرز دەژمردرێت و 3600 کرۆنی بە دەرماڵە، واتە: مفت وەریدەگرێت. لە ساڵی 2022دا ئەو پارەیە دگەڵت و دەبێتە 11088 کرۆن لە یەک مانگدا، کە 7436 کرۆنی قەرزە و 3652 کرۆنی دەرماڵەی مفتە. ئەو پارەیەی خوێندکار وەک قەرز وەریدەگرێت، پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕەکە مانگانە بەشکی

بگۆڕێتەوە بۆ حوکوومەت تا بڕبڕە هەمووی تەواو دەبێت، کە ماوەی چەندین ساڵ بخایەنێت، ئەو بەشەی دەرماڵەیە، ئەو وەک شیری دایکی نەشی گیانی دەکات و هیچ لەسەری ناکەوێت. خوێندکار دەتوانێت تەنیا دەرماڵەکە وەرگرێت و قەرزەکە وەرنەگرێت، ئەگەر بتوانێت بەو دەرماڵەیە بژێت. خوێندکار چ ئەوانەی قەناخی ئامادەیی و چ هی زانستگە، مافی ئەوەی هەیە کارتێکی مانگانە یا ساڵانە بە هاتوچۆی نەو ئەو شارەی تێیدا دەژی و دەخوێنێت، بە ئێتێبووس، شەمەندەفەری سەرزەوی و میترۆ بکێت بە نیوەی نرخی ئاسایی خۆیکی ئاسایی و بە هاتوچۆی نەو تەواوی سوودیش هەر بە نیوە نرخ ئاسایەکە دەتوانێت بگۆڕێت. خوێندکار، بە نیوە نرخ دەچێتە سینەما، شانۆ، مۆزەخانەکان و دەیان جێگەی دیکە. لە تەواوی ئەوانەدا خوێندکار و خانەنشین وەک یەک دەژمێردرێن، هەردوویان نیوەنرخ دەدەن. خوێندکار لەو خواردنگە و ڕێستۆرانتانەی نەو زانستگەکان، بە نیوە نرخ دەخۆن. بەجگە لەوانە، خوێندکار زۆر شتی دیکە دەیگرێتەوە و سوودمەند دەبێت لێیان.

خوێندکارانی کوردستان تەنیا کێشەی دەرماڵەیان نییە، ئەوان کێشەی بەشە ناوخەیەکانیشیان هەیە، کە پێن لە ناڕەحەتی و پێگرفت و سەختی. ئەو هەموو زانستگە و خوێندنگە تایبەت و ئەهلی و بیانیانەی لە کوردستان کراونەوە و هەن و ڕێگەپێدراون، زیانێکی یەکجار مەزن و کاریگەرییەکی یەکجار خراپیان لەسەر جڤاک و فەرهەنگی گەلی کوردستان و زمانی کوردی داوە و کردووە. کارەکی وایان کردووەتە سەر خوێندن و خوێندکار، کە بەسەر دوو جەمسەردا دابەش بن. بەچکە دەوڵەمەند و سەرمایەدار و بەرپرس و مشخۆران، دەچنە خوێندنگە و زانسگەی تایبەت، کە خوێندن تێیاندا بە پارەیە و بە زمانانی ئینگلیزی، فرانسی، تورکی، ئەڵمانی و... فرەتر بە ئینگلیزییە. ئەو جۆرە خوێندنگە و زانستگەیانە خوێندکارەکی تەمبەڵ و کەمنمرە، کە لە پەلەی دوانزدەی ئامادەییەدا 50ی هێناوە، کە لە زانستگە حوکوومەتییەکە وەرناگیرێت، لەوە تەنیا لەبەر ئەوەی پارە دەدات، وەردەگیرێت. کاتێکیش ئەمەی زانستگەی تایبەت خوێندن تەواو دەکات، لەبەر زمانە ئینگلیزییەکەی و لەبەر ئەوەی بچوە دەوڵەمەند و بەرپرسە، زۆر بە ئاسانی کاری دەستدەکەوێت و بچوە هەزارە دەرچووەکەی زانستگە حوکوومەتییەکەیش، کە دەبێ هکاباری بچووە دەوڵەمەندەکەی دەرچووی خوێندنی تایبەت و زمانی ئینگلیزییەکە بکات، پەی ناکرێت و لەو پشبەکە نایکسانەدا دەدرێت.

هەزاران بەرپرس و دەستە و دارا و گیرفانپەی کوردستان، کە بەشەکی زۆریان لە کوردستان خوێندیان تەواو نەکردووە و بەوانامە و بەگەی ساختەیان بە کراوە، ساڵانە دەچنە دەرەی کوردستان، تورکیا، ئێران،

لبنان، میسر و...هەر وەڵاتێکی دیکە یا خەیان لە کەرکووک، ئامادی، شارەبان، باقوبە، مووسڵ و تەنانەت چەپەکترین شوێنی عیراق ناونووس دەکەن و دوای ماوەیەک پلەی ماستەر یا دکتۆرا وەردەگرن و دێنەوە و دەبنە بەڵا بۆ ئەو هەژارانەی لە زانستگە حکوومەتییەکانی کوردستان خوێندنیان تەواو کردووە و کابرییان دەکەن.
خوێندکارانی کوردستان مافی ئەوای خەیانە دەرماڵەیەکی باش وەرگرن و منەتیان بەسەردا نەکرێت. ئەگەر ئەوە بکرێتە بیانوو، کە حکوومەتی عیراق لە ساڵی 2014ەوە چەندین ملیار دۆلاری بە کوردستان نەناردووە و قەرزداری کوردستانە و ئەوە پارەی خوێندکارانە و بۆغدا خواردوویەتی و هەموو جارێک ئەو هستیە بدرێت بە گوێی خوێندکار و کارمەند و کارگەر و چینەکانی خوارەی کۆمەڵدا، ئەدی وەزیر و گزیر و جێنراڵ و ئاوڕکار و جگری وەزیر و بەڕێوەبەر گشتییە خانەنشینکراوە بندیوارەکان، بە مووچە و دەرماڵە و پشتماڵە و ژەرماڵە و بانماڵەی خەیان ئەک و بە کەشە وەردەگرن، ئەوە لە کاتێکدا، کە بەردەوام باس لە چاکسازی دەکرێت! تەواوی پارەیەک بە ئەو دەرماڵەیەی خوێندکاران دەدەوات، بە قسەی مەلا بەختیار، کە یەکێکە لە سەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، 10 میلیۆن دۆلارێک دەکات.
لە کوردستان، دەیان هەزار لەو بندیوارە مفتەخۆرانە هەن، هەریەکە و مانگانە دەیان هەزار دۆلاریان بە خەرج دەکرێت، کە سەرلەبەری پارەیەکی وەریدەگرن، وەک چۆن گشتی بەراز و سەگ لە ئایینی ئیسلامدا حەرامە، ئەو پارە و مووچەیەی ئەوانیش وەها حەرامە.
ئەوان لە ساڵانی 1990ەوە تا هەنووکە ئەو مووچە و پارەیە وەردەگرن، حکوومەت بە بینی ئەو پارە حەرامەی ئەو مفتەخۆرانەی بندیوارە، نە تەنیا دەرماڵەی خوێندکارانی هەرەمی کوردستان، ئەگەر مەبەستی بێت، دەتوانێت دەرماڵەی تەواوی خوێندکارانی هەموو کوردستانی گەورە دابین بکات.
بەشە هەرەمەکەی باشووری کوردستان، سیستمێکی خوێندن پێک دەکات، بەجگە لەوەی ئاستی زانین و زانست چەندی بیری لە بکەیتەوە نزمە، کادرێکی زۆری ناکارایش لە بواری ناپەویستدا دەنێتە بەرهەم و دەخاتە نەو جڤاک و بازاڕی کارەوە، کە بەجگە لە زیان چ سوودێکیان نییە، چون ئەوانە دەبنە لەشکرێکی بێکار و بەبەرهەم.
تەواوی ئەوانە کەشن، لە مرۆڤی دەوڵەمەند و سەرمایەدار و تەر و دەسەڵاتدار، لەبەر ئەوەی بە خێی لە وەها حاڵێکدا ناژی، هەرگیز ناتوانێت هەست بەو جیاوازییانە بکات. پیرەمەردی شاعیر لەمەڕ گوتوویەتی:
پیاوی تەر ئاگای لە برسی نییە، بە ماڵ ئەخۆڵ هیچ ترسی نییە.

27-11-2021
ئەمجەد شاکەلی

کتێب: خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی.. نووسینی : ئەمجەد شاکەلی

ناوی کتێب : خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی
نووسینی : ئەمجەد شاکەلی
نەخشاندنی بەرگ : زاری
نۆبەتی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 2019
چاپ و پەخش و پەداچوونەوە : هاوسانی

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Book_AmjadShakali_SofigariDownload

تیۆری پیلانگێڕی و داووخانی کابۆ.. ئەمجەد شاکەلی

زۆرک لە ئەم لێبارەی تیۆریەکانی پیلانگێڕی یا کەمپلێت و دەسیسە (Conspirations Theory)ەوە، گەلێ شتی بیستووە. وەک نموونە: کە خۆراکەکی ئەمە دەیخۆین، ژاری تێدایە! 11ی سێپتەمبەری 2001، بۆ جۆری میدیا ڕاگەیەنکان باسیان کردووە و پشانیانداوە، ووینەداوە! جۆن کەنەدی(John Fitzgerald ”Jack” Kennedy)، سەرکەی ئەمریکا، دەستی دیکە لە پشتی کوشتنەکەیە بووە! کە میدیا ئەمە

چواشە دکات و دەمانخەڵەتێنێت بەوەی وەڵاتگەلێکی جیاواز بە ناوی دیموکراتییەوە داگیر دەکرێن!
گەلە جار بە هووناکردنەوەی هوواوەکی دیاریکراو یا هەوەستێک، کە هیچ هەکار و پاساوەک نییە بە هووانی لەنێو جڤاک و خەڵک و وەڵاتاندا و کە هوواوەکە پشینەی نەبووە و هەرگیز پشتر هووی نەداوە یا بەو جۆرە هووینداوە، دەستواژەی تیرۆریی پیلانگێڕی بەکار دەهێنرێت. زۆر جار ناوەندەکی ئەو پیلانگێڕییانەش کردەوەیەکی ناقانوونین یا زیانبەخش و خراپەکارین و بە مەبەستی سیاسی و ئابووری دەکرێن.
ئەوەی پتر دەبێتە هۆی باوەڕهێنان بە تیۆری پیلانگێڕی یا گومان دروست دەکات، لەکن خەڵک، لەدەستدانی باوەڕ بە ئامرازی میدیایی نەریتی و دەسمیەکان، کە ئیدی خەڵک ناچار دەبێت بە دوای پاساودا بگەڕێت، چون پێیان وایە ئەوەی میدیا دەیڵێ هاست نییە و هیچ شتێک هەروا بە بەڵکەوت چی نابێت.
بەڵام، ئایا ئەو دەنگۆیانە تەنێ تیۆرین یا هاستیێک لەو باسوخواسانەدا هەیە؟ چین و کەن ئەوانەی لەپشتی هەموو ئەو دەنگۆیانەوەن؟ ئەوجا بۆ؟
ئەم تیۆرییەی پیلانگێڕی، کەمپلێت و دەسیسەیە باوەڕی بەوەیە، کە دەستەیەکی دەستەبژێری جیهانی، بازنەیەک مرۆڤی توانا هەن، وەک ئەنجومەنێکی داخراو و پەنهان لە پشتی پەردەوە، دەستیان بەسەر حوکوومەتەکان و پێشەسازی و میدیای هەموو جیهاندا دەڕوات و لەڕێگەی سیستمی بانکییەوە، بە هاوسێی خێیان دەیانجووڵێنن و یارییان پێ دەکەن و ئامانجیان سەپاندنی هەژموونی خێیانە بەسەر دەوڵەتاندا. هەر ئەو دەستەیە مەسرەفی هەموو ئەو جەنگە مەزنانەی جیهانیان، کە لە ماوەی دوو سەدەی پێشوودا هووینداوە، کردووە. ئەوانەی باوەڕیان بەو تیۆرییە، پێیانوایە ئەو دەستە یا ئەو گرۆ نهێنییە، کە کەمەکی کردووە و دەستی هەبووە لە بەرزبوونەوە و گەیشتنی کەمینیزم و نازیزم بە دەسەڵات لە ئەوروپادا. بەجگە لەوەش، ئەو دەستەیە نەخشەی جەنگ دادەڕێژن، چون ئەوە هەڵگیان بە خەش دەکات، هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خێیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن و سیستمێکی نوێی سیاسی و ئابووری و ژیان بەسەر جیهان و مرۆڤدا بسەپێنن. باوەڕدارانی ئەو تیۆرییە، پێیانوایە بنکە و نەوەندی سەرەکی ئەو دەستەیە لە جێگەیەکی نهێنی هەڵزاوایە.
لەو هووداوانەی بەو تیۆرییەوە گرێدەدرین و لێکدانەوەی پێچەوانەی لێکدانەوە هەسمیەکانیان بە دەکرێن:
هووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001، کە هەرچەندە باس لە هەڵکخراوی ئەلقاعیدە دەکرە کردبێتی، لە بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی قوربانیان

و ڤیدیۆی ووخانی هەردوو بورجە بازرگانییەکانی نیووییورک، بە پێی تیۆری پیلانگێڕی، ئەوە ووداوێک لە توانستی ئەلقاعیدە گەورەتر و ئەلقاعیدە هیچ پەیوەندی پێوە نییە، بەڵکە ئەوە کردەیەکە بەرپرسانی باڵای کارگێڕیی ئەمریکا ڕێگەیان بە ووردانی داوە، بە پاساودان بە جەنگی ئەمریکا لە ئەفغانستان. وەک گەواهیی ڕاستبوونی ئەو تیۆرییە، یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمە ئەمریکییەکانی پێشووتریان وەک نیشانە و ڕاستی تیۆرییەکە هەناوەتەوە، دیارە بۆش سینەما دەتوانێت لە پەرەپێدانی ئەو تیۆرییەدا ڕۆڵێکی دیاری هەبێت.

کوژتنی جۆن کێنەدی، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا لە 22ی نۆڤەمبەری 1963دا و کوژتنی لی هارڤی ئۆزوالد(Lee Harvey Oswald)، ئەو کەسەی بە تەمەتی کوژتنی کێنەدی گیرابوو، لە لایەن جاک ڕوبی(Jack Leon Ruby)یەوە، دوای دوو ڕۆژ لە کوژتنی کێنەدی، هەموو ئەو ووداوانە، ئەو گومانانەی هەنایە گۆڕێ، کە سی.ئای.ئەی(CIA)، یا مافیا، یا لیندن جۆنسن(Lyndon Baines Johnson)، کە جەگری سەرۆک کێنەدی بوو لەو کاتەدا، یا فیدێل کاسترۆ(Fidel Castro)ی ڕابەری کووبا، یا دەسگەی هەواڵگریی کەی.جی.بی(KGB) سۆڤیەت لە پشتی کوژتنی کێنەدییەوە بووبن.
شۆشی فرانسای 1789، باوەڕدانی ئەو تیۆری کەمپلەتە، پەیانوایە ماسۆنی و دەستەی ڕۆشنگەران و دەستەی سوارانی پەرستگەی عیسایییانی لەپشتەوە بوونە.

دابەزینی مرۆڤ لەسەر مانگ، بە یەکەم جار لە 16ی جوڵای 1969دا، کە بە بەاوکرابوونەوەی وێنەکانی، گومانێکی زۆری بە دوای خۆیدا هەنا، کە وێنەکان دروستکراو بن و وەها کارێک هەر نەکرابێت!

بەاوبوونەوەی ڤایرەسی کۆرۆنا لە کۆتایی 2019ەوە، کە هەموو جیهانی گرتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە، کەمێک گومانی بە دوای خۆیدا هەنا، کە لە تاقیگە یا کارگەیەکدا دروست کراوە و بەاو کراوەتەوە. ئەمریکییەکان دەڵێن لە چین دروست کراوە و چینییەکانیش دەڵێن ئەمریکا دروستی کردووە و سەربازێکی ئەمریکی لە شاری ووهان لە چین بەاوی کردووەتەوە.
گەلێ جار جوولەکە یا کەنیسەی کاتۆلیکی و ڤاتیکان تەمەتبار دەکرێن بەوەی ووددات.
بگۆڕەی دیدی مایکێ بارکۆن(Michael Barkun)ی ئەمریکی، لە دایکبووی 1938 و پرۆفێسسەر لە بواری زانستی سیاسیدا و پسپۆر لە بواری تۆندڕەوی، ئایین، تیۆری پیلانگێڕی، پایەکانی تیۆری پیلانگێڕی، کەمپلەت یا دەسیسە، لەسەر ئەوە بڕوا، کە گەردوون بە

جۆرێک لە تێکخستن و هاوئاهەنگی و لێنۆو چوارچێوەیەکدا، بەستراوە و گرێدراوە پێکەوە و چەند پێوەرێک شێوەی گەردوون دەنەخشێنن.
پێوەرکانیش ئەمانەن:
هیچ شتێک بە تێککەوت نایەتە گۆڕێ.
هەموو شتەکان و پێشهاتەکان گرێدراوی یەکترن.
هیچ شتێک وەک ئەو جۆرەی دەردەکەوێت، نییە.
بەشێکی زۆر لەو لێکدانەوە و گومانانەی لە تیۆریی دەسیسە و پیلانگێڕاندا دەخرێنە بەرباس، لە دۆکیۆمێنتێری داڕووخانی کابا(The Fall of the Cabal)دا، کە لەلایەن جانێت ئۆسبارد(Janet Ossebaard)ەوە ئامادە کراوە، وەک بەدواداچوونێک، دەخرێنە بەرباس.
جانێت ئۆسبارد، خانمێکی هۆڵاندییە و لەدایکبووی ساڵی 1966ە. ئەو کەسەکە زانستی زمانی خوێندووە، بە تایبەت لە ڕووی فەرهەنگی و وشەسازی و لێکدانەوەی دەقەوە (فیلۆلۆگی/ Filologi) و دکتۆرای لەو بوارەدا وەدەستهێناوە. ئەو شارەزای بواری دەفرە ئاسمانییەکانیشە، کە وا باوە دەفڕن و لە دەرەی تێپەڕی زەوی و ئاستێرەی دیکە و ئاسمانەوە دادەبەزن و یووفۆ(UFO)یان پێ دەگوترێ، یووفۆ بە ئینگلیزی، واتە:(Unidentified Flying Object)، کە دەکاتە دەفرێک یا شتێکی نەناسراوی فڕندە. دیارە وەها دەفر و شتگەلێکی لەو جۆرە تا هەنووکە جێی گومانن. ئۆسبارد لە 1994ەوە لەو بوارەدا چالاکە و چەندین کتێبی نووسیوە و بەردەوامیش گوتار و نووسین لەمەڕ ئەو باسانەوە لە ڕۆژنامە و کەقارەکاندا بڵاو دەکاتەوە و وەڵاتان دەگەڕێ و لەو بارەوە کۆڕ دەگرێت و دەدوێت.
ئۆسبارد، ئۆستا کار لە دروستکردنی فیلمی دۆکیۆمێنتاریدا دەکات و کارەکانی بە قازانجی ئیدیۆلۆگی کیوئینۆن(QA non) دەگەڕێتەوە، کە تیۆریێکی ڕاستڕۆیە، بە تیۆری دەسیسە و کۆمپلۆت دەناسرێت و باس لە دەسیسەیەکی نهێنی دژ بە دۆناڵد ترەمپ(Donald John Trump)ی، سەرۆکی ئەمەریکای پێشوو و لایەنگرانی دەکات، کە لە لایەن، وەک دەڵێن دەوڵەتێکی نهێنی و هێز و دەسەاتێکی ژێرزەمینی، واتە: دەوڵەتێک لە قوولاییدا، نەخشەی بە دادنرێت. کیووئینۆن، خۆکانێکی نادیار و نهێنییەن، تۆڕینەوە و لێکۆڵینەوە لە بابەتکاندا دەکەن و بە خێیان بازنەیەکی داخراون (Cabal)، لە دەستبژێر و سەرتۆپکانی جیهان پێکهاتوون. دەستواژەی کابا، لە(Kabbalah) یا (Qabala) یا (Cabala)وە هاتووە، کە لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بە زمانی عیبری و ئاراستەیەکی ئایینی جووە، تائادەیەک مانندی سۆفیگەریی لێکن ئیسلام.
ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییەی ئۆسبارد کردوویەتی لەژێر ناوی (The Fall of the Cabal)دا. دۆکیۆمێنتێرکە، لە 10 بەش پێکهاتووە،

دوای بینینی هەموو بڵێکان، وەک فیلمێکی پڕ پاگەندە و بانگەشەی هەڵبژاردن دەتە بەرچاو بە دڵنیاییەد ترەمپ، کە لە ساڵی 2020دا، جۆ بایدن(Joe Biden)ی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا، وەک کابرای وی(ترەمپ)، خۆی بە نوێنەری دیموکراتەکان ناودێر کرد. پاژەکانی ئەو دەکیەمێنتەرە، کە پێکەوە گرێدراون بە ئەو باسوخواسانەن، لێنەو میدیای سەبەر و لابەلا و ناڕەسمییدا پەخش دەکرێنەوە. ئەو مژارانەی لەو دەکیمێنتەرەدا باسیان لێوە کراون، پتر پەیوەندداربە منداڵبازی(Pedophilia) و سروودە شەیتانییەکان و شەیتانپەرستی (Satanism) لە نێو خێزانی بەناوبانگی دەستبژێردا، بەتایبەت ئەوانەی هەڵیوود (Hollywood) و دیموکراتەکان و دەسگەی هەواڵگریی ئەمریکا(CIA)، کە تا ئادیێک بەرپرسن لە هەموو نەهامەتییەکانی جیهان.
ئەو کارەی ئێسبارد، وەک بانگەشە و پڕپاگەندەیێک بە ئاستێ تونداژەکان دەبینرێت. بەگوێرەی ئێسبارد، گەلانێکی مەزن بەدبەختن، لە زەرینەی خراپ بێئاگان لێی. دەکیەمێنتەرەکە، باس لە سیستم یا هێزێکی دەستنەوەیەکی جیهانی نوێ(The New World Order (NWO)) و دەوڵەتێک یا دەسەاتێکی قووڵ و ناخویا و لە پێنهاندا، دەکات. ئەم فیلمە چەند جارێک لەلایەن یووتیووب(YouTube)ەوە قەدەغە کراوە. دەکیەمێنتەرەکە نزیکەی 3 سەعاتەکە، لەلایەن کەسێکی شارەزا و توژەرێک(جانەت ئێسبارد)ەوە ئامادە کراوە.
داڕووخانی کابال The Fall of the Cabal، باس لە داڕووخانی ئەو بازنە یا دەستە گچکەیەی خراپکانێک دەکات، کە لە هەگەی زەدەوەمەندی و دارایی و دەسەات و هێزێکی هەیانە، هەموو جیهان بەدبەخت و نەخشەی بەدبەختەوە بردن و ئاژەتنی هەموو مرۆڤایەتییان هەیە و بە خەیشیان هێژیەکی یەکجار کەمن، لە خودانی دەسەات و هێزموون و دارایین. ئەوانن دەستە یا بازنەی کابال پێکدەهێنن. تەواوی نەخشەگەلێکی، کە هەیانە، لەسەر بنەمای گەندەڵی، خزمەتگوزاریی نهێنی، جڤاکی نهێنی، ئەنجامدانی تاوانی گەورە بە هەی سەرانی کەسان و گرەی تاوانکار و مرۆڤکوژ، لە دۆڤەر و وەاتە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدرێن. کێن ئەوانەی، بەجگە لە سەرکردە سیاسییەکان و شا و شاژنەکان، کە لەاستیدا جیهان بەدبەخت دەبەن؟ بانکەکان چ هێزێکیان هەیە؟ ناسنامەی ڕاستینەی ڤاتیکان چییە؟ کەی داڕووخێن؟ هێزی خراپ، تە و من چییە؟ ئەمە چۆن لەگەڵ ئەم گەلانەی مەزنەدا، کە پێیدا تێدەپەڕین بەرخورد دەکەین؟ ئەمە چۆن ڕابوون و هەساسانەوەیەکی گەورەی پێ لە هەزی ناوەکی و باوەڕبەخۆبوون بە تەواوی دەئەزموونین؟ هەموو ئەوانە پرسیگەلێکن، لەو دەکیەمێنتەرەدا، جانەت ئێسبارد هەوڵی وەاماندانەوەیان دەدات.

لەم دۆکیومێنتەردا ئەسبارد، باس لەوە دۆکات، چۆن میدیا، بارهێنان و خوێندن، فیلم، موزیک، کار دۆکۆنە سەر مرۆڤ بەوەی بگوڕی خواست و بڕژەوەندی گرۆ و دەستێک و خێڵکی تایبەت بژین.
ئەسبارد، باس لەو گرۆ یا دەستێ دۆکات، کە لە 13 بنەماڵە یا خێزان پێکهاتوون و لێنۆیاندا، ماڵباتی تشیەد(Rothschild)، ڕۆکیفێللەر (Rockefeller) و مۆرگان (Morgan) هەن، لە لە ڕاستیدا بنەماڵەی دیکەش هەن، کە تەنانەت لەبان ئەمانەوەن و لە سەری سەرەوەن و ئەوانن ئەم 13 بنەماڵەیە بەڕەوە دەبەن و فەرمانیان پێ دەدەن.
ئایا تۆ زانیوتە، بەڕێک ئۆباما(Barack Obama)، کە بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا، خەڵاتی نووبێلی ئاشتی درایێ، لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا پێلاماری حەوت وڵاتی داوە و هەر بیست خولەک جارێک، بۆمبەکی بەسەر خاک و خەڵکدا دەشاوە؟ ئەمە زۆرینەی خەڵک نایزانن، چون وەها کارێک لە میدیادا، میدیای ڕەسمی ناخرێتە بەرباس.
ئەمە بەهۆی ئەم دۆکیۆمێنتەرەوە، جۆرج سۆرۆس(George Soros) دەناسین و زانیاری لەمەڕ وی پەیدا دەکەین، کە میلیاردێرێکە بەوە ناسراوە، مرۆڤدۆست و خێرخواز و وەبەرهێن و سەرمایەگوزارە. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە سۆرۆس، سەرمایەگوزاریەکی گەورە لەو ڕەخنەگرانەی وەک: ئەنتیفا(ANTIFA)دا دۆکات، کە لە ڕەگەی هاتنە سەر جادە و هەرا و زەنا و تۆندوتیژیەوە، گرۆکیانە پەیامی خێیان بگەیەنن، یا سەرمایەگوزاری لە ڕەخنەراوی نامبلا(NAMBLA)دا، کە کۆتکراوی (North American Man/Boy Love Association)ە دۆکات. نامبلا، کار بە ڕەگەپەدان و شەرعیەتدان و بە قانوونیکردنی پەیوەندی سێکسی نێوان پیاوان و منداڵانی نەرینە(کوە)ی گچکە و مەردمنداڵ دۆکات. ئەسبارد، کە باس لە جۆرج سۆرۆس دۆکات، وەک سەرمایەگوزار و وەبەرهەمهێنەکی گەورە لە کەمپەینێک ڕەخنەراو و کەمپەینی ناڕوون و تەماوی و گوماناویدا ناوی دەبات و ئەوە پێشان دەدات، ئەو ڕەخنەراو و کەمپەین و گردبوونەوانە، لە هەموو قوژبنێکی جیهاندا، کەمێک بە بەشداربووانیان دۆکۆن و پارێیان دەدەنە، بەوەی ئاژاوە بنێنە گەڕەک و دەست بە شەڕ و پێکدادان بکەن و تاڵان و دزی و کاری ناجۆری دیکە بکەن و تەواوی ئەو کارانە بە پێشاک و جلوبەرگێکەوە ئەنجام بدەن، کە لە پێشاک و سیپاڵی نەیارەکانیان بچێت، بەوەی وێنەیەکی دزەو و ناشیرینی ئەوان پێشان بدەن.
لە دۆکیۆمێنتەرەکەیدا، ئەسبارد، ئەوە پێشان دەدات، کە چۆن ئەو گرۆ گچکەیەی جیهانی ئەمە بەڕەوە دەبات، جۆر و شێوازێکی ژیان و

گوزەران دەژی، فرە نامەیە بە ژیان و گوزەرانی زۆرێک لە ئەمە..
ئەسبارد، تۆڕێکی منداڵبازی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە پێشان دەدات و ئاشکرا دەکات، کە گەلێک مرۆڤی بەناوبانگی جیهان، هۆڵیوود، سیاسەتکاری باڵا، پاشا و میرزادە، پاپای ئایینی عیسایی و چەندین کەسایەتی تر تێدا بەشدارن.
ئەو پێشانەدرێت، کە چۆن میدیا، سیاسەتکار، دادوەر و تەلەڤزیۆنەوەی زانستی لە زانستگەکاندا، کار لەسەر شەرعیەتدان و بە قانوونیکردنی سێکسکردن لەگەڵ منداڵدا (منداڵبازی) دەکەن. هەروەها کار لەسەر ئاسایکردن و پەرەپێدان و بەناوکردنەوەی دیاردە و کردە و فەرهەنگی مرۆڤخواری (Cannibalism) و شەیتانپەرستی و مرۆڤکوژی، لەنێو میدیا و فەرهەنگی گەلەر و لەنێو خەڵکدا دەکەن.
باس لەوە دەکرێت، چۆن چەندین گەورە منداڵباز(Pedophil)، لە وەڵاتگەلێکی جیاواز دەسگیرکراون، ددانیان بەوەدا ناوە و گەواهی ئەویان داوە، کە ئەوان منداڵ ئامادە و دەستبەر دەکەن بە تۆڕێکی گەورەی منداڵبازی و چۆن ئەو گەواهینامانە و ئەو ددانپێدانانانە لە لایەن دادگە و تەڵە و میدیاکانەوە پشتگوێ دەخرێن، بەوەی هاستییەکان لە خەڵکە گشتییەک، بشاردرێنەوە و ئاوڕوو بکرێن.
ئەسبارد، باسی ئەوە دەکات، کە تۆنێ لە ئەمریکادا ساڵانە سەدان هەزار زارۆک بزر دەبن، ئەمە هەرگیز لە میدیاوە ئەم زانیاریانەمان وەدەست ناکەوێت. باس لەوە دەکات، چۆن یەکێک لە کارە پێشینەکانی سیاسەتی دەناڵد ترەمپ، وەستاندن و هاگرتنی بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە و چۆن ترەمپ، وەک بەشێکی سەرەکی لە کاری وی بە وەستاندنی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، کاری بە سەختگیری و هەڵگرتنی کەچبەریی نایاسایی کردووە. بەشێکی زۆر لەو زارۆکانەی لەنێو کارکردن بە هاگرتن و وەستاندنی کەچبەریی نایاسییدا بینراون و دەزراونەوە، ئەو زارۆکانەن، کە هەفتەی ڕابردوو و بە قاچاخ براون بە ئەمریکا. لەگەڵ سەختگیریی کەچبەریی نایاساییەوە، مرۆڤ سەختگیری لە بازرگانیکردنیش بە مرۆڤەوە دەکات.
بە هەی دەکیەمێنتەرەکەوە، هەوداوی پیتزاگەیت(Pizzagate)مان بە هەوون دەبەتەوە، کە چۆن هەردوو جووتە کلینتن(Bill & Hillary Clinton) و ئۆباما لەو مەسەلەیدا بەشدارن و تەوگلاون. لە مەسەلەی پیتزاگەیتدا ئەوە هەوون دەبەتەوە، کە چۆن ئەو منداڵبازانە، کاتێک باس لە منداڵ دەکەن، ناوی خوازراوی کەدپەدراوی وەک: پیتزا، هەتدگ، سوسیس، بەکار دەهێنن، کە لە لایەن کارگێڕی لەکێنەوەی فیدراڵی/پۆلیسی فیدراڵی ئەمریکا(FBI/ Federal Bureau of Investigation)وە پێیاندراوە. باس لەوە دەکەن، کە چۆن پیتزا(کچان) و هەتدگ(کوڕان) بە چەندین هەزار دۆلار دەکەن،

لە ڕاستیدا ئەوکەینانە، کەینی جۆرە جیاوازکانی سێکس و سێکسکردنە لەگەڵ منداڵدا. ئەمە ئەوە بوون دەکاتەوە، کە چۆن ئۆبامـا 65000 دۆلاری بۆ ئەو پیتـزا و هاتـدەگانەی بۆ فڕۆکە، لە شیکاگۆوە، بۆ ئاهەنگێکی تایبەت گوێزراونەوە بۆ واشنگتن، خەرج کردووە.
بەجگە لەوانە زۆر نموونەی هەڵخڵتاندن و فریودان و بەکاربردنی میدیایی باس دەکرێن، وەک نموونە: کاتێک میدیا باس لە گرێدراوی و پەیوەندی ترەمپ دەکات بۆ گۆشتێکی ڕەکخراو لە لایەن کەمپەینی هارڤی ئیپستەنس(Harvey Epsteins)، بۆ دۆگای ئیپستەنس، کە بە "دۆگای منداڵبازی(Pedophilia Island)" ناوی دەرکردووە. کە گوایە ئەو(ترەمپ) هەر لەو گۆشتەیدا، دەستدرێژی سێکسی کردووەتەوە سەر کچێکی دوانزدە ساڵان. کاتێک دواتر لیستی ناوی سەرنشینانی فڕۆکەکە و گۆشتیاران بڵاوکرایەوە، ناوی ترەمپی تێدا نەبوو، وەک ئەوەی ترەمپ هەرگیز لەو گۆشتەدا نەبووبێت، لە لایەکی ئەوە بێ کلنتن لەوە بووە، ئیدی باسی ترەمپ لە میدیادا بەدەنگیی لێکرا.
بەو جۆرە میدیا و دەسگە و شتی دیکەش بە قازانجی ئەو جۆرە مرۆڤانە بەکاردەهێنرێن و دەریشدەکەوێت و هاوندەبێتەوە، کە ئەوانیشی گەواهی لەسەر ئەو جۆرە کردارانە دەدەن و زانیاری لەبارەیانەوە دزە پێ دەکەن و ناوی ئەو جۆرە مرۆڤانە دەبەن، دوای ماوەیەکی کەم نامێنن و لەبیر دەچن و دەمرن یا ڕاستتر لەبیر دەبرێنرێن و دەمرێنرێن.
ناوەندی ساڵانی 1970، لە بەرەوە بەرایەتیی ئاماری کەرکووک، کارم دەکرد. هاوکار و هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم لەگەڵ بوو، کاک نەجمەددین تاهای ناو بوو. فرە جار دەممان لە سیاسەت دەژێنی و باسی جیاوازمان لەو جۆرە بابەتانە دەکرد. کاک نەجمەددین هەموو جارێک دەیگوت:"هەموو گیان و ووداوێکی سیاسی، کە لە جیهاندا ڕوو دەدات، پێشەکی نەخشە و پلانی، لە لایەن هەردوو زلهێزەکەوە، ڕووس و ئەمەریکا، یا ڕوونتر، (سی. ئای. ئەی) و (کەی. جی. بی)یەوە بۆ دانراوە، ئیدی مرۆڤ لە بەردەم ئەواندا، بێدەسەڵاتە و هیچی پێ ناکرێت و خۆشەکەتکردنیش، بێهوودەییە".
ئێستاش، لە جیهانێکدا، کە تاکجەمسەریی سەرمایەداری، هێژموونی پارە، میدیای چەواشەکار، سیستمی بانکی، زانستی شوێنەر، چەک و جەنگ، ڕەگەزپەرستی، نادادی، هێزاری، کێشەی چینایەتی، کێشەی نەتەوەیی، کێشەی ئایینی و...زاڵن بەسەر مرۆڤایەتیدا، ئەگەر ئەو دەمەی ساڵانی 1970، بەچوونکەی کاک نەجمەددین تاها، ڕاستیەکی تێدا بووبێت، ئەوا دەکیەمنتەرکەی جانێت ئەسباردیش، لە ڕاستیەوە دوور نییە. مرۆڤ لە جیهان و سەردەمکدا دەژی، ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت، واپەدچێت گومان و بێهوودەیی و هیچگەرایی

هەموو بوون هەللووشت.

بۆ بینینی تەواوی دۆکیومێنتەرەکەی ئیسبار تەماشای ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

https://www.facebook.com/unforeseennotion/videos/the-fall-of-the-cabal-full-documentary-by-janet-ossebaard/2432748923683730

07-11-2021

کتێب/ ئاوەدانووەیک لە ژئاوا و ژهاتناسی.. نووسینی: ئەمجەد شاکەلی

کتێب: ئاوەدانووەیک لە ژئاوا و ژهاتناسی

نووسینی: ئەمجەد شاکەلی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن...

Book_AmjadShakali_AwrdanawayakDownload

قانگدان.. ئەمجەد شاکەلی

پێش جەهشتنی کوردستان و گیرسانەوەم لە سوێد، نزیکەی 6 ساڵ لە کارگەی ئاماری سەر بە وەزارەتی نەخشەدانانی عیراق، لە کەرکووک، سلێمانی و هەولێر کارم کرد. ژانەی کار، ماندی هاوکارانم، ژیانم لەتەک ژمارەدا بەسەر دەبرد، ئیدی لە ژمارەی ووبەری زەوی کشتوکاڵی، ژمارەی کارگەر، تەنی چیمەنتۆ، ژمارەی ئاسنگەر، نەفەری

سینەما، ژمارەی پاز، کار، چل، کیلەی شەکر و ئارد و لیتری ڕۆنی شیرینیەمانی، نەفەری چایخانە و حەمام و هۆتێل تا دەگاتە ژمارەی دەیان شتی دیکە. بەپێ تا هێنووکەش ئامار سەرنجم ڕادەکێشێت و ئامار بە گرنگ دەزانم بە نەخشەدانان بە داهاتوو و خوێندنەوەی پێشهات و پێشبینیکردن. وەک چۆن لە کۆلۆپوور و ئەدەبییاتی مارکسیزمدا هەمیشە جەخت لەوە کراوەتەوە، کە"هیچ بزاڤێکی شۆشگێڕانە بە تیۆرییەکی شۆشگێڕانە نابێت"، خوێندنی زانستگە و کار و ژیانیش، ئاوەیان فێر کردم، کە"هیچ گەشەسەندن و بووژانەوە و فراژووتنێک بە نەخشەدانان نابێت و هیچ نەخشەدانانێکیش بە ئامار نابێت".

لە ماڵپەری تێی ڕووداودا، لە 14 سێپتەمبەری 2021، نووسینێکم بە ناوونیشانی"لە کەی 81 هەزار تاکسی تەنیا 22 هەزاریان لەزگەیان لەدراوە"1، نووسینی هەمن بابان ڕەحیم، بڵاوکراوەت. ژمارەکانی نێو بابەتەکە سەرنجیان ڕاکێشام و هانیاندام وەدووی هەندێ سەرچاوەی پەیوەندیدار بەو باسە بگەڕێم. بە گوێرەی بڵاوبەری گشتیی گواستنەوە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان(ئوستانەکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی، دیارە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕانیە و سەران و...یان لەگەڵدان، کە وەک کارگێڕی سەربەخۆ دەنێ ژماردن)دا و لە ئێستادا(ساڵی 2021)، 81000(هەشتاویەک هەزار) تاکسی هەن، کە بەم شێوەیە دابەش دەبن: هەولێر: 36 هەزار، سلێمانی 27 هەزار و دهۆک: 18 هەزار.

بەپێی ئامارەکانی بڵاوبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان، کە هەی ساڵی 2021ە و لە مانگی ئەپریلدا لە ڕووداو بەاوکراوەتەوە، کەی گشتیی ژمارەی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان: یەک میلیۆن و 896 هەزار و 593 ئۆتۆمبیلن. یەک میلیۆن 91 هەزار 466 ئۆتۆمبیلیان تایبەتن، کە 58٪ی کەی ژمارەی ئۆتۆمبیلی هەرێم پێکدەهێنن. لەنێو تەواوی ئەو ژمارەیەدا، بە تایبەت و ناتایبەتەوە، 19 هەزار ئۆتۆمبیلی بەسەرەتا و ئۆتۆمبێلکانی وەزارەتی پێشمەرگە، تەمارنەکراون2.
بەگوێرەی ئامارەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، کە لە 6 دەسەمبەری 2020دا بەاو کراوەتەوە، ژمارەی دانیشووانی هەرێم شەش میلیۆن و سەدوحەفتاویەک هەزار و هەشتاوسی(6,171,083) کەسن3. هەر ئەم دەستەی ئامارەی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستانە لە ڕێژەی 27ی جەنیوەری 2018دا، واتە: دوو ساڵ پێش ئەو ئامارەی ساڵی 2020، مەزەندەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەو ساڵەدا (2018) بە حەفت

میلیۆن ودووسەدوهەشتاوسێ هەزار و حەفتسەدوپێنجا (7,283,750) کەس دەکات7، کە پتر لە میلیۆنێکی زیاترە لە ساڵی 2020(ساڵی 2018 زیاترە لە ساڵی 2020) وەک بەڵێی قوان کاوتبەتە نێو خەڵکی ئاو هەرەمەوە و لە ماوەی دوو ساڵدا یەک میلیۆنیان لە نەمابن!
بە خوێندنەوەیەکی ئاو ڕاوشەی کوردستان و گەیشتن بە ئەنجامێک و بڕچاووونیەک، بڕاوردێکی ژمارەی تاکسی و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی تاکسی بە هەر یەک هەزار کەس، بە هەمان ئاو ژمارانە لە نە وڵاتی ئەوروپا و لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەکەین، کە لە ساڵی 2018دا بڕاو کراونەوە5 :

وڵات	ژمارەی دانیشتووانی(میلیۆن)	ژمارەی تاکسی	ڕێژەی تاکسی بە هەر یەک هەزار کەس
سوێد	1,10	800 17	1.7
دانمارک	5.7	4200	0.7
نەرۆژ	5.3	8800	1.6
فینلاند	5.5	9500	1.7
بلژیک	11.3	4000	0.4
هۆڵاند	17	9000	0.5
ئەڵمانیا	83	500 53	0.6
فرانسا	67	000 60	0.9
بریتانیا	66	900 75	1.4

بەگوێرەی کارگێڕی و نەوەندی ئاماری سوێد(SCB)، ژمارەی ئێستای دانیشتووانی سوێد (جووونی 2021)، دە میلیۆن و چوارسەدوشانزدە هەزار و پێنجسەدوهەشتاوپێنج(10416585)کەسن6 . ژمارەی تاکسی، کە بە گوێرەی ئاو خشتە و سەرچاوەیەی سەرەوە لە ساڵی 2018دا، لە کاتێکدا دانیشتووانی سوێد 10.1 میلیۆن کەس بوونە، 17800 تاکسی بووە، لە ساڵی 2021دا کە ژمارەی دانیشتووانی سوێد بووتە نزیکەی دە میلیۆن و نیو کەس، ژمارەی تاکسی بووتە 18000 تاکسی، واتە: تەنە 200 تاکسی زیادی کردووە.
تەواوی ئاو ئامار و ژمارانە پەمان دەڵێن:

1. تەنیا لە ئوستانی دەکدا، هەندەی تەواوی وڵاتی سوێد تاکسی هەن.
2. تەنیا لە ئوستانی هۆڵەردا دوو هەندەی تەواوی وڵاتی سوێد

تاکسی هەن.
3. تەنیا لە ئوستانی سلەمانیدا 9 هەزار تاکسی زیاتر لە ژمارەی تاکسییانی وڵاتی سوێد هەن.
4. بەرزترین ڕێژەی تاکسی بە هەر یەک هەزار کەس لەنێو ئەو نەوڵاتانەی ئەورووپادا سوێدە، کە 1.7 ە، لە کاتێکدا بە هەر یەک هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان 13.5 تاکسی هەن، واتە: هەر 74 کەس(دیارە بە منداڵی قوماتکراوی نێو بەشکە و لانکیشەوە) یەک تاکسییان بەر دەکەوێت، لە لە سوێد هەر 588 کەس یەک تاکسییان بەر دەکەوێت.
5. کەی تەواوی ژمارەی تاکسییانی شەش وڵاتی ئەوروپا: سوێد، دانمارک، نەرۆژ، فینلاند، بەلژیک و هەڵاند دەکاتە 53300 تاکسی و کەی ژمارەی دانیشتووانی ئەو شەش وڵاتە دەکاتە 54.9 میلیۆن کەس، کە نە هێندە و پتری دانیشتووانی هەرێمی کوردستانن، لە هەرێمی کوردستان 20 هەزار تاکسی زیاتری لەو شەش وڵاتە وەکەا تێدایە.

6. هەر یەک لە ئەڵمانیای 83 میلیۆنی و فرانسای 67 میلیۆنی و بریتانیای 66 میلیۆنی، کە سێ زلە وڵات و سێ دەوڵەمەندە وڵاتی جیهانن، هەر وڵاتەو بە تەنە هێندەی هەرێمی کوردستان تاکسی تێدا نییە.

تەواوی ئەو ئامار و ژمارانە چ ئەنجامگمان دەدەنێ دەست:

ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بەسەر ژمارەی ئەتەمبیلی هەرێمدا دابەش بکرێن، هەر 3 کەس یەک دانە ئەتەمبیلیان بەر دەکەوێت، کە ئەمە ڕێژەیەکی بەرز و ناپەویستە.
تەواوی ئەو تاکسییانەی کوردستان، هەشتاویەک هەزار تاکسی، بە بەرنامە و بە نەخشە و بە گوێدانە ژینگە و… شووەڕژ بەسەر شەقام و نەو کەڵان و نەو شار و نەوان شار و شارکە و ئاوەدانییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەخولێنەوە و دووکەڵ و گاز و پیسایی و بۆن بە هەوادا و لەنەو ئاوەدانیدا بەاو دەکەنەوە و بە گەرووی مرۆڤیدا دەکەن، کە دەبنە هەی سەدان نەخشی و دەردی کوشندە.
زەریی ژمارەی ئەو ماشێنانە بە تاکسی و ناتاکسی و تایبەت و ناتایبەتەوە، جادە و ڕێگەوبانەکان وەران دەکەن و دەبنە هەکاری پیسکردنی ژینگە و سەدان ووداوی دڵتەزێنی لەبەینچوون و بریندابوونی خەک.

بوونی ئەو هەموو ماشێنە بارگرانییەکی ئابووریی بەسەر وڵاتەوە.

هەنگۆ کەمیی ژمارەی تاکسی لە ئەوروپا بگەڕێتەوە بۆ زۆریی و فراوانیی و ئاسانیی ئامرازەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە، وەک ئۆتۆبووس، شەمەندەفەری سەرزەوی و ژێرزەوی(مەترۆ) و ترامی گشتی و تەنانەت هەندێ جار کەشتی و گەمی(بەلەم)یش دەگرێتەوە، کە هەموو قوژبن و گەڕەکێکی باژێڕ و شارێک و گوند و ئاوەدانییەکی گچکەکان و نێوان هەموو شار و ئاوەدانییەکان پێکەوە گرێدەدەن و دەبەستنەوە و بە جارێک خەڵکێکی زۆر هەڵدەگرن و دەگوێزنەوە و دەستبەریش بە هەمووان، بە نرخێکی هەرزان و بە بە جیاوازی، تەنانەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیش، سەرباری هەموو شتێکیش سەلامەتتر و بە کەشتر. ئەو جۆرە گواستنەوە و هاتوچۆ گشتییە یا میللییە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ (Public transport) و بە سوێدیش (Kollektivtrafik). هەنگۆ زۆریی تاکسییش لە هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی گواستنەوە و هاتوچۆی گشتی و میللی، کە کارەسات و نەهامەتی و بەدبەختی و سیاچارەییەک، لە ڕووی ژینگەو و پیسی و ناسەلامەتییەوە، بە تەواوی خاک و خۆڵ و سروشتی وەکاتەکە، لە بە خۆڵکە هەژار و نەدارەکە ئەو کارەسات و نەهامەتی و بەدبەختی و سیاچارەییە دوو جار و دوو هێندەی خۆڵکە گیرفانپە و بڕپرس و دەسەڵاتدارەکەیە. دەسەڵاتدار، بڕپرس و گیرفانپە و سەرمایەداران، شوێن و شەوازی ژیانیان لە خۆڵکە ڕەشکیەکە جیاوازە. ئەوان، تەنانەت ژینگەو و خۆراک و چارەسەری تەندروستی و دەرمان و خوێندنگەو و هاتوچۆ و ئاو و هەوا و کارەبا و هەرچی شتیانە جیاوازە. ئەوان بەڕاو بەناو لە کوردستان دەژین، لە جیهانی ئەوان جیهانێکی دیکەیە، کە هیچ لە ئەریستەکرات و سەرمایەدارانی ئەوروپا و ئەمەریکا جیاواز نییە!

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، سی(30) ساڵە ئەو دەڤەریان لەبندەستە، تا هێنووکە نەیانتوانیوە تەنکی هاتوچۆ و گواستنەوەی گشتی نەو شاران و نێوان شارانی هەرێم و دەرەی هەرێم دروست بکەن. ئەگەر پێش 2003، بە سەردەمی تەنگانە و کێشە و ترسی بەعس و ناسەقامگیری و چی و چی دەژمێرن، خۆ لە 2003وە تا ئێستا دەکاتە 18 ساڵ! 18 ساڵ، ماوەیەکی یەکجار زۆرە بە دامەزراندن و دروستکردنی تەی پێشکەوتووی هاتوچۆی گشتی و میللی و وڵاتانی ئەو هەموو تاکسییە. دەکرا بە ئۆتۆبووس دەست پێ بکەن و لەبری هەشتاویەک هەزار تاکسی، بە پێنج هەزار ئۆتۆبووسی گەورە کێشەی هاتوچۆی هەموو دەڤەر و قوژبنێکی هەرێم و دەرەی هەرێم چارەسەر دەکرا و دەکرێ. وەها کارێک لەنێوان 2003-2011 دەگەیشتە ئەنجام و لە 2011یشەو تا ئەمڕۆ، دەکرا کار لەسەر مەترۆ و ترام و شەمەندەفەر و ئەوانە

کرابا و تەواوی ئەوانەی دەبوونە تەنکی گۆشەندوو و پشکۆوتووی هاتوچۆی گشتی و میللی.
کارکردن بە و بۆ بەکارهێنانی گواستنەوەی گشتی و میللی، بۆجگە لەوەی پێویستییەکی نیشتمانییە و هەمای پشکۆوتن و ژینگەپارێزییە، مافێکی گشتی خەڵک و تەواوی هاونیشمانانە. هەر لە سەردەمی ڕژیمی پاشایەتی عیراقەوە تا کۆتایی ڕژیمی بەعس و سەددام حوسێین لە عیراقدا، بە کوردستانکەیشییەوە، کاری پێ دەکرا و تەنانەت لەسەردەمی بەعسدا، گەلێک پشکۆوتوویش بوو، لە ئیدی دوای نیسانی بەعس ئەمانەی لەودەمیەوە دەستاتدارن، وەرانیان کرد و نیانهشت و وەلایان نا، دیارە لەپێناوی بەهێزکردن و کۆگایی سەرمایەدار و بازرگانان و کارتێلەکانی بەنزین و ئۆتۆمبیل و بەندەر و کەرتی تایبەت، کە تەواوی ئەوانە گرێدراوی حیزب و بڕپرس و دەستاتدارانن و پارێزەری بەرژەوەندی یەکدین. گواستنەوەی گشتی، بۆجگە لە ئاسانکاری گواستنەوەی مرۆڤ، پێویستییەکی مەزن و گرنگە بە گۆشەندنی ئابووری و گرێدانی ئاوەدانییەکان و خەڵک و کەمکردنەوەی پێکەوە. ئەگەر تەنکی چە و پشکۆتووی هاتوچۆ و گواستنەوەی گشتی لە هەر وڵاتێکدا هەبێت، فەرهەنگی پاراستنی ژینگە، پیادەڕەیی، بایسکیل ئاژۆتن، زانە دەبێت و کەمکەکی زەر بە لەشساغی و پاکژیی هەوا و خاک دەکات. ئەمەی ئێستا لە کوردستان ڕووددات و هەیە، بۆجگە لە وەرانکردنی ژینگە و تەندروستی و پیسکردنی هەوا، شتێکی دیکە نییە. ئێستا 90% ی دانیشتووانی گەی زەوی، بە کوردستانکەی خەیشمانەوە، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، هەوای پیس و قێژ هەدەمژن، کە تەندروستییان وەران دەکات، دیارە هەکارە سەرەکییەکەیشی نەبوونی تەی هاتوچۆی گشتی و میللییە.

تە بە ڕۆژدا لەسەر هەر کۆژکی بەندی دەوروبەری سلەمانی، هەولێر، دهۆک، کەلار، هەڵەبجە، سەران، ڕانیە، زاخۆ، کفری و7… بنەڕەتی ئەو باژێرانە دەبینیت ئاسمانی شار، بە دووکەڵکی چە و چکن و پیس داپشراوە. مرۆڤ کە ئەوە دەبینێت، تەدەگات چ هەوایەک هەدەمژێت، چ ماوەرانییەک ڕووددات و دەستات چندە نابینا و ناڕاستە لە چارەسەرکردنی ئەو پرسە.
دەستات، هێندەی پارە بە دەسگەیەکەی بەخەری وەک پەرلەمان و پەرلەمانتاران و هێندە پارە بە کەینی ماشێن و مۆبیلە و ڕازاندنەوەی ماڵ و جێی کاری بڕپرس و هێندەی پارە و مووچە و دەرماڵە و تایبەتمەندی بە وەزیر و گزیر و جێگری وەزیر و ئاوێژکار و جێنشین و بەڕێوەبەری گشتیی بندیوار و مشەخۆرانی حیزبی و دەستوپێوەندکان خەرج دەکات و هێندە هانی پرۆژەی بەفڕە و بەخەر و

ماوەرانکاری کارتی تایبەتی، وەک مۆڵەت و ڕێستۆرانت و کۆمپانیای زەبەلاحی هاوردنی شتی بەکۆمەک و دەرمانی ساختە و کردنەوەی زانستگە و خوێندنگەی گرانبەهای بیانی بە منداڵی دەوڵەمەندەکان و کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەتی قۆپبڕینی خۆڕاک، دەرمان، هێندە بەتێنگ ژیانی خۆڕاک، زێڕینەی خۆڕاک، هەژارانی خۆڕاک، خۆڕاکە گشتی و ئاشکرا و چینەکانی خوارەی کۆمەڵگە نایەت. ئەوەی بە خۆڕاک، زێڕینەی خۆڕاک، هەژارانی خۆڕاک، خۆڕاکە گشتی و ئاشکرا و چینەکانی خوارەی کۆمەڵگە دیکات، پرسسی پرژەی دووکەڵ بە گرووداکردن و قانگدانیانە!

18-09-2021

_____

[1] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1409202117

[2] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2504202114

[3] https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=127619

[4] https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=51762&Jor=1

[5] https://www.taxiforbundet.se/wp-content/uploads/2018/07/Taxiil%C3%A4get-i-europa_2018.pdf

[6] https://www.scb.se/hitta-statistik/statistik-efter-amne/befolkning/befolkningens-sammansattning/befolkningsstatistik/#_Nyckeltal

7- من بەیەکناوی باژێرکانی دیکەی وەک کەرکووک، شنگال، مەخموور، خورماتوو، خانەقی، جەڵەولا، مەندەلی، بەدرە، زرباتیەی باشووری کوردستانم نەبرد، چون باسکە لەمڕۆ هەرێمی کوردستانەوەیە.

خەرگەلەک، جفاکی کوردستان بنکەی دەکەن-5- … ئەمجەد شاکەلی

پێنجەم

-مووچە-

بەوا ناکەم لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، هەندێ کوردستان، ئەو لەتەی باشووری کوردستان، کە ئێستا لە هەرەمەکێیەکدا بچووککراوەتەوە و تا دێت دەچێتە ئاو، باس لە مووچە و پارەوپوول بکرێت. لە وەزیر و گزیرەوە تا دەگاتە پیوازفرۆشکەی بەر دەرکە، باس لە مووچە دەکەن و هەریەکەو لە دیدی خۆیەوە شتێکی لێبارەوە دەڵێ.
لە جفاکی سوێدیدا، هیچ کەسێک ناگەڕێ بەخێی نادات پرسیاری مووچە و داهاتی هاژانە و مانگانە و ساڵانە و پارە و پاشکەوتی پارە و حیسابی بانکی، لە کەسێکی دیکە بکات، تەنانەت ئاگەڕ نزیکترین کەسیشی بێت و لایەک ماڵ و خزانیشدا پێکەوە بژین. وەها کارێک کارێکی نەکردەنی، تابوو و لایجووز(لایجوز) و شەرمهێنە و بە خەڵقورتاندن و دەستوەردان لە ژیان و تایبەتمەندیی مرۆڤێکی دیکە دەژمێردرێت.
لە کوردستان، لەنێو چینەباڵاکاندا، لەنێو ئەوانەی مووچەی مفت وەردەگرن و تایبەمەندیی و شتی دیکەیان بە دەستبەر کراوە یا خەیان لە ناگەی پێگەی حیزبی و دەسەاتەوە، بە خەیان دەستبەریان کردووە، وەها باسێک ناکرێت، چون ئەوان بە خەیان ئافرەنەری ئەو ناوشەن و هەموو لە فیکەی یەکدی تێدەگەن، لە جاروبار بە خەڵچاوکردنی خەڵک و فریودانی ناشەخەڵک و چینەکانی خوارێ، ئەوانیش لەبەردەم میدیاکاندا باس لە ئاریشەیەک، قەیرانێک، شتگەلێک دەکەن، کە تەنێ لە خەڵکەکەیان ژنفتووە و هەرگیز بە خەیان پێیدا تێنەپەیون. هەرچی مووچەخۆرانی ئاستینەشن، خەڵکە شکەت و کارمەندە کاراکان، مرۆڤ لە بەمووچەیی و گیرفان بەتاڵی و دەردەسەریەکانیان تێ دەگات و مافی خەیانە، هەر گلەییەکیش بکەن.
مووچە و مووچوخۆریی و مووچەوەرگرتن، لە کوردستان بووە بە سیما و شەوازی ژیان و لە دەرەی مووچە، کەم کەس دەتوانێت، وەنای جۆرێکی دیکەی ژیان بکات. لە 1991 بەدواوە، کە ئیدی ئەو هەرەمەی کوردستان

دامەزرا، حیزبانی دەسەڵاتدار، بە گرەدان و بە پاشکۆکردنی خۆک بە خۆیانەوە، دەستیان دایە کارکی دزێو و قەزەون، ئاوێش، دامەزراندنی خۆک، تەنە بە ناو و لەسەر کاغەز نەک بە کردەوە، بە خانەنشینکردنی تەواوی کادر و ئەندامانی خۆیان، بە پلەی باڵای وەزیر، جەگری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، جەگری بەڕێوەبەری گشتی، ئاوەژکار، ئەفسەری پلە باڵای مانەندی عەمید و لیوا و عەقید و سەدان جەری دیکە، کە لە ژیانیاندا نە ئاو کارانیان کردووە و نە وەها پلەو پایەیەکیانیش بووگە، مووچەی خۆیانیی، کە لە هیچ دەورانەکدا نەبووە، بە بینەوە. سەرەڕای دەرماڵەیەک، کە ئەگەر هەندەی مووچەکەیان نەبەت، فرە کەمتر نەبووە و نییە لەی. ئەوانە و ئاوجا دابەشکردنی زەوی و خانوو و ماشێن بەسەریانداو و دابینکردنی پاسەوان بۆیان و مسەگەرکردنی گەشت و ئابواردن و دۆیان جەرە خزمەتی تر، کەتەواوی ئاوانەش، هەر بەشەکی جیانەکراوەی مووچە و مووچەبازیین. هەر ئاو جەرە مرەقانە، ئەگەر ئاژەک لەسەردەمی بەعسدا زیندان کرابەتن، ئاوا پارەی زیندانی سیاسییش وەردەگرن، پارەی ژنی شاخ و شەهیدانە و چەندین جەری دیکەش وەردەگرن. نەک تەنە هی خۆیان یا هی ژن و باوک و برا و خوشکیان، وەردەگرن، بەکە هی ئامەزا و لالەزا و میمکەزا و برازا و خوشکەزا و دۆیان زای دیکە و مام و خاە و مامەژن و لالەژن و...چەندین جەری دیکەی قەوم و قیلە وەردەگرن. تەواوی ئاو پارەیەی دەچەتە بەرکی ئاو جەنابانەوە، لە دوای 2003 و ئاووخانی بەعسەوە، ئەگەر زیادی نەکردبەت و دۆیان فاوفە و گزیی دیکەی تەدا نەکرابەت، ئاوا هەرگیز بەڵای کەمییدا نەچووە. ئەمانە یەک لەشکری تەواوی حیزبن، کە بەجگە لە مفتەخۆری و مشەخۆری، چ کارکیان نییە. ئەمانە ئاوانەن، کە پێان دەگوترێ"بندیوار". بندیوارانیش، چەند چینکن، هەیانە لەسەر چەپەپەی دارکە و تەپکی کاژکە و هەیانە نزمتر و خوارترە و وەک ئاوانەی بانە، ئاو هەموو کەشوفش و ناز و خشگوزرانییان نییە.
لە 1992 ەوە تا هەنووکە، پەنج خولی پەرلەمان لە کوردستان هەبوون و هەبژەردراون. چوار لەو خولانە تەواو بوون و ئەندامانی خانەنشین کراون. دیارە خانەنشینکردنی ئەندامی پەرلەمان، بە هەموو پوەرک، ناەوا و هەە و دزیوترین کارکە، کە دەکرە. پەرلەمانتار دوای تەواوبوونی کارکەی وەک پەرلەمانتار، دەتوانەت بچەتەوە سەر ئاو کارەی پەشووی، کە هەیبووە. ژمارەی ئەندامانی هەر یەک خولی پەرلەمانی کوردستان 111 ئەندامە و کەی ئەندامانی خانەنشینکراوی ئاو چوار خولە دەکاتە 444 کەس. ئەستاش کە خولی پەنجەم لە 2018 ەوە لەپەرلەمانن و ماویەکی دی ئاوانیش خانەنشین دەکرەن و ژمارەی پەرلەمانتاری خانەنشینکراو ئاودەم، دەبنە 555 کەس. هەموو ئەندام

پەرلەمانێک، کە لە کاردا بێت، وەک دڵنیشن، هەشت میلیۆن و دووسەدهەزار(8.200.000) دیناری عیراقی ، کە دەکاتە نزیکەی 7000 دۆلاری ئەمریکی، وەردەگرێت، بەجگە لە دەرماڵە و پشتماڵە و بنماڵە و ژنەرماڵە و بانماڵە و زۆری دیکەش. بەجگە لە پاسەوان و خانوو و ماشێن و بەزمی دیکەش، کە ئیدی ناهێنگە گەلەک لە 7000 دۆلار زیاتر بێت. کە پەرلەمانتار خانەنشینیش دەکرێت، پارەی مفتی خۆی هەر وەردەگرێت، بە کەمەکێک گۆڕینەوە، کە ناهێنگە بە ناژیەکی کەمتر مووچەکەی وەرگرێت، لە هەشتا پاسەوانی هەر هەیە.
وەزیر، جێگری وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، جێگری بەڕێوەبەری گشتی، جەنەرال، ئاوێژکار، پەرلەمانتاری خانەنشینکراوی کوردستانی لە ئەوروپاژیاو، سەرباری مووچەی خانەنشینی کوردستان، مووچەی خانەنشینی وڵاتانی ئەوروپایش وەردەگرن و تەنانەت دەستبەرداری وەرگرتنی مووچەی پاسەوانکانیشیان نابن، کە لە ئەوروپا، نەک پەرلەمانتار و وەزیر و گزیر، تەنانەت سەرکی حوکوومەتیش پاسەوانی نییە.
کەسی هەرەمی کوردستان، 24 قلیان کارمەند و مووچەخۆرن. ناهێنگە بەک لەو مووچەخۆرانە زگورد بن، لە زەرکیان، مەرد و ژن و زارۆکیان هەن، واتە: چەند میلیۆنکیش لەو پێنج میلیۆن و هەندەی کوردستان، لەسەر مووچە دەژین. ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتەکی وەک چین، کە یەک میلیارد و سەسەدوشەست میلیۆن(1.360.000.000) مرۆڤن، تەنە 0.5% دانیشتووانی فەرمانبەرن. ژمارەی دانیشتووانی وڵاتی چین 257 ئەوەندە و بەک زیاتری دانیشتووانی هەرەمی کوردستانن، لە چین 8 ئەوەندەی کارمەندانی هەرەمی کوردستان، کارمەند و مووچەخۆری هەیە!
ئەم خشتەیەی خوارەوە، ئەو بەراوردکارییەی ژمارەی دانیشتووان و کارمەندان و ناژیکانیانە لە کوردستان و لەو وڵاتانە، کە بزووتنەوەی گۆران کاری لەسەر کردووە:

بە گوێرەی زانیاریگەلێک، کە لە بەردەستتان و ناباز حەملان، وەزیری دارایی لە حوکوومەتی پێشووی هەرەمی کوردستان ئاشکرای کردووە، لە داهاتی هەرەمی کوردستان، کە لە پارەی نەوخە و نەفت و ئەو پارانەی لە بەغدادەوە دەدرێنە هەێمی کوردستان وەدەست دێن، 83%ی بە مووچە تەرخان دەکرێ و 5%ی بە سولفە (السلفة/وام/Soft Loan)ی کارگێڕی و دامەزراوەکان و8%ی بە خزمەتگوزاری دەرمان، پارەی کارەبا، پارەی تەرخانکراو بە خۆراک و پاراستن و ئاگاداریی ئامێر و بینایەی کارگێییەکان، ناردنی کارمەندان بە ئەملاو و ئەولا، پەیوەندکردن و پاکژکردنەوە و تەنیا 4%یشی بە سەرمایەگوزاری تەرخان دەکرێت .
دەستەات(حیزب)، کاغەزکانی بەجەرەک تەکنیکردووە، کە خەکێ

ئاسایی‌کە ناتوانێت جودای بکاتەوە. دەسەڵات، باس لە وەزیر و جەگر و بەڕێوەبەر و جەنەرالی مفتەخۆری ملهوڕی بندیوار ناکات، کە باس لە مووچەیش دەکات تەکەڵە بە مووچەخۆرانی دیکەیان دەکات. مووچەی فەرمانبەر و کارمەندی گچکەی ماندووی خوارەی پلیکانەکەیە دەبەدرێ، ئەوە مافی وەرگران دەبێ، ئەوە قەرزدار دەبێ، ئەوە بە هیچەدا ناگات. کابرای بندیواری مفتەخۆری گەندەڵ، باکی نییە، ئەگەر مووچەی دەهەزار حەفت هەزار یا چوارهەزار دۆلاریەکەی، یەک دوو هەزارکیشی لێ ببڕدرێ، کە هەرگیز ئەوە هاوونادات، چون ئەوانن دەسەڵات، وەک کریگرتێ و پاسەوان بەکاریان دەهێنێت، یا بە دڕبەینەکی تر چون دەسەڵات(حیزب) بە خەی لەوان پێکهاتووە، هەرگیز نە کاری تەدەکات و نە هەستی پێ دەکات.
گەلەک، یەک میلیۆن و دووسەد و چلونە هەزار (1.249.000) کارمەند و مووچەخۆری هەبێت، کە لە هیچ جێیەکی جیهاندا، تەنانەت لە هەژارترین وڵاتانی جیهانیشدا نموونەیەکی لەو جۆرەی کوردستان نییە، بە دووسەد و چلونە هەزارەکەی، هەموو کاری وڵات بەڕێوە دەچێت و یەک میلیۆنەکەی زیادە.
گەلەک، 83%ی پارەی داهاتی بە مووچە بڕوات و لە هەر چوار کەسی وڵاتەکەی دانیەکیان کارمەند و مووچەخۆر بێت و بەشکی زۆریش لەو مووچەخۆرانەی، مووچەی مفت و مشەخۆری و ئەفسانەیی وەربگرن، تەواوی ئاوی دیجلە و فرات و زێ و سیروان و ئەلوەن و باسکەی، بە بکە بە پارە، هەرگیز بەشی مووچەی ناکات!
بە پێدانی مانگەک مووچە و چەند مانگ ڕاگرتنی، بە پاشکەوتکردن و بە چاوەڕوانی خێر و سەدەقەی بەغداد، بۆ هەموو پێنوپەیە، هەرگیز ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێت و هەرگیز دەمی ئەو مووچەخۆرانەیشی، کە زیانمەندی یەکەمن داناخرێت، ئەگەر کارمەندە ڕاستینەکان لە بندیواران جودا نەکرێنەوە و مووچە و تایبەتمەندیی ئەو بندیوارە ملهستوور و مفتەخۆر و گەمار و پیسخۆرانە نەبڕدرێ و ئابووریەکی خەماڵیی پشتبەستوو بە خاک و کشتوکاڵ و کانزا و هەزی کاری کوردستان و گۆڕینەکی ڕادیکاڵ لە شێوازی بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا نەیەتە گۆڕێ.

2020-05-19

_____

HYPERLINK “https://xelk.org/169237/?__cf_chl_jschl_tk_” [1] __https://xelk.org/169237/?__cf_chl_jschl_tk

HYPERLINK "https://www.alsumaria.tv/news/237786" [1]
https://www.alsumaria.tv/news/237786

ڕۆژگارێکی بە نگوبۆ … ئەمجەد شاکەلی

خۆشەویستی، هەمیشە و لەو دەمەی ئا مرۆڤ هەبووە، بەهێزترین و تەندرۆژترین و تۆکمەترین ئایدیایەک بووە، مرۆڤ و دەوروبەری، مرۆڤ و ژینگەی، مرۆڤی سروشتی، مرۆڤی و مرۆڤی، وەکو گرێداوە و درێژەی بە ژیان داوە. جوانترین ئاوازێک، ناخ و هەستی مرۆڤی هەژاندووە، بەجگە لە خۆشەویستی هیچی دیکە نەبووە. خۆشەویستیە، ڕەنگ و چێژ و جوانی و هێز و ئومێد و بەخشندەیی و پەکەوتەیان و تەواوی باشیەکانی بە مرۆڤ بەخشیوە و مرۆڤی ئاراستە کردووە، بەوەی بژی و داهێنان بکات. جیهانی بە خۆشەویستی، جیهانێکە بەڕەنگ، پڕ لە ڕەق، تاریک، بێگیان، مردوو.
یەکدی بەسەرکردنەوە و یەکتربینین و پێوەند و تێکەڵاوی و سەردانی یەکدی و پێکەوە دانیشتن و ژوان و دەستگوشین و لێئامێزگرتن و ماچ و هەموو جۆرە نزیکایەتیەکی مرۆڤێک و یەکێکی دی، نیشانەکانی خۆشەویستی و وزەبەخشی ماشینی خۆشەویستین. پێش ئەم پەتا نەفرتیەی کەرەنایە، هیچ یەکێک دەستبەرداری گچکەترین دانیەکی لەو نیشانانەی خۆشەویستیە نەدەبوو و دوورکەوتنەوە و پشتگوێخستنیان، نیشانەی کەمتەرخەمی و دڵڕەقی و بەهەستی و ناتەواویەک بوو.
ئەدی ئێستا!
پەری، لە پیاسەیەکیەوە هاتە بەر دەرگە و زەنگی دەرگەکەی لێدا، ئەو دەیزانی من لە ماڵم و وەک زۆرێک لەوانەی لە کەرەنا دەترسن، لە ژوورە خەم خۆشار داوە. دەرگەم کردەوە و لە دووراییی سێ میترەکەوە، هەندی قسەمان گەیەوە و ئیدی نەیشت.
فەرهاد، بەڕێک خەراکی بە کەیم و ئەوارەیکی دوای گەانەوەی لەسەر کار، بەی هێنام و لە دووریی چوار میترەکەوە هەندە قسەمان کرد و ئیدی نەیشت.
ئاز و پەری، دوو جار، بە کەمەڕێک تووڕەکە و دڵڕەقی پێ لە میوە و سەوزە و وشکەوە هاتنە بەر دەرگە و لە دووراییی چوار پێنج

میترەکەوە، لە خوارەی پلیکانەکە ڕاوەستابوون، بە یەک قسەمان گەیاندیەوە و ئیدی ڕۆیشتن.
ڕاز، لەسەر کارەکەی دڵگەرمایەوە بە ماڵ، زەنگەکی بە لەدام و گوتی دەمە نزیکی ماڵ و تەیش وەرە بەر پەنجەرەی ناندینەکەت و ماوەیەک بە تەلیفۆن قسە دەکەین. منیش وام کرد و بەکمان قسە کرد و دواتر ڕۆیشت.
ئەمڕۆ یەکەمی مەی(یەکی ئایار، یەکی مایس)ە، ڕۆژی کارگەرانی جیهانە. یەکەکە لە ڕۆژە هەرە خۆشەکانی ساڵ، کە هەمیشە دوانزەی مانگ چاوەڕوانیی هاتنەوییم و نوبوونەوە و چۆنیکی گیانەکی بە تەواوی هەستەکانم دەبەخشێت. ئەگەر ساڵێک، بەهەی نەبوونم لە سوید، لە بۆشداربوون لەم بۆنەیەدا، لە ڕێپەوان و خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان، دابڕابم، لەو دووریەم لە سوید و لەو ڕۆژەدا، پشیمان بوومەوە و هەرگیز خەمم نەبەخشیوە و سەرزەنشتی خەمم کردووە و پەم وابووە، کەلێنێک کەوتووەتە ژیانمەوە و زیانێکی گرانم بەرکەوتووە. ساڵانە و ئەم ڕۆژە، پڕی، لەوەتی هەشتا لە گالیسکەی زارکاندا بوو و تا ئیدی پێوەکە بووە و کەوتووەتە سەر پێی خۆی و وردەوردە ئاگایشی پەیدا کردووە، هاوڕێی ئەم جۆرنگێڕانەم بووە و وەکو ا و لەگەڵ کەمێک هاوڕێی دیکەدا، لەگەڵ سەندیکالیست(SAC) و ئانارکیست و ناپارلەمانی و ناحیزبییەکاندا، ڕۆژەکی گەش و دەم بە خەندە و خۆش و پڕئومێد وزە بەخشمان گوزەراندووە، لە ئەمساڵ نەء! ئەمساڵ یەکی مەی، نە جۆژن و نە ئاهەنگ و نە ڕێپەوان و نە دیداری هاوڕێ و خۆشەویستان!
هاوڕێیەکانم، کە جاران، ڕۆژەکی خەرەتاوی خۆش، کەنار زەریاچەیەک، پیاسەیەکی چەند سەعاتی، قاوەخانەیەک و کووپەک قاوە، خواردنەکی چینی، تایلاندی، ڤیەتنامی، یا فەلافیلەک، دەردەدڵەک، بەک شۆخی و قسەی خۆش، خەبوونەوەیەک، ئاهەنگەک، زەماوەندەک، پرسەیەک، تەنانەت پرسەیەک و سەرگەستانەک، کەی دەکردینەوە، ئیدی لەم سەردەمی کەرنایەدا، هیچ یەکەک لەوانە نامانگەینەتە یەکتر. میوان، کە لە کوردەواریدا دەڵێن خۆشەویستی خودایە، تەنانەت میوان و میواندارییش، خەریکن لەبیر دەچنەوە!
ئێستا، ئەوەی خەشت دەوە و ئەوەی خەشی گەرەکی، دەبە خەتی لە دوور بگریت و دووڕایی نەوانتان بە میتر بپێوی، چمانی ئاگر و بەنزینن، لە یەکدی نزیک نەبنەوە. ئێستا، نزیکی پێوەری خۆشەویستی نییە، دوورکەوتنەوە نیشانەی خۆشەویستییە و تەلیفۆن، تەنە تەلیفۆن، هەستەکانمان بە یەکدی دەگوزەتنەوە. ئێستا، ڕۆژەکان، بەجگە لەوەی بەتامن، هیچی دیکە نین! ئاو، هەرچەندە بنەمای هەموو زیندەوەر و زیندوویەکە ، لە کە پێناسە دەکرە، دەگوترە، شلەیەکی بە ڕەنگ و

بە بۆنە، ئێستا ڕۆژگارێکە بە ڕەنگوبۆیە!

2020 – 05 – 01

---

[1] (وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَیْءٍ حَیٍّ)، القرآن الكريم، الأنبياء/30.

کۆرکووکخەم -چواردە- … ئەمجەد شاکەلی

یەکێک لە بەدبەختی و نەهامەتییە گەورەکانی مرۆڤی کورد، شەوازی بەرخوردی سیاسەتکار و فەرمانڕەوا و میدیاکار و زۆرێک لەوانەی خۆی نووسین و پێشکەشکردنن، لەتەک دیرێک و دەوروبەری خۆیاندا، کە دواجار بیرکردنەوە و گوتار و تەوانینێک دەنێتە بەرهەم، گەلە جار، هەست بە بەدبەختی و بێ تەمانی و بێ وردبوونەوە و وەڵاتی و کورتبینییەکی تێدا دەکرێ. گەلە جار، گوتارێکی بە خەڵکەکەی خۆیانی ئادگێنن، گوتارێکە ئاو بە ئاشی ئوانەدا دەکات، کە بە خۆیان زۆرجاران بە نەیار و داگیرکەر و…ناودەریان دەکەن. چەند ساڵێکە، ساڵانە و لە ڕۆژی 28ی فێبریوەریدا، باس و گوتار و نووسین و ئاخاوتن و هەندێ جاریش ئاهەنگگێڕان پێشخش دەبنەوە و ساز دەکرێن، بە یادکردنەوەی ڕۆژێک، کە شارەکەی کەلاری ئیستای سلێمانی و جارانی کۆرکووکی، تێدا کراوەتە قەزا. گەلێک ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ئینتەرنێتنامە، خۆ لەو بوارە دەدەن و باسی لەسەر دەکەن. ئەمساڵ، من بە خۆم، وێک هەواڵێک لە "باس نیووز"دا هەمایەکم بەرچاو کەوت، کە بەوە کرابوو و چەند وێنەیەکی کەلار و خەڵکی کەلارەش لەو هەواڵەدا دانرابوون .

کەلار لە 28-02-1970دا، ڕێک یانزدە ڕۆژ پێش پێکهاتنی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و حوکوومەتی بەغدا و جاڕدانی بەیانی یانزدەی مارس، بە مەرسوومێکی کەماری و بە بیارەکی سیاسی، لە گوندێکی ئاسایی، کە لە 1860وە یا بەڵک دواتر هەبووە و سەر بە ناحیەی شەروانێی قەزای کفریی ئوستانی کۆرکووک بوو و، بە ئاوەی بە قەناخی

"ناحیە"یەتیدا تێپەڕیت، کرایە قەزا و دواتریش لە 06-11-1975دا و بە مەرسوومەکی کۆماریی، لە کەرکووک دابڕنرا و خرایە سەر سلێمانی. هەموو خەڵکی کورد ئەمە دەزانێت و زۆر چاکیش لە هەڵوێستەکانی تێگەیشتووە، چون تەنێ کەلار لە کەرکووک دانەبڕنرا، بەڵکە کفری و خورماتوو و چەمچەماڵیش، کە سێ قەزای دیکەی کەرکووک بوون، لە کەرکووک دابڕنران. حوکوومەتی بەغدا وەک هەمیشە لە سەرانی کورد، زیرەکتر و دووربینتر بووە و هەمیشە، بە پێچەوانەی سەردارانی کوردەوە، پێشبینی و نەخشەی بە داهاتوو هەبووە. بە دابینی ئەو چوار قەزایە لە کەرکووک، دابینی زەرینەیەکی هێزەکانی کورد لە کەرکووک و پێوابەکردنی کەرکووک ئەنجام درا. مەزنترین کردەی هاگوازتن و کەچپەکردنی بە تەپزی کورد و عەرەبانەدن لە پارێزگای کەرکووکدا جێبەجێ کرا. بە ئەوەی کەرکووک بکرێت بە پارێزگایەکی عەرەبی، حوکوومەتی بەعس دەیان هەزار خەزان و سەدان هەزار عەرەبی سوننە و شیعەی لە ناوەند و خواروووی عیراقەوە، دوای بەخشینی کەمەک پارە و زەوی و ماڵ و خانوو و کار و خۆشگوزەرانی و چەشنی دیکە پێیان، هێنانی بە کەرکووک و لێوە نیشتەجێی کردن. کردەی ئەنفالی بەدناویش، کە پاڵانی قوربانیانی خەڵکی کەرکووک و گەرمیان و ئەو دەڤەرانە بوون، هەر بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و بنبڕکردنی دانیشتووانی کوردی ئوستانی کەرکووک بوو.

ئاگەر بەڵێک بگەڕێنە دواوە بە مێژووی سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە لایەن کۆڵۆنیالیزمی بریتانیاوە، تەدەگەین، کە دەستکاریکردن و گۆڕینی سنووری ئوستانگەلێکی عیراقی لە پێکهاتووە، هەمیشە بە مەبەستی گۆڕینی دیمەگرافی و ئامانجی عەرەبانەدن و تواندنەوە و سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکەی ناعەرەب، بەتایبەت نەتەوەی کورد، بووە. لە دوای دامەزراندنی عیراق وەک دەوڵەت لە 1921دا و پێش ئەوەی هیچ ئامارێک بە دانیشتووانی وڵات بکرێت، کە بە 3.5 – 4.5 میلیۆن کەس مەزەندە دەکران، عیراق پێکهاتبوو لە چواردە ئوستان. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانیشیدا تا ساڵانی 1960 بە دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتووانی کاتێک کرایە دەوڵەت، ژمارەی ئەو ئوستانانە هەر وەک خەی مایەوە، واتە: هەر چواردە دانە بوون، تا لە 1969دا و بە یەکەم جار دەک کرایە ئوستان و بەوێش عیراق بوو بە پانزدە پارێزگە. دەک، لەبەر زیادبوونی دانیشتووانی وڵات، نەکرا بە ئوستان، بەڵکە بە سێنەوەی کوردستانیبوونی ئوستانی مووسڵ(کە دواتر کرا بە نینەوا) و بە هەگرتن لەوەی تەقوو(ئەلە، قەزاکوێرەک، نەوەک) کورد باسی کوردستانیبوونی مووسڵ بهێنێتە بەرباس. ئیدی دەک و زاخۆ و ئامێدی و سمێل لە مووسڵ دابڕنران و کران بە ئوستانێکی سەربەخۆ. مووسڵ،

کە دەکی لە دانیشتنرابوو، پارێزگەیەکی کوردی و کوردستانی بوو. بە دابەینی دەک لە موسڵ، کورد لە موسڵ کەمبوونەوە، لە هەشتا قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شنگال(کە بە هۆیەکی جیاوازی هاوڕێیانی دانیشووانیان کوردن) و قەزاگەلی تلکیف و حەمدانیيە و تەلعەفەر(کە تەکڕێن و پتر لە کوردەوە نزیکن تا عەرەب) لەگەڵ موسڵدا مابوونەوە و بەوەش ژمارەی دانیشتووانی ناعەرەبی ئوستانی موسڵ لە عەرەبی ئەو ئوستانە زیاتر بوو. لە ساڵانی 1980دا حیزبی بەعس ئامارێکی یەکجار نهێنی بۆ دانیشتووانی ئوستانی موسڵ کرد، کە تێیدا دەرکەوت 57%ی ئوستانی موسڵ کوردن. هەردوو حوکوومەتی برایانی عارف(عەبدوسسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارف) پێش بەعس، هەستیان بە زەرەتی کورد لە ئوستانی موسڵدا کردبوو، بۆیە هەر لە ناوەندی 1960وە دەستیان کرد بە کۆچپێکردنی زەرەملەی کوردگەلێک کە لە سەرژمێری ساڵی 1957دا ناونووس نەکرابوون .
دەستەات و میدیای کوردستان، لەبری گرنگییدان بۆ باسکردنی کێشەکانی گەورەکردنەوەی کەلار و ئاهەنگگێڕان بۆوەی، کە کراوە بە قەزا، یا دەخشبوون بۆوەی، کە دەک کراوە بە ئوستان، دەبوو وەک ئەرکێک، مژووی عەرەباندنی کەرکووک و موسڵ و لەناوبردنی کەرکووک و موسڵیان بە خەڵک، بە نەوەی نوێ، باسکردایە. دەبوو عەرەباندن و وەدەرنانی کوردانی فەیلی لە بەغدا و عەمارە و کووت و خواروو کوردستان(زرباتیە و بەدرە و جەسسان و مەندەلی) و کوردانی خانەقین و جەڵەولا و قزڵڕبات تا دەگاتەوە شنگال، لە هەژدە بە قەزابوونی کەلاردا، وەبیر خەڵک هێنرابایەوە. دەبوو وەک یادی گچکەکردنەوەی کەرکووک و سێنەوەی سیمای کوردستانیبوونی کەرکووک بخرایەتە بەر باس. دەبوو هەوڵی چەکردنەوەی دابەینی چەمچەماڵ و کەلار لە سڵەمانی درابا بە گۆڕانەوەیان بە سەر کەرکووک.
جاران، کە دەگوترا کوردستانی عیراق یا باشووری کوردستان، بەجگە لە هەولێر و سڵەمانی و کەرکووک(بە پردە، دووبز، حەویجە، تاوغ، خورماتوو، کفری، چەمچەماڵ و کەلارەوە) و جەڵەولا، خانەقی، مەندەلی، بەدرە، جەسسان، زرباتیە و عەزیزیە و نزیکی کووت و تا عەلی غەربی(علي الغربي) و عەلی شەرقی/شەرجی(علي الشرقي/الشرجي) دەگرتەوە و تەواوی ئوستانی موسڵیش وەک بەشێک لە کوردستان دەژمێردرا، چون پتر لە 75%ی ئەو پارێزگەیە کورد بوون. ساڵ هات و ساڵ چوو، ئەو دەڤەرانە چوونە ئاو و لەبری لکاندنیان بۆوەی ئەمڕۆ بە هەرێمی کوردستان ناوی دەرکردووە و لەبری ئەوەی ببنە یەک پارچە و یەک هەرێم و یەک چارنووس، تا دەهات دووراییەک لەنێوان هەرێم و ئەو دەڤەرانەدا دروست دەبوو. لەنێوان 2005 و 15ی ئوکتۆبەری 2017دا، ئومێدێک دەی کوردستانییانی خۆش کردبوو، کە ئێدی تا

دڵگاتێ مەندەلی، گەلی کوردستان بووەتەوە خاوەنی و هەنگاو دەنرێ بەرەو بە دەستهێنانی جارێکیتر بوونی لەگەڵ هەرەمی کوردستاندا بدرێ. لە 16ی ئوکتۆبەری 2017دا ئەو ئومێدە لەلایەن ئەوانەی هەمیشە قەرت و بڕس و هووخان و دووبەرەکی و لەتلەتکردنی وڵات و تێکشکانیان کردووەتە خەباتی کورد، تاسەنرا و لەبەین برا.
کۆشەی ئەو دڤۆرانە لە چنیەتی تەوانینی کوردستانییانە بیان. حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، لە دەلاقەی پست و پلە و پایە و بازرگانیی نەفت و پارەوپوول و ژمارەی کورسی و پارەزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنی شارەوانی و ژمارەی کارمەند و بەرپرس و یەک لیستی و ئەوانەوە دەنەنە باسکە. ئەوان ماددەی 140 و قودساندنی کەرکووک و هێڵەی 6+6+6+6 و 32%یان پێ چارسەرە. تەواوی ئەوەی حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، بە چارسەری دەزانن، لەکن تاکی کورد و کوردستانییە ئاسایەکان، بەجگە لە کەمەک کەت و تەماح و بازرگانی و خەپڕستی و چاوچنۆکی و دەستبەردابوون لە خاک و نانیشتمانپەروەریەتی زیاتر هیچی دیکە نین. ئەوانە تەوتەشقەن و چارسەرگەلکن ئەو دڤۆرانیان لە بشە گرنگ و خشەویست و نازدارەکەی باشووری کوردستانەوە کردووەتە بشەک، کە حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، لیک دەزێتێ دەمیان، کاتێک باسی دەکەن و، کاتێک دایاندەدشن و ، کاتێک پەوە دەلەوەن و، کاتێک وەک کۆشەیکی چارسەرنەکراو تەی دەنەن و دەیانەوێت هەر بەو جۆرەیش بمێنێتەوە. کۆشەی ئەو دڤۆرانە لە دوو وشەدا کورت دەکرێنەوە: خاک و مرۆڤ!
حیزب و دەسەڵاتدارانی کورد، کە خەیان ئەو دڤۆرانیان بەو دەردە بردووە، ئەگەر هەر بە داستی دەسەزی وەڵات و نیشتمان و گەلی خەیانن، ئەگەر باوەڕیان بەوەیە، کە کەرکووک کوردستانێ و بەجگە لە کوردستان شتێکی دیکە نیە، دەبوو شقڵەک لە تەواوی ئەو کەت و بەندانەی 140 و 32% و قودساندنەی کەرکووک، هەدەن و سانتیمیتر لە دوای سانتیمیتر خاکیان بگەڕابایەوە. دەبوو باس باسی خاک بووایە. دەبوو کەرکووکیان بگەڕاندبایەوە بە کەرکووکەی 1957 و پێش 1963. دەبوو کفری، کەلار، چەمچەماڵ، خورماتوو بگەڕابانەوە سەر کەرکووک، نەک ئاهەنگ و شایلەغان بە بڤەزابوونی کەلار ساز کرابا، کە زالوو (زەروو)ئاسا، لەسەر لاشەی کەرکووک، کفری، خورماتوو، خانەقی، جەلەولا، قزڵەبات، مەندەلی و خواروی کوردستان، بە خەی قەدەو دەبەت و ئەوانیش لاواز دەکات!

08-03-2020

وێنەیەک لە سەردەمی کۆنەدا … ئەمجەد شاکەلی

کاکەحەمەی دەبنە و باوکم(ڕەحیان شاد و یادیان بەخێر)، ئەحمەد و منیان، بە خەمان دشداشە و چاکەتەکانمانەوە، بردە دوکانەکەی حەمەی وەستا زەراب و سەرو پانتۆڵ و سەرو کراسیان بۆ کڕین. هەردووکمان چوون یەک، پانتۆڵەکی خاکی و کراسەکی سپی. هاوین بوو، ئەمە چووبوینە کفری بۆی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتایی ساڵی 1961/1962دا بەشدار بین. یەک ڕۆژ پێش تاقیکردنەوەکە، ئێوە جلانیان بۆ کڕین. ئێوە یەکەم جارم بوو پانتۆڵ لەپێ بکەم. تا پێش ئێوە و تا ئێو تەمەنە هەر دشداشەم لەبەر کردبوو. دشداشە بە ماڵ، بە گەمەکردن، بە میوانی، بە جووانەوەی ڕۆژانە، بە جەژن، بە خوێندنگە، بە خوتن و بە هەموو شتێک لەبەر دەکرا. لە ڕۆژەکەی دوای ئێو ڕۆژەوە، ئیدی پانتۆڵ جێگەی دشداشەی گرتەوە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا تا ئێستا هاتووە.
لە ساڵانی 1980دا هاوڕێم کاک ڕەمزی قەیتوولی لە گەڕانەوەیدا لە گشتکەی بۆ لەندەن، دشداشەیەکی سپی وەک دیاری بۆ هێنام، کە ئێستاش ماومە. جارجار لە ماڵەوە بۆ خوتن لەبەری دەکەم یا کە نەخۆش دەکەوم و دەکەومە سەر جێگە لەبەری دەکەم. ساڵی 2018 پێش (ڕاز)ی کچم لە حەج گەڕایەوە، دشداشەیەکی مەیلەو بەر- قاوەیی بۆ دیاری بۆ هێنام، ئیدی بووم بە خاوەنی دوو دشداشە.
لە سەردەمەکدا لە ماڵی خەمان، لە تەمەنی منداڵی و مەردمنداڵیدا، جاروبار، کە حەزم لە بینینی هێندی میوان یا کەسێک یا مەیلی چوونەدەرەوە و دیتنی خزمەکم نەکردبا، تەنانەت ئاگەر هاوڕیانی خەیشم بووایەن، لەنێو ماڵدا پاڵم لە دەداوە و دانیشتم و نەدەچووم دەر. دایکم دەهاتە ژوورە و بە شۆخوزارە گەرمیانییەکەی خۆی دەیگوت: "ئێوە بە ناچیتە دشتە، خۆ خەتەنە نەکریایتە، وا لەبن ماڵا خەت مات داوە، هەسە هەسە دەی بچە دشتە!". ئێو سەردەمە کەسێک کە خەتەنە دەکرا، دشداشەیەکی لەبەر دەکرد و پاڵی لە دەدایەوە و نەدەچووە دەر.
ئێستا بە سایەی قایرەسی کۆرناوە، لە ماڵەوە پاڵم داوەتەوە و دشداشەشم لەبەر کردووە. دشداشە وەک هەمای ئاریشە و کەشە و جۆرە

ووداوەکی نەخوازراو. تەنە لەنەوان 15-20 میترەکی بەشایی نەو ئەپارتمانە 56میتریيە چوارگۆشەکەمدا دەم و دەچم. لە دوو پەنجەرەو دەرە دەبینم و ئاگاداری هاتوچۆ و جووڵانەوەی گەڵکم، کە ئەسڵەن بە خەی گەڵکەکی مردووە. کەرنایش نەبەت هەر مردووە، لە ئەستا لەم وەرزی کەرنایەدا کپ و بێگیان و مردووترە.
تاکەتاکە مرۆڤ لە پەنجەرەکانەوە دەبینم و هەنگە تا دنیا ووناکە و تەواوی هەژەکە ژمارەیان نەگاتە 50 کەسەک. بەیانیانی زوو، لە بن دیواری خوارەی ژووری خەوتنەکەم، دەنگی ترپەی پەیە بچکۆلەکانی زارەکە گچکەکانی باخچەی منداڵانەکەی نزیکە ماڵمان دەتە گوەم، کە لەلەکانیان دەیانبەنە دەرە و بەدەم وردە هەیشتنەوە دەنگە ناسکە منداڵانەکانیان، دەنە گوەم.
ئەوەی زەرتر دەم پەی خۆش، سەگەکانن! دوو سەگخانە(باخچەی سەگەل یا سەرپەرشتیخانەی سەگەل یا ماڵەسەگ)، نزیکی ماڵەکەی منن. هەموو هەژانی کار، دووشەممە تا هەینی، کچەکان، ئەوانەی تەمەنیان لەنەوان 16-20 ساڵەکدایە، لەلەکانی سەگەکان، کە بە خەیان 3-6 کیژەک دەبن، ئیدی زیاتر یاکەمتر، هەریەکەیان سەری 10-12 پەتی بەدەستەوەیە و ئەو سەری پەتەکان لە ملی 10-12سەگەک ئاماون و ژمارەی سەگەکان لە کەمترین جاردا لە 40 سەگەک کەمتر نییە. سەگی گەورە و زەبەلاح، سەگی گچکەی زەر گچکە، دەڵ، گەماڵ، سەگی سپی، سەگی ڕەش، سەگی قاوەیی، سەگی سادەی یەک ڕەنگ، سەگی دوو ڕەنگ و تەکەڵ، سەگی بەرە، سەگی بازە، سەگی سەر بە ڕەگەزی جیاواز، سەگی سەر بە بنەچەی جیاواز و هەموو جەرە سەگەک، ئارام و بە دەنگ بەدەوری لەلەکانیاندا وەک بازنەیەک، مانەندی سەرباز و مشقپێکەراو، دەڵەن و نە گەنگەشە و نە شەڕ و نە دەنگ دەنگ، نە جیاوازیی چینایەتی و نە فشەکردن و خەبەزلزانی و لووتبەرزی و نە ئەریی و نە تەڵەیی و چاوچنۆکی، هەمن هەمن، بەڵەز بەڵەز، لە کەشکی پە لە خەشویستی و هاوئاهەنگی و یەکگرتووییدا، نەرم نەرم دەڵەن و چەڕ لەو سروشتە جوانەی دەوروبەری خەیان وەردەگرن. جارجار لەلەکان ڕادەوەستن و ئەوانیش هەر هەموو ڕادەوەستن. هەموو چاونەەی فەرمانی دادەکانیانن. من زەربەی ڕەژان، نەک بە سایەی کەرناوە، بەکە بەسایەی خانەنشینییەوە، ڕەژانە ئەو دیمەنە، شادییەک، گەشی و خەشییەک، بە ڕەحم دەبەخشە. بە من ئەو دیمەنە دەکاتە: ژیان. ئەستاش لەم سەردەمی کەرنایەدا، کە ئەو گەلە سەگ و لەلە و سروەتە ڕەژانەیە دەبینم، تەدەگەم، هەشتا خەڵەک دەچنە سەرکار، چون ئەو سەگانە بەیە خراونەتە ئەو سەگخانانە، لەبەرەی خاونەکانیان کار دەکەن و چەن منداڵەکانیان دەبەنە، زارەکخانە، باخچەی منداڵان، بەو جەرەیش سەگەکانیان لەو سەگخانانە دادەنەن تا

ئەوەمی نزیکەی سەعات 17-18 ی ئێوارێ لە کار دگەڕێنەوە و سەگەکان و زارەکانیان دەبەنەوە ماڵ. تا ئەو سگانە ڕۆژانە ببینرێن، وتە: ژیان نەوستاوە، وتە: هەشتا ژیان بەردەوامە.
کەرەنا، جموجووڵی مرۆڤ و فڕۆکە و ماشین و شەمەندەفەر و گەشت و سەیران و هاتوچۆی ئاگرت و وەک چۆن جاران بەرخ دەکرانە کەزاوە و مامر دەکرانە کولانەوە، کەرەنا، کەزەکەزەی لە مرۆڤ کرد و کردنیە کەزاوە و کردنیە کولانەوە. کەرەنا، زەنگەک بوو، دنیایەک شتی وەبیر مرۆڤایەتی هێنایەوە و چەپەکەک بوو، سروشت، نادادی، هەژاری، هەڵاواردنی مرۆڤ، جیاکاری، ژینگە، کێشایان بە تەپڵی سەری مرۆڤدا بە وئاگا هێنانەوەی، ئەگەر بیار بێت وبیرهێنانەوە و وئاگاهێنانەوە، زەنگەک بن مرۆڤ بەدار بکەنەوە و دید و وزیەکی نوێی پێ ببەخشن و وانیەکی نوێی ژیانی فێر بکەن! کەمجار مرۆڤ وانیەک لە هەڵەکانی خۆی و هەڵەکانی خەڵک و جڤاک فێر دەبە!
ئێستا ئێمەی، کە ناچینە سەرکار، ئێمەی لەماڵەوە تەڵاح و پاڵدەداوە، ئەو کەسانین، لە کارکردن دووکەوتووینەوە. لاوەکان دەچنە سەر کار، ئێمە ناچین. ئێمە لە ماڵەوە تەنیاین. هەموو هاوتەمەنانی ئێمە، ئەگەر لە هیچ شتەکدا، لە چین و ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین و نەتەوە و...چون یەک و یەکسان نەبین، لە تەنیاییدا یەکسانین. ئێمە هەموومان لە ماڵەوەین. هەندەکمان لە پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە، خەڵکانی تەپڵەبوو دەژمێرن و هەندەکمان سەگەل دەژمێرن و هەندەکمان هەر چای دەخواتەوە و هەندەکمان هەر خەرەکی شیولێنانە و هەندەکمان تەماشای فیلم و تیڤی دەکات و هەندەکمان خجێی فەیسبووک و وەتس ئاپ و ڤایبەر و ئیمە و ئینتەرنێتە و هەندەکمان وەدووی هەواڵدا هەڵدەکات و هەندەکمان نوقمی لاپەڕەی کتێبانە و هەندەکمان وشە ڕیز دەکات و گوتەیەک، هزرەک، خیاڵەک دەدەرێنێت، هەندەکمان سوودووکە دەکات و هەندەکمان گوێ دەداتە موزیک و هەندەکمان نوێژ دەکات و قورئان دەخوێنێتەوە و هەندەکمان دەخواتەوە و جگەرە دەکێشە و هەندەکمان بەنەو لیستی ناوی هاوڕێ و دەست و کەسەکانی نەو تەلەفۆنەکەیدا دەگەڕێ و ئەوەی چوار ساڵیشە پەوەندی پەوە نەکردووە، زەنگی بە لەدەدا یا لەو جۆرە کەسانەوە زەنگی بە لەدەدرێ و هەندەکیشمان تەمبەڵ و تەوەزەل و زەمەتە هیچ، هەر هیچ ناکات و فەلسەفەی"خەت تەمبەڵی، پاڵدانەوە، هیچ نەکردن، دوای ئەوەش وچاندان و ئیسراحەت کردن" پەیڕەو دەکات، ئێم فەلسەفەیە، لەگەڵ (پەری)ی کچمدا هەردەم تەوژینەوەی لەسەر دەکەین و خوێندنەوەی نویی بە دەکەین و شتی نوێی دەخێنە سەر و جارجار لە (ناز) و (ڕاز)یشەوە سرووشمان پێ دەبەخشرێت. دیارە هەندەکیشمان زەرەک لەوانەی گوتران، پەکەوە لە ماڵی دەکات. ئێمە هەموومان

تەنیایی یەکیخستووین. تەنیایی، کە پتر دەردێکی پشکۆتن و نوێگەرایی و جڤاکی مەدەرنە و کەمتر لە جڤاکگەلێ ڕۆژهەڵاتییدا هەبوو و هەیە، هەرچەندە ئێستا مۆبایل و تیڤی و ئینتەرنێت و جیهانگەری و لاساییکردنەوە سەدان تەوتەشقەڵەی شۆڕیانی ڕۆژاوایی و تەکنەلۆجیا و بازمی دیکە، پەتای تەنیایی گیاندووتە ڕۆژهەڵات و تەنانەت جڤاکە سادە و ساکار و سەرتاییەکانیش. لەڕە لە ئەوروپا و بەتایبەت لەم سوێدە، تەنیایی پۆوەر و نموونەی ژیانی ستانداردە و پێچەوانەکەی ناستانداریە.
هەواڵکانی وێدوویاندا وێین، هەوالی ژیان و مەرگن. لەنەوان ژیان مەرگدا تۆڕاڵێکی هێندە تەنک هەیە، کە ئێستا لەهەموودەم زیاتر، ئەمەومانان هەستی پێ دەکەین و دەیبینین. میدیاکان پەیتا پەیتا هەواڵی مەرگمان بۆسەردا دەبارێنن و وێنەکانی مەرگمان پێشان دەدەن و پێ دەگەیەنن. مرۆڤی پێش ئەم پەتایە، دیارە نە هەموو مرۆڤ، تەنە یەک شتی دەزانی، ئاکامەکەی ژیان و هەڵپە، بە زیاتر پەیداکردنی سامان، پارە، دەوڵەمەندی، دەسکەوتات. مرۆڤ وەدووی دنیاویستی و دنیاری و خۆیستیدا غاری دەدا. مرۆڤ گۆڕەساڵەکان، کاتیان بە زارەک، بە خەیان، بە خەزان و خۆشویستانیان نەبوو. کاتیان نەبوو بیر بکەنەوە. کاتیان نەبوو جوانیی ببینن. کاتیان نەبوو چێژ لە سروشت لە دەنگی سروشت، لە هاژەی با، لە جریوەی مەل، لە دەنگی بەدەنگی، لە دەنگی ئاژەڵ، لە دەنگی خاک، لە دەنگی گیا و گوڵ و ئاو و درەخت و ژین وەربگرن. ئەگەر کەرەنا وانەیەک بە مرۆڤ ببەخشێت، ئەوا مرۆڤی دوای کەرەنا، وەک مرۆڤی پێش کەرەنا نابێت. کەرەنا ئەمەی تەنیاخست و ئەمەی کەنارخست، ئەمە ئێستا تەنە خەمانین و کەسمان لەگەڵ نییە. ئەمە تەنە بیر لە دەستشەردن و خۆخاوێنکردنەوە و دەستوەرنەدان لە دەم و کەپوو و چاو و هووەتمان دەکەینەوە. ئەمە ئێستا بیر لە خواردنەوەی گەرم و شلەمەنی و شتی بە سوود بە بەرگریی لەش دەکەینەوە. ئەمە ئەگەر ناچاریش بین بچینە فرۆشگەیەک بە کەینی پۆیستییەک، خەراکەک، خەمان لە مرۆڤ دوور دەگرێن، نامانەوە کەس ببینین. تە خەڵکی هەرکۆییەکی، چ ڕەگەزێکی، ئێستا تەیش و هەموو ئەوانی دیکەش لەنەوان ترس و مەرگدان، ئەمە لە بەرزەخداین، ئەمە هەموومان لەو نەوەندداین.
ئەمە، ئێستاکە و پێشتریش، پێش کەرەنا و لە وەرزی کەرەنایشدا، دوو جۆر ئەمەین. ئەمەی پایینی پلیکانەکەی جڤاک لە ڕووی چینایەتییەوە و ئەمەکانی دیکەی باڵای پلیکانەی جڤاک لە هەموو ڕوویەکەوە. ئەمەگەل، بە سەر دوو چیندا و هەندە جار پتریش دابەش دەبین. ئەوانەی سەرە، ئەوانەی باڵای جڤاک، سواری چ شێڵەک بووبوون و بەرەو کوێ هەنگاویان دەنا! ژیانیان پە لە پەڵە و کار و جووڵە و

مەشغەڵەت و فریانەکەوتن و بە کاتیی بوو. خەیان بزر کردبوو و لە ئاستی هەڕەشەکانی هاتن. ئەوان ئیستاش لەم کارەنابارانەدا دەتوانن، لە هەلومەرجێکی تردا بن. ئەوان دەتوانن وەک جەبهەنن و بە فڕۆکە و بە کەشتی خەیان و بە نوێترین ماشێنی خەیان، بەرەو دوگمەیەکی چەک لە خاکی، بەرەو پەلە ئامرازی پشوو و خۆشگوزەرانی بەرەن و لەوە دوور لە مرۆڤ، لە نگەر بگرن و خە بپارێزن و کارەنا ئەویان تە نەکات. ئەوان دەتوانن بە زەنگێکی تەلیفۆن یا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، نێک سەر ژەمە، بەڵکە چوار ژەمە و حەفت ژەمە و فرەتریش، لەگەڵ نایابترین جۆری خواردنەوە و سەد بەزمی دیکە ،بهێننە بەردەرکەی ژووری خەوتنەکەیان. ئەوان دەتوانن ئاگەر تووشی دەردیش بن، بە زەنگێک، باشترین پزیشکی تایبەت و باشترین نەخۆشخانەی تایبەت و نایابترین دەرمان، بگرە خزمەتیان و چارەسەری دەردەکانیان بکرێت. هەرچی ئەمەکانی خوارەی پلیکانەکەین، کونجی ماڵ و چاوەڕوانی خەمتکردن، تەنانەت ئاگەر دەردەکەش سەرودەی گرتین، تاکە ڕێگەمانە لەم کاتەشدا. ئەمە باجی کارە چەپەڵەکانی ئەوانەی سەرەی پلیکانەکە دەدەین. ئێستا، کە کارەنا بەر دەرکەی لە گرتووین، ئەمەکانی خوارە، خەمان دەدەزینەوە و بەمان دەردەکەوێت، چەندە لاوازین، چەندە هیچ نین، چەندە بەدەسەڵاتین. ئێستا، لە ڕێگەداین، هەندە دەستەپاچەین، دەزانین هیچ شتێک دادمان نادات، ئەمە، ئێستا باجی تەواوی ئەو کارە نابەجێیانەی دەسەڵاتداران و زلهێزان و دارایانی ئەم جیهانە و مرۆڤایەتی دەدەین. ئێستا پێویستمان بە ئاوەستان و تێگەیشتنمانە لە سەرقاڵی و خجڵبوون.
ئێستا، پێویستمان بە تێگەیشتنە لەوەی، کە زەوی هەندە باری گرانە، ئیدی توانستی هەڵگرتنی ئەو هەموو کارەا و بەرهەم و شتومەکە بەفڕە و بێکەڵک و زیادە و ژینگەوێرانکارانە نەماوە. ئێستا، پێویستمان بە تێگەیشتنە لە گرنگیی پەیوەندداری، تێکەڵاوی، یەکدی بەسەرکردنەوە، خۆشەویستی، کات تەرخانکردن بە یەکدی. ئەمە لە کۆشوفش و تەرەفکەدا دەژیاین، تەنیا بەرهەم و ئازادی و خۆشگوزەرانیمان دەبینی. پەمان وابوو ئەوانە هەموو کۆشکانمان وڵاوە دەنێن. ئەمە هەمیشە ترس و دەڵەواکێی لەدەستدانی بەرهەم و ئازادی و خۆشگوزارانیمان بوو. ترس و دەڵەواکە، ژیانمانی ئاڵەز کردبوو و مۆشک و بیر و دیدمان ئاڵەزکاو بوو. هەمووەمان مرۆڤگەلێکی ئاڵەزکاو بووین. کەمێک و هاریکاری و بەتەنگەوەهاتنی مرۆڤی خودان پێویستی و لەقەوماومان فەرامۆش کردبوو. ئەمە نەماندەزانی، هەموو مرۆڤایەتی گرەدراوی یەکدین. ئەمە دەبە جیهان بە جۆرەکی دیکە بینا بکەینەوە. جیهانێک بهێنینە گۆڕێ و دروست بکەینەوە، مۆشک و بیر و دەروونی مرۆڤ، لەسەر بنەما و بناخەی خۆشەویستی مرۆڤ و هاریکاری و

کەمک و نەهێشتنی جیاوازیی چینایەتی و ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی، بینا بکاتەوە، چون بۆ ئێوانە، بۆ مەشک و دڕوونی ئاسوودە و دروست و ئارام، لەشساغی نایەتە گۆڕێ.
جیهان بە دەبە دوای ڕەبەر و دارا و دەسەڵاتدارگەلێک بکەوێت، خەیان بخەنە پێش هەموو مرۆڤکانی دیکەوە و هەموو بڕژەوەند و ئارەزوو و خواستکانی خەیان، بۆ پێویست بزانن و وەپێش هەموو کەس و هەموو شتکی دیکەی بخەن! وەها ڕەبەرگەلێک دەبە نەمێنن و وەلانرێن. بۆ بڕەوووبوونەی هەر نەهامەتی و دەرد و پەتا و ئاریشەیەک، مرۆڤ، گەل، خەڵک پێویستیان بە شارەزا و زانای باوەڕپکراو هەیە، پێویستیان بە باوەڕبوون بە دەسەڵاتدارانێکی دەسز هەیە، دەسەڵاتدارگەلێک، هەرچەندە دڵگەمەنن، کە خەمی گەل و وڵات و مرۆڤایەتی دەخەن، وەاتەکانیش پێویستیان بە باوەڕبوون بە یەکدی هەیە. لە جیهاندا سەدان میلیۆن مرۆڤ هەن تەنانەت سەرەتاییترین، مەرجەکانی ژیانێکی شایستەی مرۆڤیان نییە، ئیدی لە ئاوی خواردنەوە بیگرە و بە نان و کوبەیەک بە تەدا ژیان و پشاک و هەموو پێویستییەکانی دیکەوە تا دڵگاتە خزمەتی تەندروستی و بژیشک و دەرمانیان نییە، کە هەموو ئێوانە دەبنە هەی مەترسی و دژواری، نە تەنە بە ئێوان، بەڵکە بە هەموو مرۆڤایەتی.
دەوڵەتەکان، نەتەوەکان، لەسەر ئەوە ڕاهاتوون، تەنە بیر لە لەشساغی لەنەو وڵات و خەڵکانی خەیاندا بکەنەوە، لە دابینکردنی چارەسەر و تەندروستیی باش بە هەر وڵاتێک چین، ئیتالیا، کووبا سەمال یا ئێران، بە قازانجی گەلانی فرانسا، ئەمەریکا، برازیل یا سوەدیش دڵگەڕێتەوە. تووشبوونی مرۆڤ بە کۆرۆنا یا هەر پەتایەکی دیکە، لە ئێران، چین، ئیتالیا یا سپانیا، هەڕەشەیەک نییە تەنە بە خەڵکی ئەو دەڤەرانە، بەڵکە بە هەموو یەکێک لە ئەمە لەم جیهاندا. هەموو مرۆڤایەتی لە سەر یەک تەپی زەوی دژین، ئاو و هەوا و خۆر و سروشت و ژینگە و خاک و ئێستا و داهاتوویان، گرەدراوی یەکدین و لە ژیان و مردندا هاوبەشن. هەموو مرۆڤایەتی بەرپرسە لە پاراستنی هەموو مرۆڤێک، هەموو تاکێک، هەموو ئاژەڵێک، هەموو درەختێک، لە هەموو وڵاتێک، لە هەموو جیهاندا. ڕەبەر و سەرکردەی توانا و لەهاتوو و خاوەن بڕیار بە کارەساتگەلێکی وەک کۆرۆنا لە جیهاندا پێویستن.
ئەمە، کە لەنەو ماەدا خەمان خەشارداوە، ئەگەر بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە نەیەین، وادەزانین لەبەر هەموو دەرگا و هەموو پەنجەرەیەک و لەژەر هەموو بەرد و تاوێرێک و لەبان هەموو دار و دەوەن و بنجک و تەختە و هەموو تۆکەڵ میوەیەک و لەبن هەموو دیوارێکدا، کۆرۆنا خەی مەڵاس داوە و زەرجاران وا بیر دەکەینەوە و

وامان بۆ خۆیادا دێت، کە ئەگەر دەرگا یا پەنجەرە یا هەر کونەکی ماڵەکەمان کراوە بێت، قایرەسی کەرەنا بە سەلام و چاک و خۆشە، خۆی وەژووردا دەکات، وەک چاوەڕوانی کردنەوەی دەرکە و پەنجەرە و دەلاقە و کون و کەلەبەر بێت بۆ هاتن بۆ نێو ماڵ.
ئەوەی ئێستا بەسەر مرۆڤایەتیدا تێدەپەڕێت، باجی هەڵسوکەوت و بەرخورد و نەوشتە نامرۆڤانەییەکانی نەژیم و دەسەڵاتکانی سەر گۆی زەویە. زادەی چاوچنۆکی و گەنهزرینی ئەوانەن، هەوساری جیهانیان بەدەستەوەیە و بۆ ئارەزووی خۆیان داژەن و مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر و لەبەینچوون دەبەن. ئێستا جیهانی سەرمایەداری زۆر ئاشکرا و بە شاردنەوە، لە زمانی سەرکردەکانیانەوە، باس لەوە دەکەن، کە چاوەڕوانی لەبەینچوونی70%ی خەڵکانی وڵاتەکانیانن و داوا لە خەڵک دەکەن، ئامادەی ئەوە بن، ماڵاوایی و خوداحافیزی، بۆ دواجار، لە خۆشەویستان و کەسە نزیکەکانیان بکەن، چونکە ئیدی نەنگە نەیانبینەنەوە! ئەو کەسە نزیکانە و ئەو خۆشەویستانەی ئەوان باسیان دەکەن، پیرەکانن، حەفتاساڵان و بانتر. ئەوانەن نەژەک لە نەژان هەموو کارا و پەهەز و گورجوگۆ، کاریان دەکرد و بەرهەمیان هەبوو و خشتیان دەخستە سەر خشت و ئەم جیهانەی ئەمڕۆیان دروست دەکرد.
جیهانی سەرمایەداری، ئەورووپا، ئەمەریکا و...نەژەی پیر لە وڵاتەکانیاندا 70% پێکدەهێنن و گەنجیان کەمترە. کەمتر زاوزێ دەکەن و منداڵیان کەمتر دەبێت. مرۆڤیان تەمەندرێژن و درەنگ دەمرن. هەشتا و نەوەت و سەت ساڵانیان فرەن و زۆر جاریش لە دەرەدەبینرێن و چالاکن و وەرزش دەکەن و دەژین. ئەو پیرانە، نزیکەی هەر هەموویان بە تەنێ دەژین. ئەگەر لە ماڵەکیشدا بە تەنێ نەژین، لە خانەی پیران هەریەکەو ژووری خۆی هەیە. نەژاوا و جیهانی سەرمایەداری، لەوێ تێدەگەن، کە ئەم هەموو پیرە، کار ناکەن، بەرهەمیان نییە، مووچەی خانەنشینی وەردەگرن، دەمیان هەیە و دەستیان نییە، پێویستیان بە دەرمان و کەمەکی لەشکی و مەسرەف و خۆراک و هەموو شتێکە و بە خۆیشیان توانستی دابینکردنی ئەو هەموو شتەیان نییە، ئیدی بوونی ئەمانە، لە چاوی سەرمایەداری و نەژاوای بە دە و بە بزەییەوە، زیادەیە و کەمبوونەوە و نەبوون و نەمانیان، سەرمایەداری و سەرمایەداران، بە قازانجی دادەنێن.
ئەو تێوانینە بە خەڵکانێکی بە بەرهەم و "دەمدار و بەدەست"، زادەی ئەم نەژگارە نییە، بەڵکە بنجوبناوانێکی لە بەڵک دید و هەزردا هەیە، کە لەمەڕێ لەنەو جڤاکی نەژاوادا هەن. هەزر یا تیۆریەکەی مالسەس لەمەڕ زانستی دانیشووانەوە، کە لە 1798دا، لەژێر ناونیشانی"گوتارێک لەمەڕ بنەما گشتییەکانی دانیشتووان"دا، باوی کردەوە، دەڵێ:" هەزی زیادبوونی دانیشتووان مەزنترە لە هەزی

زەوی لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا". مالسەس، پێوایە ژمارەی مرۆڤ هەر 25 ساڵ جارێک بگەڕێتەوە بۆ دوای یەکێک ئەندازەییدا(4-8-16-32-64-128…) زیاد دەکات، هەرچی بەرهەمی خۆراکە بە گوڕەی یەک بە دوای یەکی ژمارەییدا (10-20-30-40-50…) زیاد دەکات. مالسەس دەڵێت:"مادام مرۆڤ بەبێ خۆراک ناتوانێت بژی، ئەم دوو هێزە نایەکسانە لە گۆشەسەندندا، دەبێ هەندەک لێکگر بێتەوە. ئەمیان بە ئاوەزی وەک یەکیان لە بڕت، واتە: کەمکردنەوەی لێژەی زیادکردنی دانیشتووان، بە ئاوەزی لەگەڵ لێژەی بەرهەمهێنانی خۆراکدا هاوتا ببنەوە". بگۆڕەی مالسەس ئەم لێکگرییانەی، کە لێکگری لە زاوزێی خێزانەکان، هەم نەئینی و هەم ئاشکرا. هەکارە نەئینییەکان، لە شوونکەردن و ژنهێناندا بەهەی دەستکورتییەوە دەبینرێن، هەرچی هەکارە ئاشکراییەکانە لە پاش سەرنکەوتنی هەکارە نەئینییەکان دێن، کاتێک سروشت و مرۆڤ، بە نەخشی و برسیێتی و جەنگ، قە دەخانە نەو مرۆڤ، ئەو کاتە ئیدی هاوسەنگیی لەنێوان دانیشتووان و خۆراکی دەستەبەرکراودا لادەگیرێت. ئاوەزی مالسەس ئاماژەی پێ دەکات، لە مەلەڵانێکانی باکووری دەوەڵەند و باشووری هەژاری تێپەڕی زەویدا و لە سیاسەتی لێژیمە نازیست و فاشیست و سەرمایەداریێکاندا، هەمیشە بینراوە. هەموو ئەم لێژیمانە، قەکردن و کوژتنی بکەمەڵی گەلانیان، ئافراندووە و ئەنجام داوە. لە دوو جەنگی جیهانیدا و لە دژیان جەنگی کۆنیالیزمدا، دیوە دزێوەکێیان وەدەرکەوتووە.
کورتەی بیرکەیەک مالسەس دەریدەبڕێ دەڵێت:"ئەو مرۆڤەی کەسکی نییە بیژنێت و ناتوانێت لەنێو جڤاکدا کارکی دەستکەوێت، دەشبینێت لەسەر خاکەکەی خەیشیدا، چ بەشە خۆراکەکی چنگ ناکەوێت و نییە، ئیدی لەئەنجامدا، ئەو کەسکی زیادیە لەسەر خوانی سروشت، چون ئەو دەوریێکی نییە لەنێو دەوریێکاندا و بەو پێیەش سروشت فەرمانی پێدەدا زەمەن جێبهێڵێت".
کە زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ و کەمیی بەرهەم، بگاتە بارگرانی زەوی و تەحەممولنەکردنی (carrying capacity of land)، بە بڕچوونی مالسەس، ئیدی هۆشکە دگاتە قۆناخی چەی و تەقینەوەی دانیشتووان و بەو پێیەش هێڵێک دادە خۆراک بەشی دەمە برسیێکان ناکات و ئەوەش دەبێتە هەکاری دروستبوونی جەنگ لەپێناوی خۆراک و ئاودا، ئەوە لایەنە نەودەوڵەتی و جیهانیێکەی، هەرچی پەوەندداریشە بە یەک جڤاکەوە، لەنێو یەک جڤاکدا، دەبێتە هەی ماناوەی مرۆڤ بەهێز و تواناکان. ئیدی هەژاری و دەرد، بەاو دەبێتەوە و جەنگیش لەنێوان دەوڵەتاندا و هەژاری لەنێو یەک جڤاکدا دەبنە واقیع و ڕاستی.
مالسەس دەڵێت:"جڤاکی مرۆڤایەتی بەم جۆرە تەنە مەلەڵانێیە، ژیان بە

ئەوانە دەمێنێتەوە، باشترینن و سامان و دارایی لەم ململانێیەدا، تەنە خاتە بە ئازا و لێهاتووەکان". هەموو ئەو جێگرییانەی بەلای مالسەوە پەویستن گرێکە بکرێن یا بنە دی: برسیەتی، دەرد، جەنگ، هەموو ئەمانە لە وەاتانی دواکەوتوو و هەژار و گۆشنەسەندووەا ووەدەن و دەبنە هەی لەنێوبردنی بۆشک لە دانیشتووان، کە ئیدی هاوتایی و هاوسەنگیی بە دانیشتووان و چەندیەتی خراک دگۆڕێتەوە، دیارە بە دەسەاتداران و دارایانی ئەو وەاتانە، نەک هەموو مرۆڤکان. جێگرییە خۆپارێزی و ئارەزووەندییەکان، ژنومردایەتی نەکردن یا دواخستنی، ئەمە لە وەاتانی پیشسازییە پشکەوتووەکاندا باوە، کە لە کۆتاییدا هاوسەنگییەک لەنێوان ژمارەی دانیشتووان و چەندیەتی خراکدا دێتە گۆڕێ.

مالسەس، گۆڕان و گۆشکردنی دەزینەوە و داهێنانە زانستییە نوێیەکان و ئاستە هونرییەکانی، کە بووەتە هەی زیادبوونی بەرهەم بە جۆرێکی زەر، لەبەرچاو نەگرتووە. هەروەها بەاوبووەوەی زانیاری و ئاگایی فەرهەنگی، کە بووەتە هەی کەمبووەوەی زاوزێ، نەک بەهەی ژنومردایەتی نەکردن، یا دواخستنی، بەڵکە بەهەی بەکارهێنانی ئامرازی زانستیی نوێ بە جێگریکردن لە منداڵبوونی، لەبەرچاو نەگرتووە. ئێستا جۆڕی زیادەی خراک گەلێک لە جۆڕی زیادبوونی دانیشتووان زیاترە، بە تایبەت لە گەلێک لە وەاتانی پیشسازییدا، مالسەس ئاوێشی لەبەرچاو نەگرتووە. مالسەس، نادادی و ناهاسەنگی و ناهاوتایی، لە دابەشکردنی خراکدا، لەنێوان وەاتانی دەوڵەمەندی باکووری زەوی و وەاتانی هەژاری باشووری زەوی، کە کەمینە بەشی زەرینە دەخوات، لەبەرچاو نەگرتووە. لەگەڵ هەموو کەماسییەکدا لە تیەرییەکانی مالسەسدا، ئەم تیەرییەی بوو بە بنەمایەک و تیەری (چەبوون و گۆشکردن/Theory of Evolution/ نظرية النشوء والإرتقاء)ی چارەس داروین و تیەری (مانەوای تواناکان/بەهەزەکان/Theory of survival of the fittest/ البقاء للأصلح)ی فرەدریک نیچە (Friedrich Nietzsche)ی بەرهەم هێنا، کە بوون بە سرووشبەخشی نازیزم و فاشیزم و کۆنیالیزم و کەپیتالیزم و نیولیبرالیزم.

سەرمایەداریی، کە ئیدی گەیشتووەتە قۆناخی ئیمپریالیزم و هیچ دەرفەت و بوارێکی بە باشووری هەژاری گای زەوی نەهێشتووەتەوە و تەواوی 50%ی سامان و ئابووری جیهان، ئەگەر لەو جۆڕیەش زیاتر نەبێت، بە دەست 1%ی جیهانەوەیە، کە دارا و سەرمایەدارانی وەاتانی باکووری گای زەوین. ئێستا ژمارەی میلیەنەرانی جیهان 36 میلیەن میلیەنەرن و لە ساەی 2022دا دەبنە 44 میلیەن میلیەنەر. ئێستا

15،3 میلیۆن میلیۆنێر لە ئەمەریکا(USA) و2،7 میلیۆن میلیۆنێر لە ژاپۆن و 2،2 میلیۆن میلیۆنێر لە بریتانیا(UK) و 1،9 میلیۆن میلیۆنێر لە چین هەن . وەکو سەرمایەداری و سەرمایەداران، ئابووریان، سامانیان بە بڕەمەهەنانی میلیۆنان شتی بەکەڵک و ناپێویست و زیادە هەیە. ئابووری و سامانیان بە بڕەمەهەنانی فڕە و بە کەمەڵ و لە یەک کاتا میلیۆنان جۆر و ڕەنگ و میلیاران تۆن و دانە(Massproduktion)ی لە دروست دەکەن، کە تەنە بازاڕی پێدەکەنوە و گیرفانی خەڵکی پێ بەتاڵ دەکەنوە هەیە. ئابووری و سامانیان بە دروستکردنی چەک، ئەتۆم، بۆمب، تانک، فڕۆکە، گازی ژاراوی، هەزاران جۆرە تفەنگ و دەمانچە و چەکی لیزەری و بۆزمی دیکە، کە بیلیۆنان دۆلاری تێدچێ هەیە. ئابووری و سامانیان بە دەسەڵاتداری تووەهات و جڤینی بە نرخ و بە بایەخ و ئاهەنگی ناپەسەند و کەشک و تۆلاری ڕازاوە و پۆشاکی گرانبەها و وەرزشکار و فووتبۆلیست و هەزاران جۆری ئەلکحوول و سیگار و خشە و زۆ و سەدان هەزار شتی دیکە هەیە، لە ئێستا بە مرۆڤ، بە لەشساغی، بە خۆپاراستن، بە هۆشیار و نەدار و برسی و ڕووت و بێماڵ و پەنابەر و هەڵاتوو و لەقەوماو و دەردار، نییە. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات، پیادەکردنی جۆرێکە لەو تیۆری و هەزر و سیاستانەی، کە بە کەمکردنەوەی دانیشتووانە هەژار و نەدارەکەی سەر زەوی، خۆشگوزەرانی بە داراکانی سەر زەوی دەستەبەر بکرێ، ئەویش بە سازکردنی جەنگ و پەرەپێدانی هەژاری و دروستکردنی دەرد و نەخۆشی و پشتگوێخستنی ژیانی مرۆڤکانی دەرەی بازنەی سەرمایە و یانەی سەرمایەداران.
تازەکی لەگەڵ(سوعاد)ی خەزانمدا لە ساڵانی 1980دا هاتبوونە سوێد. زینەت شاکەلی، خەزانێکەمەی فەرهادی بەرام، کە باسی نەخۆشخانەکانی سوێدی دەکرد، دەیگوت: هەندێ پاک و خاوێنن، ئاگەر خەراک، چێشت هەروا ڕەبکرێتە سەر زەوی نەو نەخۆشخانەکە، نەو ژوورەکانی، ئاڵوگۆکانی، مرۆڤ دەتوانێت دانیشی و بە کۆچک و چنگال خەراکەکە بخوات. مەبەستی لەو بوو، کە بەتام پاکە. دواتر تووشی نەخۆشخانە و نەشتەرگەری هاتم و دیتم ئەلحەقی ئەو قسەیە ڕاست و دروستە و وایە. ئیدی دوای ئەم هەموو ساڵەی لەم وڵاتەم بەم ڕووەوە، کە هەندێ گرنگیی بە پاک و خاوێنی و گەڵینی چرچڕ و پەتوو و باڵیف و جگە و دەسماڵ و دەستوانە و لیوانی ئاوخواردنەوە و دەفر و سابوون و خواردن و قاوە و چای و فنجانی قاوە و دەسکی دەرگا و پەردە و پۆشاک و تابڵێی نەو ژوورەکان و تەختەی خۆتنەکە و...دیان وردە شتی تر دەدرێن، هەندە گرنگیی بە نەخۆشی و نەخۆشەکە نادرێ. هەندێ پارێزوپووە بە ئەو وردە شتانە

بەفیە دەدرێ، هەندێ پارێ بە بژیشک و پەرستار و نەخۆش و نەخۆشی خەرج ناکرێت. هاوڕێم کاک حەکیمی کاکەوەیس(یادی بەخێر و ڕەحمی شاد)، یەک دانە ساڵ و نیو هەنایان و بردیان دوای ئەوە توانیان نەخۆشیەکەی دەستنیشان بکەن، ئەویش کەی، دوو مانگ پێش ماڵاوایی لە ژیان! سوێدیەکان، هەندێ بکاوخۆ کار دەکەن، گەلێ جار، نەخۆشیەکە تەشەنە دەکات و کار لەکار دەترازێت. ساڵانی 1980 لەگەڵ ئێستادا دنیایەک جیاوازیی هەیە. ئەودەم سیاسەتی ماڵی گەل و بیمەی لەشساغی و کەمەڵایەتی و جۆرێک لە هەرەوەزی و سۆسیالیزم لە گەڕدا بوو و نەخۆشخانەکان و بژیشکەکان، سەر بە دەوڵەت بوون، ئێستا زۆرێک لە نەخۆشخانەکان فرۆشراون و بوون بە تایبەت و سەر بە کەرتی تایبەتن. ئێستا دەوڵەت دەستبەرداری بەشی زۆری نەخۆشخانە و خوێندنگەکان بووە و کەرتی تایبەت بوون بە خاوەنیان.
لەم دابارینی کەرەنایەدا، سیاسەتێکی هەندێ نەرم و لاستیکیانە پەیڕەو دەکەن، مرۆڤ وەک دەکات. چین، ئێران، ئیتالیا، سپانیا، ئەڵمانیا و...کەمەڵێک وڵاتن، تووشی ئەم پەتایە بوون. چین هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانی دەردەکەوە، لەبەر ئەوەی حوکوومەت و دەسەڵات و مەرکەزییەت هەیە، توانیی تا ڕادەیەک ڕێگە لە بڵاوبوونەوەیەکی خەڵەرای دەردەکە بگرێت. شارێکی گەورەی 11 میلیۆنیی وەک ووهان(Wuhan)ی کەرەنتینە کرد و لە جیهان دایبڕی و هاتووچۆ و بازاڕ و زانستگۆ و خوێندن و کارگۆ و کارگەی و هەرچی شتی دیکەیە لە وڵاتدا داخست و بەوە توانیی ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە بگرێ. ئیتالیا و ئەڵمانیا و سپانیا، چونکە سەر بە فەرهەنگێکی ترن، نەیانتوانی وەها کارێک بکەن، بۆیە تەشەنەی کرد. سوێد، لە دەسپێکدا خۆی لە پەتاکە نەبان کرد و بیریان لەوە دەکردەوە، پەتاکە پتر بڵاوببێتەوە، بە ئەوەی ببێتە نەخۆشیی کەمەڵ(گەلەدەرد) و هەموو جڤاک بیگرێتەوە بە دیتنی ئەمان، کە وای لێهات، ئەودەمی زەرینەی خەڵک بەرگریی لێش پەیدا دەکەن و لەیەکدیەوە تووش نابن و لەو نەخۆشیی کەمەڵ و گەلەدەردەوە دەگەڕێت و حاڵەتی بەرگریی کەمەڵ(گەلەبەرگریی) دێتە گۆڕێ . دەرکەوت ئەمە فشەیەکی گەورەیە. خەبوونەوەی 500 کەسیان پێش حەفتەیەک قەدەغە کرد، لە خەبوونەوەی 499 کەس ڕێگەپێدراو بوو. ئەمڕۆ خەبوونەوەی 50 کەسیان قەدەغە کرد و خەبوونەوەی 49 کەسیان ڕێگە پێداوە! ئەمە مەگەر تەنە کەسێکی کەمئاوەز و دەروون ئاڵۆز بتوانێت لەی تێبگات! سوێد هێشتا لەوە تێنەگەیشتووە، هاتنی ئڕپ پەتایەک هێنگیرسانی جەنگێکی جیهانییە، هێشتا ناتوانێت هاتوچۆ، گەشت، بازاڕ، خوێندنگە، فڕۆکەخانە و...داببات. ئازدی دەداتە ئەو جگە و خێڵکەکان، بە خۆیان بیار بدەن. مرۆڤ کاتێک ئەمە دەبینێت، وەک ئەوە وایە، بەمباران

و جەنگ و زرمەی تەپ و تانک و فڕۆکە و هەرشی لەشکرێ و خەڵکەکی نەزان و منداڵ و لاو، هەتا دەکەن و خۆ دەدەنە بەر تەقە و لە تانک و سەربازەکانی دوژم نزیک دەکەونەوە و دەستەتیش یا گورەکان تەماشایان دەکەن و دەڵێن: ئەوان بۆ خۆیان ئازادن و بۆ خۆیان بۆیار لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی خۆیان دەدەن و بۆ خۆیان هەڵبژاردەی خۆیان دەکەن. لە وەها هەوشکدا دەبێ ئەو ئازادی و هەڵبژاردنە پشتگوێ بخرێن و ژیان و خۆپاراستن و سەلامەتی بە تەبزی بەسەر ئەو مرۆڤانەدا بسەپێندرێت، لە ئەمە هەرگیز سوودیەک تێناگات! سوود، بۆ هەموو دەوڵەمەندی و سامانەی هەیەتی و بۆ هەموو باجەی، کەمپانیا و کارگەکان و لە هەموو تاکەکی سودی وەریدەگرێت، کە 30% داهاتی هەموو وڵاتی و دانیشتوویەکی سودە، بۆ خانەنشینکراوەکانیشەوە، کە داهاتەکی گەلەک کەم وەردەگرن، هاواری ئەوەی لە هەساوە، کە جەگە بۆ تووشبووانی کەرەنا لە نەخشخانەکاندا نییە. ئامۆژگاریی نەخش دەکەن، لە ماوەو دانیشی و خەی کەرەنتین بکات، نەک هەر پیر، بۆ گەنجانیش شتەک ناکەن. ئەگەر تەماشایەکی نەخشخانەکانی سوود بکەیت، دەبینیت حەفت دانە نەخشخانە تا بەڕی مەزنی تەدایە، هەریەکەیان چمانی شارەکە، دوای ئەوانە دوانزدە دانەی دیکەیان هەن، کە کەمەک لەوانە گچکەترن و دوای ئەوانەش شەش دانەی دیکەیان هەن، کە کەمەک لەوانە گچکەترن. هەر یەک دانە لەو بیستوپێنج نەخشخانانە دەشتەکی داگیرکردووە و هەریەکەو سەدان هاوو ژوور و هەزاران دەسگە و ماشین و کارمەند و چووزانم چی تەدان و پشکەوتووترین ئامێریان لەبەردەستە، کەچی هاواری ئەوە دەکەن، چە بکەن و چۆن بەرەوووی ئەم پەتایە ببنەوە! سوودەک سەدان ساڵە، نە جەنگ، نە برسیەتی نە ئاوارەیی و هەژاتن و نەهامەتی نەدیوە، کەچی دەستەوستان دەوستە و ناتوانێت چارەسەری نەخشەکانی بکات و نەخشە و میکانیزمەک بۆ ووبەووبوونەوە و بەرگریکردن و هاگرتنی کەرەنا دانێت. هەشتا هەزار هەحمەت لە کوردستانەکی هەژار و کەمئەزموون و کەمئامەر و کەمدەسگە و کەم بژیشک، کە دەتوانێت بۆیار بدات و کار بکات و فریای نەخشەکانی بکەوێت و کەمەک بە هەمویان، بۆەی پۆستی پێیەتی، بە جیاوازیی بکات.

هەرچی بۆاوبوونەوەی پەتای کەرەنایە لە سوود، سودیەکان، لە دەسپێکدا کردیان بە هەرا، کەوا لە هەگەی یەک دوو ئەرانییەوە، کە لەئەرانەوە هاگەاونەوە، بۆاوبووەتەوە. ئەرانییەکان هەر ژمارەیەکی یەکجار کەمیان تووش کرد، ئەویش خەزان و ماڵی خۆیان بوون، لە بۆاوبوونەوەی پەتاکە بە شێوەیەکی بەربڵاو، لە لایەن ئەو سودیانەوە بوو، لە چیاکانی ئەلپ و ئیتالیا و نەمسا و فرانسا و

سپانیاوە گەلانەوە و کە بە گەشتیاری و ئابواردن و وەرزش بۆ ئەو دەڤەرانە دەیشتبووون، ئەوانیشی لەو وڵاتانە بووون و گەلانەوە، بەشکیان خەڵکە دەوڵەمەند و وەرزشکار و بەناوبانگانی سوێد بوون و هەر لە فڕۆکەکانی ئاا، کە پێیان دەهاتنەوە، خەڵکیان تووشی ئەو دەردە کردبوو تا دەگەیشتنەوە شار و گەڕەک و کەمپان و ماڵەکانی خۆیان، ئەو دیارییانەی دەبەشییەوە. سوێد هەرگیز باسی لەوانە نەکرد، چون بەجگە لەوەی لە چینە دەوڵەمەندەکان، لە ئەورووپاوە هاتبوونەوە و بۆ ئەمان، سوێدییەکان دیارە لەگەن هەموو ئەورووپاییانی دیکەش هەروایە، ناوهێنانی ئەورووپا بە خراپە یا نەخۆش، کارێکی نەکردەیە. ئەوەش گرێدراوی پاشخانە گەزپەرستییەکەیە، کە لەگەن ئەورووپاییان زۆر بە هووڕی دەبینرێت. سوێد لە هەمبەر ئەو هەموو تووشبووەی لەوانەوە تووش بوون، متمانەی نەکرد و خۆش خۆش باسی ئەرانەی دەهێنایە گۆڕێ. خەڵکێکی زۆر لە سوێد بەو پەتایە مردوون و بەشێکی زۆر لەوان، خەڵکە بیانییەکان. هەڵوێستێکی زۆر لە سەمالییەکانی دانیشتووی سوێد مردن. سوێدییەکان، دەسبەجێ، مردنی ئەو سەمالی بیانیانەی گەلانەوە بە ناڕەکوپێکی هەڵومەرجی ژیانیان و سەردانیکردن و هاتوچۆ و پەیوەند و تەکنەلۆژیای گەرمیان لەگەڵ یەکدیدا. سوێدییەکان باس لەوە ناکەن، کە زەرینەی بیانییەکان، لەبەر هەژاری و دەستکورتی و نەداری، زەرەڕ لە خزانەکان تەکنەلۆژیا و لەگەڵ یەکدیدا دەژین. باپیر و داپیر و کوڕ و کوڕزا، دەتوانن لەگەڵ یەکدیدا بژین، بەڵام سوێدییەکان هەریەکەو دایکم گوتەنی: وەک قازی کوێر، بە تەنە خۆی، دەژی و ماڵ و جگەی خۆی هەیە. سەرەڕای ئەوە، ئەو سەمالی و بیانیانەی دیکە، هەموو کاری دەڕە، کاری خزمەتگوزاری، بەقاڵی، خەراکفرۆشی، کارگەری چێشتخانە و قاوەخانە و مەیخانە و ئۆتۆبووس و شۆفێر و پاککردنەوە و ئاژاری و تاکسی و کاری نوماڵان و خزمەتی پیر و پەککەوتە و پیرخانە و زارۆکخانە و...زاری دیکەی لەو جۆرە دەکەن، کە ناچارن و هەر دەبە بەنە دەڕە، بە پەیداکردنی پووڵێک و پارووێک نان، چون ئەو کارانەی ئەوان لە ماڵەوە ناکرێت، وەک ئەوەی بە زرینەیەک لە سوێدییەکان دەڵەن. ئیدی بە چوونە دەرەوەیشیان، ئەو بیانیانە و لەنوێشیاندا سەمالییەکان، لەبەر ئەو تەکنەلۆژییەیان و خزمەتکردن و گەیاندن بە خەڵکانی جیاواز، بە هەی کارەکانیانەوە، ئیدی تووشبوونیان بەو پەتایە، لە خەڵکی دیکە، ئاسانتر و خراتر دەبێت. نزیکەی زۆرترینی سوێدییەکان، کە نشتەجێی شارانیشن، لە دەرەی شارەکان، لە دەشت، کەنار زۆریا و هووبارەکان، نزیک بە جەنگەڵەکان، خانووی تایبەتی هاوینە و جێی وچان و پشوودان و ئیسراحەتیان هەن، کە لە شەڕانێکی وەک ئەمەی ئێستادا، سواری

ماشێنکانیان دەبن دەچنە ئاو جێگایانەی، کە ئیدی دەرد و بەڵایان پێ ناگات. جیاوازیی چینایەتی، ئەگەر تاکە هەکار نەبێت بێ دەرد و بەڵا و پێتاو و نەگبەتی و بەدبەختی و کێشەکانی جڤاک و مرۆڤ، ئەوا هەکارێکی هەرەگرنگ و سەرەکیترین هەکارە.
مرۆڤ ناتوانێت بەشێت ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە دروستکراوە، لە بەدەوکاریەکی لەم جۆرە، لە سروشت و بیرکردنەوەی ئیمپریالیزم و نوولیبرالیزمەوە دوور نیە. تەواوی ئەوەی هاوو دەدات، شۆرعییەتی سەرمایەداری و ئەم جۆرە هێژیمانەی چارەنووسی تەپی زەوی و گەردوون و مرۆڤایەتییان بەدەستەوە، دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئایا ئیدی کاتی ئەوە نەهاتووە مرۆڤ بیر لە جۆرێکی دیکەی بەرهەمهێنان و سنووداركردنی بەرهەمهێنانی ناپۆیست و هێڵی پتری دەوڵەت لە ئابووریدا بکاتەوە! ئایا کاتی تووهەڵدانی سیستمی سەرمایەداری بە هەموو گەمارۆ و قەیژی و نامرۆڤایەتیەکانیەوە نەهاتووە و کاتی ئەوە نەهاتووە دەوڵەتی خێڵەک، دەوڵەتی جڤاک، دەوڵەتی سۆسیالیستی، مرۆڤدۆست، ژینگەدۆست و خاوەنی ئابووریەکی نەخشە بە دانراو و ئاراستەکراو، بەتەگەرە و بێ مەرکەزیەتی تەدابیر! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، دیموکراتی و ئازادی، کە هێژاوا هەمیشە خستوونیە و دەیانخاتە پێش هەموو شتێکەوە، بخرێنە دوای نان و لەشساغی و تەندروستی ئاسایشەوە!

27-03-2020
ئەمجەد شاکەلی

کۆرکووکخەم – سیانزدە – ئەمجەد شاکەلی

ئەگەر لەنەو تەلەڤزیۆنە کوردیەکاندا، یەک دانە وەک باشترین و کارامەترین و چالاکترین و هێکوپێکترین و بێک ترینی دیکەش هەبێژردرێت، پێم وایە تەلیڤزیۆنی هاوداو ئەو دانیایە. وەک بە خۆیشیان زۆر جاران دەڵێن "یەکەمی بە باکاوەر". ئەمەی دەیەم هێکلام نیە بە هاوداو، بەڵکە ڕاستیەکە و زۆرێک لە شارەزایانی بواری میدیا ددانی پێدا دەنێن، لە ئەمە بە هیچ شێوەیەک ناکاتە بە عەیبی

و بە خۆشی و نەبوونی کەماسی لەکن ووداو. ووداو، وشەکلامێکی یەکجار فرە و بەردەوام و وەسکەر بە کاڵا و خۆراک و بڕەمی تورکی، ئیدی لە ئاتوونسا و برنج و مۆبیلە و ناوماڵ و پۆشاک و شیر و سەدان شتی دیکەوە تا دگاتە پۆخشکردنەوەی ئاستوخێی گوتار و چالاکییەکانی سیاسەتکاران و بازرگانان و پشانگە و شوێنە گشتیارییەکان و فیلم و شتگەلی دیکەی تورکیا، دەکات. دیارە نەک هەر ئەستا، بەڵکە تەنانەت لەو دەمەشدا، کە تەواوی خەڵکی کوردستان باسی لە بایکۆتی کاڵا و شتومەکی تورکیی دەکرد.
ئەو مەشک پەکردنەی مرۆڤی کورد، لە لایەن ووداو و گەلە تەلەڤزیۆنی دیکەی کوردییەوە، لە تورکیا و تورکی و تورکایەتی و شتگەلی دیکەی پەیوەنددار بەو ناو و وشانەوە، کاریگەرییەکی یەکجار نەئینی و خراپی لەسەر مرۆڤی کورد، بەتایبەت نەوەی نوێ و خەڵکانێکی ئاڵا و بەهێز دەبەت. ئەو وشەکلامانە گۆڕکردنەوەی تورکیا و تورک و بچووککردنەوەی کوردستان و مرۆڤی کوردە.

ماوەیەکە ژانە چەندین جار وشەکلامێک لە ووداوەوە پخش دکرێت، کە گوتە لەسی دەبە لات وایە یەکێک لە شتە هەرگۆڕکان یا گۆڕترین شت لە مژووی کورددا، ووێداوە یا ووددات! دەنگێکی پاک و ووون و پەهێز مژدەیەک ئادگەیەنێت، بە خەڵک، نەک هەموو خەڵکێک، خەڵکێکی تایبەت، بە دانیشتووانی شاری کەرکووک، وەک ئەوەی هیچ هەما و شوناوارێکی عەرەبانەن لە کەرکووک نەمابەت و تەواوی عەرەبی هاوردە گەلابتنەوە، وەک ئەوەی مزگەنی زگاربوونی کەرکووک و تەکەبوونی بە هەرەمی کوردستان ئابگەیەنێت، وەک ئەوەی کەرکووک و تەواوی ئەو دەڤەرانەی نەهاتوونەوە سەر هەرەم، گەنەرابتنەوە، وەک ئەوەی لە زاخەوە تا زرباتیێ و بەدرێ و جەسسان، واتە تەواوی باشووری کوردستان، ئازاد کرابەت و ئیدی گەلی باشووری کوردستان خاونی تەواوی خاکی خێیەتی، مژدەکە وا دەتە بەرگوێ! کەچی ئەو مژدەیە بە کەرکووکییان، مژدەی چای، کیسەیەکی چای بەنداری وشەنگ بەرێ، کە کابرای مژدەدەر بە "چای معطر كيس رصاصي" وشەکلامەکەی بە دکات و مژدەکەی بەو هەموو هەز و وزەیەوە بە دانیشتووانی کەرکووک دگەیەنێت، وەک ئەوەی کەرکووکییان پەرووشی ئەو مژدەیان و بەو مژدەیە ئیدی تەواوی کەشکانی پتر لە سەد ساڵیان چارسەر دەبن. ئەو ستەیەی "چای معطر كيس رصاصي"یە و بەو دربینە عەرەبییە توند و خستە، بە جەرەک دەتە بگوێ و بەرچاو، هیچ وشەیەکی کوردی بە چای معطر كيس رصاصي نەبەت!
2020-02-27

خەرگەلەک، جڤاکی کوردستان بنکەی دەکەن … چوارەم … ئەمجەد شاکەلی

باشووری کوردستان، زەرینەی هەای خەکەکی، جڤاکەکی، بەجگە لەوانی حیزب و دەسەات و نانخەری سەر خوانی ئەوان، لە هەوشکی ئابووری پە لە نایەکسانی و نادادیدا دەژین. نایەکسانی ئابووری، بەرهەم و دەستکردی، ئابووری بازاە و ئابووری ئازاد و کەرتی تایبەت و سەرمایەداریە.

چوارەم …
ئەمجەد شاکەلی

-کەرتی تایبەت-

ئەو بەشی باشووری کوردستان، کە پی دەگوترە هەرەم، تا سای 1991، لە هەموو هوویەکەو، بەشەک بوو لە عیراق و تەواوی قانوونکانی عیراقی تەدا پەی دەکران. دیارە ئەستاش هەر بەشکە لە عیراق، لە بەک جیاوازیی لەنەوان ئەو هەرەمە و عیراقدا هەیە، چون هەرەم، لە هەندک بواردا، جەرک سەربەخۆیی هەیە. ئەوی من مەبەستمە بیەم، بواری ئابووریە. ئابووریی عیراق و کوردستانیش ئەمە، لەسەر بنەمای "ئابووریی ئازاد، ئابووریی بازاە، بازای ئازاد"، دامەزراوە و ئەوی بە کراوە بە بناخی ئابووری. ئابووریی بازاە، لە هەموو جیهاندا پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستە و پشت دەکاتە کەرتی گشتی. وەها ئابووریەک، دەکاتە: سەرمایەداری.
کەرتی تایبەت، پەچەوانی کەرتی گشتیە. کەمپانیا، ئیدی گەورە یا گچکە، لە کەرتی تایبەتدا، کەسکی تایبەت، خەزانیک، یا چەند کەسانکی تایبەت، یا چەند خەزانک، خاوەنداریەتی دەکەن، لە لە کەرتی گشتیدا، دەوەت، کارگەییە گشتیەکان، ئوستانداری یا شارداری، خاوەنداریەتی دەکەن. وەک نموونە، لە سوەد کەمپانیاکانی ئیکییا(Ikea)، ڤۆڤۆ (Volvo)، هەئەم (H&M) و کەمپانیا گچکە

ئاسایی‌کان، هەموو کارتی تایبەت خاوەنیانن. کۆمپانیای وزە(ئەلەکتریک) و تاقگەکان، دوو کۆمپانیان، سەدلەسەد سەربە کارتی گشتین و لەلایەن دەوڵەتی سودەوە خاوەندارێتی دەکرێن. کۆمپانیای دیکەش هەن، وەک کۆمپانیای خانووبەرە، لەلایەن هەموو شارەداریەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێن، ئەوانەش هەر سەر بە کارتی گشتین. کارتی تایبەت، بگرە‌ی پێناسەکەی، هی کەسانکی تایبەت یا خزانگەلێک یا کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلکی پێکهاتوو لە کەسانکی قازانجخواز، کە لە چوارچێوەیەکدا خەدبنەوە، هەموو ئامانە وەدووی دەسکەوتی ئابووری و قازانجدا وەڕن. هەندە جار لەنەوان کارتی گشتی و کارتی تایبەتدا، کارتکی دیکە هەیە، کارتی سێیەمی پێ دەگوترێ، یا کارتی خەرخوازی و کاری جڤاکی و کاری هەرەوزی و خانەی هزر و ئەو جڕانە، کە نە هی دەوڵەتن و نە هی کەسی تایبەت، بەڵکە خەڵکانێک پێکەوە خاوەندارێتی دەکەن، هەندە وەدووی قازانجەوە نین. ئەو جڕە کۆمپانیانەی کارتی سێیەم، هەندە جار دەخرێنە خانەی ڕێکخراوێل و کۆمپانیایێلی ناحوکوومەتییەوە، کە(NGO)یشیان پێ دەگوترێن.

سەرمایەداری، بە دابەشکردنکی نادادوەرانە و پشتگوێخستنی زەرینەی نەداران و پشتبەستن بە چینە باڵا دەستێیشتوو و گیرفانپڕکان و دەسەڵاتەوە، گرەدراوە. سەرمایەداری پامایی بازاڕ دەکات و ئەوێیشی ئەو پامانە و داگیرکاریێە دەکات، کەمینێیکی نەو جڤاک و وەڵاتە، کە تەنانەت حوکوومەتیش دەگرێتەوە و وەها حوکوومەتکیش دەبەتە حوکوومەتی کەمینە، کە لە بازاڕی سیاسەتدا، حوکوومەتی ئەلیگارکی (Oligarchy) پێ دەگوترێ. وەها حوکوومەت و دەسەڵاتک، خەڵکانک دەستی بەسەردا دەگرن، کە: پایەی باڵای چینایەتییان هەبەت، وەک ئەوەی سەربە چینکی ئەریستەکرات و ناسراو بن، ساماندار و دارا بن، ڕایەڵ و پەوەندکی خزانی تونددۆڵ و خزمایەتی و خوێن لەنەوانیاندا هەبەت، خوێندەواری بەرز و خاوەن بەوانامەی باڵا بن، خاوەنی کۆمپانیای مەزن و سەرمایە بن، ڕووەتکی ئایینی بن و دەسەڵاتکی ئایینییان هەبەت، پلەوپایێکی سیاسییان هەبەت، خاوەنی هێزی چەکدار بن یا خەڵکیان، ئیدی بە هەر هێکەوە، وەدووکەوتبن. ئەو جڕە خەڵکانە، کە کەمینەشن، هەم پامایی بازاڕ(ئابووری) و هەم پامایی دەسەڵات (سیاسەت) دەکەن، ئیدی بەو دووە، کە لفانی یەکدین، گەل، وەڵات، زەرینەی ڕەهای خەڵک و هەرچی بوارکی ژیانە، دەیخەنە بندەستی خیانەوە. وەها هەژموون و دەسەڵاتک، هەندە جار لەنەو خزانکاندا، وەک بەماویی، نەوە لە دوای نەوە دەمێنێتەوە و گەلە جاریش، بەماویی، مەرج نییە بە

گەیشتن و بوون و پاراستنی وەها دەسەڵاتێک!

سیستمی سیاسی و ئابووریی سەرمایەداری، خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی و پێشەسازی، دەداتە دەست تاک و کەمپانیا تایبەتەکان، کە تەنیا ئامانجیان قازانج و هیچ دیکەی بەرفەتێک بە حوکوومەت ناهێڵرێتەوە و بنەما و پایەکانی ئەو ئابووریە، مۆکیەتی تایبەت، کڕینکردنی سەرمایە، هێڵەکانی قازانج و بازاڕی کابەریە. بەشایی نەوان مۆکدار و مۆکنەدار، دارا و نەداران، بە هەی دابەشکردنی ناهەواڵی داهاتوو، هەمیشە فراوانتر دەبێت. سەرمایەداری مافی تاکی بە گرنگە، کە دەتوانێ هەبژێری، کاڵا، ماددە، خوەندنگە، نەخۆشخانە، ئۆتۆمبیل، شەمەندەفەر، خواردنگە، قاوەخانە، مەیخانە، جل و پۆشاک، خواردنەوە، جگەرە، گۆشت، ئامێر، تەکنەلۆگی، بازاڕ و فرۆشگە و هەزاران شتی دیکە هەبژێرێ، لە کێن ئەوانەی هەدەبژێرن؟ باشترینی ئەو کاڵا و خزمەتانە، ئەو تاکانە هەیاندەبژێرن، کە دەستەیشتوو و گیرفانپڕن و خاوەن پارەوپوون، هەژاران توانستی هەبژاردنیان نییە و هەمیشە لەو هەبژاردنانەدا مایەپووچ و بەبەش دەبن و هیچیان دەستناکەوێت. سەرمایەداران دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان کاریگەر بن لە بەیاردان بەسەر نرخ و بازاڕدا و لەبەر دەستەکەکردنیان لەگەڵ دەسەاتدا، یا لەبەر ئەوەی ئەوان خۆیان دەسەاتن و دەسەاتیش ئەوانە، چ هەگریەکیان لە ناکرێ، تەنانەت ئەگەر بەیارکان بە زیانی زۆرینەی خەڵک و وەاتییانیش بگەڕنەوە، کە لە ئاستیشدا هەر بەو جۆرێ. سەرمایەداران، تەنانەت کەونکەمنیستکانیانیش، کە ئیدی بوون بە سەرمایەدار و کە شارەزایی و پسپۆرییەکی باشیان لە ئابووری بازاڕ و کابەری بازاڕ و نەونەتەوییەدا هەیە، تەنانەت ئەو کەمنیستانەشیان، هەرگیز وەڕدانیان نابزوێ و تێرکردنی زگەکی برسی و پشتەکردنەوەی هەووتەکی سەرمابردەی و تیمارکردنی نەخۆشەکی گیرفانبڕتاڵ، بەخۆکردن و گرتنەخەی زارەکەکی بە سەرپەرشت، بەبێ بەرانبەر و مفت، بە دواکەوتوویی و بەمەشکی و لەدەستدانی ئاوەز، دەزانن.

ئەوەی سەرێ، کە تا هێنووکە گوترا، هەک ئەو هەوش و واقیعەیە، کە لە کوردستاندا پیادە دەکرێ.
ئەمە لە کوردستان، تەندروستی، نەخۆشخانە، دەرمان و هەموو ئەو شتانەی بەندن بەو بوارەوە، بە زۆریی کەوتوونەتە بندەستی کەرتی تایبەت. سەدان نەخۆشخانەی گەورەی بواری جیاواز، سەدان تاقیگە و دەرمانخانە و کارگەی دەرمانسازی، هی سەرمایەداران و لێنویشیاندا

بڕپرسانی حیزب و دەسەڵات، کە ئەوانیش هەر سەرمایەدارن. بژیشک، کە لە نەخۆشخانەی دەوڵەتیدا کار دەکات، دوای یەک دوو ساڵێک لەوەی خوێندن تەواو دەکات و پسپۆریی لە بەشێکی تەندروستیدا وەردەگرێ، ئیدی دەتوانێت خاوەنی کلینیکی خۆی بێت و کارەکەی لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکەشدا هەر هەبێت و مووچەی ئەویش وەرگرێت. لە سوید، بژیشک ئەگەر لە نەخۆشخانەی دەوڵەتیدا کاری کرد، ناتوانێت و بۆی نییە، کلینیکی خۆی هەبێت.

ئەو بژیشکەی کوردستان، کە خاوەنی کلینیکی خۆیەتی و لە نەخۆشخانەی گشتیی دەوڵەتدا کار دەکات، نەخۆشکانی، ئەگەر نەخۆشییەکیان هەبێت لەو بوار و بەشەیدا، کە کاکی بژیشک پسپۆریەتی، لە نەخۆشخانەگشتییەکە چارەسەریان ناکات و کلیاندەکات بە کلینیکەکەی خۆی، بەوەی بە پارە تیماریان بکات و دوو سێ کیلە دەرمانیان بە بنووسێت و بیانناردە بە ئەو دەرمانخانەیەیشی، کە هی خۆیەتی یا هاوبەشە لەگەڵ کەسێکدا تێیدا، بە کرینی دەرمان. ئەو نەخۆشخانە تایبەتانە، کە هی کەرتی تایبەتن، پارەی خەیاڵیی لە نەخۆش وەردەگرن بە چارەسەرییەکی تەنانەت گچکەیش.

لەو نەخۆشخانانەدا بە نەشتەرگەرییەک، باس لە چەندین هەزار دۆلار دەکرێ. ئێستا لە کوردستان، وەک بەشێکی بەشکە لە ئەمریکا، کە باس لە پارە دەکرێ، خەڵک بە دۆلار قسە دەکات، تەنە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەمریکادا ئەوێیە، لە کوردستان بە دۆلار، زمانی گەڵا و دەفتەر و بلەک بەکاردەهێنرێت. بڕپرسان و سەرمایەداران، کە ئەو هەموو بەڵایەیان بە خەڵکە هەژارەکە ساز کردووە، بە خێیان، بە چارەسەر و تیماری نەخۆشییەکانیان، دەچنە دەرێی وڵات. ژمارەی نەخۆشخانەی تایبەت لە باژێڕەکانی کوردستاندا، تا دێ لە زیادبووندایە. بەجگە لە بڕپرس و سەرمایەداری کوردستان، دێیان نەخۆشخانەی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان و دەرەکی، کە ئەوانیش هەر هی سەرمایەدارانی ئەو وڵاتانەن، لە کوردستان هەن. بە پارەی زەر و خەیاڵیی، سەرمایەداران لە هەگبەی بەختەوەر و ئەفیسی تایبەتەوە، گشتی بژیشکی و تیماری نەخۆش بە دەرێی کوردستان، بە تورکیا، ئێران، هیندوستان و ئەوروپا، هەکدەخەن.

شەل و کوێر و کەڕ و لاڵ و سەقەتکردنی نەخۆش، گەڵە جاران، لەو نەخۆشخانە تایبەتانەی کوردستاندا هەوددەن و کەس خۆی لە ناکات بە خاوەن. بژیشکی ئوردونی، ئێرانی، تورکیایی و شوێنانی دیکە، لە هەگبەی بەختەوەر و خەڵکانی دیکەوە دەهێرێنە کوردستان و بەسەر خەڵکی هەژار و بەڵەنگازی وڵاتەدا دەیانکەن بە جالینەس و

ئیبنولهەیسەم(إبن الهیثم) و ئیبنونەفیس(إبن النفیس) و ئەلکیندی(الکندي) و بە ماوەی چەند هەزەکی مانەویان لە کوردستان، هەندەی ساەکی وەساتی خەیان پارە خەدکەنەو و بە گیرفانی هەتەبزاوەو دەگەنەو مالی خەیان و ئەویشی هەناونی بە کوردستان، ئەویش لەو ئاهەنگی ەووتاندنەوەی هەژاراندا، پاروی چەوری خەی دەگلەنە. هاوردنی دەرمان، لە دەرە ەا، کە ئەویش بازرگانییەکە بیلیەنان دەلاری تەدا قازانج دەکرە، لەنەویاندا سەدان جەری خراپ و بەکەک و کاتبەسەرچوو و زیانبەخش هەن، کە لە هەموو قوژبنەکی ئەم دنیایەو، بە گوەدانە هیچ مەرجەک بەجگە لە قازانج، وەک ژار و دەرد، دەرخواردی نەخەشی کوردستان دەدرەن، تەواوی ئەمانە ەووتاندنەوەی خەکە هەژارەکە و کوشتنیان و هەئاوسانی گیرفانی سەرمایەدارانی کوردستانە.

بواری خوەندن و خوەندگە و زانستگە، بوارەکی دیکەی بازاڕی کەرتی تایبەتە. باژە و شارەکە نییە لە کوردستاندا، زانستگە و لەتەزانستگە و شتەکی لەو جەرەی تەدا نەبەت. دەیان زانستگەی بیانی، تورکی، لبنانی، ئەمەریکایی، ئینگلستانی، فرانسی و شوەنانی دیکە کراونەو و خوەندکار بە پارە تەیاندا دەخوەنەت. دیارە ئەو خوەندکارە بەچووە دەوەمەندانەی، لە زانستگە دەوەتییەکاندا بەهەی کەمیی نمرەو وەرناگیرەن، لە زانستگە تایبەتییەکاندا بە پارە جگەیان دەکرەتەو و دوای چەند ساەک، بە هەر شەویەک بەت، خوەندنی خەیان تەواو دەکەن و ەکاباری خوەندکارانی زانستگە دەوەتییەکان دەکەن و لەبەر ئەوەی لە بنەمادا بە خەیان بەچکە دەوەمەندن، بواری وەرگرتنی کار بە ئەوان نەک هەر ئاسانتەر، بەکە تا ەادەیەک مسگەریشە. تەنە زانستگەی تایبەت نییە، کە لە کوردستان پەرەی پە درابە و زەر بن، بەکە خوەندنگەی تایبەتیش هەموو ئەو وەاتەی تەنیوەتەو.

لە دایەنگە و باخچەی زارەکان و سەرەتاییەو تەیدایە تا دەگاتە ئامادەیی و دواتەر. ئەو خوەندنگە تایبەتانە و ئەو زانستگە تایبەتانە، بەجگە لەوەی دامەزراویلەکن بە قازانج و خەکردنەوەی پارە کراونەو، بەشەکیشیان، لە پەنای کارەکانیاندا، کاری مسیەنەری و بەاوکردنەوەی ئایینی عیسایی دەکەن و مەشکی زارەک و خوەندکاری کوردستان دەئەوروپایەنن و دەخەراوایەنن. خوەندن لەو خوەندنگە و زانستگە تایبەتانەدا، بە زمانی ئینگلیزییە، وەک بەی کوردستان بەشەک بەت لە وەاتانی کەمنوەس و بەشەک بەت لە ئەمەریکا، ئینگلستان یا ئەوسترالیا. خەزانی کورد وای لەهاتووە

شانازی بەوەو دەکات، کە منداڵەکەی وا لە خوێندنگەی سەرتایی، ناوەندی، ئامادەیی تایبەتەکاندا دەخوێنن، هەموو وانەکانی بە زمانی ئینگلیزیی و کوردی نازانە! ئەوانیشی منداڵیان لە زانستگە تایبەتەکاندا دەخوێنن، ئەوانیش گەلەکیان پێ باشە، لەو زانستگەیە زمانی خوێندن ئینگلیزییە! کورد، کە لە زمانەکەی زیاتر هیچی دیکەی نییە و تەنە زمانەکەیشیەتی لە تواندنەوە دەپارێزێ.

شاعیری عەرەب مەحموود دەرویش(محمود درویش)، لە شیعرێکیدا بە ناوی "کورد بەجگە لە با هیچی تری نییە"، دەڵێت:"سەبەری سەر ناسنامەکەی دەتەکێنێت: ناسنامەکەم زمانەکەمە. من..و من. من زمانەکەمم. من دوورخراوەی نێو زمانەکەمم" . کورد، دەبوو کوردینەزانین و کوردینەخوێندنی پێ شەرم بووایە. دەبوو تەواوی بابەتەکانی بە زمانی کوردی بخوێندایە و کە کوردییەکەی ڕەوانکرد، ئەودەمی لە زمانێ بیانییەکاندا، زمانی عەرەبی بە پلەی یەکەم، ئەوجا زمانی فارسی و ئەوجا زمانی تورکی خوێندبا و فێربووایە، چون ئەو سێ زمانە هەر سێ نەتەوە و چوار دەوڵەتن، دەوری کوردستانیان داوە و کوردستان و ئەو دەوڵەتانە لە یەک جیۆگرافیادا دەژین.

کوردستان نە لە ئەورووپایە، نە لە ئەفریقا و ئەمریکای سەروو و خواروو! بە گوێرەی هەندێک ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا و تەژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان 16 زانکۆ (زانستگە، ڕاستتر لە زانکۆ)ی حکوومەتی هەن، کە بەسەر شارەکانی کوردستاندا دابەش بوون، لە هەر بگوێرەی ئەو وەزارەتە، 19 زانستگە و لقەزانستگەی تایبەت و 14 پەیمانگەی تایبەت، کە دەبنە 33 زانستگە و پەیمانگەی کەرتی تایبەت و ئەهلی، لە شار و شارۆکانی هەرێمدا هەن. واتە ژمارەی زانستگە دەوڵەتی و حوکوومەتییەکان لە کوردستان لە نیوەی ژمارەی زانستگە و پەیمانگە تایبەت و ئەهلی و نادەوڵەتی و ناحوکوومەتییەکان، کە تەواویان هی کەرتی تایبەتن، کەمترن. تەکەای زانستگە و پەیمانگە دەوڵەتی و نادەوڵەتی و تایبەتەکان دەکەنە 49دانە. ئەوە تەنە زانستگە، خۆ ئەگەر تەماشایەکی ژمارەی دایەنگە، باخچەی زارۆکان، خوێندنگەی سەرتایی و ناوەندی و ئامادەیی بکەین، ئەوا سەیروسەمەرەی زیاتر دەبینین.

دانیشتووانی سوێد، سەرووی دە(10) میلیۆن کەسن و دوو هەندە و بەکیش زیاترن لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، کە بەک لە پێنج (5)میلیۆن زیاترن. بە گوێرەی ئامارەکان، لە سوێد 48 زانستگە و خوێندنگەی باڵا هەن و 36 لەوانە حوکوومەتین و سەر بە دەوڵەتن و

12یشیان نادەوەتین و سەربە کەرتی تایبەتن، لە کاتکدا ژمارەی زانستگە و پەیمانگە لە کوردستان زیاترن لە سوەد و ژمارەی زانستگە و پەیمانگەی تایبەت و نادەوەتی لە کوردستان دوو هەندەی ئەوانەی سوەدن. سوەد یەک هەزار ساڵ دەبەت وەک قەوارەیەک، وەک دەوەتەک، هەبووە. کوردستان نە دەوەت بووە نە ئێستاش دەوەتە. سیستمی سیاسی و ئابووریی لە سوەد، سەرمایەداریی، لە سەرمایەداریەکی مەرجدار و تایبەت بە سوەد خۆی. بە بەراورد لەتەک وەڵاتانی دیکەی ئەوروپا و ئەمەریکای سەرمایەداریدا، سوەد تا ڕادەیەک بەڵک بنەمای سەسیالیستی و دادپەروەری و یەکسانی تێدایە. کوردستان لاسایی سوەد و وەڵاتەن مانەندی ئەو ناکاتەوە، بەڵکە لاسایی ئەمەریکا دەکاتەوە!

لە وەڵاتەکی وەک ئینگلستان، کە وەک بنگەی سەرمایەداری و دیموکراتی و لیبرالیزم، سەیردەکرەت، لە وتارەکدا لە 12 فەبریوەری 2019دا، لە ڕۆژنامەی گاردیان(The Guardian)ی لەندەنیدا، خوەندنگە تایبەتییەکان بە "مەتەری نادادی" یا "بزوەنەری نادادی" ناو دەبات و پێیوایە، ئەو خوەندنگەیانە ،جیاوازیی لەنێوان خوەندکاراندا چێدەکەن و دەبنە کارگەی بەرهەمهێنانی ڕەبەر و کارگەڕ و میدیاکار و هونەرمەند و پەرلەمانتار و سیاسی و دادوەر و وەرزشکار و خزمەتگوزاری دەستێیشتوو و بوە، خوەندکارانی خوەندنگە دەوەتییەکان، پشتگوێ دەخرەن و دوا دەکەون. خوەندنگە تایبەتییەکان لە ئینگلستان 6%ی ژمارەی خوەندکارانی ئەو وەڵاتە فەردەکەن و بارهێنن، کە دەکەنە625000 شاگرد و بەسەر 2600 خوەندنگەدا دابەش دەبن. ئەوە لە ئینگلستان، خزمەتگوزارییەکی بەتەنگەوەهاتووی وەڵات و مرۆڤی ئەوە بەو جۆرە دەنەخشێنێ ئەو مژارە، لە لە کوردستانێ تا بیناقاقا لە گوندێیدا چێقیو و خنکاوەکەی لەمێ خەمان، هەرگیز باسەک لەو بابەتە نییە و هەرگیز کەس بەڵای ئەوەدا ناچێت، کە پلەوپایەی جڤاکی و دەسەڵات و هێزموونی مرۆڤەک، بەماوەیی سامان و دەوەمەندی، لە باوکودایک و باوانەوە دیاری دەکات و هەمیشە ئەو خەزانە دارایانە دەبنە خودانی دەسەڵات و هێزموون و پایە و خەزانە هێزارەکانیش وەک پاشکۆ دەمێننەوە .

بواری گوازتنەوە، یەکێکە لە کارساتاویترین بوارەکانی ژیان لە کوردستان، کە هەر هەمووی کەرتی تایبەت داگیری کردووە. هاتوچۆی نەو شارەکان، هاتوچۆی نەوان شارەکان و دەرەی شارەکان، هاتوچۆی دەرەی کوردستان، هەمووی کەرتی تایبەت ئەنجامی دەدات. ساڵانە زیاتر لە 100 هەزار ئەتەمبیل دەهاوردرێن بە هەرێمی کوردستان، بە ئەوەی یەک گەردیلە بیر لە ژینگە، شۆقام، ڕێگەوبان، ڕووداوی ناخۆش

و زیانی گیانی و ماددی بکرێتەوە. لەبری سەدان هەزار تاکسی و مینیبووس و ئۆتۆبانی کارتی تایبەت، کە بە هاتوچۆی خەڵک، لەسەر جادەکانن، دەشێ حوکوومەت، نزیک کارتی تایبەت، بە یەک لە سەدی1%ی ئۆتۆ ژمارەیە، ماشێنی گەورە، بووس، مینیبووس، ترام و هی دیکە، بخاتە بواری هاتوچۆی خەڵکەوە و ژمارەی ئۆتۆمبیل لەو وڵاتەدا بەهێندە سەر نیوە و چواریەک و ژیانی هەزاران خەڵک بپارێزرێ و ژینگەی پاکژتر بێت. دەگوترێ، کە تەنیا لە شاری هەولێردا نزیکەی یەک میلیۆن ماشێنی تایبەت هەن و ڕۆژانە بەسەر ئۆتۆ شەقامانەدا دەخولێنەوە، ئەوجا لەوە گەڕێ، کە چەندی هی حوکوومەت و چەند تاکسی و هی دیکەش هەن. دیارە لە باژێڕەکانی دیکەش حاڵ لەوە باشتر نییە.

بواری کشتوکاڵ لە کوردستان، دەکرێتە قوربانی بەرهەمی کشتوکاڵی وڵاتانی دەوروبەر. هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵیی تەنانەت ئاوانیشی لە کوردستان فرۆن، بازرگانان بە گوندانی ئەو هەر دەیانهێنن. زەوی کشتوکاڵ و کەڵگە دەکرێنە خانوو و دەفرۆشرێن. گوێ لە هەڵاند و کینیاوە، مریشک لە برازیلەوە، هەڵکە و ساوەر لە تورکیاوە، گۆشتی مەڕ لە نیوزیلاندەوە، ئانکوچۆغی دووراو لە چینەوە و لە هەموو دنیاوە، بازرگانانی کورد دەیانهێن، بە ئەوەی بیرێک لە وەرزەر و جووتیار و ئاژەڵدارانی کوردستان بکرێتەوە. پەستی ئاژەڵ، کە دەشێ دەیان شتی لە دروستبکرێ، دوای سەربڕینی ئاژەڵەکە و خواردنی گۆشتەکەی، فڕێدەدرێ! خوری مەڕ و مووی بزن، کە جاران دەسرەان و جاجم و خورج و کەاش و هەڵ و نەوو و فەرەنجی و کەڵەک و دەیان شتی دیکەیان لە دروستدەکران، ئێستا لە کوردستان دەسووتێنرێن! هەرچی کایە، تەنانەت ئەو کایانەیشی کوردستان بە خۆی بەرهەمی دەهێنێت، لە دەرەوە دەهاوردرێن. ئەوە هیچ لە تورکیا و ئێران و سووریا و عیراقەوە، لە چین و ئەڵمانیا و برازیل و ئەمریکا و نیوزیلاندەوە تا دەگاتە بنی دونیا بازاڕەکانی کوردستانیان لە پێ دەکرێن. تەواوی ئەو ماوەرانییەیە بە پێزانینی حوکوومەت و بە بەشداریی سەرمایەدارانی حیزب و ئاوانی دیکە دەکرێ.

لە هەموو جیهاندا، باس لە خراپی و زیانی جگەرە دەکرێ و لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهانە، لە شوێن و جێگە گشتییەکاندا، تەنانەت لە ڕێستۆرانت و مەیخانەکانیشدا، سیغارکێشان قەدەغەدەکرێت، کەچی لە کوردستان، بازرگانیکردن بە جگەرەوە دەگاتە ترۆپکی بڕۆ. کوردستان، جاران بە خۆی گارگەی جگەرەدروستکردنی لە هەولێر و لە سلێمانیش هەبوون و تووتنی خۆماڵیی لەو کارگانەدا بەکاردەبران. ئێستا و ساڵانێکە، لەودەمەوە، کە ئیدی هەرەم هەیە، بازرگانی

کوردستان، لەپەی دنیاوە جگەرە دنتە نو کوردستانەوە و لەوشەوە بە قازانج دینرتە هندران. بپەی ئاماری وزارتی بازرگانیی حوکوومتی هرمی کوردستان، لە سێ ساڵی ابردووا بایی نزیکەی سێ ملیار دلار جگەرە هاوردراوتە هرمی کوردستان. هاوردەی جگەرەش ساڵ بەساڵ زیادی کردووە، بجرەك ساڵی ابردوو بە براورد بە ساڵی پشتر 51% زیادی کردووە.

هر بپەی ئامارکان نزیکەی 170 مارکە و جری جگەرە لە 42 واتەوە دهاورنە کوردستان. هندك جری جگەرە لە کوردستان برچاو دکەون، لە هیچ جێیکی دنیادا نابینرێن. هرمی کوردستان بووتە ناوندك بە هناردنی جگەرە بە واتانی دوروبر، مانگانە پتر لە 100 هزار کارتن جگەرە بە هموو جرەکانییەوە لە هرمی کوردستانەوە دهناردرێت بە ئران و تورکیا و سووریا و عیراق. بازرگانی کورد، فرهنگی نرگلەکشانیانیشیان هناوتە کوردستانەوە و بە سدان نرگلەخانە لە کوردستان پیدابوون.

جگەرە و نرگلە ئستاکە کلاسیکن، درمان و حبی مستبوون و گژبوون و ماددەی هشبر و بنگکشانیش کوردستانی تنیوتەوە و هشێیکی گلە گورە لە دانیشتووانی واتەکە دکات. تنە جگەرە و نرگلە و ماددەی هشبر نییە، کە بازرگانانی کوردستان، کوردستان و واتانی دوروبریشیان لە پە کردوە، خواردنەوە ئلکهوولییەکانیش بە هموو جرەکانییەوە، لە کوردستان بازاڕیان گرمە و لە کوردستانەوە ئاوودیوی ئران دکرێن، چون ئران بە شوێیکی هسمی ئلکهوول تێدا قدەغەیە. ئو کبارە کوردانەی لەنوان هژهات و باشووری کوردستاندا، ئمدیو و ئودیو دکەن و هر بینە جارێك بکیان لە دبنە قوربانی، بشکیان خواردنەوە ئلکهوولییەکان دگوزنەوە. زرینمان فیلمی"ساتێك بە مستیی ئسپەکان"ی بهمنی قوبادیمان دتەوە یاد، کە باس لەو کبارانە و باری ئسپ و هسترەکانیان دکات.

لە سوەد، کە بە واتێکی گلی لیبرالی ئوروپا دژمردرت و لە هرە پشکەوتووکانیشیتی، کیین و فرشتن و تەواوی وردکاریەکانی پەوندداربە ئلکهوولەوە، بە کمپانیایکەوە گرەدراوە، سەر بە دوەتە. ئو کمپانیایە، کە پەی دگوترێ سیستەم بواگت (Systembolaget)، لە ساڵی 1955وە دامزراوە، خاوەنی سرمایەکە، کە نزیکەی 31 بیلیۆن کرانی سوەدیە و دکاتە نزیکەی سێ بلیۆن و سسەدوسی میلیۆن (3330000000 دلاری ئمریکی و نزیکەی 3500کس کاری تێدا دکەن. بجگە لە ئلکهوول(بە هموو

جۆرەکانییەوە، سووک و قورس و مەی و بیرە)، ئەو کۆمپانیایە کار لە کەین و فرۆشتنی وردەواڵەی دیکەشدا دەکات. لە ساڵی 1994دا بە ئەوەی سوود ببینێ ئەندامی یەکیەتیی ئەورووپا یا نەبێت، دەنگدان کرا و بە زەرینەی دەنگی دانیشتووانی سوود، دەنگ بە چوونە نەو یەکیەتیی ئەورووپا درا. لە یەکیەتیی ئەورووپادا ئەلکهوول لە بازاڕدا و لە هەموو فرۆشگەیەکدا ئازادانە وەک کەکاکۆلا و ئاوی خواردنەوە و جاجکە و ڕۆژنامە و هەموو شتێکی دیکە دەفرۆشرێت، لە سوود ئەوەی قەبووڵ نەکرد و سستەم بڕاگەکەی خێی پاراست و هەشتەوە و تەواوی قانوونگەلێکی پەیوەندداری بە ئەلکهوول و خواردنەوەی و کەین و فرۆشتنییەوە و تەواوی بازرگانی و چالاکییەکانی ئەو بوارە و ئەو کۆمپانیایە لە دەستی دەوڵەتدا هەشتەوە.

بوارێکی دیکەی کەرتی تایبەت لە کوردستان، بازرگانیکردنە بە نەفتەوە. لەو خاڵەسنووریانەی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ئێراندا، بە پێی ئامارگەلێک، کە کەسانێکی شارەزا و زیتەڵ و وریای دانیشتووانی ئەو خاڵەسنووریانەی پڕوەزخان و باشماخ و حاجی ئۆمەران، دەیگێڕنەوە، ڕۆژانە نزیکەی 900 تانکەر نەوتی ڕەشی پاشماوەی پاڵاوتەکان، کە "نەفتا"یشی پێ دەگوترێ، دەبرێنە دیوی ئێرانەوە و لەوێوە ڕەوانەی بەندەر ئیمام، بەندەر ئەنزەلی و زەریای خەزەر دەکرێن. لە پڕوەزخانەوە، ڕۆژانە 700 تانکەر ڕەوانەی بەندەر ئیمام دەکرێن. لە پێنجوێن و باشماخەوە ڕۆژانە 25 تانکەر ڕەوانەی بەندەر ئەنزەلی و زەریای خەزەر دەکرێن. لە حاجی ئۆمەرانەوە ڕۆژانە 150 تانکەر ڕەوانەی بەندەر ئەنزەلی و زەریای خەزەر دەکرێن. هەر یەک تانکەر لەوانە 25 تۆن(تەن) نەفت دەگرێ. هەر یەک تۆن لەو نەفتە بە 600 دۆلارێک دەفرۆشرێت. ئەو نەفتەی دەنێردرێتە بەندەر ئیمام، بە کۆمپانیای بیانی دەفرۆشرێت، چون ئێران ئەو بەرهەمانە ناکڕێ. ئەگەر داهاتی فرۆشتنی ڕۆژانەی ئەو نەفتە بژمێرین، دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

لە پڕوەزخانەوە هەر ڕۆژەی 700 تانکەر دەڕوات، کە هەریەکەو هەڵگری 25 تۆن نەفتە و هەر یەک تۆنێی بە 600 دۆلار دەفرۆشرێ، پارەکەی دەکاتە: دەمیلیۆن و پێنجسەدهەزار(10500000) دۆلار.
لە پێنجوێن و باشماخەوە هەر ڕۆژەی 25 تانکەر دەڕوات، کە هەریەکەو هەڵگری 25 تۆن نەفتە و هەریەک تۆنێی بە 600 دۆلار دەفرۆشرێ، پارەکەی دەکاتە: سێسەدوحەفتاوپێنج هەزار(375000)دۆلار.
لە حاجی ئۆمەرانەوە هەر ڕۆژەی 150 تانکەر دەڕوات، کە هەریەکەو هەڵگری 25 تۆن نەفتە و هەریەک تۆنێی بە 600 دۆلار دەفرۆشرێ،

پارەکەی دەکات: دوومیلیۆن و دووسەدوپەنجا هەزار(2250000) دۆلار.
سەرجەمی داهاتی فرۆشتنی نەوتی ئەو نەفتە لەو سێ خاڵە سنووریەوە، دەکاتە: سێزدەمیلیۆن و سەدوبیستوپێنج هەزار (13125000) دۆلار. تەواوی ئەو بازرگانییەی ئەو نەفتە ڕاوەستاندەکردن و فرۆشتن و پارەوەرگرتنە هی دوو کۆمپانیان: کۆمپانیای"قەیوان/ Qaiwan Group" کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەنێتی و کۆمپانیای "عیراق ئۆیل/Iraq Oil" کە پارتیی دیموکراتی کوردستان خاوەنێتی. کۆمپانیای قەیوان، نەفتەکەی خۆی لە ڕێگەی پەروەزخان و باشماخەوە ڕاوەدەکات، هەرچی عیراق ئۆیڵە لە حاجی ئۆمەران و جارجار کۆمکیش لە باشماخ و پەرەزخانەوە دەنێرێت. ئەو دوو کۆمپانیایە، دوو کۆمپانیای کەرتی تایبەتن، چون حیزب خاوەنیانە، نەک دەوڵەت و حوکووماەت. تەواوی ئەو داهاتانەش دەگاتەوە بە حیزب.

کەرتی تایبەت، لەم ساڵانەدا گرنگییەکی فرە بە کردنەوە و دامەزراندنی بازاڕی یەکجار مەزن دەدات، کە (مەبەس)یان پێ دەگوترێن. ئەم مەبەستانە، بازاڕیلەکن، هەرچی کاڵایە تێیاندا، لەهەندەرانەوە هاوردراون. کاڵاگەلێکی تێیاندا دەفرۆشرێت، لە بازاڕەکانی سوێددا، گەلێک لەو نرخانەی کوردستان هەرزانترن. مەبەس، دەکاتە لەنێوبردنی فرۆشگە و دوکانی گچکەی خەماڵی و نەریتی. مەبەس، تەنە خزمەت بە چینە دارا و بەرکپەکان دەکات.
سەرمایەداری کوردستان، وەاتەکەی پێکردووە لە مەساجخانە، کە هەموو شتێکی دیکەیە، بەجگە لە مەساج. هەزاران ژنی نیپاڵی، ئۆفریقایی، تایلاندی و شوێنانی دیکە، لە لایەن بەڕێوەبەر و سەرمایەدارانەوە، دەهێنرێنە کوردستان، بۆ کارکردن لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا، بۆ کارکردن لەمەساجخانەدا، بۆ کارکردن لە بواری ئاوەووبڕی دیکەدا، کە تەواوی ئەوانە سووکایەتیکردنە بە مرۆڤ و بە ژنان بە تایبەت. ڕێکخستنی هەڵبژاردنی شاجوان، لە کوردستان بووەتە نەریتێک، کە لە مانگاندا دەکرێ و سەرمایەداران بە میلیۆنان دۆلاری تێدا خەرج دەکەن. بانگهێشتنی چەندین ستراندبەڕ و بەناو هونەرمەندی وەاتەن عەرەب، تورکیا و شوێنانی دیکە، بووەتە ئامرازێکی دیکەی تێکدانی جڤاک و خێکردنەوەی پارە.

بەڵوبڕیەتی گشتیی کۆمپانیاکان لە کوردستان. لە ساڵی 2017دا، باس لە بوونی21000 کۆمپانیای ناوخۆیی و3100کۆمپانیای بیانی لە کوردستان دەکات، کە تێکڕا دەکەنە 24100 کۆمپانیای تایبەت، ئۆهلی، ناحوکووماەتی سەربە کەرتی تایبەت.

فیدێل کاسترۆ(Fidel Castro ،13/08/1926-25/11/2016)ی شۆڕشگێڕی بەناوبانگی کووبا، لە 25ی نۆڤەمبەری 2016دا، لە تەمەنی 90 ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. لاشەکەی سووتێنراو و خۆڵەکوو(خۆڵەمێش)ەکەی لە هاڤانای پێتەختی کووباوە بە کۆڕاوە و کاروانی هەزاران مرۆڤ و ماشێنەوە، بە هەمان ڕێگەی کە لە جەنیوەری 1959دا، کاروانی ئازادی، شۆڕشگێڕانی کووبای، بە سەرکردایەتی کاسترۆ، پێدا هاتبوون بۆ هاڤانای پێتەخت و جاێ زگاری و سەرکەوتنی شۆڕشیان بەسەر ڕژێمی باتیستا(Fulgencio Batista)دا، دا و کاسترۆ و هاوڕێیانی دەستەاتیان گرتدەست، بە درێژایی 900 کم خۆڵەکووەکەی کاسترۆ، بەنەو باژێڕ و ئاوایی و جەماوەری خۆشکدا، برایەوە بۆ سانتیاگۆ دی کووبا (Santiago de Cuba)، ئەو باژێڕەی کاسترۆ تێیدا هاتبووە دنیاوە و لەوێ لە گۆڕستانی سانتا ئیفگێنیا (Santa Ifigenia Cemetery)، دوای 9 ڕۆژان لە تازیەباری، بۆ خاک سپێردرا.

هاوڕێیەکم، کە لە سوێد دژی، لەو کاتەدا لە کووبا بوو و لەگەڵ ڕەوتی کۆڕاوی گەلانەوەی خۆڵەکوەی لاشەسووتێنراوەکەی کاسترۆدا ڕێشتبوو و هەموو ئەو ڕۆژانەی تازیەباریەکە بەشداریی کردبوو، تا بەخاکسپاردنی. هاوڕێیەکم گەیاوە و گوتی:"کاسترۆ، ماوێک پێش مردنی، کە نە لە دەسەات و نە لە ڕێبەریی حیزب مابوو، لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست و ڕێبەرانی دەوڵەتدا،کەبووبووە و پێ گوتبوون، من دەزانم جیهان لە گەندایە و ئەمریکا و ڕۆژاوا، لە دوای سەردانەکەی ئۆباما(Obama)وە بۆ کووبا، ئیدی هاتوونەتە نەو کووباوە و هەژموونی خۆیان لەم وەاتەدا دەبە و ڕێنگە ئیدی نەکرێ بەریان پێ بگیرێت.

ئەوەی من داواتان لێ دەکەم، ئەگەر دەسبەرداری تەواوی بەها و دەسکەوتەکانمان دەبن و ئابووری و شەوازی ژیان و کارگێڕی دەگەڵن و دەسکاری دەکەن، هەرچەندە من حەز ناکەم و لەگەڵی نیم، لە گرنگ نییە بەلامەوە چ دەگەڵن، ئەوەی بۆ من گرنگە، دوو شتە، هەردوو کەرت و بەواری تەندروستی و خوێندنە. ئەو دوو بوارە، کە بەوارێلەکن پەوەندیان بە ژیانی خۆکەوێیە، جەماوەرەکە، خۆکە فراوانەکە، ئەمە لە کووبادا تێیاندا سەرکەوتوو بووین و لە هەردوویاندا خۆک، هەموو خۆک، سوودمەند بوون و نموونەیەکی ڕێنگینمان بۆ مرۆڤایەتی پێشانداوە، داواتان لێ دەکەم هەرگیز مەیانگەڵن و دەسکارییان مەکەن و وەک خۆیان بیانهێڵنەوە".

باشووری کوردستان، زەرینەی ڕۆهای خۆکەکەی، جڤاکەکەی، بەجگە لەوانەی حیزب و دەسەات و نانخۆری سەر خوانی ئەوان، لە ڕۆوشکی

ئابووری پ‌ ل‌ نای‌کسانی و نادادیدا د‌ژین. نای‌کسانی ئابووری، بڕه‌م و د‌ستکردی، ئابووری بازا‌ و ئابووری ئازاد و کڕتی تایبه‌ت و سڕمای‌داریی‌.

حوکوومه‌ت و د‌وڵه‌ت، ئ‌گ‌ر بڕخ‌ی موڵکی حیزب نه‌بێت و حیزبیش کڕتی تایبه‌ت و سڕمای‌دار نه‌بێت، بڕپرسڕ ل‌ سنووردانان بڕ ئ‌و نای‌کسانی و نادادیی‌ و د‌توانێت ل‌ ڕ‌گ‌ی نڕخش‌ و بڕنام‌گ‌ل‌کڕو‌، ک‌ بڕ ه‌ژاران سوود‌بڕخش بن، بڕنام‌گ‌ل‌کی وڵک: خوێند‌نی بڕخ‌ڕایی، خزم‌تی تند‌روستی و ل‌شساغی و د‌رمان و نڕخ‌شخانڕ بڕ خ‌ڕایی، ک‌م‌کی جڤاکی و بیم‌ی ژیان بڕ پ‌ککو‌تڕ و پیران و ند‌اران، و‌رگرتنی ڕ‌ژی‌یکی بڕرزتری باج ل‌ د‌و‌ڵه‌م‌ند‌ان، دابینکرد‌نی ج‌گ‌ی ژیان و خانوو و ماڵ بڕ مفت یا بڕ نرخ‌کی ه‌رزان بڕ د‌ستکورتان، ها‌توچ‌کرد‌نی بڕ خ‌ڕایی یا ه‌رزان، بڕ ئامرازکانی گوازتنو‌ بڕ ند‌اران، کورتکرد‌نو‌ی د‌ستی کڕتی تایبه‌ت و ا‌د‌ستکرد‌نی ه‌موو بوارڕ گرنگ‌کانی، ک‌ پ‌و‌ند‌ن بڕ ژیانی خ‌ڕک و داها‌تو‌یانو‌ بڕ کڕتی گشتی و بڕ د‌و‌ڵه‌تیکرد‌نیان و زڕی دیکڕ، ل‌سڕر بنڕمای نڕخش‌دانانی ئابووری ناو‌ند‌کیی‌و‌، ک‌ یڕکسانی د‌نڕته‌ ڕ‌ی و ها‌نی یڕک جارڕ د‌رفڕت بڕ ه‌موو‌ان د‌دات، د‌توانێت چارڕسڕری ئ‌و ما‌و‌رانییڕ بکات و ه‌ژموونی چینی سڕمای‌دار نه‌ه‌ڵه‌ت. ئ‌گ‌ر وا نه‌بێت و بڕو جارڕ نه‌بێت، چ تام و چ‌ژ و خ‌شی و ئ‌م‌د‌ک ل‌و نیشتمان‌دا ه‌ی‌ە؟
سوارڕی ئ‌ڵخانیزاد‌ی شاعیر (1937-1976)، له شیعری “شار” دا، ک‌ ی‌ەک‌که له به‌ناوبانگترین شیعره‌کانی و بڕ خ‌ش‌ویست‌ک‌ی نووسیو‌ و من ل‌ڕ‌دا ت‌نڕ یڕک دوو ک‌پڵ‌ی‌یکی د‌گو‌زم‌و‌، د‌ڵێ:

گو‌م!
د‌م پ‌ێ‌ ل‌ د‌ڕد و کو‌
ئ‌ێ‌م ب‌ێ‌م ل‌ شارڕکڕت
چڵ‌ن بژیم ل‌ شارڕکڕت
ک‌ پ‌ڕب‌د‌ڕ د‌ژی گزڕم؟!
ل‌ شارڕکڕت زڵیڵ‌ شڕر،
باوی ڕ‌ویی‌
ئ‌ێ‌م ب‌ێ‌م ل‌ شارڕکڕت
گو‌م، ه‌ڕ‌می زڕنگ و زڵ
چڵ‌ن ئ‌ڕب‌ڕته‌ جا‌ڕ‌گو‌
ل‌ شاری ت‌، ل‌ بانی ع‌ڕرش‌ قڕنڕ‌ی دراو
شارڕکڕت

ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بە ئەوین و بە خەفەت هەراو
کە لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوڵ ئەداتە ئایەتی پەیاوی دژ؟
ئەمە بەم لە شارەکەت گوڵم

لە نیشتمانێکدا، کە بەدەست کەرتی تایبەت و بەرپرسی سەرمایەدار و سەرمایەداری مەعموولییەوە، پێ بە لە گزی و باوی هاوی بەت و شەر تێیدا زاڵیل، دەڤەرێک بەت بە زەنگ و زاڵ، کەوشی پارەوپووە لە بانی عەرش بەت و هەژارکوژ بەت، دەبە ژیان بە نەداران و چینەکانی خوارەی پلیکانەی جڤاک ج واتایەکی هەبەت؟
فیلەسەف و دەوڵەتمەداری ئایرلەندی ئەدمەند بورک(Edmund Burke 1729-1797)، کە لەلایەن زەرەکەوە بە دامەزرێنەری بیـــــــــــــــری کۆنسەرڤاتیزم دادەنرێ، دەڵێ:"بە ئەوەی نیشتمانمان خۆش گەرەک بەت، دەبە شتگەلێک لە نیشتماندا هەبن پاڵمان پێوە بنێن بە خۆشویستنی. ئەگەر لە نیشتماندا، ئەو شتگەلە پاڵنەرانەی، کە وامان لە دەکەن خۆشیمان بووەت و هەست بە ئینتیما بکەین بەی، نەبن، ئەوا ئەوەی ناوی نیشتمانی لە دەنێین دریەکەی گەورەیە".

2019-02-19

پەراوێزکان:

شیعرەکەی (مەحموود دەرویش)، بە عەرەبی ناوی"لیس للکرد إلا الریح" و بە (سەلیم بەرەکات) پێشکەش کراوە.
https://www.theguardian.com/commentisfree/2019/feb/12/the-guardian-view-on-private-schools-motors-of-unfairness

---

خەرگەلەک، جڤاکی کوردستان بنکەی دەکەن – سەیەم- ئەمجەد

شاکەلی

–3

-ئابووری بازاڕ-

جڤاکی باشووری کوردستان وەک هەموو جڤاکەکی ئەم جیهانە، لە کەمەک چین و توێژی کەمایەتی پێکهاتووە. جاران، کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی، بنگەی ئابووریی کوردستان بوون، تەنە دوو چینی سەرەکی: ئاغا و دەرەبەگ و موڵکدار(چینی سەروو) و وەرزێر و ڕەشایی و کرێکار و هەنگە بەشەکی دیکەیشی وەک سوعلووک بە زیاد بکرێ(چینی خوارەوە) هەبوون و لەنێوان ئەو دوو چینەشدا، کەموکەیکیش چینی ناوەند هەبوون.
دوای 14ی تەممووزی 1958 و گەڕانی هێزیم لە پاشایەتییەوە بە کەماری و دواتریش بزاڤی چەکداریی کورد و دەسەڵاتی حیزبی بەعس، ئیدی ئەو دابەشبوونە چینایەتییە گۆڕا. گوند و ئاغا و دەرەبەگ و موڵکدار و وەرزێر، نەمان. زەرینەی خەڵکی کوردستان، بە تەبزی و هەندەکیش بە ئارەزوو، هۆیان کرد شاران و بوون بە "شارنشینی". ئیدی لەبری بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە دانەوێڵە، میوە، سەوزە، شیرەمەنی، گۆشت، هەڵکە، هەندەک پۆشاک و جلک و کاری دەستیی و شتی نەوماڵ، کە تەواوی ئەوانە پێداویستییەکانی خەیانی دەشتەکی پێدەکردەوە و شارییەکانیشیان پێیان دەژیان، تەواوی ئەو شارنشینیانە، لە بەرهەمهێنەرەوە بوونە بەرخەر.

ئەوان، لەوێ لە ئاوایێدا خاوەنی جگە و خانوو و ماڵی خەیان بوون، لە شاردا بوونە کرێنشین. ئەوان لە فرۆشیارەوە بوونە کڕیاری هەموو شتەک. دەبوو ێیز بگرن بە نانکەین و هەڵکە، مامر، ڕۆن، میوە، شیرەمەنی، نەفت، سەوزە، ئارد، ساوەر، دانەوێڵە، گۆشت و هەموو خەراکەک و تەواوی شتەکانی دیکەش بکڕن. دەبوو لەبری، وەاخ(هەستر، کەر، ئەسپ و مایین)، ئۆتۆمبێل، ماتۆرسایکل و پایسکیل، بەکاربهێنن و سواری تاکسی ببن. دەبوو لەبری خانووی قوڕ و و دار و قامیش و دارسووتاندن بە گەرمی و چەشتلێنان، بلەک و چیمەنتۆ و ئاسن(بە زستان سارد و بە هاوین گەرم) و نەفت و گاز و کارەبا بەکاربهێنن، کە تەچوون و خەرجییەکی زیاد بوو بێیان. دەبوو منداڵیان لە خوێندنگەکانیاندا لەبری جلکی کوردی یا دشداشە، پانتۆڵ و جلکی ئەوروپایی لەبەر بکڕن، چون ئیدی شارنشێنن و ئەو جلکە لادێیانە "شەرمهێنەر" بوون بێیان. دەبوو لەبری مێ و

بزندەشین و شیری چەق خواردنەوە و پەنیر و ژاژی و کەرە و ماست و هەن و دەینە و قەرەخەرمان وجاجم و بەرد و لباد و تەلیس و هەڤ و شەتە...دنیایەک شتی تری دەسکردی خەیان، ببنە کەیاری تەواوی ئەوانە لە بازاڕدا.

دەبوو لەبری خوری و بەرگن و موو و پەڵ و گەڕەوی و پووزەوانە و دەستەوانە و کەاو و فەرەنجی و کەڵەک و کەاش، ئیدی وەدووی کەوشی ئیتالی و تورکی و شتی پلاستیکی و تەتکەولەرزانەدا غار بدەن. دەبوو لەبری دروستکردنی ترشی و ترخینە و ساوەر و قەرەخەرمانی خەمایی، هاوردەی تورکیا بکەن و لەبری بەستووقە و دەفری گەینی جوان و خاوەنی کەرکووک و خورماتوو، پەقرەجە نایلۆن و پلاستیکی ژاراویی ئێران و تورکیا بەکار ببەن. ئیدی دەیان دەبووی دیکەی لەو جۆرە..
بەهەی لەنەوچەوون و تەکشکانی ئاوایییەوە، کە بنگەی ئابووری کوردستان بوو و بەهەی شەواندنی چەمکی ئاوایینشینییەوە، ژینگەی وەات گەا. بیرکردنەوە و جیهانبینیی مرۆڤی باشووری کوردستان، لە مرۆڤکەوە، کە خەی پشتوپەنای خەی و بەخەوکەری خەی و وەدەستهێنەری بژێوی خەی بوو، گەا بە مرۆڤکی چاولەدەست خەک بوو و مشەخەری چاولەدووی مووچە و کەمکی دەوەت و خەراکی پاکەت و قوتووخەر و چاولەەی شتی ئامادەکراو.

لە وەها بارەکدا، چینەکی مشەخەری هەلپەرستی ناوەند(بەرژوازی) لە شاردا لەسەر حیسابی زەرینەی دانیشتووانی کوردستان، لەسەر حیسابی گوندی و وەرزێران، لەسەر حیسابی ووخان و دادپینی گیانی هەروەزی وەرزەر و ەشایی و لادێیی، هەلی قەستەوە و بە هەموو جۆر و ەگەیەک، نایاسایی و تەنانەت بەەوشتانەیش، گەشەی کرد و بە سەروە هەکشا و دەستی بەسەر ئابووری وەاتدا گرت. ئەم چینە، چینی ناوەند بوو، کە چینەکە لەنەوان"سەرمایەدار و چینی باا" و "کارگەر و ەشایی و سوعلووک"اندا. چینی ناوەند، کە چینی بەرژوازیشی پێ دەگوترێ، بە خەی یەک پەکهاتە نییە، بەکە چینی ناوەندی باا(بەرژوازی گەورە) و چینی ناوەندی ناوەند (بەرژوازی ناوەند) و چینی ناوەندی خوارە(بەرژوازی بچووک یا وردەبەرژوازی)، ئەمەی دواییان لە کارگەر و نەدار و وەرزێرانەوە نزیکە، لە سروشتەکی هەلپەرستانەی هەیە و وەدووی خوانی چەور و پووەی مفتدا دەگەە و مشەخەر و بە بەەن و بە ئاووە، ئەو دووانەی سەرەش، لە سەرمایەدار و موکدارانەوە نزیکن و دەزانن چەن قەە ببرن.

ئەم چینی ناوەندە ئابووریەکی تەکشکاوی پووچەەی خزمەتگوزاری (services) و بەرخەریی لە کوردستاندا بەرهەمهێنا، کە جۆرە

ئابووریی‌ک، چ سامان‌کی ماددی، چ بەرهەم‌ک، بە وەڵات نابەخش و ئاوەی دەیهێنێتە دەست، سامان نیی، چون خزمەتگوزاری لە بنەمادا، وەک نۆکەر و پاشکۆ (subservient)ی بەرهەمهێنانی کالا هاتووتە گۆڕێ و لە خزمەتی سەرمایە و سەرمایەداریدایە. ئەو ئاسانکاری بۆ گۆشکردنی سەرمایەداری و کۆڵۆنیکردنی فرەتری سامانی سەرمایەداران دەکات. خزمەتگوزاری، بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی کالا و بەرهەمکانی سەرمایەداریی، ئەو، کالا فرۆشراوکانی وەک ئۆتۆمبیل، جلشۆری، ماشینە ئەلکتریکی و ئەلیکترۆنیکان خاس دەکاتەوە و دەپارێزی، خانووبەرە و تەلار و باخانە بکرێ دەدا، ئۆتۆمبیل و ماشینی دیکە بکرێ دەدا، بیمە و پارێزەری و کۆمپکی قانوونی دابین دەکات، بە ماشین ئۆتۆمبیل دەشارێ، ژمێریاری بۆ خاوەن کۆمپانیا و فرۆشگە و شوێنی دیکە دەکات، ڕاوێژکاری قانوونی و خزمەتی دارایی و خزمەتی هەناردن و هاوردن و خزمەتی گەشتوگوزار، خزمەتی هوتێل و سینەما و یانە و جێگەی کار دەکات، ماڵ و ئۆفیس و پێنجەرە و بنمیچ و دووکەڵکێش و مێز و ئاودەستخانە و حەمام و زەری دیکەش خاوەن دەکاتەوە، ئاهەنگ و زەماوەند و تازیباری و ئەو بەزمانە ساز دەکات و هتد و جێگە بە گۆڕانی ئەو بەزمانە بە کرێ دەدا، ڕەکلام و بانگەشەی هەموو جۆرە کالایەک تەنانەت ئاگەر کالاگەلکی زیانبەخشیش بن بە جڤاک و تاکی مرۆڤیش دەکات، بانگەشەی ئایین و دژئایینیش لایەک کاتدا دەکات، تەنانەت نووسینی سیڤیش بۆ ئەوانەی وەدووی کاردا دەگەڕێن، ئیدی هەر جۆرە کارێک بێت، ئەوەش دەکات و هەموو ئەوانە و زەری تریش دەکات.
خزمەتگوزاری بەرهەم نیی، واتە: بەرهەمێکی ماددی نیی، کە بەهایەکی بەکارهێنانی هەبێت. مارکس، هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە کار بە تەنیا، تاکە سەرچاوەی سامانی ماددی نیی، هەر شتێک بەهای بەکارهێنانی هەبێت، کار باوکیەتی و زەویش دایکی. ئەو دەیگوت: کار و زەوی (یا سروشت) و نایدەگوت خزمەتگوزاری، چون ئەو بە دایکە.

کە دەڤەری نەفیین لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژاوا بە بەشێک لە باشووری کوردستان پەسەند کرا، ئیدی هەزە سیاسیەکانی کورد لە 1991دا، لە کۆژوکەوان هاتنە خوارێ و شێبوونەوە نەو باژێران و بوون بە سەرداری ئەو دەڤەرە. ئەوان دەستیان بەسەر وەڵاتکدا گرت، کە ڕێژیمی بەعس تەواوی ژێرخانی ئابووری تێکشکاندبوو و وەڵاتکی بەدگەڕاوی لە چێکردبوو. بەعس، بنەما و بنگەی ئابووریی باشووری کوردستانی لە ئابووریەکی دامەزراو لەسەر کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ئاوایی خاوخۆکەر و بەرهەمهێنەری پەداویستییە سەرەتاییەکانی

خ‌ی، کاری د‌ستیی و ب‌ر‌ه‌مه‌نانی ه‌ند‌ێ کا‌ی و‌ک پ‌شاک و ک‌وش و ک‌اش و کاری دار و ت‌خت‌ۆ و شیر‌م‌انی، کارگ‌ی وردێ ب‌ر‌ه‌مه‌ن‌ری کا‌ای ناوما‌ و زری دیک‌ێ، ک‌ێ س‌ر‌چاو‌ی ت‌واوی ئ‌وان‌ێ ئاوایی و خاک و ئاو و ئاژ‌ڵ‌ و و‌ر‌زێر وکارگ‌ر بوون، گ‌ڵ‌یبوو ب‌ێ و‌ران‌یک، ک‌ێ ت‌یدا ن‌ێ ئاوایی و ن‌خاک و ن‌ئاو و ن‌ئاژ‌ڵ‌ و ن‌و‌ر‌زێر و ن‌کارگ‌ری، ه‌شتبوو، ه‌موو‌ی س‌یبوو‌ێ. خاک و ئاوایی، و‌ران کرابوون و سوو‌ت‌نرابوون و ‌ووخ‌ن‌رابوون، ئاو، ژاراو کرابوو، ئاژ‌ڵ‌، ل‌گ‌ڵ‌ کاولکردنی گوندداا، ن‌مان و ئاژ‌ڵ‌داران، ناچارکرابوون ب‌ێ فر‌ۆشتنیان و ل‌ب‌ێنبردنیان و و‌ر‌زێر و کارگ‌ریی لادێیش، ناچاری بارکردن و ‌اگو‌ز‌تن کرابوون ب‌ێ شاران یا ب‌ێ ئ‌ر‌دووگ‌ێ ز‌ر‌ملێ‌کان. حیزب‌ێ کوردیێ‌کان، ب‌س‌ر ئ‌و ‌‌وشدا هاتن‌ێ س‌ر کار.

پاش دام‌زراندنی پ‌ر‌ل‌مان و حوکوومت، د‌س‌ات‌ێ کوردستانیێ‌ک‌ێ، ل‌بری ت‌کدان و س‌ین‌وی ت‌واوی شون‌واری ب‌عس و کرد‌ێ و ن‌خشێ و ب‌ر‌نام‌ێ و ئ‌نجامی کار‌کانی و کاریگ‌ریێ‌کانی ل‌س‌ر جڤاکی کوردست‌ان، ب‌وی گوند‌کان چ‌بک‌ن‌وێ و ک‌م‌ک ب‌ێ و‌ر‌ز‌ر‌کان و لادێیانی پ‌‌یوی شاران بک‌ن و بیانگ‌‌ن‌وێ ب‌ێ ئاوایێ‌کانیان و ب‌ێ ن‌و خانووێ ق‌‌کانیان، ک‌ێ خاون‌ترین ژینگ‌ێ بوون و ل‌بری ‌ووخاندنی ت‌واوی ئ‌ر‌دووگ‌ێ ز‌ر‌ملێ‌کان و ل‌بری ئ‌وی ئاژ‌‌داری و کشتوکا‌ێ بک‌ن‌ێ بن‌مای ئابووری و‌‌ات، ئ‌وان، ئابوور‌ێ‌کی ب‌ێ ب‌ر‌نام‌ێ و ب‌ێ ن‌خشێ و پاشک‌ی ه‌ر چوار د‌و‌‌تانی د‌ورو‌بری کوردستانیان ه‌نای‌ێ گ‌‌. ئابووری خزم‌تگوزار(Service economy) و‌ک ل‌ ئ‌د‌ب‌ی ب‌ر‌ژوازیدا پ‌ی د‌گوتر‌ێ، ئابووری ب‌ر‌خ‌ر ن‌ک ئابووری ب‌ر‌ه‌مه‌ن‌ریان چ‌کرد. ئابووریێ‌کیان پیاد‌کرد، ل‌ ه‌یچ ن‌د‌چوو و نموون‌ی ل‌ جیهاندا ن‌بوو.

ز‌ر‌ین‌ی س‌ران و ب‌ر‌پرسانی حیزب، ئ‌وان‌ی ل‌ چیا، خ‌یان ب‌ێ مام‌ستای ش‌‌گ‌‌ی و ج‌نگاو‌ری د‌زانی و گ‌ڵ‌ جاران ل‌س‌ر س‌یالیزم و مارکسیزم و ماویزم و ز‌ر‌کی دیک‌ێ ل‌و ئیزمان‌ێ، ‌ایان ل‌ ک‌س ن‌بوو و خ‌یان ب‌ێ ‌استین‌ی ئ‌و ه‌موو ئیزمان‌ێ د‌زانی، ل‌ سات‌انکی ک‌مدا، ل‌گ‌‌ێ چین‌ێ ب‌ر‌ژوازیێ‌ ه‌ل‌پ‌ر‌ست‌ک‌ی ن‌و شار، د‌ستیان ت‌ک‌‌ کرد و د‌ستیان ب‌س‌ر ئابووری و‌‌ات‌دا گرت و ب‌ێ خ‌یان، د‌مامک و جلکی ش‌‌ش و ج‌نگ و مام‌ستایی و س‌یالیستییان ت‌و‌‌دا و گیرفان‌کانیان ب‌ر‌ین ب‌ر‌ین کرد‌وێ و س‌ر‌تاپای ل‌‌ش و جلکیان بوون‌ێ ش‌‌ت‌ و خورج و ه‌‌ و ه‌ر‌چی کونوقوژبن‌کیان ل‌و دنیای‌ێ شک د‌برد، پ‌یانکرد ل‌ پار‌وپوو‌ێ. پار‌یان ب‌ێ ژوور و

هەدی پەاوپە، بە لەری، بە میلیەن و بیلیەن دەلار دەژمـــــارد و شانازییان بە بوونی میلیەنەر و بیلیەنەرانی کوردستانەوە دەکرد. زەوییان داگیرکرد. خانوو و تەلار و کەشک و باخیان، دروستکرد. کەمپانیایان بە میلیەنان دەلار پەکەوەنا. بە سینەوەی بازاڕی کەنی جاران و فرەشگەی گچکە و کاری دەستی و خەماڵی، ئەمان مەڵی زل و زەلام، نەک دانەیەک دەیانیان قوتکردەوە، کە یەک شتی خەماڵیی تەدا نییە و سەرلەبەری هاوردەیە. ژن و زارەکیان، هەموو کرانە موچەخەر و هەموو تایبەتمەندییەکیان بە دابین کران. سەدان پاسەوانیان وەدووی خە خست.

ئەوان بە خەیان بەکون فەیەکوون"کن فیکون"ەک، لە چەکدار و شەشگەە و جەنگاوەر و سەسیالیستەوە، کە لەەاستیدا هیچ یەکەک لەوانە نەبوون و تەنە بانگەشەی ئەویان دەکرد، بوون بە سەرمایەدار و هاوپشکی سەرمایەدار. بەو جەرە چینەکی مشەخەری مرەڤخەری پەکهاتوو لە: سەران و بەرپرسی حیــزب و دەســەاتداران+ چینــی نەوەنــدی بەرژوازی، چینەکی نوەیان پەکهەنا، کە ەەنگە ئەگەر ەەوانشاد کارە مارکس، ئەستا لە ژیاندا بووایە، نەیتوانیایە ناوەکی لە بنە. ئەم چینە نوەیە بوو بە خودانی ئەو ئابووریە مشەخەرە، کە تا هەنووکە شیرازەی جڤاکی کوردستانی شە کردووە و هەەوشاندووتەوە و هەرچی هایەەە و پەوەندە کەمەاتییەکان و یادەوەریە مەژوویەکان و فەرهەنگە ساکار و باو و ەەسەنە گوندییەکانە، هەمووی لوولداوە و بەربەرە دەیانخاتە چاڵی فەرامەشییەوە. هاتنگەەە و سەرهەەدانی وەها چینەکی نوە، لەسەر بنەمای ئەو پەکهاتەیە، لە هیچ هەژمار و لەکدانەوەیەکدا بە بیری هیچ کەسەکدا نەدەهات.

ئەو چینە نوەیە تەکەەیەی دەسەاتداران و بەرژوازییە ناوەندەکان، بە هەردوویانەوە، کە ئیدی دەشە وەک سەرمایەدار سەیر بکرەن، هەموو ئاوەز و چالاکی و زانیاری خەیان خستە بواری خزمەتگوزارییەوە نەک بەرهەمهەنان. وەک ئاشکراشە، هەموو زیادەکردنەک لە بەرهەمهەنانی خزمەتگوزاریــدا، زیــادەکردنیشە بە تەچــوونی ئەو کاەــانەی بەرهەمدەهەنرەن و دەخرەنە بازاڕ. بە تەچوونی سامانەک بە تەنە خزمەتگوزاریەک، کە چ پەوەندەکی بە بەهای بەکارهەنانەوە نییە، باری سەرشانی کاەاکان و کەیار و بەکارهەنەرانیان گران دەکات. کاتەک کەسەک کاەایەک لە بــازاڕ دەکەــت، دەبە تەچــووی تەواوی خزمەتگوزاریەکانی، وەک: پەچانەوە، پەکردن، گوازتنەوە، پارەی باج و بانک و گومرک و گەنجینە، هەەگرتن و دابەشکردن، کە ئەو کاەایە تەواوی ئەوانەی لەنەو خەدا هەەگرتووە، بە ئەوەی هیچ سوودەکی بەی

هەبەت، دەبێ بیدات. ئەم ئەو سیستەمە ئابووریە نوێیە، کە ئابووری بەرژوازی، مژدەدڕێتی و هەردەم بە ناوەکەوە، دەمەک وەک ئابووری بازاڕ و دەمیک وەک ئابووری زانیاری و دەمکیش وەک ئابووری ئازاد. دەردەکەوێ.

دەسەڵات و بەرژوازییانی کوردستان(واتە: چینە مشەخۆرە نوێیەکە)، وەها ئابووریەکیان بە کوردستان کردە دیاری. ئەوان، مۆبایل، کاڵای ئەلیکترۆنی، ئۆتۆمبیل، جلکی مۆدی ئەوروپایی، خۆراکی لە قوتووکراوی تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکە، هوتێل، گازینۆ، قومارخانە، مەیخانە، مەساجخانە، نۆکەر و کارگەری بیانی، ژنی فلیپینی و ئەسیووپیایی و تایلاندی، هەزاران باڵەخانە و تەلارخانەی بیست و سی نهۆمی، سەدان کەناڵی تەلیفزیۆنی بە کڵک و وەرانکەری جۆراوجۆر، سەدان دەسگە و پێخشخانەی پێخش و بڵاوکردنەوەی بەبایەخ، نەخشخانەی تایبەتی گرانبەها، کە تەنیا چینە دەوڵەمەندە باڵاکە سوودمەندە لێی، خوێندنگە و زانستگەی تایبەت، کە بە منداڵە تەنبەڵ و تەوزەڵەکانی خۆزانە دەوڵەمەندەکانە، هەزاران چێشتخانە، نۆرگەڵخانە و بازاڕی جگەرەی قاچاخ، کە نموونەیان لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا، بەجگە لە کوردستان نابینییەوە و سەدان شتی بەبایەخ و ناپەویستی دیکەیان بە خەڵکی کوردستان، کردنە دیاری، کە تەنیا سوودیان بە گیرفانی خۆیان و زیانیان بە خەڵکی کوردستان هەبووە و هەیە.
ئەو ئابووریی بازاڕە، ئازادە، زانیاریە، کە ئەو چینە نوێیە کردیانە پێشاکی جڤاکی کوردستان، بەو هەموو ڕەنگ و ناوە جوداکانییەوە، لەسەر یەک پایە و بنگە و ڕەباز ڕاوەستاوە، ئەویش هەشتنەوەی پتر لە نیوەی هەزی کار، هەزی کارگەر و جووتیار و وەرزێر، هەزی بەرهەمهێنەر، بە بڕکاری. چون ئەو هەزی کار پێتوانست و پەهێز و وزە و هیوا و ئامانج، لە لایەن چینە باڵادەستەکەوە(بەرپرسانی حیزب و دەسەڵات و چینە ناوەندەکەوە) بە مۆبەستی دیکە بەکارهێنران، ئەوان کران بە، پاسەوان، شوان، گاوان، باخەوان، قەڵەوان، چایدانێر، چێشتلێنەر، سەگەوان، ئاژەڵ، دەرگەوان، پۆلیس و دەیان کاری بڕکێکی بێنرخی دیکە، لە ماڵ و جێی کار و شوێنی ڕابواردنی ئەو چینە باڵادەستە. ئەوەی، چینە باڵادەستەکە، بەناوی کارەوە، بە هەزی کار دەیژمێرێت، تەنیا پاراستنی بەرژەوەندە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیانە و کڵکەکردنی پتری سەرمایەیە و بەجگە لە بڕکاری بە چینە هەژارەکەش، هیچی دیکە نییە. ئەو هەزی کارە، سەرگەرمی شتێک دەکرێ، کە بە بەرهەم و وزەفەوتێن و سستکردن و مراندنی توانست و ئومێدەکانە. بڕکارییەکە،

بەرهەمهێنەری هیچ بەهایەک نییە، کە بشێ بگوترێ و سوودێک بە جڤاکی کوردستان و مرۆڤایەتی بگەیەنێت. ئەوش تەنیا پەکخستن و زیانپێگەیاندنی بەرهەمهێنەرە ئاستێنەکانە (کارگەران و وەرزێران).

گرنگیدان بە خزمەتگوزاری و بانگەشەی ئەوەی، کە مرۆڤی سەردەم هێندەی پێویستی بە خواردن و بارهێنان و فەرهەنگ و مۆسیقا و وەرزش و مۆبایل و تەلیڤزیۆن و ئۆتۆمبیل و خۆراکی قوتوو و مۆدەی پۆشاکی ئەوروپایی و نیگرگێلە و شامپۆ و دارودەرمانی ڤووماێت و پرچ و ئارایشتگە و دیکۆر و نەخش و نیگاری بیانی نەگونجاو و مۆبیلە و...سەدان پێخەواتی دیکەی جڤاکی بەرژوازی، هێندەی پێویستی بە کەوش وکراس و جلک و نان و ئاو و گەرمی و ساردی و ئەو شتانە نییە، تەزەکە چینە باڵا بەرژوازییە سەرمایەدارە حیزبییەکەی کوردستان وەک هەموو چینە ناوەندەکان و سەرمایەداران و سۆسیالدیموکراتەکان لە جیهاندا، پەڕەی پەدەدەن و پشتی دەگرن.
چینی نەوەند، چینەکی مشەخۆرە و مارکس بە چینی بەرجوازی بچووک یا وردەبەرژوا(Petty Bourgeoisie)ناوی دەبات. ئەو چینە، هەرگیز ناتوانێت وەک هێزیکی بەرهەمهێنەر لە جڤاکێ نوێیەکاندا، پێگەی سەروەری وەدەستبهێنێت و بە وەها ئەرکێک سست و بێ وزەیە. چینی نەوەند، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئامرازێکی بەرهەمهێنان نییە، کە بتوانێت هەموو پێویستییە بنەڕەتییەکانی جڤاک دابین بکات، بۆیە ناتوانێت سیستمێکی جڤاکیی سەقامگیر و چەسپاو دابمەزرێنێت. ئەم چینە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە خودانی زانیارییە، بۆیە ئاڵای"ئابووری زانیاری" هەڵدەکات، لە زانیاری، ئامرازی بەرهەمهێنان نییە. زانیاری، لە کۆککردن بە ئامرازکانی بەرهەمهێنان زیاتر، تێناپەڕێت، مرۆڤ هەر لەمڕۆ بەبێ زانیاری نەیتوانیوە ساکارترین ئامرەکانی بەرهەمهێنان بکاربهێنێت. دیارە ئەو زانیارییانەی پێویست بوونە بە دروستکردنی چەرخ لەو زانیارییانەی، کە ئەمڕۆ پێویستن بە دروستکردنی مووشەک یا بۆمبی ئەتۆم، پێشکەوتووتر و باڵاتر بوون. زانیاری، ئامرازی بەرهەمهێنان نییە و تایبەتیش نییە بە دابەشکردنی کار، تا چینەکی جڤاکی پسپۆر لە بەرهەمهێنانی زانیاریدا چ ببێت. پەیوەندی دیالیکتیکی کارگەر بە ئامرازکانی بەرهەمهێنەوە، ئەو پزدانەیە، کە هەموو زانیارییە جیاوازکانی تێدا دەئافرێن، چون چینی ناوەند بەجگە لە خزمەتگوزاری هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێت. ئەو چینە خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان نییە تا بتوانێت سامانی نەتەوەیی بەرهەم بهێنێت.
بەم ئابووریە خزمەتگوزاریە مشەخۆرە، وابەستەیی داهاتی نەفت و

هاوردەی هەموو شتێک، لە تەماتە و هێلکە و ساوەر و هەزاران پۆیستی دیکەوە لە هەندەرانەوە، بەم ئابووریە، کە تێلار و باڵەخانە بە حەلحەلەی ئاسمان بەرزدەکاتەوە، بەم ئابووریە، کە شانازی بە زیادکردنی ژمارەی ئۆتۆمبیل و کۆمپیووتەر و مۆبایلەوە دەکات، بەم ئابووریەوە، کە هەژار هەژارتر دەکات و دەوڵەمەند دەوڵەمەندتر و بەربەرەکانێی هەژاران بەی دیکە، هەرگیز کوردستان ناگاتە جگەیەک و تا دێت پتر دادەتەپێ. چارەسەر ئابووریەکی کشتوکاڵییە وەک بنگە و بیناکردنی پیشەسازییەکە لەسەر ئەو بنگەیە. ئابووریەک دەوڵەت، دەوڵەتی خەڵک و مرۆڤ ئاسایی و هەژارەکانی کوردستان، بەڵەوەی ببات. ئابووریەک هەزی کار تێیدا نەرێی خۆی ببینێ و بەرهەمهێنەر و وزەبەخش بێت و دواڕۆژ دروست بکات. ئابووریەک ئۆگەر سەدلەسەدیش سۆسیالیستی نەبێت، ڕۆژە زەرەکەی سۆسیالیستی بێت. ئابووریەک دەستی بەرپرس و حیزب و دەسەڵاتدار و ئەو چینە ناوەندە، کورت بکاتەوە و لە دواییدا بیبڕێ، ئابووریەک بەها بە مرۆڤکانی خواردی پلەکانی جڤاک بگۆڕێتەوە، نەک هێندەی دی لە قوڕیان بگرێ.

قانیعی شاعیر(1898 – 1965)، لە شیعرێکیدا بە ناوی"پێنج خشتەکی لەسەر شیعری موفتی پێنجوێنی" دەڵێ:

بە شاڵی خاکەکەم ڕازیم و ئەیپۆشم هەتا مردن
لە فاسۆن و گەبەردین تا ئەبەد سەڵتە و کەوا ناکەم

لە شیعرێکی دیکەیشیدا بە ناوی "بە چیێ؟" دەڵێ:

تا کەاشی بەنچنی ژەرمەحکەمی خەم دەسبدا
قەندەڕی تەسک و تروسک و لار و خوارم بەچیێ؟
تا سەبیلی زەرد و سووری فیتکەدووری خەم ببە
فەتەفەتی نەرگەلە و تەپی سیغارم بەچیێ؟
شەربەتی هەرمە لێت و دەشاوی شەکەم دەسکەوە
ئارەق و تریاکی هەروەک ژەهرەمارم بەچیێ؟
نەی کە شومشاڵە عەزیزم، سەد گرامافۆن ئۆژی
سەزی شومشاڵم ببە من عوود و تارم بەچیێ؟
ڕانک و چەخەم دەسکەوە، چیمە لە فاسۆن و حەریر؟
جاوی خەماڵیم ببە چیتی توجارم بەچیێ؟
(بانی خەڵان) ئاوەدان بە بە قەڵەم بە کوردەکان
تازە ئیتر ئووچی پیسی بەدنیگارم بەچیێ؟
تا ببە بەفراو و مەرگ و چیمەن ئەڵاخی خەم
ئاوی سوەر و دەکەزەردەی گەرمەسارم بەچیێ؟

حەفتا ساڵەک پێش ئەمڕۆ، قانیعی شاعیر، ئەوەی گوتووە، ئەو قسانە بە ئێستاش کۆن نین و کاتیان بەسەر نەچووە. ئێستاش کەمێی

کوردستان پەویستی بە گەانوەیە بە خە، بە دەزینەوەی خە، بە لەسەرپەی خە ەاوەستان. کەمەل و نەتەوە و گەل و خەڵک و وەڵاتی پاشکە و تەوزەل و بەبەرهەم و خەهەواس و چاولەدەست و چاولەدووی کەمەک و خەری ئەم و ئەو و بەرخەر، هەرگیز ناتوانێت بگاتە ئامانج و هەمیشە لە دەرەوەی مەژوو دەمێنێتەوە.

2019 – 01 – 22

خەرگەلەک، جڤاکی کوردستان بنکەی دەکەن –دووەم ... ئەمجەد شاکەلی

بەشی دووەم ...

-جەگر-

جەگر، دەستەواژە و ناونیشانەکە، پلەیەکی کار و پەستەکە، هیچ کەسەک نییە لە کوردستان نەیزانە، تەنانەت مرۆڤ دەبینی ناوی "جەگر"یان لە نراوە و خەکیش دەبینی ناوی"جەگر"یان لە نراوە، کە نە ئەویان جەگرە و نە ئەمیشیان جەگر و جەنگیشە هەردووکیشیان هەو بن!
سەرەکی هەرەم، سەرەکی حوکوومەت، سەرەکی پەرلەمان، وەزیر، لە وەزیر خوارەوەتر، بەڕێوەبەری گشتی، سەرەکی شارەداری، سەرەکی دادگە، ئوستاندار، سەرەکی زانستگە، سەرەکی تەندروستی شار، بەڕێوەبەری پەلیس، سەرەکی یانەیەکی وەرزشی، میراو، سەرەکی ئەلەکتریک، سەرەکی فڕۆشگە، تەنانەت بەڕێوەبەری خوەندنگەی سەرەتایی و سەرپەرشتیاری چاپخانە و چایخانە و مەیخانە و چێشتخانە و نازانم چی، هەموو جەگریان هەیە و جەگرەکان، جەگریان هەیە و جەگری جەگرەکان، جەگریان هەیە و ئەوانیش سکرتەریان هەیە و سکرتەرەکان، جەگریان هەیە و ئیدی جەنگە تا کوەخا(موختار)ی ئاوایی بەردەوام بێت و ئەویش جەگری هەبێت. لە کوردستان لەشکرەک

جەگر هەن و ئەوانیش پلەوپایەی خۆیان هەیە و بودجە و تایبەتمەندیی و کەشوفش و بەزمی خۆیان هەیە.

وەکو لەکی جیهان، کە کارگێیی تێیاندا لەسەر بنەمای خزمەتکردن بە هاووڵات و بە مرۆڤ دانراوە، هێندە گرنگیی بە دروستکردنی کورسی و پۆست و پلەوپایە، تەنیا لە پێناوی دروستکردنی کەسێک و پێکردنەوەی کورسییەکدا، نادرێت. وەکو ژیانی دانیشتووانی وەکو خۆشگوزەرانی ئەوان، پشکەوتنی ئەوانی مەبەست و ئامانج بێت، هەرگیز پلەوپایە بە دەستەکو تداراني بە گرنگ نابینێت. لە کوردستان، پلەوپایە، بە ئەوەی پۆیست بن و بە ئەوەی سوودێک بە هاووڵاتیکی کوردستان بگەیەنن، دادەتاشرێن و موچە و دەرماڵە و نەوماڵە و پشتماڵە و ژەرماڵە و بانماڵە و دەیان جار پارەی دێکە دەخرێنە خزمەتیانەوە و دەسگە و دامەزراوەی زەلام و قەبەیان بە چەدەکرێن و کەشک و تەلاریان بە تەرخان دەکرێن و پاسەوان و ئاژەڵ و نەکەر و چایلێنەر و چێشتلێنەریان بە مسۆگەر دەکرێن.

لە وەکو سوێد، کە من بە خۆم ساڵانێکە تێیدا دەژیم، سەرکی حوکوومەت، جەگری نییە. هەرکاتێک لە دەرەی وەکو بێت و مانەوەی درێژ بکەشێت، کە هەرگیز ڕوونادات، و لەو کاتەدا لە وەکو پشهاتێک بێتە پێش و ڕووداوێکی گرنگ بێتە گۆڕێ، کە وەها ڕوشکیش هەرگیز نە هاتووتە پێش و نیش دێتە پێش، ئەودەمی یەکێک لە وەزیرەکانی حوکوومەتەکەی، لەبری ئەو سەرپەرشتیی کارەکانی دەکات. واتە: جەگری سەرکی حوکوومەت، کە کاری ئەو تەنە جەگریی بێت و هیچی دی، وەک کار و پلەیەکی دیاریکراو، هەرگیز نییە. ئیدی لەوەو وەرە خوارە تا دەگەیتە بەڕێوەبەری خوێندنگە، کە جەگری نییە. واتە: وەک چەن کارگوزار(فەڕاش) لە سوێد نین، هەر بەو جۆرەش جەگر نین، ئەگەریش هەبن، یەکجار دەگمەنن. وەک ڕیزپەڕەک لەوانە، سەرکی پەرلەمان جەگری هەیە. دیارە ئەو نموونەی سوێدە، وەکو تانی دیکەی ئەوروپاش دەگرێتەوە و ئەوانیش هەر وەهان. ئێستا لە عیراقیشدا جەگری سەرکەکمار و جەگری سەرکی حوکوومەت نەماوە. لە باشووری کوردستانیش، کە بە قانوون هەشتا بەشکە لە عیراق، دەبوو جەگری سەرکی هەرەم و جەگری سەرکی حوکوومەت نەمابا و وەک عیراقی لە کرابا.

دانانی جەگر لە کوردستان، داتاشینی پێستەکە، بە ڕازیکردنی ئەم حیزب و ئەو حیزب و ئەو باڵ و ئەم باڵە، نەک بەهرە و کارایی و شارەزایی ئەو جەگرانە. نەبوونی ئەو جەگرانە، چ بەشایەک ناهێنێت گۆڕێ، ئەک بەپێچەوانەوە، بارسووکییەکە بە سەرکی حوکوومەت و

سەرکی هەرەم، چون دەستیان دەکاتەوە و لە کارکانیاندا سەرپشک دەبن و ئازادانە و ئاسانتر، دەتوانن بیربکەنەوە و کار و ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. گەلە جار جەگر، ئیدی جەگری هەرکە بووبێت، بەهەی ئەوەی سەربە حیزبەکی جیاواز بووە لەوەی سەرکەکەی، بووەتە جەگر و بەربەست، لەبەردەم جووڵانەوە و چالاکی و کارایی ئەو کارگێڕییەی کاری تێدا کردووە.
ئەگەر بیارە و هەر دەبە جەگر بە سەرکی هەرەم و سەرکی حوکوومەت و سەرکی پەرلەمان هەبن، ئەوا هیچ پێویست ناکات جەگری سەرکی هەرەم و جەگری سەرکی حوکوومەت بدرێن بە یەکێتی یا گۆران، کە هەردوو ئەو حیزبانە، کون بە کون وەدووی وەدەستهێنانی ئەو پستانەوەن، نەک هەر ئەو دوو حیزبە، بە من پێویست ناکات بدرێن بە هیچ حیزبەکی دیکەی کوردی. باشترین و ڕاستترین هەڵبژادێک بە جەگرانی سەرکی هەرەم و سەرکی حوکوومەت ئەوەیە، کەسەک لە نەتەوەی تورکمان و کەسەک لە کریستیانەکان بن. دیارە پستی کەهە لەو جەگرانە، جەگری سەرکی هەرەم یا جەگری سەرکی حوکوومەت گرنگترە، بدرێ بە نوێنەری تورکمان و بەجگە لەو جەگرە، چەند وەزارەتیکیش بدرێن بە تورکمان. بەشی تورکمان لە هەموو دەسگە و کارگێڕییەکاندا، تەنانەت لە ڕیزی لەشکر و پۆلیسیشدا دابین بکرێ، چون تورکمان لە کوردستاندا نەتەوەی دووەمن. مرۆڤ، کاتێک باس لە تورکمان دەکات، گەرەکە جیۆگرافیای باشووری کوردستان لەبەرچاو بگرێت و تەلەعفەر، هەولێر، پردێ،کەرکووک، تاوغ، خورماتوو، کفری، قەرەتەپە، جەلەولا(قەرەخان)، خانەقین، قزڵەبات و مەندەلی لە یاد بێت و بخوێنێتەوە، کە خەڵکی نەتەوەی تورکمانی تێدان، دیارە کریستیانیش هەر بەو جۆرە، لە دەڤەری بادینان، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی هەن و ئەوانیش لە پاش تورکمان دەبنە پێکهاتەی سێیەم، چون کریستیانەکان وەک ئایینیان هەیە، لە وەک نەتەوە، چەند نەتەوەیەکن. بە هەردوویانەوە، تورکمان و کریستیان، دوو پێکهاتەی سەرکی کوردستانن.

لە حاڵەکدا سەرکی هەرەم و سەرکی حوکوومەت، جەگریان هەبوون و جەگرەکان دران بە تورکمان و کریستیان، ئەگەر جەگرەکانی سەرکی پەرلەمان، بدرێن بەو حیزبە کوردییانەی، پارتی لەگەڵیاندا پێکدێت، ئیدی یەکێتی، گۆران، ئیسلامی یا هەر لایەنەکی دیکەیە، ڕەنگە ئەو چارەسەرەک بێت بە قایلکردنی ئەوان، لە ئەگەر سەرکی هەرەم و سەرکی حوکوومەت جەگریان نەبوو، ئەوا جەگرەکانی سەرکی پەرلەمان بدرێن بە تورکمان و کریستیانەکان، ئەوەش باشترین هەڵبژاردەیەکە، کە دەبە بکرێ و هیچ پێویست ناکات حیزبەکی کوردی ئەو جەگرییە

وەرگرێ.
کە مرۆڤ باس لە تورکمان دەکات، هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەگەر ژمارەی تورکمانی هاووڵات و دانیشتووانی کوردستان ڕاچاو بکرێن، ئەوا بە هەموو پێوەرێک لە حیزبی یەکیەتی و گەلان زیاترن، ئیدی بە ئەوان مافی وەرگرتنی ئەو جگرانیان نەبێت و یەکێتی و گەلان هەیانبێت! ئەوانەی لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دا بە ڕادەستکردنی کەرکووک و دەڤەرانەدنی لانیوەزێتری خاکی باشووری کوردستان و گەلانەوەی پرسی کوردستان بە خانەی یەکەم و تەواوی ئەو نەگبەتی و بەدبەختییەی بەسەر کوردستانیاندا هێنا، هەرگیز تورکمان نەبوون، بەڵکە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، کەچی "چەرمی ڕووی هێندە قایمە شمشێری میسری نایبڕێ..." ، هێشتا ئەوانن ناز دەکەن و دیانەوێ مەرج و پێشمەرج و خواست و داواکانی خیان بەسەر حوکوومەتی زەرینەدا بسەپێنن!

لانەو جڤاکی کوردستانداً، تێنانەت لانەو کوردەکیشیدا، هێندێ بەشی خەڵکی کورد هەن، تایبەتمەندیی ئایینییان هەیە، کە بگومان لەبەرچاوگرتنیان و گرنگیدان پێیان، بەهێزکردن و سەقامگیری و یەکگرتنەکی پتری جڤاکی کوردستان و دنیایەکی زیاتر و مەزنترێ بە ئەو خەڵکانە، نموونەکانیشیان: کوردانی فەیلی(کە لە خواروی کوردستان و بەغدا دژین و لە ڕووی ئایینزایشەوە شیعەن)، ئەزدیەکان(چ ئەوانەی خۆ بە کورد نازانن و چ ئەوانەیشی خۆ بە کورد دەزانن) و کوردانی یارسان(کاکەیی).
سیاسەتی ڕاست و دروست ئەوەیە، بەرژەوەندی کوردستان و خەڵکەکەی لەبەرچاو بگیرێت و دانیشتووانی وڵات بە جیاوازی، وەک هاووڵات سەیر بکرێن. ئەبەت پێوەری یەکەم بۆ پێشاندانی ڕاسین و پێگەیشتن و پێشکەوتن و ئاستی ئەخلاقی و شارستانیەتی هەر جڤاکەکیش، چۆنیەتی مامەڵە و بەرخوردی ئەو جڤاکەیە، لەگەڵ نەتەوەکانی دووەم و سێیەم و کەمینە و گرۆ و خەڵکانێک، کە خودان تایبەتمەندییەکی بەڵک جیاوازن لە زەرینە،

13–01 – 2019

خەرگەلەک، جڤاکی کوردستان
بنکەی دەکەن -1- … ئەمجەد شاکەلی

یەکەم

– هەزی چەکداری حیزب –

هەندەی لە کوردستان، لە میدیا و لانەو خەڵکی سەرجادە و هەموو کون و قوژبنکدا، باس لە دیموکراتی دەکرێ، هەنگێ لە هیچ وەاتەکی دەوروبەری کوردستان و تەنانەت ئەوروپاش، نیوهەندێ باسی لەوە نەکرەت. دیموکراتی، بە واتا گشتییەکەی، هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، جڤاکی و تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی مرۆڤ، چ وەک کەمەی و چ وەک تاک، دەگرەتەوە، لە لە کوردستان، کە باس لە دیموکراتی دەکرێ، تاکە یەک دیوی دەبینرێ، تەنە ئەو دیموکراتییەی گرەدراوی سیاسەتە و مەبەست لەی سیستمی پەرلەمانتاریزمە، لەبەرچاو دەگیرەت، واتە: هەڵبژاردنی خەڵکانێک لە حیزب و گرە و دەستە و هەڵکخراو و نەتەوە و ئایین و تەنانەت تاکیش، کە بەرنامە و نەخشەگەیەکیان هەبەت، وەک نوێنەری خەڵک، بە ئەندامیەتی پەرلەمان و دواتریش بەوەی ئەوانە ببنە پارێزەری سیستمە سیاسییەکە و داهێزەری قانوون لە وەاتدا و بەڕێوەبردنی وەات و کارگێڕی و دەسەات.

لە سیستمی دیموکراتی پەرلەمانتاریدا، زەرینە و کەمینە، بنەمای سەرەکی دەسەات و هەموو بەیارەکە. لە کوردستان، دیموکراتی تەنە لەو هەڵبژاردن و پێنجەمەرکردنەدا دەبینرێ، کە هەژی هەڵبژاردن و لەسەر سندووقەکان، پێشاندەرێن. ئیدی لەوە بەولاوە، دیموکراتی لە هیچ شتەکی دیکەدا نییە و دیموکراتی هەنچووەتە خوارە بنەو کەمەی و هەموو دەمار و جمگەکانی ژیاندا، بنەو خەزان و بیرکردنەوە و ئاوەزی تاکدا، بنەو ئابووری، جڤاک، فەرهەنگ، دادوەری، پەروردە و بارهێنان و خوێندن، تەندروستی و لێشساغی، گواستنەوە، کشتوکاڵ، میدیا و…تەواوی بنەما و ڕایەڵکانی دیکەی ژیاندا و وەدی ناکرێ.

لە هەڵبژاردنی مانگی سێپتەمبەری 2018دا، لەنەو حیزب و هەزسیاسییەکانی کوردستاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان، زەرترین دەنگ و زەرترین ژمارەی پەرلەمانتاری هەنا و لەگەڵ دووەم حیزبدا،

کە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانە جیاوازییان 24 پەرلەمانتارە واتە:(پارتی 45 – یەکیەتی 21). بە دوای ئەوانیشدا حیزبەکانی دیکەدن.
بە گوێرەی هەموو پەوەرێکی سیستمی پەرلەمانتاریزم، دەشە پارتی، وەک بەرەندە و مافی بەرەندەیی، بەو جۆرەی خەی دەیەوە، حوکوومەت پێکبهێنەت. پارتی، دەتوانەت لەگەڵ یەک حیزبی دیکەدا، کە خاوەنی شەش نوێنەر بەت لە پەرلەماندا، یا لەگەڵ چەند وردیلەحیزبدا، کە بە هەمووییانەوە شەش ئەندامی پەرلەمانیان هەبەت، حوکوومەت دامەزرێنەت، چون ئەودەمە ژمارەی پەرلەمانتارانیان(پارتی و ئەو حیزبە یا ئەو وردیلەحیزبانە) دەبنە 51، ئەوەش دەکاتە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان. ئەمەی دەیەم، وەک قانوون و یاسایەک، لە هەموو سیستمەکی دیموکراتی پەرلەمانتاریزمی جیهاندا، پەڕە دەکرە و ڕەزی لە دەگیرە، لە لە کوردستان وەها باسەک، دەبەتە مایەی هەڕەشە و ماسولکە دەرپەڕاندن و خەگیڤکردنەوە و هەزپەشاندان.

ئەوەی مرۆڤ لە کوردستان دەیژنەڤ و خەڵک دەیەنەوە، ئەوەیە، کە دەبە پارتی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی حوکوومەت پێکبهێنەت و یەکیەتییەش بەگەزی خەی بیپەوە، ئیدی فەانە پەستی گەرەکە و بە فەانە پەست ناڕازییە و دەبە حوکوومەتەکە وا بە و وا نەبە و زەری تریش. ئەوەی وا دەکات، هەم یەکیەتیی خەی و هەم خەڵکیش بەو جۆرە بیربکەنەوە، تاکە یەک شتە، کە وەها بەچوونەک دەنەتە گەڕە، ئەوەش بوونی هەزی چەکدارە. هەردوو حیزبی پارتی و یەکیەتیی خاوەنی هەزە چەکدارن و هیچ یەکەک لەوان ئەگەر بەرەندەش بە و بەشەڕی پەرلەمانتارانی بگاتە 70%یش، بەگوێرەی ئەو پەوەرە نادروستە باوەی کوردستانە، هەر ناتوانەت بە تەنە خەی حوکوومەت پێکبهێنەت، چون لەوی دی دەترسە، لەوەی یاخیبوونەک، کوودەتایەکی سەربازی، چەکداری، سیاسی بەسەردا بکات یا جاەی جیابوونەوەی دەڤەری کەسک و زەرد لەیەکدی بدات. تەواوی بەها و نەهامەتی و نەگبەتیی و سیابەختیی پرەسەسی سیاسی لە کوردستاندا، دەگەڕەتەوە بە ئەو هەزە چەکدارە حیزبییانە.

70 و 80، ناوی دوو هەزی چەکداری یەکیەتیی و پارتیین و ئەو هەموو"حەفت و هەشتە"یشی دەیکەن، هەر بەهەی ئەو دوو هەزەوەیە. بەجگە لەو دوو هەزە چەکدارە حیزبییە، هەزی دژەتەرەر و ئاساییش و پەلیسی نهێنی و پەلیسی ئاساییش هەن، کە هەر هەموویان حیزبین. هەزی چەکدار، لە وەاتەکی فرەحیزبیدا، هەرگیز نابە سەر بە حیزب بەت. لە سۆڤیەتی جاران، چین یا کووبا، کە تاکە حیزبەک فەرمانەوا

بوو، لەشکر و هێزی چەکدار، بە دەست ئەو تاکە حیزبەوە بوو و ئیدی چ مەترسییەک چاوەڕوان نەدەکرا، چون ئەو حیزبە هەموو تاکەکی ئەو وڵاتەی خۆی، بە هزر و ئایدیۆلۆگیی تایبەتی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارە باردەهێنا و پەروەردە دەکرد. لە کوردستان، تا سەردەمی سەرۆک مستەفا بارزانی، وڵها هێزێکی چەکدار هەبوو، چون یەک ئەبزار، یەک حیزب، یەک هێزی پێشمەرگە هەبوون. ئێستاش لە هەموو جیهاندا، هەموو دەوڵەتێک، یەک هێزی چەکداری تەدایە، کە لەشکری وڵاتە و بە داکەکی لە وڵات و پاراستنی خاک و وڵات، دامەزراوە و یەک فەرماندار و ئەبزاری هەیە. ئەو ئەسایە نە تەنە وڵاتان پشکەوتووی وەک ئەورووپا، ئەمەریکا، چین، ژاپۆن و...ناگرنەوە، بەڵکە تەنانەت وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، سووریا، سعوودیە، پاکستان، تەنانەت عیراقی سەردەمی سەددام حوسەین و ئەم عیراقە فشڵە و بەسەروبەری ئەمڕۆش، دەگرێتەوە.

دەسەڵاتی پاش 1991ی کوردستان، لە یەکەم ڕۆژەوە، کە هەموو ئەو حیزبانەی چیا، گیانەوە و هەریەکە کەمەک چەکداری خۆی هەنایە شارەوە، ئیدی هەر یەکە کەوتە هەڵپەی بەهێزکردنی هێزەکەی خۆی، بە پاراستنی حیزبەکەی خۆی، نەک بە پاراستنی کوردستان. لەبەری دامەزراندنی یەک هێزی چەکدار، لەشکرێکی ناحیزبی، هێزێکی سەربازیی چەکداری وەک هەموو ئەو هەزانەی جیهانە، کە وڵاء تێیدا تەنیا بە خاک و وڵات و نیشتمان، واتە: کوردستان، بێت، نەک بە حیزب. ئەوە نەکرا. ئەوان، هەر حیزبە و چەکداری خۆی وەک دابستە بەخۆو کرد، هەرچی چەکداری خۆی هەبوو، هەموو بەناوی پێشمەرگەی دەرین و سەرکردە و بنکردە و شەهیدی سەنگەر و...دەیان ناوی دیکەوە، خانەنشینییان بە بایەوە. کانە شوان، کانە گاوان، کانە سەربازێکی ئاسایی هەڵاتووی لەشکری عیراق، کانە دەورە، کانە کەترباز، کانە چەقەکەش، کانە خوێندکارێکی تەنبەڵ، کە شەشەمی سەرتایی تەواو نەکردووە، کانە 16، 17 سالانێک، کە لەگەڵ باوکیدا تەکچووە و هەڵاتووە، کانە گەنجێک، کە حەزی لە کچێک کردووە و بەی نەبووە و بە گەیشتنتی شاد نەبووە، کانە کوڕی گەورەکێک، کە لە کوانی گەورەکەی ئەولیانەوە هەڵشەی لەکراوە، کەسانێک تەنە وەک میوان و بە ماوەیەکی کەم لە چیا، وەک وەستگەیەک بە پێینەوە بەرەو هەندەران ماونەوە و زەر جاری دیکەی مرۆق، لەتەک ئەزمدا بە هەموو ئەو جارە مرۆقانە و هەر پیشە و پاشخانێکیان بووبێت، هەموو ئەمانە، بە گوڵلەک تاج و ئەستێرە و شمشێر و داە و پلەی خیاڵیی عەقید و جەنراڵ و فەریق و ڤائید و دەیان ناوی قەبەی دیکە، کە من نایانزانم، خانەنشین کران و مووچەی خیاڵییان بە تەرخان کران.

هەموو یەکێک لە ئەم دیان لەو ئەفسەرە قوللابی و ساختانە دناسین، کە تانە بەهای حیزبیبوونیانەوە بوون بە ئەفسەر یا وەک ئەفسەر خانەنشین کراون، کە زرینیان تاکە ەژکیش نە ئەفسەر بوون و نە شتێک لە ئەفسەری و زانستی جەنگ دزانن و تانانت سەربازییشیان نەکردووە و ەنگە فیشەکیشیان لە ژیانیاندا نتەقاندبە، ئەوانە و چەندین جەری دیکە هەن، تەواوی ئەوانە، تەنیا دەمچەورکردن و کەینی ئەو مرۆقانە بوون و بە پاراستنی بەرژەوەندی حیزبەکان وەها کردەیەک جەبەجە کراوە.

لە کوردستان، لە 1991ەوە، کە ئیدی دەسەاتکی کوردیی نیمچەسربەخۆ، جەی عیراقی گرتەوە، تا هەنووکە نتوانراوە هیزی چەکداری پشمەرگەی سەر بە حیزب و هەزی ئاسایش و هەزی دژتەرر و هەزی پلیسی نهەنی و پلیسی ئاسایی، بکرێن بە یەک لەشکری ناحیزبی. یەک ئاسایش، یەک دژتەرر، یەک پلیس. تا ەوشکە بەو جەرە بەت، وەک هەیە، تا ئەو هەموو ئەفسەرە پلەدارە، پلەباەا خانەنشینکراوە ساختانە هەبن، تا هەر حیزبەو هەزی چەکداری خەی هەبەت، تا ئەو هەموو پارەوپووە بەو چەکدارە حیزبییانە بدرێن و ئامادەبکرێن بە جەنگی حیزبەکە یا حیزبەکانی ەکاریان، هەرگیز شەو و تارمایی هەەشەی دابەشکردنی دقەرەکان، بەگوەڕەی ەنگ، ناەوەتەوە و هەرگیز ئارامی و ئاسوودەیی، جەگیر نابەت و هەرگیز چەمکی زرینە و کەمینەی پەرلەمانتاریزم پەە ناکرەت و پرسەسی سیاسییش هەر لە خانەی یەکەمدا، بە هەمیشە لە سمکەان لەجەی خەیدا، ناکەوە. ئەگەر چارسەرێک بە ئەو ەوشە هەبەت ئەوەیە: ئەو دەسەاتەی(سەرکایەتی حوکوومەت، سەرکایەتی هەرەم و سەرکایەتی پەرلەمان) کە لە کوردستان دەتە سەر کار، یەکەم کارێک، گەرکە لە زووترین کاتدا بیکات، هەوشاندنەوەی هەموو هەزێکی چەکداری حیزبییە لە کوردستان و دامەزراندنی یەک هەزی چەکدار، یەک لەشکری نیشتمانیی کوردستانییە.

2019- 01-04

جەمال نەبەز، ڕووناکبیر و بیرمەند، لە سیاسیەکی کەم … ئەمجەد شاکەلی

بەوا ناکەم هیچ کەسکی بە وێژدان بتوانێ، خۆ لە کار و بارهەم و تێکۆشانی پتر لە 60 ساڵی تەمەنی جەمال نەبەز، زمان بکات و هەموویان بسڵتەوە و پشتگوێیان بخات. جەمال نەبەز، زمانەوان و مێژوونووس و ڕووناکبیر و نووسەر و بیرمەند و سیاسەتکار بوو. ئەو وەک چەن لە بیرکردنەوەی سیاسیی خۆیدا، هەموو ئامانج و خەونکی یەکبوونی کورد و یەکخستنەوە و دامەزراندی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو، لە زمانیشدا، زمانکی یەکگرتووی کوردیی، وەک زمانی ڕەسمی و ستاندارد، گەلک بەلایەوە مەبەست و جێی بایخ بوو. کارکی گرنگی دیکەی جەمال نەبەز، ساغکردنەوەی مێژووی کورد و ناساندنی مێژوو و کەشەی کورد و کوردستان بوو، بە ئەوروپاییان و بیانییان بە گشتی. نووسین و هزرکانی، بنەما و فەرگەیەک بوون، بە بارهەنانی نەویەک و پەگیاندن و وەئاگاهەنانەوەی زۆرک لە خەکی کورد. ئەو مرۆڤیکی بزۆو و چالاک و کارا بوو و هەمیشە دەجووڵا و دەکەشا، بە وەدیهەنانی خەونکانی، کە هەمووییان بە دەوری کوردستان و نەتەوەی کورددا دەسووڕانەوە.
ئەوەی سەروەڕ دیوکی گەشی جەمال نەبەز، لە هیچ کەسک، هیچ مرۆڤک، سەدلەسەد هەموو دیوکانی، هەموو لایەنکانی ژیانی، هەموو دید و هویرکانی، گەش و سوودمەند نین و تەنە شایستەی پەسن نین و دەشە مرۆڤ لە دیوکی دیکەوە و بە جۆرکی دیکە، بیانخوێنێتەوە و پێیان قایل نەبێت و ڕەخنەی لێیان هەبێت.

لەنەو کەمەڵ و وەڵاتی خەمان(کوردستان)دا، وەک باوە، کە کەسک، کەچیدوایی دەکات، بە تایبەت ئەگەر مرۆڤکی بناوبانگ بێت و لە بوارکدا، کارکی کردبێ و کاریگەرییکی بووبێ و بارهەمک یا شوێنوارکی لەپاش خۆی جێهێشتبێ، ئیدی پاش مردنی، تەنە پەسن دەدرێ و تەواوی کردەوگەلکیشی، کە سوودمەند نەبووبن یا چەوت بووبن، بگۆڕێ تیری"شەیتان و ڕەحمان دەستیان لێی شاردووە"، دەسدرێنەوە و ڕەخنەیان لە ناگیرێت و ئەگەر هەڕەیشی کردبێت، پەردەپۆش دەکرێت. بە من، مرۆڤ، دەبێ سەرلەبەری ژیانی بخوێنرێتەوە و تەواوی مێژووی ژیانی و تەواوی ئەو وەستگە و قۆناخانەی پێیدا تێپەیون و سەرجەمی کار و کردەوە و گوتار و بیروڕاکانی، خاس و

نەباش، بۆ بازدان بەسەر تاکۆ یەک شتیشیدا، لەبەرچاو بگیرن و هەستەنگاندنیان بۆ بکرێن. هەنگۆ لەمەر ئەم بابەتەی بەردەستتان بگوترێ، ئەوەی ئێستا لەمە مامەستا جەمال نەبزەوە دەگوترێ، دەبوو کاتێک، کە لە ژیاندا بوو، بگوترابا، لە من باش دەزانم ئێستا بەجگە لە پەسن، هیچ یەکێک لەوانەی باسی مامەستا نەبز دەکەن، تەوخنی لایەن و دیوەکی دیکەی ئەو ناکەون. بۆیە ئەوەی من لەبەردا دەیەم، شتێکی نوێ و شاراوە نییە و بگومانیشم لەوەی، خەڵکێک هەن، لەگەڵ بەچوونەکانمدا هاوڕا بن، هەر بۆیە بۆ ئای من پەویستە بگوترێن.

جەمال نەبز، وەک مرۆڤێک، بە گەواهی ئەوانەی لە نزیکەوە دیویانە، ناسیویانە، کاریان لەگەڵ کردووە، ژیاون: گەلێک خانەگومان و خۆیست بووە. هاوبیرێکی جەمال نەبز گەڵایەوە، کە جارێک، خوشکێکی جەمال نەبز لە کوردستانەوە هاتووە بۆ سەردانی بۆ ئەمانیا و لەتێک خەیدا، وەک دیاری، چای بۆ هێناوە، کیسەیەک چای وشک، چای دووغزاڵ(بە عەرەبی: أبوغزالین)، کە ئەودەمی زۆر باو بووە. ئەودەمە وەک ئێستا نەبوو و لە ئەوروپا هێندە چای نەبوو و ئەگەر هەشبووبێ، ئەوا چایێک لە وەتاوە هاتبێ و دیاریش بووبێت، گەلێ خۆشویست بووە و خوشکەکیشی هەر بۆ مەبەستێ بۆی هێناوە. کە خوشکەکەی کیسە چایەکەی داوەتە دەستی جەمال نەبزەوە، لە خوشکەکەی پرسیوە، ئەوە چییە، ئەویش گوتوویەتی چایە. جەمال نەبز دەسبەجێ کیسە چایەکەی فەداوەتە نەو زبەدانەکەوە و بۆوش دەی خوشکەکەی شکاندووە. ئەو کارەی بۆیە کردووە، چون گومانی ئەوەی کردووە، کە هەنگۆ حوکوومەتی عیراق ئەوەی وەک زار و دەرمان، بۆ کوشتنی ئەو ناردبێ!
گەلێک تەنگجیقەدان و لە خەڵازی بووە و هەڵسوکەوت و دەستایەتی لەگەڵیدا هەرگیز ئاسان نەبووە، بەڵکە گەلێ سەخت و گران بووە. هەمیشە خەی بۆ ڕاست و خەڵکانی ناهاوڕای بۆ ناڕاست زانیوە و کەمجاران ددانی خەری بۆ خەڵکدا ناوە.

هیچ مرۆڤێکی کوردی زیرەک و چالاک و کارای بواری نووسین و زمان و مێژوو و سیاسەتی، خەشنەویستووە و هەموو کوردێکی لەو جۆرەی بۆ کابەری خەی زانیوە. هاوبیرێکی بۆی گێڕامەوە گوتی:"جارێکیان لەگەڵ جەمال نەبزدا دانیشتبووین، ئیدی باسی سیاسەت و کورد و نووسین و...زۆر شتی دیکە کرا. هەر ناوێکی دەهاتە سەر زارمان، جەمال نەبز شتێکی خراپی لەبارەوە دەگوت. لەپڕ باس هاتە سەر کەسێکی ناسراو، کە نووسەرێکی کارا و شارەزا و چالاک بوو و من هێندە پەسنم

دا، ئەو دەسبەجێ دەستی بە زەمکردنی کرد و گوتی، من دوو چاوم هەن، لە یەک دانیشیان هەتنایە و ئەوی پێ نابینم، کوڕاییم دادە، ئەگەر ئەو کابرایە دەبینم!" دەی ئەوە لە "ئەڕەیی" و "قبوونەوە لە مرۆڤ" زیاتر، ناوەکی دیکەی لێنانرێت.

لەسەر شتگەلێکی بچووک و کەمبایەخ گەلێ جار، لە کەس نزیکەکانی و ئەوانەی لە دەوری دەبوون و کەمەکیان پێ دەکرد و هەڵزیان لێی دەگرت، دەتڕا و دەکەوتە باسکردنیان بە خراپە و ناوزڕاندنیان، بە نووسین و بڵاوکردنەوە.
جەمال نەبەز، لەم ساڵانەی دواییدا، لە ڕووی زمانەوە، کەمێک دەسکاری و گۆڕینی لە هەنووس و دەربڕین و دەستەواژە و وشە کوردییەکاندا دەکرد، بە بیانووی ئەوەی هەندێ تیپ، کە کورد بەکاریان دەهێنن، کوردیی نین و لە زمان و تیپی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی و گەرەکە کورد، ئەو تیپە عەرەبییە"لایدە و نامە"یانە وەدەرنێ و زمانی کوردییان لە پاکژ بکاتەوە. جەمال نەبەز، لە کاتێکدا ئەوەی دەگوت، کە بەخێ ئەرانناسی خوێندبوو و فارسییزان و کوردزان بوو. ئەو وشە و دەستەواژانەی، تیپی "ح"، "ق"، "ع"، "غ"یان تێدابووایەن، ئیدی لە پشەوە، لە ناوەنددا یا لە کۆتاییدا، ئەو دەیانیگۆڕین بە تیپی دیکە. بە نموونە:(حوسێین، حەمە، مەحموود، حەسوود، حەمکە، حەسیرەکە، حەیوان، حەز، حەوت، حەوتەوانە، حەسار، حاجی، لای ئەو دەبوونە: هوسێین، هەمە، مەهموود، هەسوود، هەمکە، هەسیرەکە، هەیوان، هەز، هەوت، هەوتەوانە، هەسار، هاجی).

(قوە، قارەمان، قەقەنە، قەڵەش، قەوزە، قەیسەری، قاز، قەرتەپپە، سەقز، خانەقی، قەرەداغ، قلیاسان، قاڵی، قەری، بەعشیقە، نەقیزە، لای ئەو دەبوونە: کوە، کارەمان، کەکنە، کەڵەش، کەوزە، کەیسەری، کاز، کەرتەپپە، سەکز، خانەکی، کەرەداخ، کلیاسان، کاڵی. کەری، بەئشیکە، نەکیزە). (عەلی، عومەر، عەرەب، سەعید، جومعە، عەبا، سەعات، باعەباع، عەرەبەت، عەلی عەسکەری، عەلی ئەسغەر، لای ئەو دەبوونە: ئەلی، ئومەر، ئارەب، سەئید، جومئە، ئەبا، سەئات، بائەباء، ئەربەت، ئەلی ئەسکەری، ئەلی ئەسخەر). (غاردان، بەغدا، غەیدین، غاز، غیرەت، غەوارە، غەریب، لای ئەو دەبوونە: خاردان، بەخدا، خەیدین، خاز، خیرەت، خەوارە، خەریب). بەڵاستی ئەوەی جەمال نەبەز دەیکرد، بەجگە لە ئەتککردنی زمانی کوردی، چتێکی تر نەبوو. جەمال نەبەز، زمانەوان و مەژوونووس بوو، سەرباری ئەو ئەتکەیشی بە زمانی کوردی، هەشتا دەیتوانی شتی

دیکەی باش پشکەش بە زمان و مێژووی کورد بکات. سەد بریا لە بری سیاسەت، خەریکی ئەو بوارانە بووایە!

ئەو لە ساڵی 1962ەوە، واتە: ماوەی 56 ساڵان بوو، کوردستانی جەهەشتبووە و هەرگیز بە تاکە یەک جاریش سەردانی کوردستانی نەکردووە. مرۆڤ، ئەگەر خۆشەویستیی بە خاک، وڵات، زێد، نیشتمان، گەڵەکەکەی، ئاواییەکەی، کەنارەکەی، یادەوەریی منداڵی و سەردەمی لاویی، خەڵکی وڵاتەکەی، هاوشارییانی، دەست و هاوەڵ، کەسە نزیکەکانی، خانەوادە و خزمە نزیکەکانی، باوک و دایک و خوشک و براکانی هەبێت، ئەبێتە خەمناگرە و لەو ماوە دوورودرێژەدا، 56 ساڵان، چەندین جار سەردانی کوردستان دەکاتەوە. ئەو وەنەبێ تەنە سەری باشووری کوردستان، کە لەی هەڵاتبوو، نەداتەوە، بەڵکە سەری باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای کوردستانیشی نەدەدایەوە، کە هەمیشە بە خەی باسی کەمەڵک پارچەی کوردستانی دەکرد و هەموو کوردستانی وەک یەک وڵات تەماشا دەکرد. دیارە هیچ پاساوەک بە ئەو نەگەیانەوێ و سەرنەدانەوێ، نەبووە و نییە، ئەگەر لای نەبێز خەیشی بووبێ، هەرگیز جێی باوەڕپێکردن نییە و تەنە کەماسی خۆشەویستی بە خاک و خەڵکی کوردستان، پێشان دەدات.

ئەو بە خەی هەر کاتێک باسی نەگەیانەوەی بە کوردستان کردبا، دەیگوت، "خولەی فەرەنگەوڵە"، ڕەگەی لە گرتووم و نەیهێشتووە بگەڕێمەوە کوردستان. لە "خولەی فیرەنگەوڵە"یش، مەبەستی سیاسەتکاری بەناوەی کورد، دکتۆر مەحموود عوسمان بوو. ئەو باسی ئەو سەردەمەی 1970 تا سەرەتای 1974ی دەکرد، سەردەمی پێکهاتنی سەرەک بارزانی لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدا و ڕێککەوتننامەی 11ی مارسی 1970. ئەو بە خەی ئەگەر مەبەستی گەیانەوەی کوردستانی بووایە، بەگومان نەیبووە، نەک دکتۆر مەحموود عوسمان، هیچ کەسەک نەیدەتوانی ڕێگەی لێبگرە! ئەو وا لە خەی دەنێی، کە دەبە سەرەک بارزانی یا کەسانی نزیکی ئەو، بانگهێشتی تایبەتی بە بکەن و وەک سەرکردە و ڕێبەر پێشوازی لێبکەن. دەنا ئەگەر وانییە، خە هەزاران کوردی پاژەکانی دیکەی کوردستان، لەو چوارساڵەیدا، کە کورد تا ئادێیەک لە ڕووشکی باش و ئارامدا بوو، لە باشووری کوردستان و لە سایەی ڕێبەرایەتی سەرەک مستەفا بارزانیدا دژیان و تەکۆ بە واقیعی نیشتمان بووبوون و ئومێش دەیتوانی وەک ئەوان خەی بخزێنێتە نەو زانستگە و کەی زانیاری و بوارە فەرهەنگییەکەو و لە پەناشدا سیاسەتی خەیشی بکات. نەگەیانەوەی دکتۆر نەبێز، تەنیا پەیوەندی بە لووتبەرزی و خەبەگورزانینەوە بووە و هیچی دی.

ئەگەر پێش هەرەسی 1975، تەنێ سەرکی بارزانی تاکە ڕابەر و سەرکردەیوو و یەک حیزب(پارتی دیموکراتی کوردستان) لە کوردستاندا دەسەڵاتی هەبوو و یەک هێزی پێشمەرگە هەبوو، لە کە شکستی کوردستان هەرەسی هێنا، ئیدی مەیدان و گۆڕەپانی کوردستان لە یەک سەرکردە و یەک ڕابەر و یەک حیزب و یەک هێزی پێشمەرگە و یەک بزاڤی چەکداری و یەک جووڵانەوەی سیاسی، چۆڵ بوو و ڕێژیمی بەعسی بەغدا، دەسەڵاتی حوکوومەتی عیراق، گەیشتە دوورودرێژترین و سەختترین جەنگ و هەموو کونجێک لە کوردستاندا. پاش ماوەیەک جارێکی دیکە ڕێکخراو و حیزب و گرێ چەکدار پەیدابوونەوە و جەنگی دژ بە ڕێژیم دەستی پێ کردەوە. لەو دەمەیدا، ئیدی سیاستکردن و بزاڤ چەکداریەکە و کورد و کوردستان بە گشتی، بە سەر مایەوە و لەتلەت بوو و هەموو جارە گرێ و دەستە و حیزبێکی تەدا پەیدابوون. ئەوانە وەک کوارگی بەهارە هەڵدەتەقان و هەرزێژەی ناوەکی نوێ دەهاتە نەوانەوە. زۆرێک لەو گرێ و دەستە و حیزبانە، کە بەشێکیان دەستکردی پێتەختەکانی دەوروبەری کوردستان بوون، بە خێیان پێیانوابوو، چەپانە دەهزرێن و دەپێقن، چون ئەوان، هەموو نەهامەتی و داووخان و هەرەسیان، دەخستە ئەستۆی سەرکی بارزانی و بزاڤەکەی، کە ئەمان بە ناچەپیان دەزانی. ئەوانە، ئەو بیری چەپایەتییەی خێیانیان پێوە هەڵدەکێشا، تەنە ڕواڵەت و ڕووکەش و دەمامکێک بوو، بە خۆ لە چاوکردن و فریودانی خەڵک و بەجگە لە بانگەشەیەکی پفدراو و درۆ، هیچی دیکە نەبوو.

لەو گۆڕەلاوژە و بە سەروبەرییەی دوای هەرەس، هەموو جارە بیر و هەموو جارە هەنگاوێک لەو دەڤەردا سەریان دەرهێنابوو و هاتبوونگۆڕی، تەنیا یەک جارە بیر و ئایدیۆلۆگی لە کوردستان، ئامادەیی نەبوو، ئەویش هزری نەتەوەیی(ناسیۆنالیستی)کوردی بوو. جەمال نەبەز، کە خەی بە دامەزرێنەری ئەو فەرگە نەتەوەییە کوردییە و هێناس و باوکی ئەو هزرە دەزانی، دەبوو وەک هەستی نەتەوایەتی و بەرپرسیارێتی و چەڵایی دەنگە نەتەوەییەکە، لە کوردستان، ئەو دەرفەتەی بقەستایەتەوە و ئەگەر بەڕاستیی باوەڕی بە بیر و پێامەکەی خەی هەبوو، دەبوو دەستبەرداری ژیانی ئەوروپای بووایە و بە هیچ یەکودوو و بیرکردنەوەیەک گۆڕابایەوە کوردستان و بنەمای بزاڤێکی نەتەوەیی دانابا و خۆکە هەوادارکانی خەی خەکردباوە و لە مەیداندا سیاستی خەی کردبا. جەمال نەبەز وای نەکرد. ئەو لە ئەمانیا ڕوونیشتبوو و تەنە قسەی دەکرد و دەهزری و گرێکیبوو خۆک بیژنەفن و بگرێی ملدا بدەن و بڕژن"ئەشهەدو ڕاست دەفەرمووی…". ئەو پێیوابوو بەو نووسین و تیاری و قسانە لە

ئەوروپاوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئادەگەیندرێ. هەرگیز لە کارکردن گرنگتر نییە. عەلی شەریعەتی دەڵێ:"ئەو خەڵکانەی ڕیبەرایەتی شۆشیان کردووە و کاری هەستووەر و خەباتی کردەییان کردووە، لەو بیرمەند و فیلەسەفانەی، جەنگی ژیانیان نەکردووە، گرنگترن" .

جەمال نەبەز، کە دامەزرێنەری کاژیک بوو و کرەکی هویری کاژیکیش، نەتەوەیی بوو، بەجگە لە کەمەک دەستواژەی توندی نەتەوەیی و تەسکبیری و بەرچاوتەنگی و تووڕەیی، لە کاژیکنامە و ئەو هەزرە نەتەوەییە و ئەبازکەیدا، لایەنکەی تیۆری و فەلسەفەیی و ئایدیۆلۆگی و شیکردنەوەی جڤاکی، ئابووری، سیاسی و مێژوویی و نەخشە و بەرنامەیکی هەمەلایەنەی گرەدراو بە فەلسەفە و تیۆرییەک، کە ببەتە چرایەک و نەخشەگەیەک بە کەمەی کورد و وڵاتی کوردستان، نابینییەوە. لە تێزەکانیدا گەلە جاران، جەمال نەبەز، جەختی لەوە دەکردەوە، کە بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قۆمییەتی ئەژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ئەژاواییە و لەگەڵ ئەواندا جیاوازە، لە تە کە کاژیکنامە دەخوێنییەوە و دواتریش لە گوتار و ئەوتاری جەمال نەبەز و پەیڕەوانی فەرگەکەی وەردەبییەوە، تا ئادیەکەی زەر بەندەری فەلسەفە و تیۆرییەکانی ساتیع ئەلحوسەری(ساطع الحصري) و میشێل عەفلەق(میشیل عفلق) و بەعس و نەتەوەییە عەرەبەکان، لەسەر جەمال نەبەز و تەوانینی وی و فەرگە نەتەوەییەکەیشی بە ئوونی دەبینی. سەرووشی کاژیکنامەیش لەو پاشخانەوە بە جەمال نەبەز هاتووە.

ئەو فەرگە نەتەوەییە و بیروباوەڕەی جەمال نەبەز، کە بوونە پێشاک و چوارچێوە و بنەمای کاژیک و دواتریش پاسەک، هەرگیز نەبوونە فەرگە و بیروباوەڕەک، زەرینە یا زەرەک، لە خەڵکی کوردی لە دەور گلەر ببنەوە. هەمیشە دەستەیەکی کەمژمارە هەواداری ئەو ڕەوتە بوون. بە من ئەوەش دەگەڕێتەوە بە شێوەی ئەو دوو ڕەکخستنە، کاژیک و پاسەک، ئەوانە پتر دەڤەریی، لەکاڵی بوون و لە سنووری باژێڕی سلەمانی نەچووبوونە دەرە و تا ئادیەکیش مەرک و سیما و ڕەنگ و بەی سلەمانییان پێوە دیار بوو. جارەکی لەگەڵ کاک ئازاد مستەفادا، کە هەشتا لەگەڵ جەمال نەبەزدا نەوانیان تێکنەچووبوو، باسی بیری نەتەوەیی و پاسەک و ڕەوشی کوردستانمان دەکرد، گوتم:"کاک ئازاد، ئەو باسی چوار و پێنج و هەندە جار زیاتریش پاژی کوردستان دەکەن، خەتان بە خاوەنی فەرگەیەکی نەتەوەیی دەزانن و حیزبەکەتان بە نوێنەری هەموو کورد دەزانن، وانییە؟". گوتی:"بەڵێ وایە".

گوتم:"یەک پرسیارت لە دەکەم، هیوادارم هەکوەوان و دروست وەڵامم بدەیتەوە". گوتی:"گومانت نەبێ، ئەوەی ڕاست بێ، پێت دەڵێم".

گوتم:"ئەوەی پاسەک، لە ئامێدی، لە دهۆک، لە مووسڵ، لە خورماتوو، لە کفری، لە خانەقین، لە مەندەلی، لە زربا تییە، لە بەغدا، لە ئیلام، لە کرماشان، لە بانە، لە ورمێ، لە قووچان، لە هەورامان، لە یەزدان، لە وان، لە دێرسم، لە دیاربەکر، لە مەردین، لە غازی ئەنتاب، لە قەنیە، لە عامووداً، لە دێرک، لە قامشلوو، لە شام، لە بەیرووت، لەنەو کوردانی فەیلیدا، لەنەو کوردانی ئەزدیدا، لەنەو کوردانی کاکەییدا، لەنەو کوردانی شیعەدا، یەک ئەندامی پاسەکتان هەیە؟". گوتی:"نا وەڵا نیمانە…". گوتم:"ئەوە هەرچەندە دروشمەکانتان گەورە و زۆق و قەبان، لە هەرگیز لە چوارچێوەی سڵەمانی نەچوونەتە دەر، لەوە هەن، بەڵام کەمیشن". گوتی:"دەی بە خوا هەک وایە..". گوتم:"کاتی ئەوە نەهاتووە بە خەتاندا بچنەوە و خوەندنەوەیەک بە مێژوو و داهاتوو و تەواوی بیر و کرداری خەتان بکەنەوە و گەیشتکی ئادیکال لە بوونی خەتاندا بکەن!". بەک ئاما و سەرەکی بادا و گوتی:"وایە، دەیکەین ئینشائەڵا". هەکاری سەرەکی بەاونەبوونەوەی بیری نەتەوەیی نەبەزیزم و بچووکیی کاژیک و پاسەک، لە تەسکبیری و خانگومانی و وشکی و تووڕەیی و باوەنەبوون بە خەک، لە دامەزرێنەری ئەو بیر و فەرگەیەوە، جەمال نەبەز و کەسەنزیکەکانی دەوروبەری ئەوەوە هاتبوون و ئێدی بووبوونە پەتایەک، هەرگیز لەو بزاڤە نەتەوەییە نەبوونەوە و تا ئێستاش هاتن، تا ئێدی مەرگ لە 08-12-2018دا، باوکە ڕەحیمەکەی پێچایەوە و هەموو خەونەکانی لەگەڵ خۆیدا لوولدا.

من بە خەم، لە نزیکەوە جەمال نەبەزم نەناسیوە و هەرگیزیش هیچ جارێ پێوەندەکم لەگەڵیدا نەبووە، لە بەشەک لە نووسینەکانیم خوەندووەوە و چەندین جار، لە ستەکهۆڵم، ئامادەی کۆ و سیمیناری ئەو بووم و تا ڕادەیەک ئاگایم، لە بیر و بڕخورد و هەڵسوکەوتی ئەو هەبووە و زۆریشم لە هاوبیرانییەوە لەبارەی ئەوەوە ژنەفتووە، لەو باوەڕدام جەمال نەبەز ئەگەر سەدلەسەدیش نەبێت، ڕێژەیەکی نزیک لەو ڕێژەیە، حاڵەتکی ترس و سڵەمینەوە و دڵەاوکە و گومانکردن و باوەنەبوون بە خەک و چاوەوانی خراپەکاری لە خەک، لە بیرکردنەوەیدا هەبووە، کە تەواوی ئەوانە، پتر لە خەبەزلزانین و لەخەازیبوون و ئالەخەبوونەوە دێن، کە بە لاتینی و زمانانی ئەوروپایی پێی دەگوترێ (Paranoia). ئەو حاڵەتە کارەکی وا دەکاتە سەر مرۆڤ، کە وەک لە ئەمەریکا و لەسەرجادە و بازاڕ و زمانی میللی

و نەو خەڵکە دەڵێن، مرۆڤ هەست بکات و پێیوابێ، خەڵک هەمووی وەدووی ئەو کەوتوون و دەیانەوێ بیگرن و بکوژن:(هەمووکەس وەدووماون بە گرتنم"Everyone is out to get me"). تەواوی ئەو بیرکردنەوەیە و ئەو دیدە بە ژیان و سیاسەت و شەوازی هەڵوتار و کارکردن و داخراویە، لە جەمال نەبەزەوە شەبووبووە و هەچووبووە خوارە، بە نەو هەکخستنەکانی کاژیک و پاسەک و سەکسە و ئەو فەرگە و بزاڤە نەتەوەییە، کە بەرهەمی هەزری جەمال نەبەز و هاوبیرانی بووون و تەنانەت بە نەو هاوبیر و هەوادارانیشیان.

جەمال نەبەز، لەودەمەوەی نەتەوەیانە، بەو جۆرەی خەی باوەی پێبوو و کاژیکانە دەهزری، ئیدی هەرگیز چ نوبووونەوە و گەانەک لە بیرکردنەوەیدا، لەو بوارەدا، نەدەبینرا. ئەو هەر لەسەر هەمان هەڵە دەیشت و هەمیشە هەر شتەکانی خەی، کە چەندین سالەی بەسەردا تێپەبووون، دەگوتنەوە و چەندپاتەی دەکردنەوە.
هاوبیرەکی جەمال نەبەز دەیگەایەوە، کە جەمال نەبەز، لە تەمەنی لاویی و دەسپەکی نووسینیدا، بە ناوی "جەمال کەڵە"وە ناسراو بووە، هەر بەڵاستیش پەموایە پرۆفەسەر دەکتەر مامەستا جەمال نەبەز، نووسەر و هەوناکبیر و مۆژوونووس و زمانەوان و بیرمەند بوو، لە سیاسیەکی کەڵ!

23-12-2018

_____

رسول، فاضل، هكذا تكلم علي شريعتي، دار الكلمة للنشر، الطبعة الأولى 1978، بيروت- لبنان، ص 70.

کەرکووکەخەم – دوانزدە ئەمجەد شاکەلی

پاش نیوەڕۆیەکی 47 پلەیەک گەرم، کەڵەپشتەکەم بە کەمەوە بوو، بە کەڵانەکی ئەو گەڵەکەی پەی دەگوترە"گەگی بەغدا" لە کەرکووک، دەیشتم و چاوەڕوان بووم تاکسیەک پەیدا بێت و سوار بم و بگەمە گەراژی بەغدا. ئەو گەراژی ماشنی هەموو دەڤەرکانی خوار یا

باشووری کەرکووک(تاوغ، خورماتوو، کفری، کەلار و بەغدا و…) لەوەو دەستن. تاکسییەک پەیدا بوو، دەستم لە بەرز کردەوە و ئاوەستا، دەرگاکەیم کردەوە، کە سەرم وەژوورەدا کرد، ئاژەڵکی گەنج تەمەنی لە 20 ساڵ کەمتر لە پشتی سوکان(فەرمان)ی ماشێنکەوە، تا ئادەی پاندانەوە یەکجار پانوپۆڵ، تەنانەت ئۆژنەی لاقی ئاستی لەسەر لایەکی ئۆو کورسییە دانابوو، کە دەبوو منی لەسەر دانیشم، ناوگۆڵی بە ئارەزووی خۆی بەاوکردبووەوە و لێی دانیشتبوو.

کوڵەکی بەز و دەز و هەشتاڵەی نیوەی سەر تاشراو و ئۆو کەمەقژیشی مابووی لوول و ئاڵۆزکاو و چەور(بۆو گەرمایە!)، هەر دەتگوت سەری لەکوولەکە هەنەکەی سەید عەلی سەیاح یا هیزە هەنەکانی جارانە هەژێندووە. تیشەرتێکی بەقەڵەی گوێگوێی سوور و شین و مەر و کەسک و زەرد و تووتیەنگ و تاووسەنگ و هەمەنگی لەبەردا بوو و شەرتێکی تەسکی بەڵەشۆنووساو و کوورتی هەش و خەتخەت و پێستەرە و گوێگوێی لەپەدا بوو و سێ چوار پەنج زریزە و ملوانکە و کلکەوانەی لە مل و مەچەک و دەست و پەنجەدا بوون و سیغارێکی باریک و درێژی لە دارسیغارێک گیرکردبوو و لە لالەوی توندکردبوو و مژی لێدەدا و دووکەڵی بە بادا دەدا، ماشێنکەی پێکردبوو لە دووکەڵ. لە سەروسیما و شێوەدا دیاربوو عەرەبە و منیش بەعەرەبی لەم پرسی، ئایا عەرەبی، تورکمانی یا کوردی قسە دەکات! بە دەنگێکی بەندی پێگەروو و پێ بە ماشێنکە و گەڵک باوەبەخۆبوو، گوتی:عەرەبی، عەرەبی"عربي، عربي…". ئیدی عەرەبی بوو بە زمانی ئاخاوتنمان. پەمگوت دەچمە گەراژی بەغدایە. گوتی باشە.

کە وەکەوت، گوتی: تۆ ئەمریکاییت؟ گوتم: کوڵم ئەمریکاییە، بە چیمەوە ئەمریکایی بم، چاوی شینم، باڵای بەرزم، قژی زەردم، زمان و قسەکردنم، مەگەر من لەگەڵ تەدا بە عەرەبی قسە ناکەم؟ گوتی: بە کەڵەپشتەکەت ئەمریکاییت! گوتم: چۆن دەزانیت ئەمریکایی کەڵەپشتیان لە کەڵە؟ گوتی: لە بەسرە گەلەکم لێیان دیوە. گوتم: بە جۆنابت خەڵکی بەسرەیت؟ گوتی: بەڵێ. گوتم: ئەی لێرە چ دەکەیت؟ گوتی: بە ماڵەوە هاتووین و لێرە دەژین، خزمەکانمان زۆریان لەمەژەوە لێرەن. گوتی: ئەی تۆ خەڵکی کوێیت؟ گوتم: نەتگوت کە من ئەمریکاییم! گوتی: بەڵێ، بەڵام تۆ دەڵێی تۆ ئەمریکایی نیت! گوتم: من خەڵکی ئەم شارەم.

لەم قسەوباسەدا بووین، نزیکەی چارەکەسەعاتێک هەیشت و بەڵای گەراژی بەغدادا تێپەڕی و بەرەو خوار ئاژەتی. من لەو جێیەوە کە سواری تاکسییەکە بووم، دەمزانی و دەمتوانی هەر بە پێیان بڕۆم بۆ گەراژی

بەغدا و هەندێ ئاو کاتێ پەندەچوو، کە لەگەڵ ئەم مرۆڤدا بووم، چون ڕەگەکە بڕەد و شارەزابووم و دەیان جار ئاو ڕەگەیەم بە پەیان بەیبوو. گوتم: تۆ بۆ کوێ دەچیت؟ گوتی: ئێی تۆ بۆ کوێ دەچیت؟ گوتم: مەگەر پێم نەگوتی دەچمە گەراژی بەغدایە! گوتی: ئێی گەراژی بەغدا لە کوێیە؟ گوتم: تۆ لە بەسرەوە هاتوویت بۆ کەرکووک و خەت بۆ کەرکووکی دەزانیت و بوویت بە کەرکووکی و تاکسیش داژێیت و نازانی گەراژی بەغدایش لە کوێیە؟ گوتی: ئێی بۆ نەء! گوتم: هەر بڕاستی ئێی بۆ نەء! لەسەر کانێکدا پێمگوت: ئا لەرە لەکن خەت ئاوستە تا بەمخوارە. ئاوستا و دووهەزار دینارم دایە دەستی و نە من دەنگ و نە ئاو دەنگ دابەزیم. چون گەلەک دووری خستبووموە، ناچار تاکسیێکی دیکەم ڕاگرت و ئاویش هەر عەرەب دەرچوو و پێی گەیامەوە بۆ گەراژی بەغدا.

ئاوەی دیگەمەوە نموونەیەکی گچکەی کەرکووکی دوای 16ی ئوکتۆبەری 2017 یە. کەرکووک لەودەمەوێ بۆ پێکهاتنێکی نەوان بەرازاگەل و کوێکی جەلال تاڵەبانی و بڕێک لە سەرانی حیزبەکەی تاڵەبانی و لە پشتەوەش بۆ پشتوپەنا و قایلبوونی کەمپانیای نەوتی بریتانی(British Petrolium) یا BP، لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدایە، ڕادەستی حەشدی شەعبی و هەزەکانی عیراق کرایەوە، ئیدی بارێکی دیکە هاتە گۆڕێ. دەسەڵات بە دەست حیزبە کوردییەکانەوە و لەنەویشیاندا حیزبەکەی تاڵەبانی خۆی، نەما.

ئەگەر کەمپانیای نەفتی بریتانی(BP) وەک تاڵەسەندنەوەیەک لە دەسەڵاتی کوردستان بەرانبەر پێکهاتنیان لەگەڵ کەمپانیای نەفتی ڕووسی، ڕووسنەفت یا ڕۆزنەفت (Rosneft) وەها کارێکیان پەسەندکردبێت، ئەوا ئەو دەستێیەی نەو حیزبەکەی تاڵەبانی(دەستێی 16 ئوکتۆبەر)، وەک لە ئەنجامی کارەکیاندا دەردەکەوێت، تاکە مەبەستیان لەو کارەیان، وەدەرنانی پارتیی بووبێت لە کەرکووک و تەواوی دەڤەرە کوردستانییەکانی دەرێی هەرێم، ئیدی لە مەندەلی و خانەقی و قزڵەبات و جەلەولا و قەرەتەپە و خورماتوو و تاوغ و کەرکووکەوە تا دەگاتە شنگال و ئاو دەڤەرانە و داخستن و داگیرکردنی بنکە و بارەگاکانی وان و ڕادەستکردنی بە حەشدی شەعبی و عیراقییەکان بووبێت.

کەرکووکییە ئاسایەکان، کە هیچ پەیوەندیکیان بە حیزب و دەسەڵاتەوە نەبووە و نییە، گەڵانێکی زەق و لەبەرچاو لە دوای 16ی ئوکتۆبەرەوە بەسەر ژیانی ڕۆژانەیاندا نەهاتووە. لە هەموو سەردەمەکاندا، کەرکووکییەکان، کوردی، تورکمانی، دیانی و عەرەبە کۆنەکانی،

پکەوە هەڵیانکردووە و بە کۆشە و گرفت ژیاون و ئێستایش هەر بەو جۆرەن. عەرەبی هەناردەی بەعس بە کەرکووک، هەر لە ساڵانی 1963وە و دواتریش لەتوپەتکردنی کەرکووک لەنێوان ئوستانێیلی دیالە و سلێمانی و تکریتدا، کە حیزبەکوردییەکان هەمیشە خەیان لێ کەن و نەبان کردووە، هەکارەکتەری سەرەکی تەکچوون و نائارامی و گۆڕینی ڕەوشی کەرکووک بوونە لە هەموو ڕوویەکەوە.

پیاسە و گەڕانی گەڕەک و نێو شەقامەکان، وەک من بە خەم دیتم و بە منەکی ئاسایی، تا ڕادەیەک ئاسایی بوو. تا ئێوارەیەکی درەنگ، لە ئیمام قاسم و ئیسکان و ئازادی و شەرجە و موسەللا و حیسابات و پریادی و ڕەحیماوا و تەپەڵی مەلا عەبدوڵا و شاترلوو و قەرێ و ئەحمەداغا و جادەی جەمهووری و دەوروبەری مەرکەزعام و ڕەگەی بەغدا و واسیتی و تسعین، مرەق دەتوانێت بگەڕێ، پیاسە بکات و بازاڕ بکات، تەنانەت ڕەگەی بەغدا و تسعین تا دەرەنگانەکی شەو کراوەیە و من بە خەم دەوروبەری سەعات دوانزدە و دەوانزدەونیوی نیوەشەو لە دەرەوە بووم. ئەو ئاساییەی من بە خەم دیتم، خەڵک هەن پێیانوایە کاتییە و ڕەنگە بە ئەوەی بە خە بزانیت یا چاوەڕوان بیت، لەپڕەکدا شتێک بقەومە.

خەڵکە ئاساییەکەی کەرکووک پێیانوایە:

* ئێستا لە کەرکووکدا یەک دەسەڵات هەیە، ئەویش دەسەڵاتی عەرەبە و لەنەو ئەوانیشدا عەرەبی شیعە، لە لە پێش 16 ئۆکتۆبەر یەکیەتی و پارتی وەک دوو دەسەڵاتی جیاواز کاریان دەکرد و بەوەش خەڵکی کەرکووک لەنێوان ئەو دوو هێزەدا دابەش بووبوون.
* لە سەردەمی دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتییەدا، خەڵکانی نەتەوەکانی ناکورد و هەندە جار خەڵکانی کوردی ناحیزبییش تووشی چاولێسووڕکردنەوە و تەقاندن و پشتگوێخستن دەهاتن و لەنێوان ئەوان و دەروەشانی ئەو دوو حیزبەدا جیاوازیی دەکرا.
* ئێستا ئەگەر، لە ڕووی پلە و پایە و نزیکی لە دەسەڵات و لووتکەی دەسەڵاتەوە، حیزبەندییەک بە خەڵکی کەرکووک بکەین، عەرەبی شیعە پلەی یەکەم و عەرەبی سوننە پلەی دووەم، تورکمانی شیعە پلەی سێیەم و تورکمانی سوننە پلەی چوارەم، دیان پلەی پێنجەم و کورد پلەی شەشەم، واتە: لە ڕووی نەتەوەییەوە عەرەب یەکەم، تورکمان دووەم، دیان سێیەم و کورد لە دوای دواوەیە و چوارەم. دوندی هەرەمی دەسەڵات بە دەست عەرەبەوەیە و خواری خوارەوەی هەرەمەکە، کارە ئاسایی و خزمەتگوزارییەکان، کورد کاری تێدا دەکەن.
* پتر لە 60 ساڵە کەرکووک و دەڤەرەن کوردستانیەن دەرێی هەرەمی

کوردستان، دەربڕینەران، ئەستاش لە دوای 16ی ئوکتۆبەرەوە کردەی عەرەبانەدن گوڵە و تەنەک و وزەیەکی بەهێزی وەبەرهاتووتەوە و بەردەوامە. هیچ جۆرە دروشم و هەما و ئاڵا و نیشانەیەکی کوردستانی و کوردی لەنێو کەرکووک و ئەو دەڤەرانەدا نەهێڵراون، هەموو لابراون.
* ئەگەر ئاشتی و ئارامییەک ئەمڕۆ لە کەرکووکدا لەبەرچاو بێت و ببینرێت، ئەوا لەبنەوە بەو جۆرە نییە و کاری تۆقاندن و هەڕەشەکوتانە سەر خەڵک و تەبزی و ڤاندن و کوشتن و… لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرانبەر ئەوانەی کەرکووکیان پێ کوردستانە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بوونە و هەن، هەیە و دەکرێ.
* دژایەتی کورد تەنە نێو باژێڕی کەرکووک ناگرێتەوە، بەڵکە دەڤەرەکانی دووبز و خورماتوو و تاوغ و گوندە کاکەییەکان و حەویجە و هەموو ئەو دەوروبەرانەش، کە دەستەی 16 ئوکتۆبەر ڕادەستی کردوونەوە، دەگرێتەوە و کورد لە ژیانی خۆیان دەنیا نین و هەمیشە لە دەڵەوکەدان.

* خزمەتگوزاری و کار و باری ئابووری خەڵک بە گشتی سستی و بێهێزی تێکەوتووە و بێزاری و نائاسوودەیی و بێئومێدییەک لە ڕووەت و دەروونی خەڵکدا دەخوێندرێنەوە.
* ئەگەر تا پێش 16ی ئوکتۆبەری 2017، بەشێک لە داهاتی هێناردەی نەوتی کەرکووک، لە چوارچێوەی پرۆژەیاسای"پیترۆدۆلار"دا، دوای ئەوەی لە بەرپرسانی کارگێڕی و دەسەڵاتی حیزبە کوردستانییەکان لە کەرکووک، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەر هیچ نەبووایە، ڕۆژێکی کەمی لە دەمایەوە و ئەو ڕۆژێیە بە پرۆژەی پێشخستن و خزمەتگوزاری شارەکە تەرخان دەکرا، لە دوای 16ی ئوکتۆبەرەوە ئیدی ئەو ڕۆژێیش نەما و بۆا، دەستەی ١٦ی ئوکتۆبەر و حەشدی شەعبی و هەموو ئەو گرێ و دەستانەی دەسەڵاتداری ئێستای کەرکووکن، تانکەرە نەوت لە ڕێگەی سلێمانی و گەرمیانەوە هەواڵەی ئێران دەکەن و داهاتەکەیشی، چش لە کەرکووک و کەرکووکییان، بەرەو گیرفانی خۆیان دەڕوا.

* لەنێو شاردا و لە دەیان جێگە، سەرکەڵان و ناوەندی کەڵان و سەر جادەی سەرەکی و ناوەندی گەڕەک و شوێنی جیاواز، چەکداری پێچەک و جلەڕش، لە ئۆپێڵەی تووندتەڵی و ئامادەییدا، بە تەنیشت ماشێن و زرپێشە ڕەش و زڵەکانیانەوە دەبینرێن، ڕاوەستاون، ئەگەر هیچیش نەکەن، خەڵکەکە لێیان دەترقن. ئەو چەکدارانە سەر بە هێزی تایبەتی عیراقین.
* نەکردنەوەی ڕێگەی نێوان کەرکووک و هەولێر، زیانێکی گەلێ مەزنی

بە پەوەند و بازرگانی و هاتوچۆی خەڵکی کەرکووک و گەرمیان و هەولێر گەیاندووە. خاسنەکردنەوەی ئەو پردەی پردە، کە نیوەی ڕووخاوە، بە دەسەاتی بەغدا ئەرکێکی گران نییە و نەکردنەوەی ئەو ڕێگەیە لە لایەن بەغداوە، تەنە سەپاندنی سزایەکە بە سەر هەولێردا و بە سەر دەسەاتی هەولێردا، چون دەنگی بە سەربەخۆیی کوردستان دا و پشتنگی ئەو داخوازییە بوو، دەنا خە ڕێگەی نەوان کەرکووک و سلەمانی ئاسایین و هیچ کێشەیک لە هاتوچۆدا نییە.
* خەڵکانێکی زەر لەوانەی دوای 16 ئۆکتەبەر هەاتبوون و کەرکووکیان جەهشتبوو، زەریان هەشتا نگەاونەوە، چون لە سەلامەتی و پاراستنی ژیانیان و پشتگونخستنیان و سزا، دەنیا نین.
* ئەو تەقینەوە و دانانی بەمب و مین و کوشتنی خەڵکی هەژار و بەدەسەاتانەی لە دەوروبەری گوندانی سەر بە کەرکووک یا خانەقی و دەڤەرکانی دیکەی دەرەی هەرەم(ئەوانەی ماددەی 140 دەیانگرتەوە)، کە زەرجاران لە میدیاکانەوە دەگوترێن، کە ئەوانە کاری داعشن، گەلێ خەڵک لەو باوەدان، حەشدی شەعبییش وەها کارەلێک دەکەن، تەنیا بە ئاوانی کورد و چەکردنی گوندکان لە لایەن کوردەوە و دواتر داگیرکردن و عەرەباندنیان. خەڵکی کەرکووک و تەواوی خەڵکی دەڤەرە کوردستانییەکانی دەرەی هەرەم، لەوە دەنیا نین، ئەو کارانە داعشن یا حەشدی شەعبی! تەکەاوییەکی وا هاتووتە گەڕێ، کە بەو کارانە جیاوازییەک لەنێوان حەشدی شەعبی و داعشدا نەمابێ و لەیەکدی جونەکرێنەوە.
کەرکووکی ڕۆژانی پێش 16ی ئۆکتەبەری 2017، لەتێک کەرکووکی ئەمەدا، گەلێک جیاواز. ئێستا کەرکووک بەجگە لە داگیرکراوی، ناتوانی ناوەکی دیکەی لەبنێ. ئێستا پرسسی عەرەبەناندن چالاک کراوەتەوە و شۆڕ و سیمای شارەکە لە هەموو نیشانە و هەمایەکی کوردی دەسدرێتەوە. ئێستا تە ئەگەر خەڵکی کوردزمان لە کەرکووکدا نەبینی و نەبیسیت، وا هەست دەکەیت لە شارێکی عەرەبدایت، وەک ناسریە، دیوانیە یا تکریت. ئێستا دەسەات بە دەستی حەشدی شەعبی و حەشدی تورکمانییەوە و کورد بەم ڕەوشی ئێستایەوە، لە دەرەی هەموو هاوکێشەکانە و ناوی لە ناواندا نییە و نەماوە.

کە سپای دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەدەکانی سێزدە و چواردەوە هەرشی کردووەتە سەر وڵاتانی ئەوروپا و هەر لە سربیا و کرواتیا و دەڤەری بەڵکانەوە پەدا هات تا لە 1529دا گەیشتە شاری (ڤیەن) و وڵاتی نەمسای داگیرکرد و لەو ساانەشدا جە پەی خۆی لە بوگاریا، بەسنیا، قوبرس، جەرجیا، یونان، کەسۆڤ، ڕۆمانیا و ئەلبانیا کردەوە و تورکەکی زەریان لەو وڵاتیلە و لەو دەڤەریلە چاند و

جەنگیرکەرد، کەسێک، تاکە یەک کەس لە ئەورووپا، نەیدەگوت و نابێ:"سپای دەوڵەتی عوسمانی هات و دەستی بەسەر ئەو وڵاتە و دەڤەرانەدا گرت.." بەڵکە دەیانگوت و دەڵێن:"تورک یا سپای تورک هات و ئەو وڵاتە و دەڤەرانەی داگیرکەرد..."، واتە جەخت لەسەر داگیرکاریی تورک دەکەنەوە. کە سپای ئیسلام و دەوڵەتی ئەمەوی لە دوای سانی 700دا هیرشی کردە سەر ئیسپانیا و داگیری کرد و سەدان ساڵ تێیدا مایەوە، خەڵکی ئیسپانیا و ئەوروپا، کە باسیان دەکەن، نابێن:"سپای دەوڵەتی ئەمەوی.."، بەڵکە دەڵێن:"سپای موسوڵمانان، سپای عەرەب، داگیرکارانی عەرەب، داگیرکارانی موسوڵمان هاتن و ئیسپانیایان داگیرکرد..". لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە سپای ئەڵمانیای نازی هێرشی کردە سەر وڵاتانی سۆڤیەت و تا دەورووبەری مۆسکۆ هێشت و دواتر لەهەمبەر لەشکری سووری سۆڤیەت شکا و وەدەرنرا، هیچ ڕووسێک یا کەسێکی خەڵکی وڵاتانی سۆڤیەتی جاران، نەیاندەگوت و نابێن :"سپای ئەڵمانیا هات و ویستی سۆڤیەت داگیر بکات..."، بەڵکە دەیانگوت و دەڵێن:"ئەڵمانییەکان، ئەڵمانییە نازییەکان هاتن و ویستیان سۆڤیەت داگیر بکەن...".

من بە خەم ساڵی 1986 لەسەردەمی گەرباچۆفدا، کە هێشتا سۆڤیەت مابوو، لە سۆڤیەت بووم و بە گوێی خەم چەندین جار لەو گایدە(ڕێنوێنیکار، دەلیل)ی لە لێنینگرادی ئودەم و سانت پیتەر بورگی ئەمڕۆم دەبیست، کە لەگەڵماندا بوو و باسی ئەو هێرشەی ئەڵمانیای بە دەکردین، هەر دەیگوت:"کە ئەڵمانەکان یا ئەڵمانییەکان هێرشیان کرد، سپای سوور قارەمانانە تێکیشکاندن...ئەڵمانەکان یا ئەڵمانییەکان هێاتن...". ئەو شێوازی دەربڕینە و ناوهێنانی سپای ئەڵمانیا بە ئەڵمانەکان و ئەڵمانییەکان، بە هاوڕێیەکانم و تانانت منیش بەڵکە سەیر بوو و پەمانوابوو ئەوە جۆرێکە لە نەتەوەپەرستی و شۆڤینیزم! لەشاوی هەناردنی عەرەب، هەر لە 1963ی سەردەمی بەعسەوە تا دەگاتە ئێزیمی ئێستای بەغدا، بە قایلبوون و خواستی عەرەبەکان بە خەیان و بە شێوازێکی نەخشەبەدەڕاو، لە خواروووی عیراقەوە لە ماوەی دەیان ساڵدا بە کەرکووک و داگیرکردنی خاک و زەوی و کشتوکاڵ و گەنەک و کانی خەڵکی کوردی کەرکووک و گەیینی هەموو سیما و شوناسێکی کوردستانی و کوردیی شارەکە، دەبە لە عەرەباندن زیاتر چ ناوێکی لە بنەڕە و کەنگە ئیدی کورد و تورکمان و دیانی کەرکووک و دەسەڵاتدارانی کوردستان، دەتوانن و دەوەرن، بکۆوان و بە پێچوپەنا و ڕاشکاوانە، بەو عەرەبە هەناردانە، لەنوێشیاندا ئەو ئاژەڵی تاکسیی منی لەگەڵ سواربووم، بڵێن: داگیرکەر!

07-07-2018

پەراوێز:

سەید عەلی سەیاح، لە سەیدەکانی گەرمک بوو و دانیشتووی کۆلار بوو. خاوەنی زەویوزار نەبوو و کاری کشتوکاڵ و وەرزێری نەدەکرد و لە ڕیزی چینی "ڕۆشنبیری"دا بووە، واتە: ئەوانەی خاوەنی زەوی نین. پیاوێکی ڕەنگسووری لووتباریکی بڕی تا ئەدیبێک تەکڵە و کەمێک بەخێوەو بوو. قژێکی ماشوبرنجی درێژ بەسەر شانیدا شۆڕ بووبووەو. کەمدوو بوو، بەڵام لە کاتی قسەکردندا بڕێک تەنگەنەفەس و هەناسەسوار بوو. زەرجاران کراسێکی درێژی ڕەنگ قاوەیی یا زەردباوی لەبەر دەکرد و لە سەرەوێیشی شتێکی مانەندی ئەلەک(سوخمە) و لە بنەوێش دەرپەیەکی سپی درێژی لەپێ دەکرد.
مشکییەکی دەدا بە سەریدا و پارچەیەکی سەوزی دەپێچایە سەرییەو، وەک نیشانەی سەیدیەتی. زەر دەگەڵا و دەچووە گوندانی دەوروبەری کۆلار و گەرمیان، هەربەیە نازناوی "سەیاح"یان لێنابوو. هەردەم ئاگەر بە ماڵە هاوسێیەکیشی چووبا، مەتارێیەکی پێ لە ئاوی لاگەڵە خێدا دەگەڵا. دوعای دەکرد و دەنووسی و کەڵەشاخیشی دەگرت. زەرجاران لەبری ئەو نوشتە و دوعا و کەڵەشاخە، وەک "سەرقەڵەمانە" و حەقدەست، هەوونی ئاژەڵ و کەرە و ساوەر و دەینەی وەردەگرت و بە خەی لەو گوندانەی دەچووێ داوای ئەوانەی دەکرد. بەردەوام کوولەکەیەکی ملاوی و چەقەیەکی گەورەی تەورئاسای یا شمشێرێکی پێبوو و هەندە جاریش هیزەی هەڵدەگرت. ئەو کوولەکەیە، کە کوولەکەی ملاویان پێدەگوت، لە بنەوە بڕین بوو و ملکێکی هەبوو، وشک دەکرایەوە و وەک دەفر بە شت تیداهەڵگرتن، مانەندی ڕەن و کەرە و خوە و دانەوێڵە و ئەو جۆرە شتانە لە ماڵاندا بەکاریان دەهێنا، سەیید عەلی ڕەن و کەرەی تێدەکرد.
وا باو بوو، کە سەیید هەرگیز لە ژیانیدا هەوونی هووکی و دروستکراوی نەو قوتوو و تەنەکە و ئەوانەی بە هیچ جۆرێک نەخواردووە و تەنە ڕەنی ئاژەڵیی دەخوارد. هەربەیە کوولەکەکەی هەمیشە ڕەنی تێدا بوو و چەوری لە دەتکا. هەندە خەڵک "سەیید عەلی نانەخۆر"یشیان پێدەگوت، چون هەموو خۆراکێکی نەدەخوارد و حەزی بە خواردنی خۆش و چەوری بە ڕەنی ئاژەڵە دروستکراو بوو. ئاگەر چووبایەتە ماڵێک و ڕەنی ئاژەڵیان نەبووایە بەوەی چیشتی بە لەبنەن، بە خەی لە کوولەکەکەی خەی ڕەنی ئاژەڵیی دەدانە. گەلە حەزی لە کەباب بوو و وەک دەگەڵەوە هەر چەند ڕەژ جارێک لە کۆلاری کانەوە، کە ئەودەمی، هەرچەندە گوندێکی گەورە بووە، لە خواردنگە و کەبابخانەی تێدا نەبووە، بە پێیان بە ئەوەی سواری ماشێن ببێت،

چوون بۆ کۆلاری شار و تازە و نوێندی قەزاکە بۆ کۆبابخواردن. هەر کاتێک هاتبا بۆ شاکۆل و کۆ لە پاسکەی حاجی حەسەنی کوێخا فڕۆج دادەبەزی، هەموو منداڵانی گوند هەر کە چاویان پێی دەکەوت، هەڵەایان دەکرد و خۆیان لە دەشاردەوە، چون لێی دەترسان، نێک لووی کە ئازاریان دەدا، بەڵکە تەنە لەبەر شۆوی پێشاک و پرچی درێژ و شمشێرەکەی. دادە تەلیعەی کچی ئەکبەری کەمەری ئەغزادی جاف، کە جاران دانیشتووی شاکۆل بوو دەگەڕێتەوە، کە جارێکیان سەیید عەلی داوای ساوەر لە دادە مەنیج، کە دەبێتە میمکی دادە تەلیعە و خەزانی فەڕەجی ئەحمەد ئەمەزانی گەلاڵی، دەکات. دادە مەنیجیش دەڵێ: "سەیید گیان بووم‌قوروانت هەشتا ساوەرم نەکردووە! سەیید پێی دەڵێ:"ئەی عەمرت نەمێنە لە هاوینا هەر سەوەرە خۆشە قنگی تێئەکەی، ساوەرەکە ئەخێتە پایێز، جا ئەوانە جیە ئەوە ناخورە، یاخوا لات وە دەوار وە".

2 هێزە لە پەستی بەرخ دروست دەکرێت، بەڵک نەرم و شل و لووس و بریقەدارە و تایبەتە بە هەڵگرتن و پاراستنی کەرە و ئەنی ئاژەڵیی.

دەگەرنەوە کە بەشیر موشیر دوای 50 ساڵ پەکەوە ژیان لەگەڵ ژنەکێیدا، کە دایکی "شامیل"یان پێگوتووە، لە ژنە جودا بووەتەوە یا بەکوردییەکەی تەڵاقی داوە. خەڵک و دەست و ناسیاوان لێی دەپرسن، کە بە ئەو ژنەی تەڵاق داوە،ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ:" ئەڵێ بەم دەرکەوت عەرەب دەرچوو"، واتە: دوای ئەو هەموو ساڵە بەو تازەیە پێیزانیوە عەرەبە.

وردەئاهەنگەکانی 16ی ئوکتۆبەری 2017 و کۆکەی شوباتی 1964 ... ئەمجەد شاکەلی

ساڵانێک بوو، کەرکووک، بەجگە لە "دڵی کوردستان"، هیچی دیکە نەبوو، بەڵام هەر بە کاکردنەوە و بەربەرە سەینەوی دروشمی "کەرکووک دڵی کوردستانە"، کە سەرۆک موستەفا بارزانی دایهێنابوو، جەلال تاڵەبانی، دەستەواژەی"کەرکووک قودسی کوردستانە"ی داهێنا.

قودس، کە دەکاتە ئۆرشەلیم، ئەو شارەی بەلای هەموو موسوڵمانان و هەموو عەرەبەوە پیرۆزە و بە لای عیسایییانیشەوە پیرۆز و بە لای جووڵەکەیشەوە پیرۆزترە و کە لە 1948ەوە لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدایە، هەموو عەرەب و موسوڵمانانی دنیا و تەنانەت هەندە وەڵاتی دەستی عەرەب و موسوڵمانیش هاوار دەکەن، بدرێتەوە بە فلستین، ئیسرائیل نەک هەر نایداتەوە بە فلستین، بەکە لە فلستینییەتی و تەنانەت ئیسلامەتیش دایدەماڵێ و دەیەوێ بیکاتە پێتەختی ئیسرائیل و هەموو هەژێک زیاتر دەیئیسرائیلێنێت و دەیجووڵەکەینێت. ئەو داهێنانەی تاڵەبانی، ناودەرکردنی کەرکووک بە قودسی کوردستان، هەک بە ئەوە بوو کەرکووک بە قودس بچوێنێت. تاڵەبانی، پیاوەکی فرەزان بوو و دەیزانی چی دەڵێ. بە داهێنانی ئەو دەستەواژەیە، ویستی بە خەڵکی کوردستان بڵێ، ئەوە دەبە هەر خەون بە کەرکووکەوە ببینن و کەرکووک، بەدەردی قودس هەیشت و تەواو! تاڵەبانی ویستی هەک ئەو قسەیەی تاریق عەزیز، لەمەر کەرکووک، بە کورد بڵێتەوە، کاتێ لە ساڵانی 1990دا و لەسەردەمی گوتوبژدا لەنێوان حوکوومەتی بەغدا و سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردستاندا، بە شاندە کوردستانییەکەی گوتبووە:"چەن عەرەب بە ئەندەلوس گریان، ئەوەش هەزار ساڵ بە کەرکووک بگرین". تاڵەبانی، بەو دەستەواژەیەی، دەستبەرداری کەرکووک بوو، ئەو باش دەیزانی قودس هەیشتووە و عەرەب و موسوڵمانان، دوای کەاوی باردوو کەوتوون و مەگەر هەر بڵێن "ئەم نانە بەو هەنە". کە کەرکووک، کە بە قودسی کوردستان ناودەرکرا، خرایە ێیزی ئەندەلوس و ئەهواز و ئەسکەندەرانە و قوبرس و قودسەوە، ئیدی لەو دەمییەوە کەرکووک فرەشرا!

پاش هووخانی هەژیمی بەعس، جەلال تاڵەبانی، بە یاوەریی سەنعان قەسساب، کەونەکورد و نوێتورکمان و نوێتەرانی، چووە کەرکووک و یەکەم کەمیتەی بەڕێوەبردنی کەرکووکی لەنێوان 24 کەسدا دابەشکرد، 6 تورکمان، 6 عەرەب و 6 مەسیحی و 6 کورد، کورد، بەوە ئەژماری 25%ی دانیشتووانی کەرکووکی بە کرا و تاڵەبانی کوردی لە زەرینەوە کرد بە کەمینە. کەرکووک، ئەو کاتە فرەشرا!
دوای ماوەیەکی دیکە، جەلال تاڵەبانی، پرۆژەی برەکسلاندنی کەرکووکی هەنایە گۆڕێ و دەستاتی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووکدا، بە هەژەی 32% بە تورکمان و 32% بە عەرەب و 32% بە کورد و 4% بە مەسیحییان، دابەشکرد، هەمدیس کورد کرانەوە بە کەمینە، کەرکووک، ئەو کاتە فرەشرا!
چ ئەودەمەی 6 جار 4 و چ دەمی 3 جار 32%+4%ی کەرکووک، هەرگیز بە

تاکە یەک جاریش، جەلال تاڵەبانی نەیتوانی وەک چەن دەسەاتی لە کەرکووک بەو جۆرە دابەش دەکەرد، لە بەغدایش، کە پتر لە چواریەک(25%)ی کوردنشینەن و لە کووت و دیالە و مووسڵ و شوەنانی دیکەش هەروا، داخوازی هەژدەی چەند لە سەدەک بە کورد بکات!

تەواوی ئەو ماوەیی(لە 2005ەوە تا مانگی دیسەمبەری 2012، کە ئیدی نەخۆش کەوت)، جەلال تاڵەبانی سەرەککەماری عیراق بوو، تاکە یەک بەیاری هەژیمی بەعسی لەمڵ عەرەبانەدن و پاکتاوی نەتەوەیی و گەینی دیمەگرافی و خاکی کەرکووک، نەسەایەوە و پووچەڵ نەکرایەوە و یەک میتر خاکی دابەاو لە کەرکووک(خورماتوو، کفری، کەلار، چەمچەماڵ و ناحیەن و گوندەکانیان) نەگەڕەنرایەوە سەر کەرکووک و تاکە یەک عەرەبی داگیرکەری کەرکووک، نەنەردرایەوە بە زەدی خۆی، کەرکووک، ئەو کاتە فرۆشرا!
لەنەوان 1964 و 2017دا 53ساڵ هەیە، لە ماوەی ئەو 53 ساڵەدا، ئیدیەلۆگیەک، بیروباوەڕەک، دیدەک، کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دامەزرێنەری بوون، هاتە گۆڕەو و چەکەرەی کرد و بوو بە وزە و هەز و خەباوونەوە و دەستە و گرۆ و حیزب و بزووتنەوە هەموو شادەمارەکانی ئەم گرۆ و حیزبانەدا دەهات و دەچوو و دەچێت و هەموو جمگەکانیانی تەنیبوو و تەنیوتەوە: پارتی دیموکراتی کوردستان(باڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی/ باڵی مەکتەبی سیاسی).

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان(حیزبەکەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی). پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان(حیزبەکەی شێخ عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف). بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کورد(حیزبەکەی مەلاماتەر). یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (بزووتنەوەی شۆڕشگێڕان + هەڵی گشتی + کەمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان/کەمەڵەی هەنجەرانی کوردستان). ئاڵای شۆڕش. بزووتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی بە دیموکراسی و دادپەروەری. ئەو ئیدیەلۆگی و بیروباوەڕ و دیدە لەنەو هەزری تەواوی ئەو گرۆیانەدا خۆی بینیەوە و جێی خۆی کردەوە و سنووری باشووری کوردستانی بڕزاند و بەنەو حیزب و خەڵکی کوردی بەشەکانی کوردستاندا، تێشەنەی کرد و تائێستاش بەردەوامە. ئەو بیروباوەڕ و دید و ئیدیەلۆگیە، کە لەو دەمیەوە، هەباز و فەرگەیەکە و بە "جەلالی" ناوی دەرکردووە و لەگەڵ گیانی شارچێتی سلەمانیدا، تێکەڵ و ئاوێتەبووە. جەلالی و شارچێتی(سلەمانیچێتی)، تاکە یەک فەلسەفەیان لە ژیان و بوونەدا هەبووە و هەیە و هەوادارانی لێ گلەر بوونەوە و بووە بە بازنەیەک بە

خەبوونەوەیان، ئەویش سەینەوەی مەژوو و ناو و ماڵی بارزانییە و هیچی تر.

لەپەناو گەیشتن بەو ئامانجە(سەینەوەی مەژوو و ناو و لەناوبردنی ماڵباتی بارزانی و بارزانیزم) و بە گوترەی ئەو هزرەی جەلالیزمی لەسەر دانراوە، گرتنەبەری هەموو ڕێگەیەک شیاوە و هیچ ئامرازێک نەشیاو نییە. جەلالییان، بەس بە لەبەینبردنی ماڵباتی بارزانی، ئامادەن خەڵەین ببەن، ئامادەن وڵات و خاک و گەل بفرۆشن و ببنە کۆواسووری بەر لەشکری نێیرانی کوردستان و بە کردەوەیش کردوویانە. 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و ڕادەستکردنی کەرکووک بە دەسەڵاتدارانی بەغدا، تەپکی خەباتی 53 ساڵەی ئەو فێرگە فەلسەفەییە بوو. ئەوان، کە دیتیان نزیکەی 95%ی خاکی باشووری کوردستان، ڕزگار بووە و نزیکەی 93%ی خەڵکەکەی، بە کەرکووک و تەواوی ناوچە دابەنراوەکانی دیکەوە، دڵنگیان بە سەربەخۆیی کوردستان داوە و نەرەی بارزانی و هەوڵەر لە هەڵکشاندایە، هەستیان بە لاوازی و بچووکبوونەوە و گرگنی خۆیان کرد و لەپەناوی لاوازکردن و سەینەوە و شکاندنی ماڵباتی بارزانیدا، تەواوی ئەوەی گەلی کوردستان لە ماوەی سەد ساڵدا پێیگەیشتبوو، بە چەند سەعاتێک دایان بە ئاودا و لە دوندەوە، وەک جەبەجەکردنەکی فەلسەفەکەی جەلال تاڵەبانی"دەوڵەتی کوردی خۆنی شاعیرانە"،کورد و پرسی کورد و خۆنی سەربەخۆیی و ئازادییان، هەنایە خوارە و هەر هیچ نەبێت بە ماوەیەک دایانەووخاند و دوایانخست.

هەر دوای چەند سەعاتێک لە داگیرکردنی کەرکووک لایەن بەغداوە، کەمپانیای بریتش پیترۆلیەم(British Petroleum) یا(BP)، گەیشتنە کەیوان. ئەو کەمپانیایە سەر بە وڵاتێک، هەمیشە کەرکووکی بە هی خۆی زانیوە، چونکە ئەو یەکەم وڵات بوو، نەوتی کەرکووکی دەرهێنا و هەر ئەویش، خۆی بە زەبابی کوردستان و هەموو عیراق دەزانێت. ئەمە هەر هیچ دەرنەخات، ئەوە پشان دەدات، کە ئەوانەی کەرکووکیان ڕادەستی بەغدا کرد"دەستەی 16ی ئۆکتۆبەر"(کۆمەک و برازاکانی تاڵەبانی+بەمەک لە سەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و دەسەڵاتدارانی بەغدا و ئەوانەی ئێرانە، کە بە کەمەکی 16ی ئۆکتۆبەرییە کۆواسووریکانی بەر لەشکر هاتبوون، هەموو دەچنەوە سەر یەک سەرچاوە و هەموو لەسەر یەک خوان دەلەوڕێن، ئەویش ئەو وڵاتەی خاوەندارێتی BP دەکات و هەموو لەبنەوە گرێدراوی یەکدین. بریتانیا، هەر لە یەکەم ڕۆژی باسوخواسی گشتپرسییەوە، بە شاردنەوە، دژی بوو و هەرگیز لەگەڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستاندا

نەبوون، چون سەربەخۆیی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەکاتە تەکشکان و داووخانی ئەو پەیکەرەی، بریتانیا بەخۆی دروستی کردوون، واتە: عیراق. عیراق، شاکاری بریتانیایە، چۆن بریتانیا لەگەڵ دەسکاری و گۆڕینی نەخشەی عیراقدا دەبێت؟ ئەوانەی کەرکووکیان دا بە دەستەوە و کەرکووکیان داگیرکرد، شاگردی بریتانیان و بە میرات لە باپیر و باوک و مامیانەوە، بۆیان ماوەتەوە.

ئەوانەی کەرکووکیان ئادەستی بەغدایە کرد، هەمیشە ئاگری ژێرکا ئاسا، تەواوی توانستی ماددی و دارایی خۆیان و پەوەند و ئایدۆ و میدیاکانی خۆیان، تەرخان کردووە بە شێردنەوەی مشکی خەڵکی ئەو دەڤەرە کەسکەی بندەستیان، بۆیە، کە مووچە لە نەتەوە و خاک و نیشتمان و هەرچی شتی ترە گرنگترە، چون ئاگەر وانییە، بە هەموو ئەو گەنجە خوێنگەرمانەی دەهاتنە سەر شەقامەکان و سنگیان بە گوللەوە دەنا، تاکە یەک ئاژ دژبە ئادەستکردنی کەرکووک و دژ بە ئادەستکەرانی کەرکووک، نەچوونە سەر شەقام و یەک وشەیان لە زار نەهاتە دەر!
لە مێژووی نوێی کوردستانداً، دوو دانە خاڵی تاریک، گەلێ تاریک هەن، یەکەمیان دووبارەکی 1964 و جودابوونەوەی جەلالییان بوو لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بارزانی، کە تا ئێم ساتەیش گەلی کوردستان، تەواوی کوردستان، باجەکەی دەدات و سەرتاپا کوردی کەرت کردووە، دووەمیشیان، 16ی ئۆکتۆبەر و ئادەستکردنی کەرکووک بوو. قارەمان و کۆئازاکانی ئەوەی یەکەم(1964)، باپیر و باوک و مامی کەتنکەرانی دووەم(2017) بوون.

لە مێژووی نوێی کوردستانداً، دوو دانە خاڵی ئاوون وەک "ئاژی نیوکلیەر" و وەک "چاوی قرژانگ" و وەک "کانیەکی ئاوونی بەر تریفەی مانگشەو.." هەن، یەکەمیان، ئەکەوتنی 11ی مارسی 1970ی نێوان سەرکردایەتی کوردستان و حوکوومەتی بەعسی بەغدایە، دووەمیشیان، گشتپرسیی 25ی سێپتەمبەری 2017، بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان. پشکردنی ئەو هەردوو چرایە، لەسەر دەستی بارزانی باوک(مەلا موستەفا) و بارزانی کۆتا(مەسعوود)بوون. ئاگەر ئەوەی یەکەمیان، خەشترین چوارساڵەکی بە باشووری کوردستان و کوردی عیراق، هەناوە، ئەوەی دووەمیان هەڵکشانێک بوو بەرەو ترۆپک، چون بە یەکەمجار بوو لە مێژووی کورداً، تەکەای خەڵکی کوردستان، بە کەی دەنگ، بەڵێن نەء بە ژێردەستەیی و سەربەخۆیی هەڵبژێرن. 25ی سێپتەمبەری 2017 و گشتپرسی و دەنگدان بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئازاترین

هەنگاو و دڕوشاوەترین لاپەڕەیەکە لە ژیانی مەسعوود بارزانیدا. ئاوەژووی بارزانی لە 25ی سێپتەمبەریی 2017دا کردی، نە سەرکەوتووییی بوو و نە هەڵە، نە خواست و ئارەزوویەکی خەیی و کەسکی و بنەماڵەیی بوو، وەک نەیارانی بارزانی وێنای دەکەن، بەڵکە هەڵبژاردنی بڕیاری گەل و چوونەپاڵ خواستی گەلی کوردستان بوو و پەیامێک بوو بە نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەر (تورک، عەرەب و فارس) و هەموو جیهان، کە گەلی کوردستانیش هیچی لە گەلانی دیکەی دنیا کەمتر نییە.

بەو کارەیشی، بارزانی، وەک ڕابەر و سەرکردەیەک لە مێژوودا ناوی خۆی تۆمار کرد. جەلالیزم، چۆن چاوی بڕایی دەدات و بەو شکۆمەندییە قایل دەبێت! هەرگیز نەء. دەستەی 16ی ئۆکتۆبەر و کۆ و برازاکانی جەلال تاڵەبانی و بەرەک لە سەرانی حیزبەکەی تاڵەبانی، بە دەستەکەکردن لەگەڵ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا، کەرکووکی هەمیشە بریندار، کە تازە بریندەکانی خەریکبوون ساڕێژ دەبوون و تازە بەرگی بووکێنی پووشیبوو و زەماوەندی بە ساز دەکرا و دەگوزرایەوە، لە خوێندا دەیگەوزێنن و لە دووکەڵدا قانگی دەدەن و تارا و بەرگی بووکێنییەکەی دەسووتێنن و دەستی دەدەنە دەستی داگیرکەرانی دەندە و تینووی شەهوەتەوە و هەموو زیناکەرانی شەو دەکەن بە ژوورکەیدا و لە پشتی دەرگاکەیەوە ڕادەوەستن، گوێ لە هاواری سمینی پاکیزەیی دەگرن .

لە جیهاندا لە دووڕوویی و هەڵپەرستی و خەیانەتکردنەوە و منجەمنجکردن و خەساغنەکردنەوە و ناڕوونی و لاگرتندا، حیزبەکی دیکە لە وێنەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان نابینرێتەوە و ئاگەر هەبێتیش دەگمەنە! حیزبەکە لەیەک کاتدا: لەگەڵ و لەگەڵیش نییە، پەی باشە و پەیشی خراپە، بەڕاستی دەزانێت و بەناڕاستیشی دەزانێت، مارکسیست و ماویست و چەپ و سۆسیالیستە و ئیسلامی و سەرمایەداری و هاندەری کەرتی تایبەتیشە، کوردستانییە و ناکوردستانی و عیراقییشە، ئەمە و ئەویش و ئەویە و ئەمەیشە و ئەمانە و ئەوانەیشە و لەمانە و لەوانیشە و...تاد. تەواوی ئەو سیاسەت و دیدە دووڕوویی و هەڵپەرستی و خەیانەتکردنەوە و منجەمنجکردن و خەساغنەکردنەوە و ناڕوونی و لاگرتنە، هەقوەاوی یەک فەلسەفەیە، کە هەموودەم جەلال تاڵەبانی دەیگوتەوە و جەختی دەکردەوە، ئەویش فەلسەفەی"چەپکەگوڵ"ە، چەپکەگوڵەکەی تاڵەبانی، کە پەیامێکی وەک دروشمەکی پیرەز، وەک بەگەیەک لە ئایینەک، وەک ڕەباز و هزرەک، تەماشای دەکەن و دەیەنەوە. ئەو فەلسەفەیە یا ڕوونتر ئەو سیاسەتە، کە "چەپکەگوڵ" بنەما تیەری و هزرییەکەیەتی و بووە بە

نەخشەگۆ و چرایەک بۆ جەلالییان، ئەک ئەوە کەرکووکی بۆ دەردە برد وا دەیان ساڵە پەوەی دەتلەتەوە و دەناڵێنێت.

ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017دا لە کەرکووک ڕووێدا، بۆچگە لە ناپاکی و خیانەت، ناکرێ ناوەکی دیکەی لێبنرێ. ئەوانەی لەو ڕۆژەدا و لە ئەنجامی پەکھاتنەکی ژێربژێریی، حەشدی شەعبی و هیزی دەرەکی و دەسەڵاتدارانی بەغدایان پەلکێشی کرد و کەرکووکیان وەک دیاریەک، ئادەستیان کرد، بۆچگە لە خیانەتکار و وەاتفرۆش، ناکرێ ناوەکی دیکەیان لێبنرێ.
شاعیری گەورەی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێ:
پیر کە کەکی و نەتەی دوورە لە مردن هەشتا
وردەئاهەنگی دوای کەکە نیشانەی ئەجەلە
پیر کە کەکی و تەی، دەنگی وەک بارزانە
شاهیدی موعتەبەرم عیززەتی مەئموورییە
کەکەکەی شوباتی 1964ی جەماعەت درەژەی کەشا تا ڕەسیە
وردەئاهەنگانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و ئیدی نیشانەکانیشی وا بەربەرە دەردەکەون.

2017-11-17

_____

نیوە دەڵەکە لە شیعری"جوانی بە ناو"ی مامۆستا گەران.
شاعیری عیراقی، موزەففەر ئەننەووواب(مظفرالنواب)لە شیعرێکیدا، بە ناوی: قودس، بووکی عەرەبایەتیتان"القدس عروس عروبتكم" دەڵێ:
القدس عروس عروبتكم
فلماذا أدخلتم كل زناة الليل إلى حجرتها ؟؟
ووقفتم تستمعون وراء الباب لصرخات بكارتها
وسحبتم كل خناجركم
وتنافختم شرفا
وصرختم فيها أن تسكت صونا للعرض
فما أشرفكم
أولاد القحبة هل تسكت مغتصبة ؟
أولاد القحبة
لست خجولا حين أصارحكم بحقيقتكم
إن حظيرة خنزير أطهر من أطهركم

کتێب- سەدیەک گۆرانوو بە قووناییی مژوو – گشتک بە ئیسیووپیا ... نووسینی: ئەمجەد شاکەلی

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ....

پیاوە بنجگۆباکە ... ئەمجەد شاکەلی

سەشەممە 26ی سێپتەمبەری 2017، یەک ڕۆژ دوای گشتپرسیەکەی کوردستان بە سەربەخۆیی، لەبەردەم خواردنگەیەکی گچکەی فەلافیل(فلافل) لە ستەکهۆڵم، کە خاوەنەکەی عیراقیەکی عەرەبە، دانیشتووم و خەریکی خواردنی فەلافیلم. پیاوەکی پانتۆڵ و چاکەت لەبەری، سەر و ڕوخسار سپی، باڵا ناوەندی، چاویلکە لەچاو، تەمەنی نزیکەی 77 ساڵ، لەگەڵ گەنجەکدا، کە پێدەچوو باوک و کوڕ بن، لەبەردەم خواردنگەکەدا ڕاوەستان و گەنجەکە پیاوەکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت، کەمێکی تر دەگەڕێتەوە لای.

بە شێوەی ئاخاوتنەکەیان دیار بوو خەڵکی سلێمانین. پیاوەکە بە عەرەبییەکی ڕەوان, لەگەڵ خاوەنی خواردنگەکەدا، کەوتە قسان و داوای خواردنەکەی کرد و لێی پرسی، خەڵکی کوێیە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی، خەڵکی دیالا و باقوبە(بعقوبە)یە. پیاوەکە، هەناسەیەکی گەرمی بە بە سینگی هەڵکێشا و لەتەک یەک تەپڵە ئاخ و ئۆف و مخابن و بەداخەوە و حەیفدا دڕاندی، دەتگوت کەستکی گەورەی کەووە و نزیکترین و خۆشەویستترین کەسی مردووە.

بە گرووپێکی نووساوی خەماوی و پڕ لە گریانەوە، بە خاوەنی خواردنگەکەی، نێک جارێک دەیان جار گوت: وەی بداخەوە بە ئاو عیراق، دێک حەیف بە ئاو عیراق، وەی کوڕاییم دابێت بە ئاو عیراق، بریا قەت ئەم ڕۆژەم نەدیتبایە! خاوەنی خواردنگەکە لێی پرسی، ئاو خەڵکی کوێیە، ئاویش گوتی: سلێمانی.

تە ئاگار لەوناوە بووایەیت و تەنیا گوێت لە ئاخ و ئافی پیاوەکە بووایە، واتدەزانی، لە کۆنە بەعسییە عرووبییەوە وەحدەییەکان یا قەومییە عەرەبییە ناسرییەکان یا ئیندامێکی حیزبی دەعوەی ئیسلامی یا عەرەبێکی موسڵاوی، باقووبەیی، فەللووجەیی بەسرەیی یا پسمامی زەعیم سددیق و عەلی حەسەن مەجید و مولازم موحسینە. پیاوەکە بە ئاخ و ئافەوە نەوستا، ئاوجا یەک شیعری عەرەبی، نزیکەی هەشت نە دێی، بە عەرەبییەکی جوان و پوختە، کە پەسنی بەغدا و عیراق و مەژووی عیراق بوو، بەسەردا کرد و خۆش خۆشیش دەیگوت: ئاخ بە بەغدا، کە هەموومانی کەکردبووەوە، حەیف بە بەغدا، کە پایتەختی هەموومان بوو، وای بە عیراق، کە وڵاتی هەموومان بوو، ئەف بە عیراق، کە وای بەسەر هات و خەڵکانی ناپاک و خراپەکار و دەستی دڕێکی و سیخوڕ و بەکرێگیراو خڕیکن تێکی دەدەن و بەشبەشی دەکەن! خاوەنی خواردنگەکە، هەر گوێی دەگرت و پیاوەکەش هەر قسەکانی خۆی دەکرد.

بە سەروسیما و عەرەبیزانینەکەی، پیاوەکە، لە کۆنە مامۆستایەکی زمانی عەرەبی، یا کارمەندێک، کە چەند ساڵێکی ژیانی لەگڵ عەرەبدا ژیابێ، دەچوو. کە گوتم لە قسەکانی بوو، بە خەمم گوت تە بڵێی ئەم پیاوە خەڵکی ئاو سلێمانییە بێت، کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بارەیەوە گوتوویەتی:

لە بیرم دێ سوڵەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو
نەمحکوومی عەجەم نەسوخرەکەشی ئالی عوسمان بوو
لە بەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بە ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لە بەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بە مەجلیسی پاشا
سەدای مەزیقا و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بە ئاو زمانە ئاو دەمە ئاو عەسرە ئاو ڕۆژە
کەمەیدانی جریدبازی لەدووری کانی ئاسکان بوو !

تە بڵێی خەڵکی ئاو سلێمانییە بێت، کە یەکەم پایتەختی یەکەم شانشینی کوردستان بوو، کاتێک شێخی نەمر، مەلیک مەحموود، یەکەم شای کوردستان بوو لە مەژوودا!

تە بەی خەکی ئەو سلەمانییە بەت، کە پەی دەەن: شاری هەەمەت و قوربانی و شاری پیرەمەرد و حەمەساەح دیلان!
تە بەی خەکی ئەو سلەمانییە بەت، کە فایەق بەکەسەکی تەدا هەەکەوتووە، پەنجەی کردووەتە چاوی ئەدەمەندزی ئینگلیزی داگیرکەردا و پەی گوتووە:

بیست و حەوت ساەە من ەەنجبەری تەم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خەم
خزمەتم کردی لە ئەران و ەەم
لە پەناوی تە شکاوە ئەستەم
کەچی هەشتا هەر دیل و ەەنجەەم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟
بە چی بە ناحەق وا سووکت کردم؟

تە بەی ئەو خەکی ئەو سلەمانییە بەت، کە پەش نزیکەی سەدساەک، دژی لکاندنی باشووری کوردستان بوو، بە عیراقەوە!
بە من، نەوا! بە من، ئەو خەکی ئەم سلەمانییەیە، کە کەمترین ەەژەی خەک تەیدا 50%ی لەگەە سەربەخەییدا بوون و ئەویشی دەنگی بە سەربەخەیی دا، خەکە هەژار و کارگەر و شەکەت و جەرگسووتاو و تامەزرەی ئازادی و نیشتمانپەروەرەکانین، دەنا ئەندامان و هەوادارانی حیزبە دەسەاتدارەکانی سلەمانی، نە تەنیا لە سلەمانی، بەکە لە تەواوی ئەو دەڤەرەی بندەستیان بە گەرمیان و هەەبجەیشەوە، مەگەر دانە دانیەکیان، دەنا شتاقیان دەنگیان بە بەە بە سەربەخەیی نەداوە و ئەگەر بەشداریی گشتپرسیەکەیشیان کردبەت و پەنجەی مەرکراویشیان لە میدیاکانەوە پەشانی خەک دابەت، ئەوا بە نەخەر یا بە سپی دەنگیان داوە. ئەو خەکی ئەم سلەمانییەیە، کە سەردارانی نەیانگەرەکە لە عیراق دوورکەونەوە، بەلکە دەیانەوە لە هەولەر دابەەن! ئەو پیاوە فەلافیلخەرە گرگنە، کورتەە، گزگلە، بنجگەباەیە، خەکی ئەو سلەمانییە نەبوو، کە میلیەنان کورد، بە خەیشمەوە، هەمیشە، وەک ئاگرەکی زیندوو و لانکی داهەنان، سەیریان کردووە، ئەو خەکی ئەم سلەمانییەی ئەمە بوو.

26 – 09 – 2017

کۆشکانی دەنگدانی کوردستانییانی هەندەران بۆ گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان ئەمجەد شاکەلی …

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی(کەمپینی بانگەشەی سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی) بۆ هاووڵاتیانی دەرەوەی وڵات، وتە: کوردستانییانی هەندەرانشین، داوایان لە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەشداریی پرۆسەی دەنگدان و گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن، لەنێوان 1-9-2017 تا 7-9-2017، سەردانی ماڵپەڕی ئەو کەمپینە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بکەن، کە ئەمەی خوارەوە:
www.khec.krd

کە مرۆڤ دەچێتە نێو ئەو ماڵپەڕەوە، دەتوانێت هەریەک لە زمانانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی هەڵبژێرێت. کە دەچێتە سەر هەر یەکێک لەو زمانانە، تەمارێکی دەنگیی یەک خولەک و نیوی دانراوە، کە بە کوردییەوە، بەناوی زووزوویش دەنگەکە دەبێت و دەتوانێ و گەلێک بە خرایی، باسی شێوازی خەتومارکردن و پێکردنەوەی فەرمێک دەکات و پێت دەڵێ، بە ئەوەی بتوانیت فەرمەکە پڕکەیتەوە دەبێ تەختەکلیلی، من بە خەم دەڵێم تەختەکلیل، دەنا دەنگەدەڵێ: کیبوورد(Keyboard)ی عەرەبیت هەبێت. ئەوجا باسی نووسینی ناوی سیانی و ژمارە و وێنەی کارتی ناسنامەی عیراقی و ڕەگەزنامەی عیراقی و دواتریش ژمارەی فەرمی خراک دەکات. من بە خەم، هەرکە لە 2-9-2017دا، ئەو تەمارەدەنگییەم بیست و چوومە نێو ئەو ماڵپەڕەوە، خەم پێ نەگیرا و دەسبەجێ نامەیەکم بۆ سێ ناوونیشانی ئیمەیلی جیاوازی ئەو کەمپینە نووسی. کەمێک خەم بەیان ڕوون کردەوە و دواتر لە ڕۆژی 3-9-2017دا، لەوانەوە دوو وڵامی کورت و هیچ نەگەیەنم بۆ هاتەوە، کە والەرەدا ڕێک وەک خۆیان دایاندەنێم:
یەکەم وڵامی کەمپینەکە: "سلاو بەڕێزم، بەڕێزم دەتوانی سود لة فورمی خۆراکی خیزانی وەرگریت لة ناوەوەی هەریم بۆ بەری یەکەم بەڕێز دەبیت ناوەکة بة دروستی داخیل بکەیت بة زمانی عەرەبی دەتوانن ناوەکانتان بنیرن بۆتان دلنیا دەکەینەوە، دەتوانی بەیوەندیمان بیوة بکەن لەڕیکەی وەتس ئەپ و فایبەر".
دووەم وڵامی کەمپینە:"سلاو بەڕێز ..جۆڕنتان پیرۆز، بەخێر گیان

سوپاس بۆ تێبینیەکەت بەڵام ناجاوی ئەوانە کراوە و دەکرێ هەر کەسێك لەسەر فۆرمی خراکی مالی باوکی دەنگ بدات، بەداخەوە ئەگەر کوردێکیش لە دەرەوە ژیابێت دەبێ هاتبێتەوە کوردستان و فۆرمی خراکی دەرکردبێت ئەگەرنا لە دەسڵاتی ئەمە نییە، بۆ زانیاریشت وەبسایتەکە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش ە و تەنها بزمانی کوردی نییە. لەگەڵ ڕیزدا ".
من هیچ ناڵێم، بەڵام ئەو وەڵامانە بۆ کەسێکی کوردستانیی، کە بۆ خۆیەوە سێ پشتی دانیشتووی، ئەڵمانیا، ئەمریکا، بریتانیا، فرانسا، سوێد یا هەر وڵاتێکی دیکەی هەندەران بێت و بیەوێت دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدات، چ دەڵێت! ئەمە بەجگە لە ڕەشکردن و دزەوکردنی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستان و دەستبەووەدانانی کوردستانییانی هەندەران و پاپۆنانیان بۆ بەشدارنەبوون و دەنگنەدان هیچی دیکە دەگەیەنێت؟

من لێرەدا ئەو خاڵە لاوازانەی پەوەنددارن بەو بانگەوازە و بەو ڕەنوێنییانەی کەمسیۆنەوە، کە بەشکیم بۆ ئەوانیش نارد، دەخەمە پێش چاوی ئەوەی هەژا:

1 . ئەو دەنگەی ڕەنوێنییەکان دەخوێنێتەوە هەر زەر خەرا دەیێتەوە و زووزوویش دەبێ، واتە: زەر ووون نییە.

2 . تۆ بچیتە سەر هەر کام لەو زمانانە: کوردی، عەرەبی یا ئینگلیزی، تەمارە دەنگییەکە هەر هەمان دەنگە و تەنیا بۆ زمانی کوردی دەیخوێنێتەوە، ئەویش کوردیی خواروو. لەنێو کوردانی هەندەراندا، هەموو جارە کوردێک هەن و بۆ شۆڕزاری جیاوازیش قسە دەکەن: کرمانج، هەورامی، کەڵهوڕ، فەیلی، سەران، زازا و..کە هی وایان تێدایە لە شۆڕزارەکەی خێ زیاتر، شۆڕزارێکی دیکەی کوردی نازانێت. دەبوو ئەو تەمارەدەنگییە بۆ کەمەڵک شۆڕزاری کوردی دانرابا.

3 . باشووری کوردستان، تەنیا کوردی لە ناژی، تورکمان، کلدان، ئاشووری، ئەرمەن و عەرەبیشی لە دەژین. لەنێو کوردستانییانی هەندەراندا تەواوی ئەو نەتەوانە هەن، دەبوو تەمارە دەنگییەکە بۆ زمانەش هەبووایە.

4 . بەشکی زەری لاوان و گەنجانی کوردستانییانی دەرەی کوردستان، دەتوانم بەڵم پتر لە 90%یان زمانی کوردی بۆ باشیی نازانن و ڕەنگە وشەوشێک قسەی پێ بکەن و زەریان هەرگیز کوردستانیان نەبینیوە و

تێدا نژیاون، دەبوو تەمارەدەنگییەکە، بەجگە لە زمانی کوردی(بە هەموو شێوەزارەکانی)، بە زمانانی عەرەبی، تورکمانی، کلدانی، سریانی، ئاشووری، ئەرمەنی، فارسی، ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ڕووسی و زۆرێک لە زمانە ئەوروپاییەکانی دیکە هەبووایە، چونکە ئەوان زمانی ئەو وڵاتانەی لە هەندەران تێدا دەژین، زۆر بە باشی دەزانن و بە ئەوان زمانی یەکەمیانە.

5 . زۆرێک لەو کوردستانییانەی دەرەی کوردستان، هیچ جۆرە بەڵگەنامە و ناسنامە و ڕێگەزنامە و پاسپۆرت و ئەو شتە عیراقییانەیان نییە و لە تەمەنکیشدان، کە مافی دەنگدانیان هەیە و نزیکەی هەر هەموویشیان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندان، زۆرێک لەوانە نێک هەر خۆیان، کە لە هەندەران لەدایک بوون، ڕەنگە باوک و دایکیشیان لە هەندەران لەدایک بووبن، یا هەیە دایکی یا باوکی بیانییە و یەکەکیان عیراقییە، ئەویش بە ڕێگەز، کە ئەویش هیچ بەڵگەنامەیەکی نییە. زۆرێک لە کوردانی فەیلی لە هەندەرانن، ئەوان زۆریان نە کوردی دەزانن و نە کوردی تەدەگەن و نە کوردی دەخوێننەوە، بەڵام لە من و تۆیش کوردترن و سەدلەسەد لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانیشدان، زۆرینەی ئەوانەش هیچ جۆرە ڕێگەزنامەی عیراقی و ئەوانیان نییە، چونکە لەنەوان عیراق و ئێراندا هەمیشە ماوەڕان و دەربەدەر بوون، چۆن دەنگی ئەوانە وەردەگیرێت؟

6 . پێکەردنەوەی فەرم بە عەرەبی، سەختییەکی گەورەیە بە کوردستانییانی دەرەی کوردستان، چونکە هەموو ئەو خەڵکە کیبووردی عەرەبییان نییە و پێویستیشیان بە کیبووردی عەرەبی نییە، تەنانەت ئاگەر هەشیان بێت ڕەنگە عەرەبی هەر نەزانن و نەتوانن فەرمی عەرەبی پێ بکەنەوە.

7 . ناوی سیانی لەو وڵاتانەی هەندەران، کە کوردستانییانی تێدا دەژین، هەرگیز نە هەیە و نە باوی هەیە، چونکە سیستمی ناو لە هەندەران جۆرێکی دیکەیە. ئەو بۆی هەبی دەنگ بدات، بە بەڵگەنامە بیانییەکانی خۆیەوە دەنگ نەدات؟ بە وەک چۆن دەنگ بە هەڵبژاردنێک لە سوید، دانمارک، بریتانیا یا ئەمریکا دەدات، بە سەربەخۆیی کوردستانیش وەک خۆی و بەوجۆرە دەنگ نەدات؟ ئەو ناوی سیانی و سیستمە کۆنە عیراقییە بە کوردستانییانی هەندەران، کێشەیەکی گەورەیە.

8 . لە تەمارەدەنگییەکەدا داوا دەکرێت ژمارەی فەرمی خەراک لە فەرمی خەتمارکردنەکەدا بنووسرێت. کوردستانییەکی لە ئەوروپا،

ئەمریکا، ئوسترالیا، ئەفریقا، لاتین ئەمریکا، چین، هیندوستان، یا هەر وڵاتێکی دیکەی ئەو دنیایە دژی، کوا فەرمی خراکی هەیە؟ نەک خەی کە هەنگە لاوێکی 19 ساڵان بێت نییەتی، باوک و دایک و داپیر و باپیریشی، کە هەنگە دانیشتووی هەندەران بن، هەر نییانە.

9 . لەو ماڵپەڕەی کەمسیەندا بەجگە لە تۆمارکردنگییەکە، هیچ نووسینێک لەمە ئەو گستپرسییەوە نانووسراوە، کە دەبوو بەجگە لە تۆمارکردنگییەکە، بە نووسین، بە زمانە گرنگ و سەرکییە جیاوازەکانی دنیا، هەنوێنییەکان پێخش کرابایەوە و مرۆڤ بیتوانیایە وەک فەرم لەسەر کاغەز کۆپیی کردبا.

10. میدیای کوردی و دەسگاکانی پەیوەندار بە گشتپرسییەوە، دەبوو لە باسکردنی گشتپرسی و سەربەخۆیی کوردستاندا، پتر جەخت و ئاراستەی قسە و میدیا و هەنوێنییەکانیان، بە کوردستانییان بووایە، نەک تەنیا کورد، بە هەموو باشووری کوردستان بووایە نەک تەنیا هەرەمی کوردستان. تە کە باس لە کەرکووک و مەندەلی و شنگال و خورماتوو و زرباتییە و بەدرە دەکەیت، دەبە دەستەواژەی هەرەم کەمتر و دەستەواژەی باشووری کوردستان پتر بەکاربهێنیت.

11. نوێنەرایەتی هەرەمی کوردستان لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و شوێنانی دیکە، حیزب و هێزە کوردستانییەکان، ئەوانەی لەگەڵ سەربەخۆیی و گشتپرسیدان، کە لە دەرەی کوردستان نوێنەراتی و خەکیان هەن، هەکخراوە ناحوکوومەتی و مەدەنی و چالاکوانەکانی کوردستان و بیانییانی دەستی کوردستان، دەبوو چالاکانە و بە گوڕەی شەوەی ژیان و سیستمی سیاسی و جڤاکی ئەو کەمە و وڵاتانەی تێیدا دژین، پرسسی بەشداربوون و گشتپرسییان لە هەندەران ئاسان کردبا. لاوانی کوردستانییانی زمانزان و بە فەرهەنگی ئەوروپایی و ئەمریکایی و هەندەرانی گەورەبوو و بارهاتوو و پێگەیشتوو، بخستبایەتە گەڕ و ئەوان تەواوی هەکخستن و کارئاسانییەکیانیان جێبەجێ کردبا. بەجگە لەوەش دەکرێ بە ئاسانی سوود لە بیانییانی دەستی کوردستان وەرگیرێت، کە پسپۆری و شارەزاییەکی باشیان لە بواری ئەم جۆرە کارانەدا هەیە. کەمسیەنیش دەتوانێت، سوود لە تەواوی ئەو وزانە وەرگرێت.

12. باشووری کوردستان، کە دەیەوێت لە عیراق دابڕێت و دوورکەوێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بکات، ئەو هەموو عیراقییەت و شتە عیراقییانە چییە لە خەک داوا دەکرێن! تە دەتەوێت وشەی عیراق و عیراقییەت لە خەت و وڵاتەکەت بکەیتەوە،

کەچی، گەنجێکی باشووری کوردستانی خۆی و دایک باوکی و داپیر و باپیری، لەدایکبووی سوێد، فرانسا، تووندس، ئەڵمانیا، ئەمریکا و...بە تەبزی دەکەنەوە عیراقی و داوای دەیان شتی عیراقییانەی لە دەکەن، ئەمە کێی ڕەوایە!

13. ئەم گشتپرسییە بە سەربەخۆیی کوردستانە و گەلێک لە هەبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەوانە گرنگترە. بە ئەو هەبژاردنانە، لە هەندەران ئامادەییەکی پشوختەی باش و هەموو کارئاسانییەک بە دەنگدەران دەکرا و شایلغانی بە دەکرا، کەچی ئێستا کە کەمتر لە بیست ڕۆژی ماوە، نەک هەر هیچ ئامادەکارییەک نەکراوە، تەنانەت نووزەیەکیش نییە و هیچ باسێک و هیچ چالاکییەک و هیچ دەنگدەنگێک نییە و سەرباری ئەوانەش ئەو هەموو سەختگیرییەی بە دەکرێت. کوردستانیگەلێکی یەکجار زۆر لە وڵاتانی جیاوازی هەندەران دەژین، ئەگەر کارەکان بەمجۆرە بڕۆن بچێت و هەندێ سەخت بێت، هەرگیز لە1% زیاتری ئەو خەڵکەی هەندەران، ناتوانن دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن و 99%ی دەنگی کوردستانییانی هەندەرانەنشین دەسووتێ و دەفەوتێ و بەفڕۆ دەڕوات.
ڕەنگە لەم کاتەدا من ئەم کەلەنانەم بەرچاوکەوتبن، لە لەوانەیە تۆ زیاترت بینیبن! دەنگی خۆت بەند بکە و شتەکانی خۆت بڵە!

2017-09-04

ئامانێک لە گشتپرسی و سەربەخۆیی وکابووونەوەی نەتەوەیەک ... ئەمجەد شاکەلی

بازاڕی قسەکردن لەسەر گشتپرسی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ماوەیەکە گەرمە و زۆری لەسەر دەگوترێ، دەنووسرێ، دەبیسرێ و دەبینرێ. خەڵکی کوردی کردووەتە دوو بەرەی "لەگەڵ" و "دژ" ی، زۆر دوور لەیەکەوە و دوو سەنگەری جیاوازەوە. ئەو پاساو و گومان و دڵەاوکێ و ڕەخنە و پرسانەی، دژەکان دەیوروژێنن، لە گەندەڵی و دزی و نادادی و ئەزموونێکی خراپ و سەقەت و ناتەواوی فەرمانڕەوایی

و کارگێڕی و...ئەگەر بە وێژدانەوە سەیربکرین و لە بەرچاو بگیرێن و بخوێنرێنەوە، باوەڕ ناکەم، کەس لاریی لێیان هەبێ. هەموو ئەوانەی بەشدارن لەو کارانەدا، ئەوانەن، لە چیاوە باریکەڵە و قەڵەمی و جووتی کەاش لە پێدا و چەغۆوانکەکی خاکی لە بەردا و تفەنگێک لە شاندا و پارێیەکی کەم لە باخەڵدا، گەڵانەوە نەو شار و ووونیشتنەوە سەر تەخت و دەسەڵات و ورگیان گەلەک لە پێش پێیەکانیانەوە دەڕوات و هەرچی هەیی فەکەوانی جیهانە و هەتڵی چەندین ئەستێرەی شارەگۆرەکانی جیهانە، خەیان خەزان و منداڵیان تاقییان کردووەتەوە و بوون بە خاوەن پارەی خەیاڵی و کەمپانیا و چەندین خانوو و چەندین پارچە زەوی و چەندین ئەتەمبیل و چەندین ژن و چەندین پاسەوان و چەندین بیرە نەفت و دەیان چەندینی تریش. ئەوەی دەگوترێ، هەڵخڵیە لە حیزب، لە حوکوومەت و لە دەسەڵات.

دەوڵەت، لە حیزب و حوکوومەت و دەسەڵات جیاوازە. گشتپرسیی بە دامەزراندنی دەوڵەتە، واتە: قەوارەیەک، نەک بە هەڵبژاردنی پەرلەمان و حوکوومەت و هەڵنانی حیزبێک بە سەر تەخت. دەوڵەت قەوارەیەکە، کەمەڵێک مرۆڤ لە چوارچێوەی سنووورێکدا و لەژێر ئاڵایەکدا، گەلەر دەکاتەوە و پێکەوە دەژین و لەسەر ئاستی جیهان و نوودەوڵەتییشدا، وەک یەکەیەکی خودان کەسیەتی خۆی و سەربەخۆیی خۆی ددانی پێدا دەنرێ و دەناسرێت. حوکوومەت و حیزب و دەسەڵات، بەرگەڵانن و هەرگیز تاسەر نامێننەوە، دەن و دەڕۆن. تە بنەڕەتدا دەوڵەتگەلەکی مانندی ئەفغانستان، سۆمال، عیراق، کە دەسەڵات و حوکوومەت و حیزب و کوودەتا، تیایاندا وەدووی یەکدا هەمیشە قەتارەیان بەستبوو و پشوویان نەدەدا، کەچی وەک دەوڵەت و قەوارە لەسەر نەخشەی جیهان، بە هەموو شەقوشۆی و پڕپووتییەکی خەیانەوە، ماونەوە و هەر هەن. کە باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرێ، باسکردنە لە چەکردنی ئەو قەوارەیە. ئەمە کە باسی دەکات؟ کە لە پشتیەوەیە؟ کە هەبەریەتیە و پشتنگی ئەو باسیە؟ بە دەکرێ؟ بە ئەستا؟ پاشان چەن دەبێت؟ و...دەیان پرسی دیکە، کە دژەکان دەیوروژنن، بابەتگەلەک نین، بە وەڵامدانەوەیان، مرۆڤ خۆی تووشی سەرئێشە و سەختبوون بکات! عەرەب دەڵێن:"ثبت العرش ثم أنقش"، واتە: تە زەوینە و تەختەک جێگیر بکە و بچەسپێنە، پاشان بینەخشینە. تە قەوارەیەک بە خەت پێکبهێنە ودروست بکە و بچە ڕیزی ئەو هەموو دەوڵەتانەی جیهانەوە و ببە خاوەنی خەت و لە بندەستیی خەت ڕاپسکێنە و بنەدەر، دواتر ڕەنگ و نیگاری بکە و بیازنەوە، بەو جۆرەی بە خەت گەرەکتە و ئەودەمی خودای دەکرد، سەدجاران حوکوومەت و دەسەاتت دەگەڕی!

کورد لەو دەمەوەی، وەک گەلێک یا نەتەوەیەک خۆی ناسیوە، لەسەر خاکێک ژیاوە و دەژی، کوردستانی پی گوتراوە. کورد، لە دۆڕەکی دیکەوە یا لە جیهانێکی دیکەوە، نەهاتووەتە سەر ئەو خاکەی. نەتەوەکانی چواردەوری کورد، بەجگە لە فارس، هیچیان خێڵکی ئاسانی ئەو خاکە نین، کە ئێستا قەوارەی بە ناویانەوەیە و لەسەری دەژین. عەرەب و تورک، هەردوو، لە ئەنجامی داگیرکاری و کوشتارەوە، لە عیراقی ئێستا و تورکیای ئێستادا، بە هەردوو بەشە کوردستانەکانیانەوە، نەشتەجێ بوون. ئەمە، نە فیلاسەفییە و نە تیۆری و نە هیچ خەشکەتکردنێکی گەرەکە تا مرۆڤ پێی بگات، بەڵکە ڕاستینەیەکە، مێژوو و واقیع، گەواهی دەدەن و دەیسەلمێنن. پرسی کورد، لە باشووری کوردستان، بە بەراورد لەتەک بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بەڵەک چووەتە پێش و قەوارەیەک چێ بووە، لە ئەو قەوارەیە، کە لە سێ قوتە باژێڕی دهۆک، هەولێر و سلێمانیدا، خەڵکانێکن، هەموو باشووری کوردستان نییە و بەشە زەرەکەی دیکەی، نەهاتووەتەوە نەو ئەو قەوارەیە. باشووری کوردستان، تەنە کوردی لە ناژی، تورکمان نەتەوەی دووەمی دوای کوردە و ئیدی پاش ئەوان کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و عەرەب دێن. باشووری کوردستان، تەواوی باشووری کوردستان، لە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا یەکبگرتەوە، دەوڵەت و جڤاکێکە فرەڕەنگ، فرەنەتەوە، فرەئایین، فرەئایینزای لە پەک دە، کە بەو هەموو ڕەنگ و جیاوازییانەوە، تابلۆیەکی جوان و پڕەنگ و دەوڵەمەندییەکی فەرهەنگی بە مرۆڤایەتی دەبەخشێ و هەرگیز بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی"ناسیۆنالیزم"ی تونداژ و ئایینی و ئایینزایی تونداژی تەدا سەرهەڵنادات، بەڵکە فەرهەنگی پێکەژیان و قەبوولکدنی یەکدی و خەشویستی تەدا زاڵ دەبێت، چوون کورد بەخۆی وەک سروشت، تونداژ نییە.

****

هاوڕێیەکم، لە ژیانیدا گەلێک لە قەناخ و باڵکانی مارکسیزم و جۆری دیکەی چەپایەتی وەک ئەنارکیزم، تاقی کردووەتەوە و یەکێکە لەوانەی تا ئێستاش خۆن بە عیراقەوە دەبینێت و هەندەی عوروبییەکی عیراقی لە خەمی یەکپارچەیی خاکی عیراق و دابەشنەبوونیەتی و تا ئەو ڕادەیەی بەکارهێنانی وشەی"کوردستان"ی کاتێ لەگەڵ ناکوردستانییەکدا بپێڤێ، پێ ئاسان نییە و سەخت بێ دەردەبەدرێ، لە عیراقێکی لەسەر زار خەشتر و ڕەوانتر بە دڵت. دیارە بەو پێیە دەبێ دژی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بێت، ڕەک وایە و دژیەتی! زەرجاران ئەو دژایەتییەی بە

بەدەوەتبووونی کوردستان، دەخاتە چوارچێوەی دژایەتییەوە بە دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی، واتە: وەک هاوئینکی ئانارکیستییانە بە دەوڵەت، بەڵام ئەم بۆخۆی ئێستا ئانارکیست نییە و گاڵتە بە ئانارکیزمیش دەکات. ئەم تەنیا هەقی لە دەوڵەتی کوردستانی و کوردیە. دەنا ئەگەر هەڵکەی لە هاوئینگەیەکی ئانارکیستانەوە بێت، هەرگیز جێی ڕەخنە نییە. دەوڵەت وەک چەمک، کاتێک هاتووەتە ئاراوە، کە شێوازی دیکەی جیاواز لە کارگێڕی و پێکهاتە ژیان و ڕێکخستنی جڤاک، تاقیکراونەتەوە و لە کۆتاییدا ئاوەزی مرۆڤ گەیشتووەتە ئەوەی دەوڵەت پێکبهێنێت. ئیدی پاشخانی چێکردنی دەوڵەت، چینایەتی، ئایینی، ئابووری، نەتەوەیی، داگیرکردن، یا هەر شتێکی دیکە بووبێت، لە ئێستادا بەجگە لە دەوڵەت، هیچ شێوازێکی دیکەی کارگێڕی و پێکهاتەژیانی مرۆڤ، ڕێکخستنی ئابووری و سیاسی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان، کە بتوانێت، جێ بە پێویستبوونی دەوڵەت لێق بکات و بە خۆی جێی وی بگرێتەوە، نەهاتووەتە گۆڕێ. بنگە و بناخە و پایەکانی دەوڵەتداری لە جیهاندا زۆرینەی وەک یەکن و لە هەندێ حاڵەتدا کەمکەیەک جیاوازیی لەنێوان دەوڵەتێک و یەکێکی دیکەدا هەیە، لە ئاوەش پتر سیستم و جۆری دەسەاتە، کە ڕەنگ و سیامەیەکی دیکەی دەداتێ. دەوڵەت، وەک سنوور و پاسپۆرت و ئاڵا و تایبەتمەندییەک، بە خۆی گرەدانی مرۆڤ، لە چوارچێوەی قەوارەیەک و ئینتیمایەکدا. وەک بیرکردنەوە و تیۆری و فیلەسۆفییەک، بە من، سنووردارکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ. من بە خۆم هەمیشە ئاواتی ئەو ڕۆژە دەخوازم، دەوڵەت لە جیهاندا نەمێنێت و هەموو جیهان ببێتە یەک خاکی بە سنوور و بە پاسپۆرت و بە ئاڵا و هەموو مرۆڤ، بە هەرچی پاشخان و باوەڕ و ئایین و نەتەوە و ڕەنگ و جیاوازییەکانیانەوەیە، لەمسەری دنیاوە بە ئەوسەری دنیا، بە هیچ مارج و ڕێگرییەک، بە هیچ کێشە و بەڵگەنامەیەک، لە سایەی ئاشتی و خۆشەویستیدا، ئازادانە تێراتێن بکەن و بسووڕێنەوە و کار بکەن و بژین، بەڵام ئەمە خۆن و خۆزگە و ئاواتەکە، دەخوازم بێتە دی. ئەکتەر و دانەری شیعری گۆرانی و گۆرانیبێژی میللی ئەمەریکی ناسراو ئێد مەکگەردی(Ed McCurdy 1919-2000)، شیعرەکی لە ساڵی 1950دا دژی جەنگ و بەناوی"دوێنێ شەو سەیرترین خەونم دیت"(Last night I had the strangest dream)، بە ئینگلیزی نووسیوە و بۆخۆیشی ئاوازی بە داناوە وەک سترانێک گوتوویەتی . شیعرەکە بەم جۆرەیە:

دوێنێ شەو خەونێکم بینی
هەرگیز پێشتر نەمبینیوە
لە خەونمدا جیهان هەموو قایل بوون
بەوەی کۆتایی بە جەنگ بێنن

لەخۆنمدا ژوورێکی یەکجار گەورەم دی
ژوورێک پڕبوو لە پیاو
قەوارەیەکی، کە واژەیان دەکرد
تێیدا نووسرابوو، ئیدی هەرگیز ناجەنگن
کاتێک هەموو کاغەزەکان واژە کران و
میلیۆنێک کەپیان لەبەر گیرانەوە
هەموو دەستیان لێنەو دەستی یەکدی نا و سەریان دانەواند و
دوعا و وەرد و نوێژی سپاسگوزاریان خوێند و
خەڵکیش لەسەر شەقامەکانی خوارێ
سەما لە دوای سەمایان دەکرد و
چەک و شمشێر و پێشاکێ سەربازییەکان
لەو سەر زەویێ بە پەرتوبڵاویی فڕێدرابوون

کەواتە تا ئەو ڕۆژەی ئەو خۆن و ئاواتە دێتە دی و سنووڕکان هەڵدەوشێنرێنەوە و چەکدار و سەرباز و سپاکان دانەنرێنە ماڵەوە و بنکە و بارەگاکانیان دەکرێنە باخچەی زارۆکان و گولستان و یاریگە و چەکەکانیان دەکرێنە شمشاڵ و لێیستەکی منداڵان و ناوی دەوڵەتانی جیهان سەرلەبەریان دەسڕێنەوە، دەوڵەت هەیە و دەبێ هەبێ و پێویستە! عەرەب و تورک و فارسی، دەوروبەری کوردستان، هەریەکەو خودانی دەوڵەتی خۆیەتی. عەرەب نەک دانیەک، پتر لە بیست دانیشی هەیە. سەدان دەوڵەت لەو جیهانە هەن و خودانی قەوارەی خۆیانن. کە ئەوانە هەموو دەوڵەتیان هەبە و دەوڵەت پێویست بێت بۆیان، کوردستانیش مافی خۆیەتی وەک ئەوان دەوڵەتی هەبێت. کە ئەوان بە گشتی دەستبەرداری دەوڵەت بوون و دەوڵەت لە جیهاندا نەما، باسکردنی دەوڵەت بەجگە لە گەمژەیی و گەوجیی، شتێکی دیکە نییە، چوون ئەودەمی بەشر ئەلحافی(بشرالحافي) گوتەنی: "يأتي على الناس زمان تكون الدولة فيه للحمقى"، واتە: سەردەمێک بەسەر خەڵکدا دادێت دەوڵەت بە گەوجانە . ئیدی کوردستانیش پێویستی بە دەوڵەت نابێت و حاڵی ئەویش وەک هەموو مرۆڤی ئەو جیهانە.

دژایەتی دەوڵەت، دەوڵەتی کوردستان، وەک جارێک بیرکردنەوە لێنەو خەڵکی کورددا زیرە و کەمەڵێک خەڵکی بەناو"ووناکبیر" و "نووسەر" و "خوێندوو" و هەندە جار"بیرمەند" و..کردوویانە بە دروشمێک و دژایەتی باسکردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی و هەموو بابەتە پێوەندارەکان بەو باسوە دەکەن. ئەمانە دەورن تێنیا بە کورد بڵێن، دەوڵەت و سەربەخۆیی بچییە! بەشکی زیری ئەم خاوێن تەز و هەزرانە، لە ئەوروپا دژین و لە ئەوروپاش بەرچاوی

ئەمانەوە، سکۆتلاندیەکان، ئایرشکانی باکوور، باسکەکان، کاتالۆنیەکان، فلاندەرزەکان، لەکاتێکدا لە هیچیان کەم نیە و لەنێو دەوڵەتگەلێکی دیموکراتی و پارێزەری مافی مرۆڤ و خۆشگوزەراندا دەژین و چ جیاوازیەکی زۆقی فەرهەنگی و زمانیشیان لەگەڵ دەوڵەتکانیاندا نیە، کەچی خوازیاری ئۆتۆن و هاوبەدەن بە جوبووەوە لە بریتانیا، فرانسا، سپانیا و بەلژیک و وەدووی سەربەخۆییدا وەن. ئەم خاوەن تەز و هزرانە، شاهیدی هاوشاندنەوە و جوبووەوەی، چیک و سلۆڤاکییەکان و دابەشبوونی یەگوسلاڤیا و یەکیەتیی سۆڤیەتن.

ئەم خاوەن تەز و هزرانە، هەرگیز ناتوانن و ناوەرن، بە یەک دانە سکۆتی، ئایرلاندی، باسک، کاتالۆنیایی، فلاندەرزی، چیکی، سلۆڤاکی، کرواتی، سەربی، بۆزنەیی، مەکەدۆنی، کەسۆڤیی، ئۆکراینی، ئازەری، تاجیکی، کازاخی، تورکمەنستانی، ئیستۆنیایی، لاتڤیایی، لیتوانیایی، خواروی سوودانی، فلستینی، بەهاوانی ڕۆژاوا، بەڕێن ئەوە بە گەرکتانە لەو دەوڵەتانەی تەدان جوە ببنەوە؟ یا بە جوە بوونەوە و دەوڵەت و سەربەخۆییتان بە چی بوو و بە چیە؟ ئەمانە هەرگیز ناتوانن بە عەرەبێک بڵێن، ئەوە ئەو بیستوئەوندە دەوڵەتتان بۆچیە؟ ناتوانن بە تورکێک یا فارسێک بڵێن، بە دەوڵەتکانی تورکیا و ئێران هەڵناوشێننەوە و واز لە دەوڵەتداریی ناهێنن؟ ناتوانن بە ئایسلاندیەک، نەرۆژیەک، سوێدیەک، دانمارکیەک، فینلاندیەک، ئەڵمانیەک، فرانسایەک، هەڵاندیەک، ئیتالیایەک، چیکیەک، سلۆڤاکیەک، مەجەرستانیەک، پەرتوگالیەک، سپانیەلیەک، یۆنانیەک، کە هەموو دەوڵەتگەلێکی ئۆروپایین، بڵێجگە لە سەدان دەوڵەتی دیکە لەم جیهانەدا، بڵێن ئەوە دەوڵەتکانتان لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزراوە، بە دەستبەرداری نابن و نایسنەوە! ئەمانە تەنیا بە کورد دەوەرن. ئەمانە لە ئەمستردام و لەندەن و پاریس و ستۆکهۆڵم و بەرلینەوە، لە فێنکایی و سەوزایی و تەڵی و جوانی و خاوێنە و ڕێکوپێکیی، وەڵاتگەلی قانوون و مافی مرۆڤ و ئازادی و فەرهەنگ و خۆشگوزەرانییەوە، چنگ لەسەر شان، بە هەڵداوان دەگەڕێنەوە بە کوردستان و خۆ دەگەیێننە "کەلار"ی نەوەندی گەڕ و گەرما، کە بە پێناسەی حوسێینی ئەحمەد بۆگی جاف، یادی بەخێر:"ئیستیعلاماتی جەهەننەم" و پلەی گەرما تێدا یەک دوو پلە سەرووی پەنجایە، تەنیا بە ئاوەی بە گەرمیانییان، بەدبەختترین خەڵک و دۆڕاوترین لە باشووری کوردستان، کە لە هەموو جێیەکی دیکەی کوردستان زیاتر قوربانیی چەوسانەوە و وەرانکردن و قڕان و لەتوپەتکردن بووە، بڵێن: دەنگ بە سەربەخۆیی مەدەن و دژی گشتپرسی

بن! هیچ یەکەک لەم خاوەن تەز و هزرانە، تاکە یەکجاریش، ئەوی من پێ بزانم، بە زمانێکی ئەوروپایی و بە خەڵکی ئەوروپایی و لە باژێرێکی ئەوروپادا، کەڵک، خەبوونەوەیەک، باسکیان لەبارەی دەزی میللەتەکەیانەوە و ئەو هەموو نەهامەتی و ماوەرانییەی بەسەریدا هاتووە، نەکردووە و نەنووسیوە و خەیان بە وەها کارێک ماندوو نەکردووە، لە سەدان گوتار بە زمانی کوردی و بە کورد دەنووسن و هەزاران کیلەمیتر دوور دەبن و هاوودەکانە ئەو دەروازەی دەزەخ، بەوەی وشەی "نەخێر بە گشتپرسی" لە مشکی خەڵکەکەیدا بچەسپێنن! دەگەڵمەوە سەر هاوەڵیە کۆنەمارکسیست و ئانارکیستەکەم، ئەو ئەستا تاقە هیوایەکی هەیەتی و گرەوی لەسەر دەکات: گەڵین و شەڵش و هەناندی خەونی خەڵک، لەسەر دەستی کەسێک دەتە دی، کلیلی چارەسەری کێشەکانی لە بەرکدایە و هاکەزانیت قەومانی و ئیسرافیل ئاسا فووی کرد بە کەڵنایدا، نەفخی سووری ژەند"نفخ في الصور" و ئازادی و ڕزگاری و بەختەوەریی بە گەل بەخشی و وەڵاتی بردە پێشەوە بەرەو سەردەمی موحەممەدی مەهدی(المهدي المنتظر)، کە ئیدی گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخەنەوە! ئەو وەڵاتەی ئەو کەسە دەیگەڕێ، عیراق و ئەو کەسەی چاوەوانی ئەو گەڕینەی لەدەکرێ، موقتەدا سەدر(مقتدى الصدر)ە. خەیاڵێکی خۆش، مرۆڤ سانایک، تەمەنێک، ماركس، لەنین، تڕۆتسکی، ماو، کاسترۆ، گیڤارا، چیاب، هۆ شی مین، ڤەزا لوکسمبەرگ، باکەنین، پرۆدۆن، وەک پێشەنگ و ڕێبەر و فریادڕەس بزانێت و ئەستا ئیدی موقتەدا سەدری لە ببێت بە فریادڕەس، ئەویش بە وەڵاتێک، کە تەنە ناوی وەڵاتە، دەنا هیچ شتێکی لە وەڵات ناچێت ، ئەمە تەنە گرەوەکە لەسەر کەلاکی مردارەوەبوویەک، چاوەڕێ بیت زیندووببێتەوە! ئەوجا ئاگەر موقتەدا سەدر، کەڵنایەکەی خەی ژەنی و خەڵک ڕابوون و وەڵاتی عیراقی گەڕی، بەرەو کۆی دەبا، مەگەر "سەرگا هەر دەڕ" نییە، بەرەو تاران نابێت بەرەو هیچ جێیەکی دیکەی وەکەش دەکات! ئەدی چ گەڕێنەکیەش دەکات، بیجگە لەچەکردنی دەوڵەتەکەی ئایینی مەزهەبی، کە بە ناوی"الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر"ەوە، ڕەزانە سەدان کچ و کوڕی لاو، وەبەر قامچی دەدرێن و دارکاریی دەکرێن، تەنە لەبەر ئەوەی گەڕەویان لە پێ نەکردووە یا لاقیان یا چەند تاکەکی پرچیان وەدەرکەوتووە یا لە ڕەمەزاندا جگەرەیان کێشاوە یا چەڵک عەرەقیان خواردووەتەوە! بەجگە لە چاوەوانیی موقتەدا سەدر"گەدە"، ئەم هاوەڵیەم لەو باوەڕدایە، کە دەبە هەزەکی سیاسی یا بزاڤکی جەماوەری میللی بێتە ئاراوە و کورد و عەرەب و هەموو گەل و خەڵکانی عیراق لەنەو خەیدا جە بکاتەوە و هەوە بدات بە چەکردنەوەی عیراقکی نوێی ئازاد و پڕ لە عەدالەت و بەختەوەریی مرۆڤ.

ئەم ئاواتخواستنە لە کاتکدایە، پێشنگی ئەو خەونەوەیە، وەک ئاوات و هێوا و خەبات بۆ هێنانەدیی، نەک هەر لە عیراق، بەڵکە لە ئێران و سووریا و تورکیاش، کە هەر یەکەیان بەشکی گەلی کورد و بەشکی کوردستانی تێدایە، حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە بوون، کە بەشکی زۆری ئەندامان و هەواداران و تەنانەت سەرکردە و بەڕێوەبەرانیشیان، کورد بوون. ئەوان نەیانتوانی ئەو ئێرانە، سووریایە، تورکیایە، عیراقخوازە بهێننە دی، ئێستا وەها کارێک بۆ موقتەدا سەدر دەکرێ؟

خەڵکی عیراق، ئەوانەی هاوڵێیکم بۆ تەمایانە، لەنێو هەموو جیهاندا و بە ددانپێدانانی سەدان سیاسی و جڤاکناس و شیکار، لە مێژوودا، بە هەڵپەرست و حولحولی و ڕاڕا و دووڕوو ناسراون و بەناوبانگن. هەر خەڵکی کووفە بوون، بانگی ئیمام حوسێینیان کرد، بۆ ئەوەی لە عەرەبستانەوە بێت و ڕزگاریان بکات لە حوکمی یەزیدی کوڕی موعاویە و دەوڵەتی یەکسانی و دادپەروەرییان بۆ دابمەزرێنێت، کەچی دواتر پشتیان تێکرد و لە کەربەلا لەسەر دەستی چەتەکانی یەزید، شەهید کرا و خانەوادەکەیشی هەموو وەک سەبایا بران بۆ شام. کە عەبدوسسەلام عارف(عبدالسلام عارف)، سەرکۆماری عیراق لەنێوان(8ی فێبریوەری1963-13ی ئەپریلی1966)، سەردانی مسر دەکات، جەمال عەبدوننناسر(جمال عبدالناصر)ی سەرکۆماری مسر لەنێوان (1956-1970)، ئەم پرسیار و وەڵامە دەکەوێتە نێوانیانەوە:
ناسر: ژمارەی کۆمۆنیستەکانی عیراق چەندن؟
عارف: 8 میلیۆن کۆمۆنیستن.
ناسر: ئەدی ژمارەی نەتەوەییەکان چەندن؟
عارف: 8 میلیۆن نەتەوەیین.
ناسر سەری سووڕمێنە و دەپرسێت: ئەی ژمارەی ئیسلامییەکان چەندن؟
عارف: 8 میلیۆن ئیسلامیین.
ناسر واقی وڕمێنە و قسەمەکی دادنات و دەڵێ: ئەمە چییە سەرەک، ئەگەر وایە، ئەدی ژمارەی هەموو عیراقییەکان چەندن؟
عارف: 8 میلیۆنن، گەرەکتە کۆمۆنیست بن دەبنە، گەرەکتە نەتەوەیی بن دەبنە، گەرەکتە کۆنەخواز و پاشقۆڕو بن دەبنە، گەرەکتە ئیسلامی بن دەبنە، عیراقییەکان بە هەموو شتەک دەبن و دەلوێن، هەریەکەیان بگریت، لە سیاسەتدا کیسنجەر و لە ئابووریزانیدا ئادەم سمیس و لە ئاییندا ئیبن حەنبەل، چەنت دەوە ئەو دەبێتە و دەلوێ، هیچ چارەیەکمان نییە.
مرۆڤ لە وەها خەڵکیک، دەبێ چاوەڕوانییەکی هەبێت!
لەنێو هەموو ئەو هەزە نەتەوەیی و ئاییننزایانەی عیراقدا،

تاکۆ یەک هێز نابینییەوە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بێت. ئەمە تاکە هێزێک لە هێزە سیاسییەکانی عیراق، کە لەگەڵ سەربەخۆیی بەمەرجی کوردستاندایە، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق! دیارە کۆمۆنیستەکانی کوردستان و کۆمۆنیستەکارگەرییەکانی کوردستانیش هەر ئەو دیدیان هەیە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندان. کۆمۆنیستەکارگەرییەکان، هەر لە سانی 1990ەوە و لە سەردەمی مۆنسووری حیکمەتدا و لەسەر زمانی وی، داوای سەربەخۆیی باشووری کوردستانیان کرد و بە پێویستیان زانی. ئەمە هیچ جۆرە پێوەندێکی سیاسی، ئابووری، جڤاکی، ڕێکخراوەیی، لەنێوان کارگەر و جووتیار و هەژارێکی باشووری کوردستان و یەکێکی خێڵکی بەسرە(البصرة) یا عەفەج(عفك) یا تویریج(طویریج)دا نییە و نەماوە و هیچ شتێک پێکەوە گرێیان نادات، مەگەر تەنیا وەک سەزێک. هەمان شت بۆ نێوان ڕەمادی(الرمادي) و ناسریە(الناصرية) یا مووسڵ(الموصل) و دیوانییە (الديوانية) یا تەنانەت تەلعەفەر(تلعفر) و زوبیر(الزبير)یش دەشێ بگوترێ. بەپێچەوانەوەی چینەکانی خوارەی کۆمەڵەوە، سەرمایەدار و لیبرالانی کوردستان و عیراق، لە ڕێگەی خێیان باش تەدەگەن و ئاگان و هەموو هەوڵێکیشیان بۆ داکۆکی لێ و پاراستنی بەرژەوەندە ماددییەکانی خێیانن، لە هەموو کات و سەردەمێکدا، ئەوان هاوڕا و هاوسۆز و هاوقازانج و هاریکارن، لە هەژارترکردنی چەوساوە و ستەمدیدەکانی کوردستان و عیراقدا و پێوەندی پتەو و تونوتۆیان هەیە و بەردەوامە. بەشێکی بەرچاوی گەلی کورد، کوردانی فەیلین لە بەغدا و زرباتیە و بەدرە و مەندەلی و قزڵباش و خانەقین و گەلە دەڤەری دیکەی باشووری کوردستان و عیراق، لەووی ئایینزاوە، شیعەن، کە ئایینزای دەسەڵاتدارەکەی حوکوومەتی بەغدایشە، هەرچەن لە ابردوودا تووشی وەدەرنان و کوژتن و لەبەینبردن بوون، ئێستاش کە هێشتا هیچ ڕووبەداوە و کوردستان سەربەخۆ نەبووە، دەسەڵاتی بەغدا و هێزە نزیکەکانی لەو دەسەڵاتەوە، هەموو جۆرێک هەوڵێکی تاڵانکردن و لەبەینبردن و کوژتنیان لەدژکەن.

****

ئەوەی دژی گشتپرسی و سەربەخۆیە، سەدان پاساو و بیانوو دەهێنەتەوە بۆی دژایەتی ئەو پرسە بکات و ئۆژنەی خێڵکی کورد بشکێنێت. سەدان "بیانو" دێنەتەوە تەنیا بۆ ئەوەی نەخێر سەرکەوێت. ئەوانەی لە بازنەی دژایەتی گشتپرسی و سەربەخۆییدا دەخولێنەوە، سەرچاوە و دەسپێکی دید و بۆچوونکانیان لە دوو شت بەدەر نییە:

یەک: ئەستاش بە عەقیدەتی پەنجاوسە ساڵ لەمەوبەر، ناوەڕاستی ساڵانی 1960 بیر دەکەنەوە. ئەستاش دروشمی فەرگ و ڕەبازێک بەرزدەکەنەوە و دەڵێنەوە و لە بازنەی دیدی ڕەبازێکدا دەخولێنەوە، کە بە ددانپێدانانی دامەزرێنەرانی و ڕەبەرە هەرە مەزنەکانی، هەڵبووە و دەڕاوە و تێکشکاوە. ئیدی "خوویەکە گرتوویانە بە شیریی و تەرکی ناکەن بەپیری" و لەسەر هەمان بنەج ڕواون و بەردەوام دەوێنەوە.

دوو: ئەو دەنگی "نەخێر" بە گشتپرسییە، کە بەخێی لەڕاستیدا نەخێرە بە سەربەخێیی، چونکە لەو کارت و کاغەزەی خەڵک ڕای خۆیانی تێدا دەردەبڕن، دەبە بەرسڤی یەک پرس بدەنەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا تە لەگەڵ سەربەخێیی باشووری کوردستاندایت؟ ئیدی دوو دانە هەڵبژادەیان لەبەردەستە ئەویش ئەوەیە: ئایا تە لەگەڵ سەربەخێیی هەرێمی کوردستاندایت بە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانیشەوە لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا؟ ئیدی ئەگەر دەنگت بە "نەخێر" دا ئەوە تە دەنگت دژی سەربەخێیی کوردستان داوە و خە ئەگەر بە "بەڵێ" دەنگت دا، ئەوا تە لەگەڵ ئەوەی باشووری کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هاتوهاواری نەخێر، لە خەڵکانێکەوە دەبیسرێ، کە توژاڵێکی خە بە "خوێندوو، ڕووناکبیر" زانن و پانییان خەڵکی سلەمانین و کەمەڵێک گەرمیانی ڕەدووکەوتوویشیان ، کە بە هەی جەری بیرکردنەوەیان، قسەکانی ئەوان دەڵێنەوە و خەیان بەو "ڕووناکبیر و خوێندوو"انەی ئەو شارەدا هەڵواسیوە. باژێی سلەمانی لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە تا ئەمڕ، لەبەر ئەوەی دانیشتووانێکی یەک پێکهاتە و یەک زمانن، هەرگیز خەیان بە بندەست نەزانیوە و ئەو هەستی چەوساندنەوە و سینەوە و سووکایەتیپێکردن و لەنێوبردن و تواندنەوەیەی، کوردێک لە زوممار، شنگال، مووسڵ، مەخمووڕ، دووبز، حەویجە، کەرکووک، تاووغ، خورماتوو، کفری، قەرەتەپە، جەلەولا، خانەقین، قزڵڕبات، مەندەلی، بەدرە، زرباتییە، بەغدا و...هەستی پە کردووە و دەکات و چەشتوویەتی، کەسێکی سلەمانییەیی، هەرگیز نە تەی دەگات و نە هەستی پە دەکات. من باوەڕ ناکەم، کەسێکی نەشتەجێ و خەڵکی ئەو دەڤەرانەی زوممار تا زرباتییەیە یا کوردانی بەغدا، تەنانەت ئەگەر لە چوارچەوەی ئەو دیدەیشدا بێت، کە لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد و خوێندوو و ڕووناکبیریش بێت، بتوانێت دژایەتی سەربەخێیی بکات و بچێتە بەردەم سندووقی دەنگدانەکە و بڵێ "نەخێر بە سەربەخێیی"، مەگەر وڕدانی ژەنگی هەڵهەنابی و بیری کەووی گرتبێ، لە ڕەنگە گوتنی "نەء" بە لای خوێندوو و ڕووناکبیرێکی سلەمانییەوە، نەک خەڵکە هەژار و داماو و ئاساییەکەی، ئاسانتر بێت. زۆرێک لەو خوێندوو و ڕووناکبیرانەی

سلەمانی، بەبە ئاوەی بەخە بزانن، دووچاری دەردی خانگومانیی لەهەمبەر خەک، وەهم، تەمەت هەبەستن، ترس، پارانیا "Paranoia" و دەردی خەبەزلزانیی، لووتبەرزی، خە پە شتبوون، لەخەازیبوون، لەخەبایبوون، کەیف بەخەهاتن ، نارسسیزم"Narcissism"ن. هەربەیە بەو بیرکردنەوەیەی هەیانە و بەو دەردانەی، وەک خەرە، دەروونیان دەخەوات، هەرگیز چاوەەوانی باشتریان لە ناکرەت. ئەوان تەنیا سلەمانییان پە شارە و بە شاری شاران و سەرچاوەی فەرهەنگ و زانست و عەقە و سیاسەتی دەزانن و تەنانەت تا ەادەی ئاوەی، کوردی هیچ دەڤەرەکی دیکەی کوردستان، ئاگەر جیاواز لەوان بیربکاتەوە، بە کوردی نازانن و هەر خەیان پە کوردە و هەر خەیان پە ەاستە. ئەمانە بە هەموو توانست و لەهاتوویی و وزە و چالاکییەکی هەیانە، کار لەسەر شەردنەوەی مەشکی خەەکانی ئاسایی و لاوان دەکەن و خەەکیک، کە ەەنگە تەنیا وشەگەلی "ەوناکبیر و نووسەر و بیرمەند"، لە خشتەیان ببات و گوەیان بە ەادەرن. دیارە تەنەگەیشتنی هاوبەش بە مەژوو، یا تەگەیشتنی ناهاوبەش بە مەژوو، مەژووی ناهاوبەش دروست دەکات و تەگەیشتنی هاوبەشیش بە مەژوو، مەژووی هاوبەش دروست دەکات

****

سەرتەراشخانەی کوردەکی ناسیاوم لە ستەکهەەم هەیە، بە سەرتەراشین دەچمە کنیان. جارەکی چووم و دانیشتم و چاوەەوان بووم ئاوەی، کە هەموو جاران سەرم دەتەراشەت دەستی بەتاە بەت و بچمە ژەر دەستی، چوون دەستی گیرابوو. ئەو هاوەیە فلستینییە و بە عەرەبی پەی گوتم، ئەو هاوەیەی ئەستا کەسی لەبەردەست نییە، ئاماژەی بە کورسیەکەی ئاودیوی خەی کرد، کە گەنجەکی بیستویەک بیستودوو ساەە بوو، جوان تراش دەکات و لە خەیشتانە کوردە، بچە بەردەست ئەو. منیش چوومە بەردەستی و پرسیی، چەنم گەرەکە سەرم بتەراشە، منیش بەم باس کرد. ئاوجا پەمگوت: تە لەم جە کارە تازەی وانییە؟ چونکە پەشتر لەرە نەمدیوە. گوتی نەک هەر لە جە کارەکە بەکە لە سوەدیش تازەیە. ئیدی تەگەیشتم لە پەناهەنە نوەیەکانە. گوتم؛ تە خەکی سلەمانیت، وانییە؟ گوتی: بەە. گوتم: ئەی بە لە وەەات هەاتووی و هاتووی بە ئەرە، خە ەەوشی سلەمانی باشە و چ کەشەیەکی گەورە و مەترسیەک لەسەر ژیانی خەک نییە؟ گوتی: ئەی چەن هەنەیەم، نە مووچە هەیە و نە کارەبا هەیە و نە ئاو هەیە و نە دامەزراندن هەیە و نەژیان هەیە و گرانییە و مەسعوود هەرچی بودجە و پارەی نەوت و قووتی خەکە دەیدزە و کورسیەکەی گرتووە و وازناهەنەت و ناەوات! گوتم: تە لە سلەمانی چ کارەکت دەکرد؟ گوتی: سەرتەراش بووم. گوتم:

لە دوکانی خۆکدا کارت دەکرد یا بۆخۆت دوکانت هەبوو؟ گوتی: بۆخۆم دوکانم هەبوو و بۆخۆم کارم دەکرد. گوتم: کارەکەت باش بوو و پێی دەژیایت؟ گوتی: زۆرباش بوو، نەک هەر خۆم کەمەکێکی باشی مانیشم دەکرد. گوتم: خۆزاندار بووی؟ گوتی: نەخێر. گوتم: ئێی ئێستا تۆ هاتووی دوکانەکەت ماوە یا نەء؟ گوتی: بۆچی ماوە. گوتم: کە کاری تۆدا دەکات؟ گوتی: برایەکم. گوتم: ئێستاش کارەکێی باش دەڕوات؟ گوتی: بەڵێی هەر زۆر باشە. گوتم: ئێی مووچەت لە حوکوومەت وەردەگرت؟ گوتی: نەء. گوتم: حوکوومەت مووچەی تۆی بۆیە؟ گوتی: نەء. گوتم: دێی تۆ چیت داوە لە مووچە و باسی مووچە و بودجە و قووت و ئەم بۆزمانە بۆ دەکەیت، خۆ تۆ بۆ هەموو پۆوارێک لە ڕەوشێکی باشدا ژیاویت و ئێستاش کارەکەت پێکی نەکەوتووە و پارەی خەت هەر وەردەگرێت! گوتی: چۆن باسی نەکەم، مەگەر ئەوە نییە مەسعوود دێیخوات و یەک شت بۆ خۆک نادات و کورسیێکێی بۆرنادات ! گوتم: هاوڕێ تۆ کە خۆکی سڵمانیت، حوکوومەتی شارەکێی تۆ لە هەردوو شارەکێی دیکێی هەرێم، دهۆک و هەولێر، پارەی زیاتر دەستدەکەوێت. مووچەی کارمەندانی سڵمانی و گەرمیان لە حوکوومەتی سڵمانییەوە وەردەگیرێت.

ئەو دزی و مفتەخۆری و گەندەڵییەی لە سڵمانیدا هەیە، هیچی لە دهۆک و هەولێر کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت. تۆ و کەسانێکی شارەکێی تۆ، چاوتان تۆنیا مەسعوود بارزانی دەبینێت، کە لە شارەکێی تۆدا و لەلایەن خۆکانەکەوە، تەمەنەکە بە بەرنامە و نەخشە، تۆنە کار لەسەر دزۆکردنی دەکرێت، ئێی بە سەیرێکی بەرپرسە حیزبی و حوکوومەتییەکانی سڵمانی ناکەیت و ناچێت داوای مافی خۆت و خۆک لەوان و لەنزیکترین بنکێی دەسەاتەوە، لە ماڵەکێی خۆتەوە، بکەیت. وەڕە تۆ و من دەچین لە کۆنار ئەم شەقامێی بەردەم ئەم دوکانێی ئەمە ئێستاکە تێیدا دانیشتووین، ئادەوەستین و لە سەد مرۆف لەوانێی بە بەردەمماندا تێدەپەڕن دەپرسین، کە ئایا دەزانن بودجەی سوەد چەندە؟ بودجەی سوەد چۆن خەرج دەکرێت؟ وەزیری ئابووریی سوەد کێیە؟ سەرکۆزیرانی سوەد کێیە؟ چ حیزبێک ئێستاکە لە سوەد حوکوومەت بەڕێوە دەبات؟ بزانە لە و سەد مرۆڤ چەندیان دەزانن وەڵامی ڕاستی ئەو پرسانە بدەنەوە. ئەگەر لە سەدا بیستی زانییان وەڵامی دروست بدەنەوە، ئەوا زۆرە. لەڕە لە سوەد تۆنیا سیاسییەکانی، سیاسەت دەکەن و باسی سیاسەت دەکەن، ئەو خۆکە ئاسایە، سەرگەرمی کار و ژیانی خێزانی و خێی لە کاروباری کەسکی دیکە هەناقورتێنێت، لە لە وڵاتەکێی تۆ، هەرچی خۆکە خێی لە هەموو کاروبارەکدا، پەونديشی پەوە نەبێت و هی خێیشی نەبێت و

بواری خەیشی نەبەت و لەیشی نەزانەت، خەی تەهەدەقورتەنەت و لووتی تەوە دەژنەت، لەوە هەرچی خەلکە سیاسییە و سیاسەت دەکات. هەر یەکەو لە ئاستی خەی وتەبەژ و شیکار و بیرمەند و فیلەسەف و پسپەر، بەیە هەندە حالی وەلاتەکەمان جوانە! ئەوانەمان گوت و بەکیش زیاتر. بەدەم ئەو گوتوبژەوە ئیدی کاتی سەرتەراشینەکەم تەواو بوو و هەسام و گوتم: لەبری ئەوەی سەری خەت بەو باسانەوە دەئەشنیت، باشتر وایە هەوەدەیت زمان فەر بیت، کار بکەیت، بخوەنیت و بە خەت بژیت. کورد لەمژە گوتوویەتی:"بیانووی تە نانی جەیە" یا "بیانووی تس نانی جەیە". بیانووی هەرچی نەهامەتی و ماوەرانی و گەندەییە لە کوردستان و بیانووی دژایەتی گشتپرسی و سەربەخەیش، کە ئەستا باسی لەوە دەکرە، لەبەر هەر هەیەک بەت، لەو دەڤەری گەرمیان و سلەمانییە، تەنە نانجەکەیە، واتە: مەسعوود بارزانی! ئەو بیانوو و دژایەتییە، بەجگە لە ئاوکردن بە ئاشی ئەنقەرە و بەغدا و شام و تاراندا و درژپەدان بە بندەستیی گەلی کوردستان و خاکەکەی، شتەکی دیکە نییە.

****

هەموو بیانییەک لە جەی کار، خوەندنگە، باخچەی منداەان، نەو شەمەندەفەر و ئەتەبووس و تاکسی و فڕۆکە، بازاڕ و فرۆشگە، سەرتەراشخانە، چەشتخانە و هەموو کون و قوژبنەک و جەیەک لە ئەوروپا، ئەمریکا، هەندەران، بەتایبەت، کە تە بە ەەنگ و ناو و زمان و ئایین و فەرهەنگ و زەرینەی شتەکانت لەگەڵ دانیشتووانی وەلاتەکە سەد لە سەد وەکنایەنەوە و تە بەەک جیاوازی، ەەژانە تووشی ئەم پرسیارە دەبەت: تە خەڵکی کوەی؟ یا لە چ وەلاتەکەوە هاتووی؟ یا بە ەەچەەک کوەندەریت؟ هەموو یەکەک لە ئەمە هەزاران جار تووشی وەها پرسیارەک بووە. وەک کوردەک، ەەنگە بەەە من خەڵکی کوردستانم. هەرکە وات گوت، پرسیاری دووەمی ئەو کەسەی لەت دەپرسەت، لە باشترین حاەدا ئەویە: کوردستان دەکەوەتە کوەوە؟ ئەوجا تە بەی باس دەکەیت. پاش ئەوە دەەە: کام پارچەیان؟ وەلامی ئەویش دەدەیەوە. لە جاری وا هەیە و زەرجارانیش بەو جەرە، کابرای پرسیارکەر دەەە: کوا وەلاتەک هەیە بە ناوی کوردستان! یا دەەە: وەرە لەسەر نەخشەی جیهان وەلاتەکەتم پەشاندە! یا دەەە: بە ناەە عیراقی، ئەرانی، تورکیایی یا سووریاییم! تە ئەگەر لەسەر وشەی کوردستانەکەی خەت سوور و مکوە بیت، گەرەکە هەمیشە ئامادەی ئەوە بیت ەوونکردنەوە و بەگە و نەخشە و وەنە و دەیان دەردەسەریی دیکە بە کەسی پرسیارکەر بخەیتە ەوو و بگەیتەوە. خە ئەگەر ئەوەی لەت دەپرسەت عەرەب بەت، نە تەنیا عەرەبی عیراق یا سووریا، بەکە مەغریبی، عومانی، شامی، ئەهوازی یا مووسەاویەیش بەت، یا تورک بەت،

ئیدی نە تەنیا تورکیا، بەکە تورکی بوغارستان، تورکمەنستان، قوبرس، ئازربایجانیش بێت، یا فارس بێت، نە تەنە فارسی ئێران، بەکە فارسی تاجیکستان، ئەفغانستان، هیندوستان، نەجەفیش بێت، موسومانیش بێت، ئیدی موسومانی ئینديزیا، مەریتانیا، کەنگۆ، چین، پاکستان یا هەر عەردێکی دیکە بێت، هەر دەسبەجێ لێت دەردەپەڕێ و دەتداتە بەر هەژنەی قسەی ناشیرین و تووڕەیی بەسەردا دەبارێنێت . عەرەبەکە، پێیوایە تەواتی عەرەب و خاکی عەرەب لێتلێت دەکەیت(ئەو لە هەوانگەی دەسەاتی مەژووی خۆی و داگیرکارییەکی مەژووی خاکەکەی تە و ژێردەستەیی و دەستەمۆیی تەوە دەنەناسێتە تە) وتورکەکە، پێیوایە خاکەکەی لێت دەکەیت (لە هەوانگەی ئیمراتۆریای عوسمانییەوە، وەک هیچ و بە بەها لە تە دەنەناسێتە تە و تەیش وەک نەتەوە بە بەشێک لە فارس تەماشات دەکات و زمانەکەشت بە شێوەزارێکی زمانی فارسی دەزانێت)، موسومانیش بێت، خۆمی تەکنەچوونی یەکیەتیی موسومانانە و تەکنەچوونی دەوەتی ئیسلامییەتی. ئیدی گەلە جار مرۆڤ ئەگەر بەک نەرمونیان بێت و وزە و ئارەزووی ئەوەی تێدا نەبێت، داکەکی لە خۆی بکات و حەزی لە دەمەقاڵێ و شەڕەقسە نەبێت، لە کورتی دەیبەتەوە و خۆی لە سەرئێشە لادەدات و دەڵێ: من عیراقیم، ئێرانیم، تورکیاییم، سووریاییم، بە گوێرەی ئەوەی بە هاسمیی هاووەاتیی کام لەو وەاتانەیە.

سەانە دەیان بەنە لە باخچەی منداڵان و خوێندنگەکاندا هەکدەخرێن و مامۆستاکان، لەڵەکان لە زارەکەکان داوا دەکەن وێنەی ئاەاکانی خۆیان بکێشن و لە دیواری ژووری خوێندنەکەیاندا هەڵیانواسن، یەک جاریش نەبووە منداڵانی کورد تووشی دووداوی و سەرسووماڵمان و شەرم نەبن، لەوەی کە نازانن چ ئاەایەک دانێن. دیارە ئەوە پەروەردە و بیرکردنەوەی دایکوباوک و خەزانی منداڵەکە لەو پرسەدا نەرە دەبینێت. ماڵبات هەیە منداڵەکانیان فێری وشەی کوردستان و ئاەای کوردستان و ئەوانە کردووە و ماڵباتیش هەیە منداڵیان بە عیراقی، ئێرانی تورکیایی و سووریایی پەگەیاندووە و ئاەای ئەو وەاتانە دەناسێتەوە. زەرجارانیش ئەو پرسی ئاەایە دەبێتە باس و دەڵاوکێیەک بە زارەکەکە، کە دەبینە سەمالی، ئەفغانی، ئێرانی، تورک، ئێریتری، ئیسیووپی، هیندوستانی..داروبەرد و هەموو دنیا ئاەای هەیە و دێتەوە بە ماە و لە دایک و باوکی دەپرسێت: ئەمە بە ئاەامان نییە؟ دایک و باوکیش ئیدی بەگوێرەی دید و بیرکردنەوەی

خەیان بۆ هەوندەکانەوە، یا خەیان لە وڵامدانەوەی گەل دەکەن، لە هەردوو حاڵەتیشدا هەرگیز ناتوانن ئەو زارەکە قایل بکەن و وڵامەکیان هیچ ئاسوودەیی و دڵنیاییەک بە زارەکەکە نابەخشێت.

ئەگەر کەس لە بە دەوڵەتی و بە وڵاتی تێنەگات، کوردی هەڵاتوو لە کوردستان و لە هەندەران ژیاو، دەبوو زەرباش تێگەیشتبان. دوو نەتەوە یا دوو گەل، لە جیهاندا، بەتایبەت لە ئەورووپا بڵاوبوونەوە، ئەم(قەرەچ) و کورد. ئەمەکان، لە ئەورووپا لە کورد کەنترن. ئەمەکان، نەک هەر دەوڵەت، خاوەنی خاکی خەیشیان نین. ئەوان دەگەڵن و لەهەرکوێیەک ژیان، ئیدی ئەو وڵاتی ئەوانە. ئەوان بە مووزیک، سەما، فەرهەنگ، دەستەنگینی و چەوسانەوە و لەبیرنەبردنیان لە مێژوودا، دەناسرێنەوە. کوردیش، ئەنفال، گازبارانی هەڵەبجە، کەرکووک و جەنگ، دنیایەک نەگبەتی و ماوەرانی، بە خەڵکی ناساندووە، دەنا لەدانەوەی قەوانی سوواوی بەشی عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا و چوارپارچە و چل میلیۆن و ئەو باسانە، گەلانەوەی ئەو شانامەیەی، کە دەبە هەمیشە ئامادەی گەلانەوەی بیت، هەرگیز ئەورووپاییەک ناگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کە تە وڵاتکەت هەیە و ناوی کوردستانە، چونکە تە لەسەر نەخشە نیت و وڵاتکەت دەوڵەت و ددانپێدانراو نییە و ئەندامی هەڵکخراوی دەوڵەتییەککگرتووەکان(UN) نییە و لەو وڵاتە ئەورووپاییەی تێیدا دەژیت باڵیۆزخانەیەکت نییە بەناوی"باڵیۆزخانەی دەوڵەتی کوردستان". هەرچەندە باوەڕی نەتەوەیی چ لە هووی مێژوو و چ لە هووی ناوەڕۆکەوە نوێیە و بەرهەمی هزری بەرژوازی سەدەی هەژدەیەم و دواتره، لە نەبوونی قەوارەیەکی ددانپێدانراو، کە پێی بڵێی وڵات و خودانی پاسپۆرت و ئاڵا و خاکێکی سنووردار، هووحێکی سەرگەردان و وڵە و بە ئینتیما دەنێتە بەرهەم.

****

فیلەسۆفی میژوو ومیژوونووسی بریتانی، ئارنۆڵد تۆنبی(Arnold Joseph Toynbee 1889 – 1975)، لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیدا، لەمەڕ پەیدابوون و لەناوچوونی ژیارییەکانەوە دەڵێ:"نەتەوەکان ناکوژرێن، بەڵکە خەیان دەکوژن"، واتە: "سەرتەڕ و دەستەبژێرە زاڵ و دەستەڵیشتووەکانیان، دەکەونە هۆشی ملانێ و جەنگێکی بەردەوام و هەمیشەییەوە، کە ئیدی بەست و توانستی ئەو نەتەوەیە، بە دەزینەوە و داهێنانی چارەسەری گشتی و قایلکەری هەمووان و بە سوودی هەمووان، بە کیشە و گرفتە ژیانییە کەڵەکەبوو و کۆنەکان، دەبڕێ". کاری سیاسی لە کوردستان و لەناو حیزبەکانی

کوردستاندا، لە دەر زەمانەوە، هەر لە ناوەندی سالانی 1960ەوە، لەسەردەمکەوە، کە ئیدی ماڵ بەش کرا و برا لە برا جوە بووەوە، بەجگە لە ملانێیەکی هووت و ئاشکرا و بە پەردەی هەز و بازوو، شتێکی دیکە نەبووە. زەر جاران بەفەرهەنگی و بەئامانجی و بەمەبەستییەکی هزریی، بەسەریدا زاڵ بووە و تەنانەت ئەو هووپش و دەمامکە ئیدیالۆگییەیشی، گەلە جاران هەیانگرتووە و هەیدەگرن، نەیتوانیوە و ناتوانێت، بەرژەوەند و دەسکەوتە کەسەکییە ڕاستەوخۆ و زەقەکانیان و کینە و ڕقیان وەشێرە. پاڵنەر و هاندەرێکی بنەڕەتیی کارکردنی ئەوان، دڕقڕچڵتی و ناوچەگەری بووە و ئاوەز و خواستێکی قازانجخوازیی بازرگانیی سەرمایەداریش، هاندەرێک. وەها هزر و کردار و ڕەوتاریک، هەرگیز نابنە هەوێنە چەکردنی نەتەوە و وەڵات. بە پەچەوانەی مەسعوود موحەممەدەوە کە دەڵێ: "خەڵک دەتوانێ لە دینی خەی دەرچێ، لە وەطەنی خەی دەرچێ، لە نازانم چی خەی دەرچێ، بەڵام ناتوانێ لە قەومی خەی بتەرازێ، ئەگەر کورد بە ناتوانێ بڵێ من کورد نیم. قوڕ بەسەری، کوردێ مەگەر بڵێژوو بێ، چونکە بە میرات بەی ماوەتەوە، کەواتە کورداێتی ئەسیلە و بەهەزترە لەهەر وەسفە بە مرێی دەهێنیتەوە..." ، بە بەوای من، نەتەوە بە ماوەیی و میرات نییە، بەڵکە دروست دەکرێ. مرۆڤ، هەر لە زارۆکییەوە، دایکوباوک، خزان، بنەماڵە، هەز و خەڵ، خوێندنگە، جێکار، کەڵە، هەموو ئەوانە لە دروستکردنیدا ڕۆڵ دەبینن و ئەو کەسیەتییەی دەدەنێ، کە هەیەتی و دەیبێ. زارۆک، کە دێتە دنیاوە، بە خەی هیچ ئینتیمایەکەی نییە و دەکرێتە، کورد، فارس، تورک، عەرەب، فرانسی، چینی، شیعە، سوننە، ئەزدی، پرۆتستانت، کاتۆلیک، ئەرتەدۆکس، جوو، بوودایی، هیندۆس یا هەر شتێکی دیکە. دەشێ منداڵێکی فرانسی، سوێدی، عەرەب، چینی، هەر کە دێنە دنیاوە، جگەکیان پێ بکەیت و دانەیکیان ببەیتە نەو خزانەکی ئیندیان و دایکیان ببەیتە نەو خزانەکی ڕۆم(قەرەچ) و دانەیکیان ببەیتە نەو خزانەکی سەمالی و دانەیکیان ببەیتە نەو خزانەکی ئەبوریجینی لە ئەوستالیا و هەموویان گەورە ببن، ئایا ئەوانە دەبنەوە فرانسی، سوێدی، عەرەب، چینی یا دەبنە ئیندیان، قەرەچ، سەمالی، ئەبوریجین؟ ئەودەم تەدەگەین، کە نە نەتەوە و نە ئایین، هیچیان چەسپاو و بەماوەیی و میرات نین و هیچ ڕۆسنایەتییەکیشیان تێدا نییە، دەشێ مرۆڤ لەی دەرچێت و هەر نەشچەتەوە سەری، ئەو ڕۆسنە و دەمەنەتەوە و چەسپاوە، تەنە مرۆڤ بوونە. کورداێتیش، بە واتای کوردبوون و هەستکردن بە کوردبوون و هەوێدان بە پرسی نەتەوەیی کورد، باوەڕم وایە، نەتەوە ئەگەر بە خولیا و کارێکی نەتەوەییەوە گرێ نەدرێ، دەسیس و دەپووکەتەوە. بنەماکانی نەتەوە

لەبەریەک هەدەوەشێنەوە: خاک داگیر دەکرێ و ناگەڕێتەوە و کەم دەبێتەوە، زمان هەدەوەشێتەوە و بەش بەش دەبێت، مێژوویش لەناوان تێگەیشتنێکی کاڤامانە و ناتەواو و هەڵەدا، بزر دەبێ و فەرهەنگیش دادەڕزێ و تێک دەبێ.

****

لە هەر کۆمەڵگەدا، چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو کەی نەکاتەوە، مەگەر گەیشتبێنە ئەو جێیەی، مارکس لە کۆمۆنیزم یا پرۆدۆن(Pierre-Joseph Proudhon) باکۆنین(Michail Bakunins) و کرۆپۆتکین(Pjotr Kropotkin) و گۆدمان(Emma Goldman) لە ئەنارکیزمدا، باسی دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن و چاوەڕێین بکرێ دی، چەک جێگەی گوڵەیەکگرتن و گەنگەشە و وتووێژ دەگرێتەوە و ڕێکخراوە سیاسییەکان و حیزب دەبنە میلیشیا و دەستەی چەکدار و بونیادی دامەزراوەیی و پایەی دەوڵەت لەبەر یەک هەدەوەشێنەوە و کۆمەڵ شی و شیتاڵ دەبێتەوە، وردە وردە دەبێتەوە و پاژپاژ دەبێت و دەبێتە خووبەوونەوە و گردبوونەوەیلەکی پێش دەوڵەت ئاسا، دەبێتە بەرەباب و تیرە و خێڵ و هۆز و هەرەم و میرانی جەنگ دەبنە کۆگا و میرمحە و سەرکردە و دەمەڵاستی ناوچەیی و نەژادی و ئایینی و ئایینزایی و سەرمایەدار و چەتە و دەیان جۆرە گرۆ و دەستەی دیکە، لەژێر دەیان ناوی جیاوازدا، کە ئێستا نەک تەنیا باشووری کوردستان، بەڵکە هەموو کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنێت. کاتێکیش، کە دەوڵەت، وەک چەمک و تێگەیشتن و بوون، بە بە جۆرە پێکهاتنێکی گشتی چێ نەبێت و دروست نەبێت، نەبوونی ئەو پێکهاتنە گشتییە، دەبێتە هۆی ئافراندنی بەشایی و چێنایەکی سیاسی لەنێو کۆمەڵدا، کە زەمینە خۆش دەکات و ڕێگە دەکاتەوە بۆ دەستێوەردانی دەرەکی. لەڕدا ڕێبەرایەتییەکی شارەزا و لێزان و دەسەز، ڕەوشەکە لەو گۆڕاوە دەردێنێت و وێنات و کۆمەڵ، بەرەو کێناری ئازادی دەبات. ڕێبەرایەتی، شارەزایی و زانینێکی گشتیی بەماوەییە و لە ئەنجامی کەڵەکەبوون و کردەی مێژووییدا خۆ دەبێتەوە و لە بنەماشدا لە گەشەکردنی ئاگایی ستراتیگیی گەلەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێک تێدەگات و دەزانێت و ئاگایە لەوەی، هەندێک پیرەزی و تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە، کە نابێ دەستی کەسی بگاتێ و بەرژەوەندگەلێکی خۆی هەیە، کە ناشێ دەستبەرداری ببێ. هەموو نەتەوەیەک کۆمەڵێ پیرەزی و بەرژەوەندی خۆی هەیە، کە ئای گشتی بۆیار لەسەر پاراستنیان دەدات و ئەو دەستەبژێر و سەرتەڵە داهێنەرانەی نێو گەل و نەتەوە و نیشتمان، بۆیار دەدەن، کەنگی خەڵک ئامادە بکرێن بۆ جەنگ بۆ پاراستنی بەها

و بەرژەوەندە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و چەسپاندنی بناخەی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، چونکە دەوڵەت بۆخۆی، ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی خەڵک لەچوارچێوەی قەوارەیەکدا. ئەو قەوارەیە، کە پێی دەگوترێ دەوڵەت، سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و بەڵا گەورەکانە، ئاگر حوکمڕانییەکی دروست و باش و دادپەروەری تێدا نابێت و هیچ چاودێرییەکی توندی لەسەر نابێت، لە مرۆڤ ناچنگێ لە نابووونی پاریزگاری و دەسکەات و پەروەردە و بارهێنانی سیاسییشدا، ببنە گیانلەبەر و دڕندەی ترسناک ناچنگێ مرۆڤخۆریی، کانیبالیزم(cannibalism)، کە لە مێژووی مرۆڤدا هەبووە، جارێکی دیکە سەرهەڵداتەوە و ببێتە مەدی سەردەم. دەوڵەتی یەکگرتوو دەفری پڕژەی ژیارییە، هیچ ژیارییەک بە دەوڵەتی مەزن و پێشکەوتنی زانستی، چ نابێت ونییە.

****

کاک "م"، پیاوێکی تا ڕادەیەک بەڕەک لە کورتەباڵا بەرزتر، لاواز، پرچی تەنک و بەڕەکی ڕووتاببووەوە و ئاوێشی مابووی، سپیەتی تێکەوتبوو، تابڵەی ئارام و لەسەرخۆ، خوێندوو و هەڵگری بڕوانامەی زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکان و دەرچووی زانستگەی ئازهەر لە مسر و زمانانی کوردی و تورکی و عەرەبی زان و هەرسی بەدەفتەر گرتبوو . ئەو بە ڕەچەڵەک لە باکووری کوردستانەوە هاتبوو، لە لە ئیستانبوول دەژیا. وەک هزرین و دیدیش نزیک لە ڕەوتە ئیسلامییەکەی نەجمەددین ئاربەکان، کە ڕەوتێکی ئیسلامیی تورکی بوو و ئێستا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان ڕەبەریەتی و لە بنەماشدا کاریگەریی بیروباوەڕی نوورسیی لەسەر بوو و گەلە جاریش ماڵە گچکەکەی، کە لە کووچێ یەکێک لە گەڕەکە هەژارەکانی ئیستانبوول بوو، دەبووە مەکەی جڤین و خەبوونەوەی هاوبیر و هەوادارانی ئەو ڕەوتە. لە ماڵەکەیدا ، کتێبخانەیەکی گەورەی تژی کتێبی جیاواز لە بواری جیاوازدا، بەو زمانانە هەبوو. دانی ئەوارەی ڕەژێک و شەوێکی پش بیستوچوار ساڵەک میوانی بووم، لەو ماوەیدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، دیتم نوژ ناخوێندنەت، بە پێی بیروباوەڕ و کەسیەتی ئەو، نایشارمەوە، بەڕەک بەڵامەوە سەیر بوو، بانگەشەی ئیسلام و ئیسلامیبوون و نوژنخوێندن! هەرچەندە ئەوە مسۆگەرێکی زۆر تایبەت بوو و گەلەک کەسکییش بوو، لە هەزم دایە خۆم و حەزم کرد لێی بپرسم، کە چۆنە ئەو بەو پاشخان و کەسیەتی و دیدی خۆیەوە، نوژ ناخوێنەت! لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی:"چما نمژ بخوینم! کەسەک نمژ دخوینە کو ئازاد بە. نە وەڵاتە من، نە گەلە من، نە ئاخا من، نە زمانا من، هیچ یەک ژ وان

نە ئازادە. گاڤێک وان نە ئازاد بن، ئەز ژی ب خە نەئازادم. ئەز و زمان و ئاخ و گەل و وەتانێ من، ئەم بندەستن، ئەم کەلەپە، بەندە، دیل، کێلانە. مرۆڤ کو دیل و کەلەپە بێ، چ تشتەکی نە ئی ویێ، نە جان، نە لاشە وی ئێ وینە، ئەو نە خودێ خۆیە، بەلکی هەر تشتی وی مولکا کەلەدارێیە، نەمێژ قەت نە ل سەر ویێ، ژ بەر وێ یەکی ئەز نەمێژ ناخوینم، گاڤەکی وەتات، عەرد، زمان وگەلێ من ئازاد و سەربەست بوون، ئیدی ئەز نە کەلەمە، ئەز ژی ئازاد دبم، وێ چاخێ نەمێژ ل سەر من فەرز دبێ، بلا کوردستان ئازاد بێ و ئەم ببن خودێ خوە، ئەز ژی نەمێژ دێ بخوێنم".

****

لە میدیا بینراو و بیستراو و نووسراوەکانی کوردستاندا، ئەوانەی لەگەڵ گشتپرسی و سەربەخۆییدان، هێژانێ وەک هەواڵی گرنگ و کاریگەر، هەوەستی نووسەرەکی کورد، هێژنامەنووسەکی کورد، مەلایەکی کورد، ئەفسەرەکی کورد، هونەرمەندەکی کورد، دانیشتووی هەرێمی کوردستان و لانەو هەرێمی کوردستاندا، بەاو دەکرێتەوە، یا چالاکی خێکانەک، بە هونەر، بە موزیک، بە قسەکردن، بە خەبوونەوە، لە باژێکی هەرێم، هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، سەران و...پێخش دەکرێتەوە و گرنگی و بایەخێکی زێریان پێدەرێن، کەچی هەر ئەو نووسەر و هێژنامەنووس و هونەرمەند و سترانبێژ و خێکانە، هەندێ خەیان شکەت ناکەن، کە هووبکەنە کەرکووک و لەگەڵ تورکمانەکاندا، چالاکی هاوبەش بکەن و بچن بەرەو بەدرێ، مەندەلی، قزڵەبات، کفری، خورماتوو، خانەقین، نەو کوردانی فەیلی، شنگال و یا هەر عەردەکی لەو جەرە، کە دەبوو هەموو گرانییەک بخرابایە سەر ئەو دۆڤرانە و بایەخ و بەهایەکی گەلیک زیاتر بەوان درابا.

ئەم گشتپرسییەی باشووری کوردستان، کە بەیارە لە 25ی سێپتەمبەری 2017دا بکرێت، بەک پەلەپەل و شپرزەیی پەوە دیارە.
هەشتا تەواوی هەزەکانی باشووری کوردستان نەگەیشتوونەتە پەکهاتنەکی تەواو لەسەری و ناهاوئاهەنگی و جیاوازیی و فرەدەنگیی پەوە دیارە.
هەشتا لەتی هێژهەاتی هەرێم، سلێمانی و گەرمیان، دەنگی نەخێر و دژەسەربەخۆیی تێیدا زاڵە.

هەشتا لە دۆڤرە دابەنراوەکانی باشووری کوردستان، کە پتر لە 60%ی خاکەکەی پێکدەنن، هیچ جەرە چالاکی و جموجووڵەکی بەرەو یەکگرتنەوە لەگەڵ هەرێمدا و بەرەو سەربەخۆیی تێدا وەدی ناکرێت.

هشتا گوتوبژێکی جیددی لگێ تورکماندا، کە نەتەوەی دووەمی کوردستانن و لە هەستیارترین شوێنی کوردستان دژین، نکراوە، کە دەبوو پێش هەر خەڵکێکی تر و پێش هەر حیزبێکی تر، گوتوبژ لگێ وان کرابا و دنیایی تەواویان پێ درابا، بە تەواوی یەکسانییان لگێ کورددا و دابینکردنی تەواوی خواستەکانیان، لە چوارچێوەی کوردستانێکی سربەخۆدا.

هشتا ساغ نبووەتەوە، عەرەبی هاوردەی کەرکووک، کە پرژەی عەرەباندنی دژەرە دابەنراوەکانیان جبەجێ کرد و سەرلەبەریان سیخوڕ و داگیرکەر بوون، چەن مامۆستایان لگێدا دەکرێت، کە ئگەر بە حەق بێت، دەبێ مافی دنگدانیان نبێت.
هشتا ساغ نبووەتەوە، کە ئایا ئەم گشتپرسییە تەواوی دژەرە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و کوردانی دەرەی هەرێم دگرێتەوە یا نەء.
هشتا هشتاگەلێکی فرە زەرتریش ماون…

بەڕانی هەرێمی کوردستان و لە پێشی هەموویشیانەوە بارزانی، کە ئستا سەرکی کوردستانێ و پێشنگی بانگی سربەخۆییە و ئاکەی هگرتووە، حەقوایە گەلێک لبەراوانێ و دژفراوانێ و چالاکانێ، هرچی زووە، لپێناوی لدەستدانی کەرکووک و تەواوی دژەرە دابەندراوەکان، نک جارێک، دیان جار سەردانی کەرکووک بکات و لگێ تورکمانەکان، شیعە و سوننیان، بەرەی تورکمانی و حیزب و هزسیاسییەکانی تریان، لگێ عەرەبە کنەکانی کەرکووک، لگێ مسیحییەکانی، کەبەتەوە و بەنی ئاست و دروستی وەدیهنانی تەواوی مافەکانیان بدا. با پستی جگری سەرکی کوردستان، یا سەرکی کوردستان، چندین وزارەت، سەرکی پەرلەمان، باترین پلە لە دەوڵەتی کوردستانی سربەخۆدا، بدرێ بە تورکمان، مسیحی، یا عەرەب، نک بە فاندن حیزبی کوردی یا ئەوی دی. بارزانی، حەقوایە نک جارێک، دیان جار، سەردانی زوممار، شنگال، کوردانی ئزدی، شەبەک، دووبز، مخموور، پردێ، تازەخورماتوو، تاوغ، کوردانی کاکەیی، بەشیر، خورماتوو، کفری، قەرەتەپە، جەڵەولا، خانەقین، مندەلی، بەدرێ، زربا تییە، کوردانی فەیلی، کەلار، هەبجێ، هورامان، سلەمانی و…بکات و جێش و گەرمی و چالاکییان تێدا بەاوبکاتەوە و دنیایی داهاتوویەکی باشتر، گشتر و خشتریان بداتێ. کورد لمەژێ گوتوویەتی:"پادار بگرێ، بە پا ماێ وماندێ"، بە کوردستان، پادار، دژەردابەندراوەکانن و بە پا، هەرەمێ.

سپای ئەمریکا لە ڤیەتنام، سپای فرانسا لە ئەلجەزائیر، سپای تورک

لە کوردستان، سپای عیراق لە کوردستان، داریان سووتاند، ماڵیان دەووخاند و وێران دەکرد، دەست و پێ و پەنجە و لووت وگەردەنی ژنانیان دەبڕییەوە بۆ داگیرکردنی خشڵ و زێرەکانیان، کچان و ژنانیان وەک سەربایا دەبرد، ئەنفالیان دەکرد، گازبارانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ژینگەیان دەکرد و دەیان خراپەکاریی دیکەیش. عەرەبی هاوردەی کەرکووک بەشکی چالاک و دەستکراوە بوونە، لە تەواوی هەموو ئەو نەهامەتییانەدا، بەسەر کوردستاندا هاتوون و کەرکووکیش پشکە زۆرەکەی بەرکەوتووە.

ماددەی ناپیرەز و بەد و بەفڕە و دزێوی 140، کە کورد بەخەی چووە ژێر باری و لەگەڵ حوکوومەتی بەغدا واژووی کرد و تائێستاش وەک "مارەکەی شێخ ئەمەر" بە ملیدا ئاڵاوە و لەی نابەتەوە و وەک زنجیر و پابەند دەست و پێیکانی شەتەک داوە، پێیکی هێشە بە نەوچاوانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و مێژووی کوردەوە، کە قایل بوون بەوەی دەنگدان لەسەر خاکەک و جیۆگرافیایەک بکرێت، بە هەموو پەوەر و بەگژ و مێژوویەک، بەشکی جیانەکراوەی خاکی کوردستانە. ماددەی 140، دەنگدانە لە سەر ماڵی خێت، کە چەند کەسەکی لایدە و غەوارەی تە هاتووە و داگیریان کردووە و ئەوان دەڵێن ئەو ماڵە هی ئەمەیە و تەیش دەڵێی وەرە با دەنگی لەسەر بدەین بزانین هی کێیە! تەنانەت هەموو کەمئاوەزکیش ئەوە دەزانێت، کە مرۆڤ لەسەر ماڵی خەی دەنگ نادات! هاتنی ئەو لایدە و غەوارانە بۆ تەواوی ئەو خاکەی کوردستان، کە ئەمڕۆ پێی دەگوتری "ناوچەی دابەندراو" یا "ناوچەی جێی ناکۆکی"، لە داگیرکردن زیاتر شتەکی دیکە نەبووە. کورد ئەستاش دەتوانێت، هەردوو شارچکەی کەلار و چەمچەماڵ، کە هەردوویان خراونەتە سەر سلەمانی و سلەمانییش بەدەستی کورد و هەرەم خێوەیەتی، بە تەواوی خاک و دانیشتووانکانیانەو و هەموو گوندکانیانەوە، بە هیچ پرسەک بە بەغدا، بگەنێنەوە سەر کەرکووک. سلەمانی، قەرزداری کەرکووکە و گەانەوەی کەلار و چەمچەماڵ، گەانەوەی قەرزکانی کەرکووکە. کورد بە حوکمی ئەوەی هەردوو شارچکەی کفری و خورماتوو وەک خاک لە ژێر هەزی خێدایە، دەتوانێت، بە بیارکی ئوستانداری کەرکووک و داوایکی ئەنجومەنی شارداریی ئەو دوو شارچکەیە و پشتیوانیی سەرکایەتی هەرەم، بیانخاتەوە سەر کەرکووک. کورد دەتوانێت ئەستاش عەرەبی هەناردەی کەرکووک، کە هەریکەو 20000 دەلاریان درایە بەوەی بگەنێنەوە بە زەدی خێیان، بیانگێتەوە. کورد دەتوانێت بە خەی و بە چاوەانکردنی حوکوومەتی بەغدا، حەویجە، کە بەغدا بە سەرئەشەی کورد و کەشە و گوشار بە کەرکووک و لەسەر کەرکووک هەشتوویەتییەوە

و لەبندەستی داعشدایە، ڕزگار بکات و ئەویش بخاتەوە سەر کەرکووک. ئیدی بەو کارانە کەرکووک دەتەوە ئامێزی کوردستان. بە مەخموور و مەندەلی و بەدرە و زرباتیەش هەر ئەو کارانە دەکرێت، ئەگەر هەبڕایەتی کورد لە سیاسەتی منجەمنج و کات بەسەربردن، خەدربازکەن و گوە و تینک بدەنە خە.

دەسەڵات و حوکوومەت و حیزبە نەتەوەیی و ئایینی و سیاسیەکانی شیعە و سوننە و تەنانەت عەلمانییەکانی عیراق، حیزبی کەمۆنیستی عیراقی لە دەرچەت، هەر هەمۆیان، لە باشترین حاڵدا، ئەگەر قایل بن بەم گشتپرسیەی هەبڕایەتیی کورد باسی دەکات، کە هەنگە قایلیش بن، ئەوان تەنە بە ئەنجامدانی لەنەو هەڕەمی کوردستاندا، قایل دەبن و ئەگەر ئەنجامەکەیشی بە سەربەخێیی بشکێتەوە، ئەوا هەرگیز لەم هەڕەمەی ئەستا زیاتر، لەم سە قوتە شارەی(دهۆک، هەولێر، سلەمانی)، کە بە هەرسیانەوە هەندەی سە گەکی گوڕەی شاری لەندەنن، زیاتر، هەوا نابینن. ئەم هەڕەمە قوتە، سەددام حوسەینیش بەکوردی هەوا دەبینی و لاریی لە نەبوو، ئەستا ئەگەر کورد دە بەوە خەشکات تەنە ئەم هەڕەمەی بە ببێتە دەوڵەت، باشتر وایە، خەی بەی شکەت نەکات و لەی پاەداتەوە تا شەمەندەفەرکی دیکە دەت، یا ئەوتا بە هەموو تین و گوە و هەزییەوە، خەی بە یاریەکی دیکە ئامادە بکات. کورد چاوەڕێی ئەوە بەت دەسەڵاتی بەغدا و حیزبەکانیان، یا جەعفەری و جبووری و مالیکی و حەمووی و ئەلحەکیم و عەبادی و نوجەیفی و… دەستبەرداری دەقەرە دابەندراوەکانی باشووری کوردستان ببن و دەوڵەتی سەربەخەی کوردستان، بە تەکەکردنی ئەو دەقەرانە لەگەڵ هەرەمدا چی ببەت، ئەوە تەنە خەونە و هەرگیز نایەتە دە. کە هەڵوێستی دەسەڵاتی بەغدا و حیزبەکانیان بەو جۆرە بەت، دەبە کورد بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە شاعیری دیاری عەرەب، ئەبو تەممام ئەلتائی(أبو تمام الطائي/ 788-845)، پەی گەیشتبوو، کاتەک بە ئەلموعتەسەم بیللا(المعتصم بالله/ 796- 842)ی خەلیفەی عەباسی، کە بەدەم هاواری ژنەکی عەرەبەوە لە شاری عەمووریەی بندەستی بیزەنتییانەوە دەچەت، کاتەک ژنە هاوار دەکات"وا معتصماە/هاوار موعتەسەم یا هەوموعتەسەم"و موعتەسەمیش لە جەنگەکدا، باژەی عەممووریە دەگرەت و سپای بیزەنتییان کە تیەفیلەس(788Theophilos-845)، ئیمپراتۆری دەبە تەکدەشکەنەت، ئەبوتەممام دەڵێ:

"السيف أصدق إنباء من الكتب في حدە الحد بين الجد واللعب"، واتە: شمشێر لە کتەبان دروستترە لە نووسینی هەواڵدا، تیژییەکەی سنووری

نەوان جیددییەت و گەمەیە. عەرەب لەمژە گوتوویانە:"بالسیف یقوم الإعوجاج لا بالقلم"، واتە: بە شمشێر چەوتییەکان ڕاست دەکرێنەوە نەک بە قەڵەم.
ئەگەر گشتپرسیەکە بە ئەوە بێت، تانە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بهێنێتە دی، ئەوا بەڵای من نە پەویستە و نە ئەم هەڵایەی گەرەکە، چونکە لە ساڵی 2005دا نزیکەی 98%ی دانیشتووانی هەرێم، دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، بەڵام دواتر سەرانی کورد، لە زمانی جەلال تاڵەبانییەوە، کە ئەوەندە کرا بە سەرککەماری عیراق، گاڵتەیان بە ئەنجامی ئەو دەنگدانە هات و ئەو گوتی، کورد پێشتر دەنگی بە دەستووری عیراق و یەکپارچەیی خاکی عیراق داوە و ئەو دەنگدانەی بە سەربەخۆیی ئەنجامدراوە، کارێکە هیچ بایەخ و بەهایەکی نییە. ئەگەر گشتپرسیەکە بەڵگەنامەیەک بهێنێتە گۆڕێ، تانە هەرێم بکاتە دەوڵەت و تانە هەرێم وەک کوردستان بمێنێتەوە و سەربەخۆ بێت و ببێتە قەوارەیەکی واژەکراو و ددانپێدانراو و ڕەسمی و چەسپاو و نەگۆڕ، بە لەدەستچوون و دەستبەردابوون لە دەڤەرە دابڕێنراوەکانی کوردستان، ئەوا ئیدی گەشترین پەڕەی خیانەت و ناپاکی بە مێژووی سەردارانی کوردستانەوە دەنووسێ و هەرگیز لەیان نابێتەوە و تا کۆتایی دنیاش ئەو بەشەی کوردستان دەدەنەت. لەوەها حاڵەکدا نەبوون و ئەنجامنەدان و نەکردنی، ئەو گشتپرسیە، گەلێک باشترە لەدەستانی کەرکووک و بەشە کوردستانییەکانی موسڵ و دیالە و تکریت و کووت وعەمارە!

13-08-2017
-_____

ستراسبۆرگ و شاعیر و ئەکتەر و موزیکدانەری ناسراوی هۆڵاندی لە سوێد ژیاو، کەرنەلیس فرەسویکس (Cornelis Vreeswijk1987 –/ 1937)یش هەر ئەو شیعرەی بە دەسکاریەکی یەکجار کەم، لە فرەجوان، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سوێدی و لەسەر ئاوازێکی مەککەردی و جوانتر بە گۆرانی گوتوویەتیەوە.

بیشر ئەلحافی، ناوی تەواوی: ئەبونەسر بیشر کوێی حاریس کوێی عەبدوڕەحمان کوێی عەتاء کوێی هیلال مەروزی بەغدادی(ابونصربشر بن حارث بن عبدالرحمن بن عطاء بن هلال مروزی بغدادی)یە. یەکێکە لە عاریف و سووفییە گەورەکانی کۆتایی سەدەی دووەم و دەسپێکی سەدەی سێیەمی کۆچی، لە ساڵی 767 دا لە مەرڤ(مرو)ی وڵاتی فارسی کۆن و تورکمەنستانی ئەمڕۆ، لەدایک بووە و لە بەغدا ژیاوە. ئەلحافی، واتە: پێخاوس، دەڕۆن هەرگیز کەوشی لەپێ نەکردووە و هەر بە

پەخاوسی گەلاوە.

القرآن الكريم، سورة الزمر، الآية 68:(وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ إِلاَّ مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ).
بە گوتەی هاوڕێیەکم:"ئەوی حوسنی چاکە بەت تێیدا نییە".
کورد دەڵێ:"سەرگا هەر دەڕۆ".

ئەوانەی خەشیان لە مەسعوود بارزانی و ماڵباتی بارزانی نایەت، لەبەری ئەوەی بەڵێن"بارزانی یا مەسعوود بارزانی" هەر دەڵێن:"مەسعوود" و بە "نەچیرڤان بارزانی"یش هەر دەڵێن"نەچیر".
لە خولەکی فڕبوونی زمانی سوەدی، سوعادی خەزانم و من دەمانخوێند. بارام(بهرام) ناوەکی فارسی شاخواز"سلطنت طلب"ی ئێرانیی هاوپەلمان بوو، کە لە ئەمریکا بووبوو و ژیابوو و خزم و کەسانی هەموو لەوی دەژیان. لە سوعادی پرسی، کە خەڵکی کوێیە یا ئەمە خەڵکی کوێن. سوعادیش پێی گوت: کوردستان. بارام دەسبەجێ هەڵچوو و کەللەیی بوو و گوتی شتێک نییە ناوی کوردستان بێت، کوردستان نییە. هێندەم زانی سوعاد کورسییەکی لە هەڵگرتوو، خەریک بوو بیکێشی بەسەری بارامدا، تا ئەمە کوتینە نەوانیانەوە و نەمانهێشت بارام بڕکوژ. ئیدی بارامی کەڵە، کە قەدوبالای هێندەی هێلموت کۆل(Helmut Kohl)ە، یەک میتر و نەوەدوسێ سانتیمیتریەکەی ئەمانیا دەبوو، پەلەکەی جەهێشت و ئیدی نەهاتەوە.
المطبعي، حميد، گفتوگۆ لەگەڵ مسعود محمد، ئامادەکردنی: ئازاد عەبدولواحید، چاپی یەکەم، هەولێر 1999، ل 13.

نالی دەڵێ:" فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
نالیی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانیی هەیە".

سێدیەک گەانەوە بە قووڵایی

مژوو، گشتک بۆ ئیسیووپیا … ئەمجەد شاکەلی

بیرکەی سەفەرکە:
کە هاوڕێم سەردار ئەمین، زەنگی بۆ لێدام و باسی ئەوەی کرد، لەگەڵ هاوڕێ سەفوەت جەباریدا، بڕیارمان گشتکی ئیسیووپیا بکەن و پرسیاری لێکردم ئەگەر حەز دەکەم منیش هاوڕێی سەفەریان بم، بۆ یەکوودوو دوای دوو خولەکێک، سوڵەیمانی قەسساب ئاسا، قایل بووم و گوتم باشە . ئیدی پاش ئەو زەنگەی هاوڕێ سەردار و قایلبوونم، لەسەر کاتی سەفەرەکە ڕێککەوتین و کۆتینە مشووری بڵێت پێداکردن و خەمان ئامادەی ئەو سەفەرە کرد و بەیار وابوو سەرلەبەیانی ڕۆژی 06 – 01 – 2016 کاتێک لە فڕۆکەخانەی بۆڵی(Bole) لە ئەدیس ئەبابا دادەبەزین، یەکدی ببینین و هەر بەو جۆرەشمان کرد. ….
بەخوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرەبکەن ….

کەرکووکەخەم – یازدە …. ئەمجەد شاکەلی

تە سەدان جار باسی دەردەکانی کەرکووک و ئاگواستنی خەڵکەکەی و گواستنەوەی کارگەر و کارمەندانی، بۆ کوردەکی سلەمانی، هەولێر یا دهۆک و بۆ تایبەتیش سلەمانی بکە، هەرگیز لێت تێناگات و پێوایە کارمەند کارمەندو دەبێ بگوزڕێتەوە و ئەی خەکیش لە شارەکەوە ببڕێتە شارەکی تر، ئەمە چی تەدایە و کە کارمەندی هەناردەش دەخرێنە جگەی تە، ئیدی ئەوە قانوونە و کەی کشێیە! ئەوان بەو جۆرە لە کشە و نەهامەتییەکانی کەرکووک تەدەگەیشتن و ئەستایشی لەگەڵ بە تێیدەگەن. من بەیە وا دەڵێم، چوون دەیان جار تووشی ئەو گەنگەشە و مشتومڕە هاتووم لەگەڵ خەکانکدا، کە تێگەیشتنی ئەوان لەو کشەیە، هەر هەندەی تێگەیشتنی عەرەبکی فەللووجە، تکریت، بەسرە، بەغدا یا شوێنکی دیکەی عیراق بووە. ئەو دەمەی لە کەرکووک

بووم، چەند شونکم گۆی و هەر دەمە و لە جگەیەک دەژیام، دەمک لە گەکی عەرەسە و ئیمام عەبباس و دەمک نزیکی حەمامی عەلی بەگ و دەمک کانەکەی شوکر نەججار، لە خانووکی میمک(مشا)ی دیندا، کە لە کندا خوندنگ بووبوو لە نزیکی سینەمای سەلاحەددین و دەمک لە هوتل زهوور لە نزیکی مەرکەز عام و دەمک لە هوتل موەففەق(موفق) و ماوەیەکیش لە حیماوا و دواجاریش پش گواستنەوەم یا استتر ودرنانم بۆ هەولر، چونکە بۆ تبزی بوو نک بۆ خواستی خم، لە هوتل (جیهاد)، لەگە هاوییەکی دیکەمدا ژوورکمان پکەوە گرتبوو. هاوییەکەم مامستای ئامادەیی بوو و کە هاوین هات، گەایەوە کفری و منیش یک دوو حفتیک بە تەنیا مامەوە. پاش ئو ماویە، خاوەنی هوتلەکە پرسیاری لکردم، کە کوکی تازەهاتوو هەیە، ئەگەر من پیم ناخش نەبت، ئەوا بیخاتە ژوورەکەم و بەوەش کریەکەم کەمتر دەبتەوە. منیش زر بەلامەوە ئاسایی بوو و قایل بووم. هەر بۆ شەو ئەو نەفەرە نویە هاتە ژوورەکم. لاوکی دەوروبەری 21-22 سان بوو و هەر دوو س ساک لەمن گچکەتر بوو. عەرەب بوو و خەکی دەوروبەری تکریت بوو. ئیدی کە بوو بە هاوژوورم و زووزوو یەکدیمان دەدیت، قسەوباس کەوتە نوانمانەوە. ئەو باسی خی بۆ دەکرم و زر بە شانازییەوە دەیگوت، کە تەنۆ خوندنگەی سەرەتایی تەواو کردووە و بە موچەیەکی 130 دیناری لە کارگەی گگرد(کبریت)ی کەرکووک کاری بۆ دابین کراوە و ناردوویانە بۆ کەرکووک و ئستا بە شوەیەکی کاتیی لەو هتلە دەژی و پاشتر خانووی بۆ دابین دەکرت و دەبتە خاوەنی ئتمبیل و هەموو ئامرازەکانی ژیانی بۆ مسگەر دەکرت و ژن دەهنت و منداڵی دەبت و دەبتە خەکی کەرکووک. لە قسەکانیدا شخیی بە من دەکرد، کە زانستگەم تەواو کردووە و هەموو موچەکەم 42-43 دینارە و نە خاوەنی ما و نە خاوەنی خانووم و نە هیچیشم هەیە. منیش دەمەویست تیگەیەنم، کە ئەو و ئەوانەی وەک ئەو، کە دەنردرنە کەرکووک، لەبەر عەق و کارزانی و لوەشاوەییان نییە، بەکە بۆ عەرەباندنی کەرکووکە و بۆ پکردنەوەی جگەکانی ئمەیە و بۆ گینی هەموو شتکی شارەکەیە و بۆ بنبکردنی کوردۆ لە کرکووک. کە زانیشی فەرمانی گواستنەوەم بۆ هەولر دەرچووە، زمانی درژتر بوو و پتر شخیی بە وشی من و ئەوانەی وەک من دەکرد. نزیکی یک مانگ و چند ژیک لگۆ ئو کودا هاوژوور بووین، پاشان من و سدانی وک من ودرنراین و ئو و هزارانی وک ئو جی ئمیان لە کار و کان و گک و شقامکانی کرکووکدا گرتوو و بوون بە خاون ما و تا ئمش هر خاون ماون.

11 – 05 – 2015

ئەوەی نابێ بگوترێ، دەبێ بگوترێ … ئەمجەد شاکەلی



amjadshakali_kteb11

Read more